# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١٧) حوزەیرانی
٢٠١٨

ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
تۆفیق کەریم
٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤
tofeqkarem@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
عادل سدیق

بەڕێوەبەری هونەریی
ڕەوشت محەمەد

ڕاوێژکاری یاسایی
بەکر حەمەسدیق

ڕاوێژکاران

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
پ.ی. سەلام ناوخۆش
م.ی ئیدریس سیوەیلی

وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ

سایتی گۆڤاری خاڵ: www.xalkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار



# لەم ژمارەیەدا

## فەتوا لە نێوان ململانێی سیاسی و ئەرکی شەرعییدا


فەتوای سیاسی لەنێوان مەقاسیدی شەریعەت و بەرژەوەندییدا .................. د. عەبدوڵڵا سەعید وەیسی ٥

ئایا فەتوا دەقێکی پیرۆز و نەمرە .................................................... د. حەسەن محەمەد پشدەری ١٩

مەرج و بنەماکانی فەتواو فەتوادان .................................................. د. ئومێد عوسمان کوردی ٢٥

فەتوا لە کوردستان رامان و رەخنە ....................................................... کۆسرەت ساڵح ٣٤

د. ئەحمەد شافعی: فەتوا مولزیم نییە، دەتوانی پێوەی پابەند نەبیت ............... گفتوگۆی ئیدریس سیوەیلی ٤٣

فەتوای سیاسی؛ جۆرو شێواز، لێکەوتەو دەرئەنجامەکانی .................................. د. ئیدریس کاریتانی ٥٢

فەتوا لەنێوان ئامانجە ڕەواکانی شەریعەت وئاوێتەکرنی بەململانێ سیاسییەکان .. د. کامەران ئەورەحمان ٥٨

فەرمانڕەوا و زانای ئاینی لـە مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامی ..................... د.زریان حاجی ٧٠

فەتوای شەرعی شرۆڤەیەکی هزریی و بنەمایی .............................................. د. سەباح بەرزنجی ٧٨

ڕێوشوێنەکانی گۆڕینی فەتوا ................................................................... ئیمداد تەها ٨٤

مەترسیەکانی فەتوای سیاسی ...................................................................... د. محەمەد پێنجوێنی ٩٤

پێویستیەکانی گۆڕانی فەتوا.............................................................. د.ئاراس محمد ساڵح ١٠٢

لەمپەرەکانی بەردەم فەتوا لە ڕۆژگاری نوێدا وچارەسەرەکانی .............................. کەمال ئەمین گوڵپی ١٠٧

چەمکیک لە مەترسییەکانی فەتوا و مەرج و ئادابەکانی .................................. د. حەسەن خالید موفتی ١١٤

ڕامانێک لە بنهمای الفتوی یتغیر زمانا و مکانا و شخصا ..................................... ئیکرام کەریم ١١٧

بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسان و کاریگەریی لەسەر فیکری ئیسلامی لە تێڕوانینی (مالیکی کوڕی نەبی)یەوە خالید محەمەد غەریب ١٢٨

رانانێک بۆ رشتەبەندی بەها باڵاکان یەکخواناسی، تەزکییە و ئاوەدانکاری ........................................ ١٣٦

فەتوای سیاسی (دواخاڵ) ............................................................ د. عرفان ڕەشید ١٤٦




# تەوەری داهاتوو

## دیموکراسییەت لەوڵاتانی ئیسلامییدا دەردە یان دەرمان

پرسی حوکمڕانی لەوڵاتانی ئیسلامی یەکێکە لە پرسە سیاسییە پڕ کێشمەکیشەکان، چۆنیەتی دیاریکردنی فەرمانڕەوا جێی مشتومڕێکی زۆرەو پانتاییەکی گەورە داگیر دەکات لەم کێشمەکێشە، لەپاش دروستبوونی دەوڵەتی نیشتمانی لەم ناوچەیەدا جۆری حوکمڕانی زۆرێک لەوڵاتان کرایە پاشاییەتی، دواتر کۆماری بەشوێندا هات و جێگەی گرتەوە. لەگەڵ خۆیدا پرسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوینەران و سەرۆکی وڵات لەڕێگەی دەنگدان هاتە ئاراو ناونرا بە پرۆسەی دیموکراسی، پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک بەسەر هاتنی دیموکراسییەت بۆ وڵاتانی ئیسلامی دەپرسین:

- تا ئێستا دیموکراسییەت چ بەرهەمێکی لەوڵاتانی ئیسلامیدا هەبووە؟
- ئایا رۆژئاوا چ جۆرە دیموکراسیەتێکی لەم ناوچەیەدا دەوێت؟
- بۆچی لەدەستووری هەموو وڵاتاندا دیموکراسیەت باسکراوەو لەواقیعدا هیچ نابینرێت؟
- لەبارچوونی شۆڕشی گەلانی ئەم ناوچەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟.
- چی بووەتە ڕێگر لەبەردەم دیموکراسییەتدا؟ ئیسلامییەکان یان عەلمانییەکان؟
- عەلمانییەکانی ئەم ناوچەیە تاچەند توندڕەون؟ بۆ بەئەنجامی هەڵبژاردن ڕازی نابن ئەگەر خۆیان دەرنەچوون؟
- دیموکراسییەت لەوڵاتانی ئیسلامیدا تا ئێستا دەردە یان دەرمان؟
- چارەسەر چییە؟



# تەوەری ژمارە

# فەتوا لە نێوان ململانێی سیاسی و ئەرکی شەرعییدا

ناونیشانی تەوەرەکە و رەنگدانەوەی لەم واقیعەی کە تیایدا دەژین، گەواهیدەری گرنگی و گەرم و گوڕی بابەتەکەن.

لەم تەوەرەدا، قسە لەسەر لایەنە مەعریفیەکەی فەتوا کراوە، هەر لە ناساندنییەوە تا سەرەتای سەرهەڵدانی، بەش و لقەکانی، چۆنیەتی و چەندێتی کاریگەری لەسەر دەسەڵات و کاریگەریی دەسەڵات لەسەری، ئەدی خودی فەتوا چۆن سەیر بکرێت وەك دەقێکی پیرۆزی جێگیر، یان بەپێی گۆڕانی کات و شوێن ئەویش دەگۆڕێت، چۆن زانستی سەردەم و فەتوا پێکەوە گرێ بدرێت؟ فەتوا پرۆسەیەکی تاکە کەسییە یان دەستەجەمعی؟

ئەم خاڵانە و زیاتریش جێدەهێڵین بۆ پسپۆڕ و شارەزایانی بوارەکە، بەو ئومێدەی ببێتە بەرکوڵێك لە شەن و کەوکردنی ئەم چەمکە.

# فەتوای سیاسی

## لەنێوان مەقاسیدی شەریعەت و بەرژەوەندییدا



**د. عەبدوڵڵا سەعید وەیسی**

ساڵی ١٩٧٣ لە دایکبووە. خاوەنی بروانامەی دوکتۆرایە لە فیقهی بەراوردکاریدا. سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانە. چەند کتێبێکی بلاو کردووەتەوە.

## دەروازە

**الحمد لله رب العالمين،والصلاة والسلام سيدنا محمد المبعوث رحمة للعالمين، و على آله و صحبه أجمعين... أما بعد:**

فیقهی سیاسی ئیسلامی لەهەموو بوارەکانی تری فیقهـ کەمتر گەشەی کردووە، بەجۆرێک هەمان ئەوەی پاراستووە کە شارەزایانی سیاسەتی شەرعی لەسەدەی چواردەمی کۆچیدا بەرهەمیان هێنابوو، شارەزایان بەردەوام نەبوون لە پەرەپێدانی توێژینەوەکان لە بوارەکانی هاونیشتمانیبوون و مافی هاوڵاتیان و، ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و، ئامۆژگاری فەرمانڕەوایان و لێپێچینەوە لێیان و، حوکمەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی(١)، دانراوەکان دووبارەکردنەوەی ئەوانە بوون کە شەرعزانانی پێشتر بەرهەمیان هێنابوو بە کەمێک زیادکردنەوە، توێژەرانی هاوچەرخیش شێوازی خستنەڕوو و هەندێک زاراوەی سیاسەتی شەرعییان پەرەپێدا و، بەدیدێکی ئیجتیهادیانەوە پێداچوونەوەیان بۆ هەندێک لەئەحکامەکان کرد، بەڵام لەم ئیجتیهادەیاندا بەلای کرۆکی باسە سیاسیەکاندا نەچوون تا بونیاتێکی نوێ بەم زانستە بدەن(٢).

هەروەها بەهۆی دەرکەوتنی هەندێک موفتی لەشاشەی کەناڵە ئاسمانیەکان و هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان, کەمەرجەکانی فەتوادانیان تێدا نییە، کەلێنی ئاشکرایان لەکاروبارەکانی ئایینیدا دروست کردو خەڵکیان خستە ڕەوشێکی نالەبارەوە، لەوانەیە گرنگترین بابەتێک کەزۆرێکی سەرقاڵ کردبێت و کۆمەڵگای ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی و کوردستانی بەتایبەت ماندوو کردبێت، ئەو فتوا و کاروبارانە بووە کەپەیوەندارن بەکاروبارەکانی حوکمڕانی و سیاسیەوە، بەتایبەت پاش ململانێ و ناکۆکییە بەردەوامەکانی نێوان سیاسیەکان، بەهەمان شێوە ئەوەی بەهۆی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیەوە کەچەند وڵاتێکی عەرەبی گرتەوە هاتە ئارا، ئەمەش لەسەر موفتیەکان پێویست دەکات لەبابەتە نوێ و ڕووداوە تازەکانی ئەم بوارە بکۆڵنەوە لەپێناوی پاراستنی یەکڕیزی موسڵمانان و پەرتەوازە نەبوونیان، چونکە بابەتە سیاسییەکان ئاڵۆزن، تەنها ئەو زانایانە لێی تێیدەگەن کەشارەزایی قوڵیان لەشەریعەتدا هەیەو، درک بە حەقیقەتی ئەو بابەتانە دەبەن و چۆنیەتی جیبەجێکردنی حوکمەکان بەسەریاندا دەزانن، ئیدی ئەو حوکمانە دەقی لەسەر هاتبێت یاخود لەدەقەوەدەربهێنرێت، ئەگەر فتوا لەو جۆرە زانایانەوە دەربچێت، ئەوا بەپێی حوکمەکانی و مەقاسیدەکانی شەرع دەبێت، بەمەش سوودی زۆر بۆ کۆمەڵگا دێتەدی و خراپەی زۆریشیان لێ دوور دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر فتوا لەکەسانێکەوە دەرچوو کەشایانی فەتوادان نەبوون، ئەوا مەپرسە چ نەهامەتی وناڕەحەتی و پەرتەوازەییەک بەسەر ئەو وڵاتانەدا دێنن.

لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی گەشەسەندنی گەڕانەوە بۆ بنچینە رۆشنبیریەکان لەکۆمەڵگای عەرەبی وئیسلامیەکاندا، فەتوای سیاسی گەشەی بەخۆیەوە بینی، بەمەش فەتوای سیاسی فرەیی بەخۆیەوە بینی، کەهەندێکیان دەچوونە خانەی بەرژەوەندییەکانی ئومەتی ئیسلامی و پرۆژە رزگاریخوازەکەی، هەندێکیش لەو فەتوایانە هەوڵیاندا شەرعییەت بدەنە هەندێک سیاسەت کەهەندێ وڵات لەدوای سەربەخۆبوون گرتبوویانەبەر، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندداربوو بەگەڕاندنەوەی ڕەسەنایەتی بۆ ژیانی یاسادانان و کارگێڕی کە لەکۆمەڵگاکانی رۆژئاواوە وەرگیرابوو(٣)، لەفەتوا بەناوبانگەکانی ئەم بوارەش، ئەو فەتوایەی هەندێک لەزانایانی زەیتونەی تونس دەریانکردو تێیدا وەرگرتنی ڕەگەزنامەی فەرەنسییان حەرام کرد، تا گەیشتە ئاستی داواکردنی ئەوەی هەرچی ڕەگەزنامەی فەرەنسی وەرگرتووە لە گۆرستانی مسوڵمانان

نەنێژرێن، ئەم فەتوایە رۆڵی خۆی هەبوو لەبەرەنگاربوونەوەی فەرەنسییەکاندا(٤)، هەروەها فەتوای ئەزهەری شەریف ساڵی ١٩٥٦ی زایینی سەبارەت بەفەڵەستین، کەتێیدا بە دروستی نەزانی رێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیلی بکرێت، چونکە کیانێکە زەوی و مافی فەڵەستینییەکان و عەرەبی داگیرکردووە(٥).

لەوانەیە ئەو دەسەڵاتەی گەورەیەی کەفەتوا هەیەتی بەتایبەت لەلایەنی سیاسییەوە وایکرد هێزە جۆراوجۆرەکان هەوڵ بدەن بەلای بەرژەوەندی خۆیاندا بخەن، یاخود خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن و بەرەو رووی نەبنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتە لەعەلمانی بوون و هەڵویستی بەرانبەر ئایین هەڵوێستێکی توندڕەویش بێت، نموونەی ئەمەش هەوڵدانی حەبیب بورقیبەی سەرۆکی پێشوتری تونس بۆ بەدەستهێنانی فەتوای زانایانی زەیتونە سەبارەت بە رێگەدان بە رۆژووشکاندن لەرەمەزاندا، ئەگەر هەڵوێستی عەلامەی تونسی (طاهر بن عاشور) نەبووایە، کەرۆڵی گەورەی هەبوو لەبەربەست دروستکردن لەبەردەم ئاراستەی توندڕەوانەی سیاسی عەلمانی بەرامبەر رووبەرە ئایینیەکان(٦)، یان ئەو فەتوایانەی کە لەساڵانی شەستەکاندا لەسەردەمی ئاراستە سۆشیالیستییەکاندا دەرکەوت، کەهەوڵی دەدا ئیسلام و ئاراستەی نوێی دەوڵەت بەیەکەوە ببەستێتەوە و، فەتواکانیش لەگەڵ گۆڕانی ئاراستەی دەوڵەتدا گۆران، ئەگەرچی ئەو فەتوایە کاریگەرییەکەی نەگەشتبێتە رادەی گۆڕینی واقیع بەواقیعێکی تر، بەو رادەیەی کەلەقولاییەکەیدا هەژاندنی واقیعی ئەوسابوو(٧).

لەسەردەمی هاوچەرخدا مەترسییەکانی فەتوای سیاسی لەکۆمەڵگا عەرەبییەکاندا دەستی بەدەرکەوتن کردووە، کە زۆر پێشهاتی نوێی تیا دەرکەوتووە، کە لەسەر شەرعزان پێویست دەکات شتێکی بۆ بدۆزێتەوە کە لە شەریعەتدا لەگەڵی بگونجێت، ئامانج لەمە باڵادەستی دەسەڵاتی شەریعەت بوو لەکۆمەڵگادا، بەتایبەت پاش ئەوەی فەتوا لە رووبەرە تاکییەکە تێپەڕی بەرەو رووبەری بابەتە کۆمەڵییەکان، کە هەڵوێستی هاوبەشی لە کۆمەڵگا بەگشتی یاخود دەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە، ئیدی ئەوە هەڵوێستی سیاسی بێت وەک ئەو فەتوایانەی لەعێراق دەرکەوتن سەبارەت بە حەرامبوون یان رێگەپێدانی بەشداری لە ئەنجومەنی حوکمی ئینتیقالیدا، کە ئەمریکییەکان لەپاش رووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٣ دایانمەزراند، یان فەتوای بەشداریکردن لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا(٨)، یاخود فەتوای بەحەرامدانانی فیدراڵیەت(٩)، تەنانەت هەندێ فەتوا کە لەفەڵەستین دەرکەوت سەبارەت بەناکۆکی نێوان هەردوو بزووتنەوەی فەتح و حەماس، یان فەتوای ئابووری وەک پێویستی بایکۆتکردنی ئەو شتومەکانەی ئابووری ئەمریکا بەرهەمیان دێنێت، یان فەتوای ئاسایی بوونی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ ئیسرائیل، یاخود فەتوای کۆمەلایەتی، وەک فەتوای حەرامکردنی هاوسەرگیری مەزهەبی کەهەرەشەبوو لەسەر زۆر خێزانی عێراقی(١٠)، هەربۆیە بەرادەی لاوازبوونی شەرعیەتی دەوڵەت دەسەڵاتی فەتوا زیاتر ئەبێت، ئەمەش بەهۆی پێویستبوون بەدەسەڵاتێکی یاسایی خاوەن شەرعییەت، ئەگەر هاووڵاتیان ئەوەیان لەدەوڵەتدا نەبینی، ئەوا لەدەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بۆی دەگەڕێن، بەرووونی ئەمەش بەواقیعی لە گۆرەپانی عێراقیدا دەیبینین.

لێرەوە پێویستە فەتوا لەبەکارهێنانی سیاسی حزبی دوور بخرێتەوە، بەسیاسی نەکرێت، هەروەها دەرکردنی فەتوای سیاسی پێویستی بەژمارەیەک کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند لەزانستە جۆراو جۆرەکاندا هەیە، لەپاڵ شارەزاییان لەزانستە شەرعییەکاندا.

## چەمکی فەتوای سیاسی

ئاشکرایە ئەم زاراوەیە لەدوو وشەی (فەتوا) و(سیاسەت) پێکدێت، پاش رامان و وردبوونەوە لەواتای هەریەکەیان بەجیا، دەتوانین بڵێین کەفەتوای سیاسی بریتییە لە: هەموو ئەوەی شەرعزانان دەیخەنە روو لەبابەتەکانی پەیوەندار بەحوکم و بابەتە گشتییەکان و، سەرنجدان لەو پێشهاتانەی کەپەیوەنددارن بەحوکمرانی و بەڕێوەبردنی وڵات و، هەواڵدان بە کۆمەڵگا لەبارەی حوکمی شەرع تێیدا.

لەم پێناسەیەوە بۆمان روون دەبێتەوە کەفەتوای سیاسی لەدوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەمی سەرنجدانی واقیعە، بەشی دووەمیشی خۆی لەجێبەجێکردنی ئەو واقیعە بەپێی بنەما شەرعییەکان بۆ دەرکردنی فەتوا دەبینێتەوە، لەڕووی واقیعی و کرداریشەوە رۆڵی موفتی لەبەشی دووەمدایە، رۆڵی بەشی یەکەمی دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆڕانی بواری سیاسی، بەبێ ئەوان بۆ موفتی سەخت دەبێت بنەما فیقهییەکان لەسەر واقیعە سیاسییەکان جێبەجێ بکات، ئێمە وایدەبینین کەموفتی لەو فەتوایانەی پەیوەندداره بەلایەنی پزیشکی یاخود ئابووری، تێیاندا پشت بەشایەتی و راوێژی کەسانی پسپۆڕ و ئەزموونداری و شارەزاییانی بواری پسپۆڕییەکە ببەستێت و، لەدەرکردنی فەتوادا پشت بەخۆی نەبەستێت، چونکە خۆی نەپزیشکە، نەپسپۆڕی بواری ئابوورییە، بەڵکو ئەگەر پێشتر پزیشک یاخود ئابووریناسیش بووبێت، پاشتر بووبێتە شەرعزان، هێشتا ئەو مافەی نابێت کە لەسەر بنەمای زانیارییە پزیشکی یاخود ئابوورییەکانی خۆی فەتوا دەربکات، کە لەوانەیە کۆن یان تەواو ورد نەبێت یان دوور بێت لەواقیع، بەهەمان شێوە لەبواری پرسە سیاسیەکانیشدا ناتوانێت فەتوا دەربکات بەبێ پشت بەستن بەپسپۆڕانی سیاسی کەواقیعەکەی ئاشنا بکەن، چونکە فەتوای سیاسی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر رەوشی گشتی دەبێت.

ئیبن قەیم دەڵێت: موفتی و فەرمانڕەوا ناتوانن فەتوا و حوکم بەحەق بکەن، بەدووجۆر تێگەیشتن نەبێت، یەکێکیان: تێگەیشتنی واقیع و قوڵبوونەوە تێیدا و، دەرهێنانی زانینێکی ڕاستەقینەی ئەوەی ڕوویداوە لەڕێی بەڵگەو نیشانەو ئاماژە زانیاری پێدەرەکان، جۆری دووەمیش: تێگەیشتنی ئەوەی واجبە لەو واقیعەدا، ئەمەش تێگەیشتنی حوکمی خوایە لەسەر ئەو واقیعە، کە لەکتێبەکەیدا یاخود لەسەر زاری پێغەمبەرەکەیەوە هاتووە، پاشان یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا جێبەجێ دەکرێت، جا هەرکەس هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ و بەفراوانی لێی بکۆڵێتەوە، ئەوا بێبەش نابێت لەدوو پاداشت یان یەک پاداشتی هەوڵەکەی، هەر بۆیە زانا ئەو کەسەیە کە لەڕێی تێگەیشتن لەواقیعێک و ورد بوونەوە تێیدا دەگاتە زانینی حوکمی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی(١١).

## پەیوەندی نێوان سیاسەت و فەتوا

پەیوەندی نێوان فەتواو سیاسەت پەیوەندییەکی بەهێزە، چونکە فەتوا حوکمڕانی روون دەکاتەوە، سیاسەتیش ڕێگای کارکردن بەحوکمەکە بەوجۆرەی کەلەگەڵ شەریعەتدا یەکبگرێتەوە و نەهێشتنی ناڕەحەتی لەسەر کەسە ئەرکبارەکە ڕوون دەکاتەوە، ئیدی لەسەر ئەو کارە دابەزیبێت یان نا.

پەیوەندی نیوان فەتواو سیاسەت لەڕابردوودا تەنها لەوە قەتیس کرابوو کە پێی دەگوترا سیاسەتی شەرعی، سیاسەتی شەرعیش بەشێکی زانستی فیقهە، لەنێوانیشیاندا (عموم وخصوص) هەیە، چونکە فیقه بۆ پەرستش و مامەڵە وباری کەسی وسیاسەتی شەرعی دابەش دەبێت، لەبەر ئەوە فیقه لەسیاسەتی شەرعی گشتگیر ترە، بەهەمان شێوە بوارەکانی سیاسەتیش لەڕووی بابەتەکانیەوە جیاوازەو لەچوارچێوەی گشتییدا لەو لایەنە کرداریانە دەرناچێت کەگۆڕان قبوڵ دەکەن، ئەمەش

بەهۆی بونیاتنانیەوە لەسەر شوێنگەیەکی گۆڕاو کە حوکمی شەرعی بەپێی گۆڕانی شوێنگەکەی دەگۆڕێت، بەپێی ئەمە جێگیرەکان لەخۆیاندا ناچنە چوارچێوەی کاروبارە سیاسیەکانەوە.

کۆڵەکەی سیاسەتی شەرعی لای زۆرێک لەشەرعزانان لەسەر (مصالح مرسلة) وەستاوە، جوەینی دەڵێت: خەڵکی سەردەمانی پێشوو بۆ ئەوە چوون کەپۆستەکانی دەسەلات و حوکمڕانی شایستە نییە، تەنها ڕای مالیک (خوا لێی ڕازی بێت) نەبێت، کە وای دەبینی زیادکردنی سزا حەدیەکان لە تەعزیردا دروستەو، دەشێ فەرمانڕەوا لە تەعزیردا کوشتن بەکاربهێنێ(١٢)،) لەبەر ئەوە قسەکردن سەبارەت بەسیاسەت لەناوەرۆکیدا قسەکردنە لەو کاروبارانەدا کەزۆربەیان کاروباری ئیجتیهادین و، بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە لەبارەیانەوە و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە دەگۆڕێت، بایەخ و گرنگی فەتوای سیاسی لێرەدایە کەلەکاتی ئێستاماندا بەهۆی دەرکەوتنی زۆر پێشهاتەوە دەردەکەویت، کەوا لەشەرعزان دەخوازێت وەڵامێکیان بۆ بدۆزێتەوە لەگەڵ شەریعەتدا بگونجێت و، هەوڵبدات شەرعیەت بەهەندێ سیاسەت بدات(١٣).

ئەگەر گوترا: زۆرێک لەشەرعزانان مەبەستییان لەسیاسەت چاککردنی کاروباری خەڵکییە، یاخود ئەنجامدانی کارێک لەلایەن فەرمانڕەواوە بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندییەکی تیا دەبینێت، لێرەدا نزیکییەکی زۆر لەنێوان فەتوا و سیاسەتدا دروست دەبێت، چونکە هەردووکیان بەرژەوەندی خەڵک لەبەرچاو دەگرتن و خواستەکانیان دابین دەکەن، بەڵام کاری موفتی ئەو مەرجەی تێدایە کەنابێت سەرپێچی شەرع بکات و، کارەکەی لەڕادەی سیاسەتی شەرعی بەرەو سیاسەتی وەزعی دەرنەچێت، جیاوازی نێوان فەتوا و حوکمڕانی سیاسی لێرەدایە.

کەسی سیاسی کاتێک حوکمێک دەردەکات وەک فەرمانڕەوایەکی سیاسی ئەو حوکمە دەردەکات، لەبەر ئەوە حوکمەکەی دەبێت جێبەجێ بکرێت و، هەر تاکێک سەرپێچی بکات لەدونیادا سزای دەدرێت، کەچی فەتوای موفتی مولزەم نییە، بەڵام ئەگەر فەرمانڕەوای سیاسی لەڕوانگەی بەرژەوەندییەوە بڕیار لەسەر فەتوای موفتی بدات، ئەو کاتە ئەم فەتوایە هێزی جێبەجێکردنی دەبێت، نەک لەبەر ئەوەی ئەو فەتوایە لەلایەن موفتییەوە دراوە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی فەرمانڕەوا بڕیاری لەسەر داوە(١٤)، بەهەمان شێوە فەتوای فەرمانڕەوا وەک حوکم سەیر ناکرێت، چونکە فەتوا حوکمی ئەو نییە، بۆیە ئەگەر کەسانێکی تر کاریان بەشتێ کرد کەپێچەوانەی فەتواکەی ئەم بوو، بە شکاندنی حوکمەکەی سەیر ناکرێت و، وەک حوکمەکەیشی نییە(١٥).

## جیاوازی نێوان فەتوای سیاسی و فەتوای بەسیاسی کراو

لەو بابەتانەی کەلەسەر هەمووان پێویستە لەم چوارچێوەیە لەبەرچاوی بگرن، هەتا نەبێتە پاساوی جیاکاری لەنێوان فەتوای سیاسی و فەتوای بەسیاسی کراودا، کەکۆمەڵێک لەشەرعزانانی هاوچەرخ جۆری دووەمییان بە جۆرێک لە یاریکردن بەئایین دادەنێن بۆ بەرژوەندی کاروبارێکی سیاسی یاخود قەوارەیەکی حیزبی و، هۆشدارییان داوە سەبارەت بەفەتوادان بەگوێرەی ویست و ئارەزووی سیاسی یاخود بۆ ڕەزامەندی ئاراستەیەکی سیاسی گشتی(١٦)، لەبەر ئەوەی فەتوا پێویستە دوور لەهەر کاریگەرییەکی سیاسی یان هەر شتێکی تر ڕەوتی خۆی وەربگرێت، چونکە جێبەجێکردنی شەرعی خوای گەورەیە و دابەزاندنی ئەحکامەکانە بۆ سەر واقیع، دروست نییە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز یاخود فەرموودەکانی

> ### ئەگەر فتوا لەکەسانێکەوە دەرچوو کەشایانی فەتوادان نەبوون، ئەوا مەپرسە چ نەهامەتی ونارەحەتی و پەرتەوازەییەك بەسەر ئەو وڵاتانەدا دێنن.

پێغەمبەر لەبابەتە سیاسیەکاندا تەوزیف بکرێت مەگەر بەرژەوەندییەکی گشتیی لێ بکەویتەوە، وەک ئەوەی ئایەتێک لەئایەتەکان جێبەجێ بکرێت یان نەهی لەکارێک لەکارە قەدەغەکراوەکان بکات، بەڵام بەرەهایی فەتوادان لەبەر ویستی سیاسی و بەرژەوەندی حزبی یان تائیفی ئەمەیان دروست نییەو یاریکردنە بەئایەتەکانی خوای گەورە، شیاو نییە بۆ زانایان بهێنرێنە پێشەوە بۆ ئەوەی فەتوای بەسیاسیکراو دەربکەن، ئەم جۆرە فەتوایە دەبێتە بۆچوونێکی کەسیی لەکاروبارێکدا کە زۆر را جیایی تێدایە.

زۆر کەناڵی ئاسمانی و پێگەی ئەلکترۆنی و هۆکارەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی بەشداربوون لە مشتومڕ و هات و هاواری زیاتر لەبارەیەوە، لەڕاستیدا بڵاوبوونەوەی کەناڵە ئاسمانییە ئاینییەکان بەپێی ئینتیمای مەزهەبی و سیاسی، وایکردووە هەریەکەیان موفتی تایبەت بەخۆیان و جەماوەری خۆیان هەبێت کە داوای فەتوایان لێ دەکەن، بەمەش زۆرێک لەفەتواکانیان سەبارەت بە سەرخستنی مەزهەبێک بەسەر مەزهەبێکی تردا، یان تائیفەیەک بەسەر تائیفەیەکی تردایە، یاخود تانەدان و بریندارکردن و شێواندنی نەیارەکانیەتی، بەمجۆرە بازاڕی فەتوا چاڵاک بووە و دەستکەوتی بۆ ئەو کەناڵە و موفتییەکەش دەستخستووە، ئەمە وێڕای دەرکەوتن و ناوبانگ و کێشکردنی جەماوەر بەدەوری ئەستێرەکانی فەتوادا، بۆ زامنبوونی کۆبوونەوەی جەماوەر و دەستکەوتی زۆری حزبی یاخود هەڵبژاردن، لەڕێگەی بەسیاسی کردنی فەتواکان.

زۆرێک لەبابەتە سیاسی و ئابووری و ئاسایشییەکان لەهەندێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەجۆرێک فەتوایان لەبارەوە دراوە کەمەرجەکانی فەتوای تێدا نەبووە، یاخود ئەو فەتوایانە لەلایەن هەندێک پارتی سیاسیی و کەسایەتی ئایینیەوە قۆستراوەتەوە، بۆیە پەرتەوازەییەکی توندی لەو وڵاتانەدا دروست کردووە و، یەکڕیزییانی نەهێشتووە و، دامەزراوەکانی وێران کردووە و، خوێنی گەنجانی ڕژاندووە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو فەتوایە هیچکام لەو مەبەستانەی بۆی دەرکراوە بەدی نەهێناوە، ئەم جۆرە فەتوایە لەبری ئەو بەرژەوەندییەی بە دەرچوونی فەتواکە مەبەست بووە بێتە دی، خراپەی زۆری لێکەوتۆتەوە.

بەهۆی مەترسیداریی فەتوا لەبابەتە سیاسیەکان و ئاڵۆزیی لایەنەکانیەوە، بەسیاسیکردنی فەتوا و قۆستنەوەی لەلایەن پارتە سیاسیەکان و ملکەچکردنی فەتوادەران لەهەندێک وڵاتدا بۆ ئەو سیاسەتانەی حوکمی پێ دەکرێت و لە وڵاتەکەیان دەسەڵاتدارە، زۆر مەترسیدارترە و تاوانەکەشی مەزنترە، چونکە بەسیاسیکردنی فەتوا لەئەنجامدا دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا و، شێواندنی وێنەی ئیسلام و موسڵمانان لای ئەوانیتر، بگرە لای خودی موسڵمانانیش، چونکە ئەو کارەیان دەبێتە هۆی بەرپابوونی ئاشووب لەژیانی گشتی و تایبەتی خەڵکدا، سەرەنجامەکەشی

به دووركەوتنەوەی خەڵكی لەئیسلام و سیستەمە سیاسی و ئابوورییەكەی تەواو دەبێت.

لەلایەكی ترەوە پێویستە جیاوازی بكەین لەنێوان ئەوەی موفتی یاخود موجتەهید مافی خۆیەتی گوزارشت لەبۆچوونی سیاسی خۆی بكات، بەومەرجەی وا ڕەواج بەبۆچوونەكەی نەدات كە ئەوە بۆچوونی ئایینە، هیچ گرفت لەوەدا نییە زانایانی ئایینی بۆچوونی سیاسی خۆیان هەبێت، بەو مەرجەی لە تەسكترین سنووردا بێت، چونكە خەڵك ئەوەی لەلایەن زانایەكی ئایینیەوە بگوترێت وەك بۆچوونی فیقهی و شەرعی وەرگیراو لە ئەحكامەكانی ئیسلام سەیر دەكەن، لێرەوە پێویستە زانای ئایینی كاتێ بۆچوونێكی سیاسی دەردەبڕێت پابەند بێت بەوەی بەخەڵك ڕابگەیەنێت كەئەمە تەنها بۆچوونی كەسی خۆیەتی لەبارەی ڕووداوەكانەوەو تێڕوانینێكی فیقهی نییە، هەتا خەڵكی وەك یەك سەیری بابەتە شەرعیە چەسپاوەكان بەدەقی شەرعی و، بابەتە سیاسیەكان نەكەن كەگۆڕان و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن.

دەرچە لەم ئاریشەیە بەوە دەبێت كە پاش لێكۆڵینەوەو وردبوونەوە لەدەقە شەرعییەكان و مەقاسیدی شەریعەت و تێگەیشتن لەواقیعەكەو سەرەنجامەكانی، ئینجا پشت بە فەتوای سیاسی ببەسترێت، لەگەڵ كاری بەردەوام لەلایەن ئەو كەسانەی فەتوا دەدەن لەو وڵاتانەدا كەمەترسی فەتوادان، بەتایبەت ئەو فەتوایانەی كەپەیوەنددارن بەبابەتە سیاسیەكانەوە بخەنە ڕوو، هەروەها بەرزكردنەوەی هۆشیاری خەڵكی و بەرچاوڕوونییان و ئاراستەكردنیان بەرەو لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیان لەدەركردنی بڕیارەكانییاندا و، جیاوازیكردن لەنێوان بۆچوونی سیاسی و ئەو فەتوایانەی كەلەلایەن خاوەنەكانیانەوە بۆ بەرژەوەندی لایەنێكی دیاریكراو یاخود سیاسەتێكی تایبەت بەسیاسی كراون.

## گرنگترین ڕێسا و پێودانگە فیقهییە پەیوەندیدارەكان بەفەتوای سیاسییەوە

پاش بەدواداچوون و ڕامان لەڕێسا فیقهییەكان دەبینین كۆمەڵێك ڕێسای فیقهی هەن، كە دەكرێت موجتەهید یاخود موفتی پشتیان پێ ببەستێ و لەدەركردنی فەتوای سیاسیدا كاریان پێ بكات، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی فەتواكەی تەواوی مەرجەكانی تێدا بێت، دەتوانین هەموو ئەو ڕێسا فیقهیانەی كەپەیوەستن بەنەهێشتنی نارەحەتی و لادانی خراپە و زیان لەخەڵكی و پێویستی ئاسانكاری و لەبەرچاوگرتنی عورف، ئەمانە هەموو بكەینە بنچینەی فەتوای سیاسی، نموونەی ئەو ڕێسایانەش: (إذا تعارضت مفسدتان روعي أعظمهما ضررا بإرتكاب أخفهما)، واتە: (ئەگەر دوو مەفسەدە پێكەوە هاتن ئەوا ئەوەیان كە زیانی كەمترە لەبەرچاو دەگیرێت)، هەروەها ڕێسای (النظر في المالآت)، واتە: (سەرنجدانی سەرئەنجامەكان)، بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ئەنجامەی كەفەتواكە پێی دەگات، چونكە ئەحكامەكان ئەگەرچی لەكاتی جێبەجێكرانیاندا بەپێی واقیعی كردەوەكە وا لێك دەدرێتەوە كەئەو بەرژەوەندییەی مەبەستە بهێنێتە دی، بەڵام لەهەندێ كاتدا و لای هەندێك كەس ئەو بەرژەوەندییە نایەنێتەدی، بەڵكو دژەكەی كەخراپبوونە لێی دەكەوێتەوە، لەبەر ئەوە لەسەر موجتەهید یاخود موفتی پێویستە لەكاروباری سیاسیدا لێكەوتەكانی دەرچوونی ئەو فەتوایە لەكاتی دەرچوون و لەداهاتووشدا لەبەرچاو بگرێت، لەگەڵ چارەسەر كردنی ئەو لێكەوتە پێشبینیكراوانە بەجۆرێك كەبەرژەوەندییە خوازراوەكە بهێنێتە دی و خراپە دوور بخاتەوە.

نموونە لەسەر لەبەرچاوگرتنی ئەو سەرەنجامانە زۆرە، وەك نەكوشتنی دووڕووەكان

لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێ)، سەبارەت بە هۆکارەکەی دەفەرموێ: (تا خەڵکی نەڵێن ئەو هاوەڵانی خۆی دەکوشت)(١٧)، بەهەمان شێوە ئەوەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێ) لەبارەی تێکدانی کەعبەو دروستکردنەوەیەوە بەعائیشەی فەرموو: **(لولا حداثة قومك بالكفر لَنَقَضْتُ البيتَ، ثم لَبَنيتُهُ على أساس إبراهيم عليه السلام، فإنَّ قريشاً استقصرت بناءه وجعلت له خلفاً)**(١٨)، واتە: (ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە هۆزەکەت تازە لەبێباوەڕی دەرباز بوون ئەوا کەعبەم تێکدەداو، پاشان لەسەر بناغەکەی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) دروستم دەکردەوە، چونکە قورەیشیەکان کەمیان کردۆتەوە، دەرگایەکیشم لە پشتەوە بۆ دادەنا)، هەروەها نموونەیان بەقبوڵکردنی تۆبەی جەنگاوەرێک هێناوەتەوە کە توانات بەسەریدا نەبێت و لابردنی سزاکان لەسەری، چونکە نەبووانی توانا بەسەریدا مەترسی و زیانی زیاتر دەکات، لەکاتێکدا قبوڵکردنی تۆبەکەی و لابردنی سزاکەی، وای لێدەکات تۆبە بکات و دەست لە تاوانەکانی هەڵگرێت(١٩)، ئەوەی عومەری کوڕی خەتتابیش پێی هەستا لەکوشتنی کۆمەڵێک لەتۆڵەی یەک کەس، هەر دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە، چونکە ئەگەر کۆمەڵێکی لەتۆڵەی یەک کەس نەکوشتبایە، ئەوا خەڵک پەنایان بۆ کوشتن دەبرد و بە عەمدی کۆمەڵێک کەسێکیان دەکوشت(٢٠)، هەروەها دەستهەڵگرتنی حوسەینی کوڕی عەلی لەخەلیفایەتی بۆ معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لەپێناو یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ئەوەی لەم کارە دەکەوێتەوە لەکۆبوونەوەی خەڵکی و ڕاگرتنی خوێنڕژان(٢١).

هەروەها ڕێسای: (تصرف الولاة منوط بالمصلحة)، واتە: (ڕەفتاری کاربەستان بەستراوەتەوە بەبەرژەوەندییەوە)، ئەمەش لەو ڕێسایانەیە کەدەکرێت موفتی لەکاتی فەتوادانی سیاسیدا لەبەرچاوی بگرێت، شەرعزانان نموونەی زۆریان سەبارەت بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێسایە لەفەتوا سیاسیەکاندا هێناوەتەوە، لەوانە لێدانی هەشتا شەلاق لەشەرابخۆر لەلایەن عومەری کوڕی خەتتابەوە، کاتێ خەڵکی کارەکەیان بەسوک هاتە پێشچاو و، زۆریان خوارەوە، هەستا بەتوندکردنی سزاکەی، نموونەی تر وەک ئەوەی ئەگەر دەسەڵاتدار لەبکوژی ئەو کەسە ببورێت کە وەلی و سەرپەرشتیاری نییە، لێبوردنەکە دروست نییە و تۆڵەکەشی لاناچێت، چونکە مافی گشتییە و، ئیمامیش بریکاریانە لەوەی کەبەباشتری دەزانێت بۆیان، باشتریش ئەوە نییە کە بەخۆڕایی لە مافهکەیان ببورێت، بەڵکو بۆی هەیە تۆڵە بسێنێتەوە یاخود ئاشتەوایی بکات، بەهەمان شێوە بۆ هیچکەس لەفەرمانڕەوایان نییە کەسێکی فاسیق بکاتە پێشنوێژی نوێژەکان، با نوێژکردنیش لەپشتیەوە دروست بێت، چونکە مەکروهە، فەرمانڕەواش فەرمانی پێکراوە بەرژەوەندی لەبەرچاو بگرێت، هیچ بەرژەوەندییەکیش لەوەدا نییە کەخەڵکی ناچار بکرێن کارێکی مەکروهـ ئەنجام بدەن(٢٢).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێسایەدا بۆ ئیمام (یاخود ئەنجومەنی ئومە یان شورا) نییە کەیاسایەک دابنێت پێچەوانەی ئاشکرای قورئان یاخود فەرموودەی صەحیح یان کۆدەنگی ئومەت بێت، چونکە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو ئایینەکەی و دونیایەتی، لەبەر ئەوەی ئیمام لەسەری پێویستە بەرژەوەندی بێنێتە دی و خراپە دوور بخاتەوە(٢٣).

هەروەها بۆ موفتی نییە لەکاروبارە سیاسییەکاندا فەتوایەک دەربکات هیچ پێوەندیگیکی ڕەچاو نەکردبێت(٢٤)، یان حوکم بەسەر ڕووداوەکاندا بدات بەبێ لەبەرچاوگرتنی چەسپاوەکان، لەو

**ئەو دەسەڵاتە گەورەیەی کە فەتوا هەیەتی بەتایبەت لە لایەنی سیاسییەوە وایکرد هێزە جۆراوجۆرەکان هەوڵ بدەن بەلای بەرژەوەندی خۆیاندا بخەن و بەرە و ڕووی نەبنەوە**

پێودانگەکانەش پێویستە ئەو کەسەی فەتوا دەدات لەزانایانی پسپۆڕ لەزانستە شەرعییەکان بێت و شیاوی فەتوادان بێت، چونکە موفتی کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەمانەتێکی گەورەی لەسەر شانە و، ئەرکێکی بەرزی لەئەستۆدایە، پیرۆزی و پێگەی تایبەتی لەئیسلامدا هەیە(٢٥)، هەروەها پێودانگی مەنهەجی فەتوا لەبەرچاو بگرێت، ئەمەش بەهۆی پێویستی بەپشکنین و دڵنیابوون لەبابەتەکە هەیە و(٢٦)، یاخود ئەو بابەتەی کەلێی دەکۆڵێتەوە لەوانە بێت کەسوودی کاروباری ئایینی و دونیایی خەڵکی تیدا بێت و، بەشێوەیەکی وردیش لەبابەتەکە تێبگات، ڕاوێژ بەکەسانی پسپۆڕ لەو بوارەی فەتوای تیدا دەدات بکات(٢٧)، لەفەتواکەیدا پەلەنەکات و، داب ونەریتە پەیوەندارەکان بەژینگەی فەتواکە لەبەرچاو بگرێت، پابەندیش بێت بەمەنهەجێکی میانڕەو و ئاسانکار لەفتوادا، بەو واتایەی شەریعەت داوای کردووە و لەدەقەکانی شەرعدا هاتووە لەلێبوردەیی و ئاسانی و هەڵگرتنی نارەحەتی لەئەرکبار بەشێوەیەک کەلەگەڵ دەقێکی شەرعدا دژ نەبێت، ڕەوش و،کات و شوێن و، ئەو بارە کۆمەلایەتی و سیاسییەی کەڕووداوەکەی تێدا ڕوودواوە لەبەرچاو گرتبێت ، ئەگەر دەرچەیەکی شەرعی هەبوو بەڵگەیەکی شەرعی پشتیوانی بوو(٢٨)، ئەمە وێرای ئەوەی کۆمەڵێک لەشەرعزانان وایدەبینن کە موفتی لەسەری پێویست نییە شوێنکەوتەی مەزهەبێک بێت و، بەگوێرەی ئەو فەتوا بدات، دروستە بۆ موفتی بەوە فەتوا بدات کە بەپەسند(راجح)ی دەزانێت، جا لەهەر مەزهەبێک بێت، بۆ خەڵکی گشتی دروستە بەویستی خۆیان شوێنکەوتەی هەر زانایەک بن و فەتوای لێ وەربگرن(٢٩)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەئەهلی علیم وایدەبینن ئەو موفتییەی موجتەهید نییە، پێویستە بەگوێرەی ئەو مەزهەبەی پابەندە پێیەوە فەتوا بدات(٣٠).

لەگەڵ هەموو ئەوەی کەزانایان باسیان کرد لەپێودانگی فەتوا، بەپێویستی دەزانم کەموفتی لەفەتوای سیاسیدا کۆمەڵێک کاروباری گرنگی دیکەش لەبەرچاو بگرێت، لەوانە:

یەکەم: فەتوای سیاسی گومانی ئەوەی تیا نەبێت کە ئایین بۆ بەرژەوەندی سیاسی بەکاربهێنن، بەڵکو ئامانج لێی ڕۆشنکردنەوەی سیاسەت بێت بەئایین، لەبەر ئەوە لەسەر موفتی پێویستە لەفەتوای سیاسیدا هۆشیار و بەئاگا بێت، تا نەکەوێتە هەواو ئارەزووی سیاسییەوە، چونکە مەترسی بەستنەوەی ئایین بەسیاسەتەوە لەبەر ئەوە نییە کەئیسلام تەشریعاتی سیاسی تێدا نەبێت، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کەسیاسەت دەگۆڕێت و زیاتر بەرژەوەندی تییدا زاڵە، لەوانەیە خزمەت بە دەستەیەک یان حزبێکی دیاریکراو بکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئایین لەبەکارهێنان بۆ

مەبەستی سیاسی دوور بخرێتەوە، زۆر بەداخەوە زۆرێک لەحکومەتەکان یاخود پارتە سیاسییەکان دەبینین هەڵدەستن بەبەکارهێنانی ئایین یاخود تەوزیف کردنی لەیەکلاکردنەوەی کێبرکێ سیاسی یاخود مەزهەبیەکاندا، لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی قوڵکردنەوەی ناکۆکی و پەرتەوازەیی نیوان موسڵمانان و رۆڵەکانی یەک نیشتمان تەنها بەهۆی ناکۆکییەکی سیاسییەوە، کەئەوە کارێکی بێزراوەو لەشەرعدا حەرامە و، بۆی هەیە ببێتە هۆی دروست بوونی جەنگ و کوشتارێک کەهیچ شەرعیەتێکی ئایینی تێدانییە و، تەنها بەرژەوەندی دوژمنانی ئیسلامی تێدایە، بۆی هەیە تاکە وشەیەکی چاک ببێتە هۆی ڕاگرتنی خوێنرێژی و نزیکردنەوەی پەرتەوازەکان، یەک وشەی خراپیش لەوانەیە ببێتە هۆی بەهەدەردانی گیانی چەندان کەس و زیاتر بوونی ناکۆکی نیوان ڕۆڵەکانی یەک نیشتمان.

دووەم: پێویستە موفتی لەفەتوای سیاسیدا رۆشنبیرییەکی سیاسیی باشی هەبێت، بەجۆرێک تەواو شارەزا بێت لەبیردۆزە سیاسیەکان و مانا گشتییەکانی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەلایەن سیاسییەکانەوە، هەتا قسەکردنی لەسەر بابەتەکان تەنها ڕوکەشیانە نەبێت، بەجۆرێک بێت کاتێک بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو، یاخود داوای کارێک لەخەڵک دەکات، پشت بەستوو بێت بەپێشینەیەکی سیاسی زانستی و هاوسەنگ و متمانەدار لەبەردەم خەڵکدا، ئەمەش لەرێگەی بەشداریکردن لەخولە سیاسییەکان، کەتێیدا چەمکە گشتییەکان و بیردۆزە سیاسییەکان بخرێتە پێشچاوی و، زۆر خوێندنەوەی ئازادانەی بەرهەمی گەورە بیرمەندانی موسڵمان، ئەوانەی لەزانستە سیاسییەکاندا دانراویان هەیە، ئەمە وێرای بەدواداچوونی شیکردنەوە سیاسییەکانی یەک بە یەکی ئەو ڕووداوانەی کەڕوودەدەن، هەتا ئاگاداری پێشهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێت کەئەو بەشێکە لێیان.

سێهەم: پێویستە فەتواکە ئەو بەها گشتییانەی لەخۆ گرتبێت کەخەڵک پێویستیانەو، لەگەڵ ڕووداوە سیاسییەکاندا هاوتەریبە، وەک قسەکردن لەبارەی ئارامگرتن و هاریکاری لەپێناو بەرژەوەندی وڵات و وەلانانی ناکۆکییەکان لەو قۆناغە سەختەدا و، ڕووبەڕووبوونەوەی خراپەکاری لەهەموو شوێنێک و، بەرەنگاربوونەوەی ستەم، هەروەها پێویستە باسی ڕووداوە سیاسییەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە بکات کەلایەنداری پێوە دیار نەبێت بۆ لایەنێکی دیاریکراو، لەگەڵ بەستنەوەی قسەکانی بەبەها ئیسلامییەکان و ڕووداوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەرەوە، هەتا فەتوا هۆکارێک بێت بۆ هاوسەنگی ئومەت و پەرتەوازە نەبوونی، چونکە ئامانجی فەتوای سیاسی چاکسازی کۆمەڵگا و بەرچاوڕوونی خەڵکی و هاندانیانە بەرەو پێشکەوتن بەبەرچاو ڕوونی و بەئاگایی و تێگەیشتنەوە.

چوارەم: مەبەست لێی چاکسازی کۆمەڵگا و بەرچاوڕوونی خەڵک بێت، بەبێ ئەوەی پابەندکار بێت بۆیان، چونکە ئەرکی موفتی ڕێنماییکردنە بۆ ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی سەبارەت بەبابەتێک، فەتواکەشی پابەندکار نییە، بەڵام ئەگەر فەرمانڕەوای سیاسی لەڕوانگەی بەرژەوەندییەوە کاری بە فەتوای موفتی کرد، ئەوا ئەو فەتوایە هێزی جێبەجێکردنی دەبێت، نەک لەبەر ئەوەی لەلایەن موفتییەوە دەرچووە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی فەرمانڕەوا بڕیاری کارپێکردنی داوە(٣١)، بەهەمان شێوە فەتوای فەرمانڕەوا وەک حوکمەکەی نییە، چونکە فەتوا حوکمێک نییە لەلایەن ئەوەوە، ئەگەر کەسێکی تر فەتوای پێچەوانەی ئەوەیدا ئەوا نابێتە

هەڵوەشێنەرەوەی حوكمەكەی(٣٢).

پێنجەم: مەبەست لێی ڕەواجپێدانی ئەو بیرۆكە و ئاراستە سیاسییانە نەبێت كەدوورن لەئیسلام، یاخود بانگەشە بۆ ڕشتنی خوێنی پارێزراو دەكەن، یاخود بانگەشەی بێباوەڕی و گومڕاكردن یاخود حەڵاڵكردنی قەدەغەكراوەكان دەكەن، زۆر فەتوا ڕەواجی دەوە بەبیرۆكە و ئاراستەیەكی سیاسی، بەهۆیەوە تەقینەوەو وێرانكاری شوێنە گشتییەكان و تایبەتیەكان ڕوویداوە، بەپاساوی لادانی مونكەر یاخود جیهاد لەدژی بێباوەڕان و، كوشتن وتیرۆری كەسانێكی بێتاوانی لێكەوتووەتەوە كە هاوئاییینمان نین، بەڵام بەپاساوی ئەوەی كە لەو بێباوەڕانەن كەستەم لەموسڵمانان دەكەن، ئەمە لەكاتێكدایە كە خوای گەورە جیاوازی كردووە لەنێوان پشتیوانی بێباوەڕان و چاكەكردن لەگەڵیان و دەستدرێژی نەكردنە سەریان، هۆشداری پێداوین كە پشتیوانیان نەبین، بەڵام ڕێگری لێنەكردووین كەباشەو چاكەیان بەرانبەر بكەین.

شەشەم: فەتواكە لەو كاروبارە سیاسیانەدا بێت لەئیجتیهادیكی بەكۆمەڵەوە دەرچووبێت، نەک تەنها شەرعزانێک یاخود موفتییەک بەتەنها بیدات و، لێكۆڵینەوە لەپێویستیی فەتواكە و دڵنیابوون لەزاڵی بەرژەوەندی تێیدا، چونكە ئەو فەتوایەی پاش چەند ئیجتیهادێک دەردەچێت چاكترە لەوەی كەلەتەنها موفتییەكەوە دەرچووبێت، چونكە ئیجتیهادی بەكۆمەڵ كەتێیدا ئەهلی عیلم لەنێو خۆیاندا ڕاوێژیان كردووە –بەتایبەت بابەتە سیاسییەكان- نزیكترە لەپێكانەوە لەئیجتیهادی بەتەنها.

**لەكۆتاییدا:**

فەتوای سیاسی بریتییە لەهەموو ئەوەی شەرعزانان سەبارەت بەو بابەتانەی پەیوەستن بەحوكمڕانی و بابەتە گشتییەكان و، سەرنجدانی بابەتە نوێیەكانی پەیوەنددار بەكاروباری حوكمڕانی بەڕێوەبردنی وڵات بڕیاری لەسەر دەدەن و، حوكمی شەرعی لەبارەیەوە بۆ كۆمەڵگا دەردەكەن، پەیوەندییەكی بەتینیش هەیە لەنێوان فەتوا و سیاسەتدا، چونكە فەتوا حوكمڕانی ڕوون دەكاتەوە، سیاسەتیش ڕێگەی كاكردن بەو حوكمە بەو جۆرەی كەلەگەڵ شەریعەتدا بگونجێت و ناڕەحەتی لەسەر ئەركبار لاببات ڕوون دەكاتەوە، ئیدیوەحی لەبارەی ئەو كارە هەبێت یان نەبێت، لەگەڵ پێویستی جیاوازیكردن لەنێوان فەتوای سیاسی و فەتوای بەسیاسیكراودا، چونكە فەتوای بەسیاسیكراو بەجۆرێک لەجۆرەكانی یاریكردن بەئایین لەبەرژەوەندی كاروباری سیاسی یاخود لایەنێكی حزبی دادەنرێت، لەبەر ئەوە لەسەر موفتی پێویستە لەكاتی فەتوادانیدا لەوە بەئاگا بێت كەبەگوێرەی ویستی سیاسی یاخود ڕازیكردنی ئاراستەیەكی سیاسی گشتی فەتوا نەدات، هەروەها پێویستە لەسەر موفتی لەفەتوای سیاسیدا مەقاسیدەكانی شەریعەت و ڕەوش و بارودۆخ و ئەوەی پەیوەستە پێیەوە لەبەرچاو بگرێت، لەوەی لەهاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندی و خراپەكاری كەڵەكەبوو و دژیەک پێویستی دەكات.

## پەراوێز

١- بڕوانە: الدستور والبرلمان:جعفر عبدالرزاق، مجلة النبأ، دار الهادي- بيروت، العدد ٥٩، تموز ٢٠٠١م.

٢- بڕوانە: ينظر: تجديد فقه السياسة الشرعية:د. عبدالمجيد النجار، بحث مقدم للدورة السادسة عشرة للمجلس الأوربي للإفتاء والبحوث، ١٤٢٧هـ - ٢٠٠٦م:ص٢-٣.

٣ -بڕوانە: منهج الفتوى في قضايا السياسة الشرعية المعاصرة: د.محمد محمود محمد حسن الجمال، بحث منشور ضمن بحوث مؤتمر الفتوى واستشراق المستقبل، جامعة القصيم- المملكة العربية السعودية، ٢٠-١٤٣٤/٦/٢١هـ:ص٥١٦.

٤- پرسیار لە شێخ محمد رشيد رضا کرا سەبارەت بە حوکمی شەریعەتی ئیسلامی، ئەگەر کەسێک ڕەگەزنامەی وڵاتێکی نامسوڵمان وەربگرێت، لەکاتێکدا ئەو ڕەگەزنامە وەرگرتنە نکوڵی کردنە لە شتانێک کە لە پێویستییەکانی دینەو، پابەندبوونە بە سەرجەم ئەو ئەرکانەی ئەو وڵاتە لەسەری پێویست دەکات لەوەی لەڕی سەربازییەوە پشتیوانیان بێت بۆ جەنگی مسوڵمانان، وەڵامەکەی ئەمەبوو: ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بوو کە لەم پرسیارەدا هاتووە، ئەوا هیچ جیاڕاییەک نییە لەنێوان مسوڵمانان کە قبوڵکردنی ڕەگەزنامە هەڵگەڕانەوەیەکی ڕاشکاوە و، دەرچوونە لە میللەتی مسوڵمات، هەتا پرسیارکردنیش لەوبارەیەوە لە وڵاتێکی وەک تونس بە نامۆ دادەنرێن، کە وا گومان دەبرێت خەڵکە عەوامەکەی حوکمی ئەوە دەزانن کە لە پرسیارەکەدا هاتووە، چونکە لەوانەیە کە لە پێویستییەکانی دینە، هەروەها دوپاتیشی کردەوە: ئەگەر مسوڵمان ڕەگەزنامەیەک وەرگرێت کە حوکمەکانی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت، ئەوە دەرچوونە لە ئیسلام، چونکە بەمە ئیسلام ڕەت دەکاتەوەو شەریعەتی ڕەگەزنامە تازەکە لە شەریعەتەکەی خۆی بە چاکتر دادەنێت، ئەوەندەشی بەسە کە بزانێت ئەو حوکمەی حوکمی دیکەی بەچاکتر لێی داناوە، حوکمی ئیسلامە، بۆیە مامەڵەی مسوڵمانی لەگەڵدا ناکرێت، ئەگەر ئەمە لە خەڵکی وڵاتێک یان هۆزێک ڕوویدا، پێویستە لەگەڵیان بجەنگن تا دەگەڕێنەوە... بۆ زیاتر بگەڕێتەوە بۆ: مجلة المنار، العدد ٢٥، المجلد الأول،ص٢٢.

٥- لیژنەی فەتوا لە زانکۆی ئەزهەر لە ڕۆژی یەکشەممە ١٨ جمادى الأولى ساڵی ١٣٧٥ك. بەرامبەر یەکی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٦ز. کۆبووەوە، بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ (حسنين مخلوف) ئەندامی کۆمەڵەی گەورەزانایان و موفتیی پێشووی میسر و، ئەندامێتی بەڕێزان شێخ(عيسى منون) ئەندامی کۆمەڵەی گەورەزانایان و شێخی پێشووی کۆلێژی شەریعەت و، شێخ (محمود شلتوت) ئەندامی کۆمەڵەی گەورە زانایان و، شێخ (محمد الطنيخي) ئەندامی کۆمەڵەی گەورە زانایان و، شێخ (محمد عبد اللطيف السبكي) ئەندامی کۆمەڵەی گەورە زانایان و، ئامادەبوونی شێخ (زكريا البري) ئەمینداری لیژنەی فەتوا، تیایدا هاتووە کە: ئاشتەوایی لەگەڵ ئیسرائیل وەک ئەوەی بانگەشەکارانی دەیانەوێ، بەپێی شەرع جائیز نییە، چونکە تیایدا بڕیار لەسەر بەردەوامی داگیرکردن لەلایەن داگیرکەرەوە دەدرێت و، دان بە شایستەبوونی ئەوەی داگیری کردووە دەنرێت و، دەسەڵات دان بە دەستدرێژکار تا لەسەر دوژمنکارییەکەی بمێنێتەوە، لەکاتێکدا سەرجەم شەریعە ئاسمانی و دانراوەکان کۆدەنگن لەسەر حەرامێتی داگیرکردن و پێویستبوونی گێڕانەوەی داگیرکراو بۆ خاوەنەکەی و، هاندانی خاوەن هەق لەسەر بەرگری و داواکردنی هەقەکەی، بەهەمان شێوە بەشەرع لەسەر مسوڵمانان حەرامە دەسەڵات بدەن بە ئیسرائیل و ئەو وڵاتە داگیرکەرانەی لەپشتیەوەن و زامنی پاراستن و مانەوەیان کردوە، تا ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکات کە ئامانجی تەنها گەشەسەندنی دەوڵەتی جولەکەو مانەوەیەتی لە خۆشگوزەرانی و بەپیتبوونی زەویدا، تا وەک دەوڵەتێک دژایەتی عەرەب و ئیسلام بکا لە ئازیزترین شوێنیداو، سەختترین خراپەکاری لە وڵاتدا بڵاو بکاتەوەو، پیلانی

دژ بە مسوڵمانان داڕێژێت لە وڵاتەکانی خۆیاندا، پێویستە مسوڵمانان بە هەموو توانا ڕێگربن لە جێبەجێکردنی و، یەکڕیز بن لە بەرگریکردن لە بازنەی ئیسلام و، شکست پێهێنانی ئەو پیلانە بۆگەنانە شکست پێ بهێنن کە سەرەتاکەی ئەو پرۆژە زیانبەخشانەیە. هەرکەس لەوەدا کەمتەرخەمی بکات یان هاوکاربێت بۆ جێبەجێکردنی، ئەوا گوناهێکی گەورەی ئەنجامداوە... بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو فەتوایە« تکایە بگەڕێوە بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی (جبهة علماء الأزهر)، فتاوى أزهرية- التطبيع مع دولة الكيان الصهيوني:

http://www.jabhaonline.com/index.php?option=com_content&view=category&layout=blog&id=101&Itemid=11

٦- بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێوە بۆ: من أعلام الزيتونة- محمد الطاهر بن عاشور( حياته وآثاره): د.بلقاسم الغالي، دار ابن حزم، الطبعة الأولى، ١٩٩٦م: ص١٤٦.

٧- بڕوانە: (الفتوى السياسية وسياق الإغتراب): محمد ولد الغابد، بابەتێکە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاوکراوەتەوە http:// topic-hmslardjem.ahlamontada.net/t١١٤٢

٨ - دکتۆر عبدالکریم زێدان لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە مەشروعیەتی چوونە پاڵ ئەنجومەنی حوکمی عێراقی، کە دوای داگیرکردن پێکهات و بەردەوام وبوون لە بەشداری تێیدا، گوتی: بەڕووی بۆمان دەرکەوت کە هیچ بیانویەک نییە بۆ کارکردن بە روخسەت یان ئیستسنای ئەو ئەسڵەی لەسەرەتای وەڵامەکە باسمان کرد، کەواتە حوکمە شەرعییەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە کە پشتیوانیی کافر جائیزنییە بە چوونە ناو ئەنجومەنی حوکم... بڕوانە: پێگەی فەرمی دکتۆر عبدالكريم زيدان، ناونیشانی فەتوا (فتوى مشروعية الانضمام الى مجلس الحكم العراقي المتشكل بعد الاحتلال والاستمرار بالمشاركة فيه).

http://drzedan.com/content.php?lng=arabic&id =55 ، و:إنتخابات العراق: سباق تأويل الفتاوى. http://almasalah.com/ar/news/28718

٩- لە ٢٠١٣/١/٢٤ز. فەتوایەک لەلایەن شێخ (دکتۆر عبدالملک السعدي) دەرچوو کە پێکهێنانی هەرێمەکان لە ئێستاداو بانگەشەبۆکردنی حەرام دەکات، تیایدا هاتووە: لەبەر ئەوەی لەم دۆخەی ئێستادا هەرێم بەرژەوەندیی خەڵکی ئەنبار یان سەلاحەددین یان موسڵ یان دیالە بەدی ناهێنێت: دەڵێم حەرامە بانگەشەی بۆ بکرێت، چونکە تەنها پارچەپارچەکردنی عێراق و لەناوبردنی یەکێتییەکەی لێ دەکەوێتەوە، لەوانەشە ئەگەر ئەوە ڕابگەیەنین، هەندێک دەوڵەتی هەرێمی باشوردا بگرێت، چونکە هەندێک دەوڵەت چاوی بڕیوەتە ئەوەی کە سنورەکەی هەتا بەغدایە، هەروەک لە هەندێک لە فەرمانڕەوایەکانیم بیست لەساڵی ١٩٧٩ز.

هەروەها دکتۆر عبدالکریم زیدان لە ٢٠١٠/١٢/١٦ز. فەتوایەکی دەرکرد سەبارەت بە حوکمی بانگەشەکردن بۆ فیدراڵیەت یان هەرێمەکان لە عێراقدا، تیایدا هاتووە: ئەو کارە وەک خراپەیەکەو دەبێ لاببرێت و، هیچ هاوکارییەکی ئەوە نەکرێت کە کاری پێ دەکات، چ بە گوفتار بێت یان کردار یان پشتیوانی یان پیاهەڵدان، بەڵکو شایستەی دابڕان و دورکەوتنەوەیە، ئەوە لە سەرپێچییە گەورەکان دادەنرێت کە خاوەنەکەی تەعزیر دەکرێت، لەوانەشە تەعزیرەکەی لە کۆتاییدا بگاتە ئاستی کوشتن، بەڵگەی ئەمەش فەرمودەی پێغەمبەرە محمد (صلى الله عليه وسلم) لە فەرمودەیەک کە مسلم ریوایەتی کردووە: (من أراد أن يفرق أمر هذه الأمة وهي جميع فاضربوه بالسيف كائنا من كان- ئەوەی ویستی کاری ئەم ئوممەتە پەرتەوازە بکات کە خۆیان یەکگرتوون، بە شمشێر لێیان بدەن، هەرکەسێ بوون).

بۆ زیاتر ئاگادار بوون بڕوانە: پێگەی الدكتور عبدالملك السعدي -الأمة الوسط-

http://www.alomah-alwasat.com/newsMore.php?id=88

پێگەی دکتۆر عبدالکریم زیدان http://drzedan.com/content.php?lng=arabic&id=59

١٠- بڕوانە: الفتوى السياسية و سياق الإغتراب: محمد ولد الغابد، بابەتێکە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاوکراوەتەوە http:// hmslardjem.ahlamontada.net/t1142-topic

١١ - إعلام الموقعين عن رب العالمين:٦٩/١.

١٢- غياث الأمم في التياث الظلم: أبو المعالي عبد الملك

بن عبد الله بن يوسف بن محمد الجويني، تحقيق:عبد العظيم الديب،مكتبة إمام الحرمين،الطبعة الثانية،١٤٠١هـ،ص٢١٩.

١٣- ضوابط الفتوى من الناحية الفقهية والسياسة الشرعية: د. عنود بنت محمد بن عبدالمحسن الخضيري، بحث منشور ضمن بحوث مؤتمر الفتوى و استشراق المستقبل، جامعة القصيم- المملكة العربية السعودية، ٢٠-١٤٣٤/٦/٢١هـ،ص٣٣٩.

١٤- بڕوانه: السياسة الشرعية وأثرها في الحكم الشرعي التكليفي:ص٧٥.

١٥- بڕوانه: إعلام الموقعين عن رب العالمين: ١٧٠/٤.

١٦ - قضايا معاصرة في الفقه و السياسة الشرعية:د. طه أحمد الزيدي، من إصدارات المجمع الفقهي العراقي لكبار العلماء للدعوة والإفتاء:ص١١.

١٧- الجامع الصحيح المختصر-صحيح البخاري،باب ما ينهى من دعوى الجاهلية،رقم الحديث ٣٣٣٠:٣/١٢٩٦.

١٨-سەرچاوەی پێشوو: باب فضل مكة وبنيانها،رقم الحديث ١٥٠٨: ٢/ ٥٧٤.

١٩- بڕوانه: منهج الفتوى في قضايا السياسة الشرعية المعاصرة:ص٥٣٢.

٢٠- بداية المجتهد ونهاية المقتصد: أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن رشد القرطبي الشهير بابن رشد الحفيد،دار الحديث – القاهرة،بدون طبعة،١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م:١٨٢/٤.

٢١-إعتبار المآلات ومراعاة نتائج التصرفات:ص١٦٦-١٦٧.

٢٢- بڕوانه: القواعد الفقهية وتطبيقاتها في المذاهب الأربعة:٤٩٤-٤٩٦.

٢٣- بڕوانه: القواعد الكلية والضوابط الفقهية في الشريعة الإسلامية:د. محمد عثمان شبير،دار الفرقان،الأردن، الطبعة الأولى،١٤١٣هـ،ص٣٥٨.

٢٤- (الضوابط) لەزمانی عەرەبیدا کۆی وشەی (ضابط) ە، چاوگەکەی (ضبط)، بەواتای بەتوندوتۆڵی گرتنی شت لەلایەکانیەوە و، پاراستنی و لای خۆهێشتنەوەی دێت. هەروەها بەمانای بەندکردن و شکست پێهێنان و زاڵبوون دێت، هەروەها بەمانای پەیوەست بوون و بەندکردنی شتێک دێت، لە زاراوەی شەرعزاناندا بەواتای بەشەکانی شت یان دابەشکارییەکانی دێت.

بڕوانه: تهذيب اللغة:مادة ضبط ٤٩٣/١١.و:إكمال الأعلام بتثليث الكلام:أبو عبدالله محمد بن عبدالله بن مالک، تحقيق: د.سعد الغامدي،جامعة أم القرى،الطبعة الأولى،الرياض،١٤٠٤هـ:٣٧٤/٢.و: الأشباه والنظائر للسيوطي:٣٨٢/١. و:الأصول والضوابط:أبو زكريا يحيى بن شرف شرف النووي، تحقيق الدكتور محمد حسن هيتو، دار البشائر الإسلامية، بيروت–لبنان،الطبعة الأولى، ١٤٠٦هـ - ١٩٨٦م: ص٢٨. و: معجم المصطلحات والألفاظ الفقهية: ٤٠٤/٢.و:القواعد الكلية والضوابط الفقهية: ص٢٠.

٢٥- بڕوانه: إعلام الموقعين:٤/١.و:الموافقات للشاطبي:٩٥/١.

٢٦- الفقيه و المتفقه:أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد المعروف بالخطيب البغدادي،تحقيق:عادل بن يوسف العزازي،دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية،الطبعة الثانية،١٤٢١هـ:٢٠/٢-٢١.

٢٧- بڕوانه: إعلام الموقعين:٦٩/١.

٢٨- الموافقات للشاطبي: ١٩٤/٤.

٢٩- الإحكام في أصول الأحكام: أبو الحسن سيد الدين علي بن أبي علي بن محمد بن سالم الثعلبي الآمدي (المتوفى: ٦٣١هـ)، تحقيق: عبد الرزاق عفيفي،المكتب الإسلامي، بيروت- دمشق- لبنان:٢٣٦/٤-٢٣٧.و: القول المفيد في أدلة الاجتهاد والتقليد:محمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني اليمني (المتوفى: ١٢٥٠هـ)،تحقيق: عبد الرحمن عبد الخالق،دار القلم – الكويت،الطبعة الأولى، ١٣٩هـ،ص٤١-٥٤.و: التقرير والتحبير:أبو عبد الله، شمس الدين محمد بن محمد بن محمد المعروف بابن أمير حاج ويقال له ابن الموقت الحنفي (المتوفى: ٨٧٩هـ)،دار الكتب العلمية،الطبعة الثانية،١٤٠٣هـ-١٩٨٣م:٣٤٠/٣ وما بعدها.

٣٠-سەرچاوەکانی پێشوو.

٣١- بڕوانه: السياسة الشرعية وأثرها في الحكم الشرعي التكليفي:ص٧٥.

٣٢- بڕوانه: إعلام الموقعين عن رب العالمين: ١٧٠/٤.

# ئایا فەتوا دەقێکی پیرۆز و نەمرە

## یاخود بەپێی گۆڕانی کات و شوێن ئەویش دەگۆڕێت؟






**د. حەسەن محەمەد پشدەری**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧. بڕوانامەی زانستی مەلایەتی لەلایەن مامۆستا مەلا موحەمەد صادق وەیسی ومامۆستا مەلا عەبدولقادر بەحرکەیی پێدراوە. بڕوانامەی دکتورای لەشەریعەتی ئیسلامییدا هەیە. مامۆستایە لەکۆلێژی زانستە ئیسسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین. ئەندامی لیژنەی باڵای فتوای کوردستانە.

پێش ئەوەی بێینە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە، بە پێویستی دەزانم کە باس لە دوو پێشەکی بکەم کە دەبنە بنەما بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە:

**یەکەم:** ئاشکرایە فەتوای شەرعی لەسەر بەیەکەوە گرێدانی سێ بنەمای سەرەکی بنیات دەنرێت:

**یەکەمیان**: تێگەیشتنی تەواوی بەڵگە شەرعییەکان.

**دووهەمیان**: تێگەیشتنی واقیع، مەبەست لە واقیع ڕەچاو کردنی حاڵی ئەوکەسەی کە فەتوایەکەی بۆ دەدرێت، یا ئەو شوێنە یا ئەو کاتەی فەتواکەی تێدا دەدرێت.

**سێهەمیان**: گەڕانەوە بۆ تێگەیشتنی گەورە موجتەهیدەکان لەسەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) تاکو ئێستا ئەوانەی کە بەڕاستی بەئەرکی کات وسەردەمی خۆیان هەستاون لە بواری ئەنجام دانی کاری فەتوادان وهەڵێنجانی حوکمە شەرعییەکان لە دەق و بەڵگە شەرعییەکان.

جا بەڵگە شەرعییەکانیش دوو جۆریان هەیە، جۆرێکیان دەقی پیرۆزن بەهیچ شێوەیەک دارای گۆڕین و سڕینەوە نین، کات وشوێن وحاڵی کەسەکان کاریگەرییان نابێت لەسەریان، ئەوانیش بریتین لەودەقانەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر کە ماناو دەلالەتەکانیان قەتعین.

جۆری دوهەمیان خۆی لەبەڵگە شەرعییەکانی دیکەدا دەبینێتەوە، وەک دەقە ناقەتعییەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، ئەوانە کە لەیەک ڕاڤە زیاتر هەڵدەگرن، وبەراورد کردن «قیاس»، و قازانج «المصلحة» و داخستنی هۆکارەکان» سد الذرائع» ڕۆیشتن لەسەر ڕەچەڵەک «استصحاب الاصل» بەچاک دانان « الإستحسان» وخووەکان «العرف».. هتد، کە ئەوانیش هەر لە قورئان و فەرمودەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام بەپێی کەس و شوێن و کاتەکان دارای ڕاڤە وگۆڕانن.

بۆیە زانایان یەکدەنگن لە سەر ئەوەی ئەو جۆرە فەتوایانەی سەرچاوە و بەڵگەکانیان دەقە نەگۆڕەکانن، بەهیچ شێوەیەک، بۆ هیچ کەس و لایەنێک، لەهیچ کات و شوێنێکدا، گۆرانکاریان بەسەردا نایەت، تەنها لەکاتی زەرورەتدا نەبێت، ئەوکاتە بەپێی مەرجەکان و بەشێوەیەکی سنوردار موفتی بەڕەچاوکردنی حاڵ و کات وشوێن و بەشێوەیەکی کاتی نەک بەردەوام فەتوا دەدات تیایدا.

ئیمامی (شاطبی) کاتێک باسی تایبەتمەندی دەقە شەرعییە قەتعییە نەگۆڕەکان دەکات دەفەرمووێ: «والثانية: الثبوت من غير زوال؛ فلذلك لا تجد فيها بعد كمالها نسخا، ولا تخصيصا لعمومها، ولا تقييدا لإطلاقها، ولا رفعا لحكم من أحكامها، لا بحسب عموم المكلفين، ولا بحسب خصوص بعضهم، ولا بحسب زمان دون زمان، ولا حال دون حال، بل ما أثبت سببا؛ فهو سبب أبدا لا يرتفع، وماكان شرطا؛ فهو أبدا شرط، وما كان واجبا؛ فهو واجب أبدا، أو مندوبا فمندوب، وهكذا جميع الاحكام».(١)

مانای دووهەم: -لە تایبەتمەندی دەقە قەتعییە نەگۆڕەکان- بریتییە لە جێگیر بوون بەبێ لاچوون؛ بۆیە نابینین دوای تەواو بوونی شەریعەت هیچ شتێکی لێ نەسخ بووبێتەوە و گۆرابێت، یان حووکمە گشتییەکانی تایبەت کرابێت، یان حووکمە بێ مەرجەکانی مەرجدار کرابێت، یان حووکمێک لەحووکمەکانی هەڵگیرابێت، نە بۆ هەموو موکەللەفەکان و نە بۆ هەندێکیان، نە بەگوێرەی کاتێک لەکاتەکان، یان شێوەیەک لە شێوەکان، بەڵکوو ئەوەی هۆکار»سبب» بووبێت بۆ هەر بڕیارێکی شەرعی، هەتا هەتایە هەر بەهۆکار دەمێنێتەوەو هەڵناگیرێت، ئەوەشی مەرج بێت، ئەوە هەتا هەتایە هەر بە مەرج دەمێنێتەوە، ئەوەی پێویست»واجب» بووبێت، ئەوە هەتا هەتایە هەر بە پێویست دەمێنێتەوە، ئەوەی سوننەت بووبێت، هەروا بەسوننەت دەمێنێتەوە.. هەموو حوکمە شەرعیەکانی ئەم جۆرە دەقانە بەمشێوەیەیە .

دووهەمین: جیاوازی هەیە لەنێوان حووکمی

شەرعی و فەتوای شەرعیدا، مەبەست لە حووکمی شەرعی ئەو بابەتە شەرعییانەن کە پەیوندییان بە کردەوەی مرۆڤەکانەوە هەیە، ڕاستەوخۆ لەو دەقانەی قورئان سوننەتی پێغەمبەر کە ماناو دەلالەتەکانیان قەتعین وەرگیراون، بەشێوەیەک ئەو مانایانە نەبێت هیچ مانای دیکە هەڵناگرن(٢).

بەڵام فەتوای شەرعی، بە زۆری ئەو بابەتە ئیجتیهادیانەن کە لە بەڵگە شەرعییەکانی دیکەی بێجگە قورئان و فەرموودە وەرگیراون، زۆرجار واقیعی کەسەکان یان شوێن و کات تیایاندا ڕەچاو کراوە، یان لەو دەقە قورئانییانە یان لەو فەرمووودانە وەرگیراون کە زیاتر لە یەک مانا هەڵدەگرن(٣).

بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکە:

زۆر بەسادەیی و بەکورتی، نەک دروستە فەتوا بگۆڕێت بەپێی کات و شوێن وکەسەکان، بەڵکو پێویستە «واجب» ە، چونکە هەرکاتێک پیرۆزیمان بەخشی بە دەقەکانی فەتوا و نەمریمان پێدان، بڕیارماندا نابێ گۆرانکاریان بەسەردا بێت، ئەوە بڕیارمانداوە ئەم شەریعەتەی کە پەروەردگار بۆ هەموو مرۆڤایەتی ناردووە، تایبەتە بە کۆمەڵگایەکی تایبەت و بۆ گشت مرۆڤایەتی نییە، هەروەها ئەو شەریعەتەی کە پەروەردگار بۆ هەموو سات و کاتێک ناردوویەتی، تایبەتە بەکات و ساتێکی دیاریکراو، بۆ هەموو سەردەمێک نییە.

بۆیە زانایان هەر لەکۆنەوە لێکۆڵینەوەی وردیان بۆ ئەم بابەتە کردووە، بووەتە باسایەکی گشتی لە فیقە وئیجتیهاددا، زانایان ڕێسا ومەرجەکانی گۆڕانکاری لە فەتواکاندا بەپێی گۆرانی کات وسات وکەسەکان وعورف وعادەتەکانیان بە دوور و درێژی داڕشتووە، ئەمەش نەک لەخۆیانەوە و بەبێ بەڵگە، بەڵکوو بە پشتبەستن بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی دروستی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و هەڵسوکەوتی هاوەڵە موجتەهیدەکان (ڕەزای خوایان لەسەر بێت) کە دەرچووی قوتابخانەی سەروەر بوون لەم بوارەدا.

لەو زانا بەرزانەی کە بەوردی باسییان لەم بابەتە کردووە، ئیمامی قەرافی مالیکی لە کتێبی «الإحكام في تمييز الفتوى عن الاحكام وتصرفات القاضي والإمام»، هەروەها لەکتێبی «الفروق»دا کە تیایدا باس لە یاسا گشتییەکانی فیقهی ئیسلامی دەکات.

هەروەها ئیمامی ئیبن قەییم لە کتێبە گرینگەکەیدا لەم بوارەدا «إعلام الموقعين عن رب العالمين»، بەشێکی تایبەت کردووە بەم بابەتە، لەسەر باسەکەیدا دەفەرمووێ: «فصل في تغيير الفتوى، واختلافها بحسب تغير الازمنة والامكنة والاحوال والنيات والعوائد»، لەسەرەتای ئەم باسەدا دەفەرمووێ: «هذا فصل عظيم النفع جدا وقع بسبب الجهل به غلط عظيم على الشريعة أوجب من الحرج والمشقه»(٤)، مانای: ئەم باسە سوودێکی زۆر گەورەی هەیە, لەبەر نەزانی و بێ ئاگایی لێی هەڵەی زۆر گەورە بەرامبەر شەریعەت ئەنجام دراوەو نارەحەتی و ئەزیەتی زۆری دروستکردووە.

## بەڵگەکانی پێویستی گۆڕانی فەتوا بەپێی کات وسات وکەسەکان

بەڵگەی زۆر هەیە بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە، بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

- ئیمامی ئەحمەد لە عەمری کوڕی عاص –ڕەزای خوای لێ بێ– ڕیوایەت دەکات و دەفەرمویێت: جارێک لەخزمەت پێغەمبەردا بووین– صلى الله عليه وسلم–، گەنجێک هاتە خزمەتی، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا دروستە لەکاتێکدا کەبەڕۆژوو دەبم خێزانەکەی خۆم ماچ بکەم؟ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی: (لا) نەخێر. پاشان پیاوێکی پیر هات و وتی: ئایا دروستە لەکاتێک کەبەڕۆژوو دەبم خێزانەکەی خۆم ماچ بکەم؟ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی: (نعم) بەڵێ. عەمری کوڕی عاص – ڕەزای خوای لێ بێ– دەفەرمویێت ئێمەش سەیری یەکترێمان کرد، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)فەرمووی

## ڕاوەستان لەسەر فەتوا نەقڵکراوەکان لە زانایانەوە بەشێوەیەکی بەردەوام، گومڕابوونە لە ئایندا و بێئاگاییە لە مەبەستی زانایان و پێشینان.

«قد علمت نظر بعضكم إلى بعض، إن الشيخ يملك نفسه»(٥). واتە: (ئاگام لێبوو سەیری یەکتریتان کرد، ئەمە لەبەر ئەوە فەتواکەیان جیاوازە، چونکە پیاوە پیرەکە دەتوانێت خۆی بگرێت وشتی دیکە ئەنجام نەدا)، مانای گەنجەکە ناتوانێ خۆی بگرێ لەشتی دیکە ئەگەر نزیک بووەوە.

لێرەدا پێغەمبەر –صلى الله عليه وسلم– فەتواکەی بەپێی حاڵی کەسەکان گۆڕی، لەگەڵ ئەوەی پرسیارەکە هەر یەک پرسیار بوو.

– ئیمامی بوخاری لە سەلەمەی کوڕی ئەکوعەوە (ڕەزای خوای لێبێت) لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێت: «من ضحى منكم، فلا يصبحن بعد ثلاثة ويبقى فى بيته منه شيء. فلما كان العام المقبل قالوا: يا رسول الله، نفعل كما فعلنا فى العام الماضي؟ قال: كلوا وأطعموا وادخروا؛ فإن ذلك العام كان بالناس جهد فأردت أن تعينوا فيها»(٦)، واتە: (هەرکەسێک قوربانی کرد تا سێ ڕۆژ هیچ لە گۆشتەکەی لەماڵی نەمێنێتەوە، بەو مانایەی هیچ لە گۆشتەکەی هەڵنەگرێت وهەمووی بخوا یان بیبەخشێتەوە، ڕاویەکە دەڵێت کەساڵی داهاتوو کاتی قوربانی هات، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا وەک ساڵی ڕابردوو بکەین، هیچ لەگۆشتی قوربانی زەخیرە نەکەین؟ فەرمووی: نەخێر، بەئارەزووی خۆتان لێی بخۆن و لێی هەڵبگرن، ساڵی ڕابردوو خەڵکی برسییەتی ماندووی کردبوون، ویستم ئێوە هاوکارییان بکەن).

لەم فەرموودەیەشدا ڕوونە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تێبینی کات و باری خەڵکەکەی کرد و لەیەک مەسەلەدا کە گۆشتی قوربانییە لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە دوو فەتوای جیاوازی بۆ موسوڵمانان فەرموو.

– ئیجتهاد وفەتواکانی ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت ) لەم بوارەدا زۆر مەشهورن، وەک دیاریکردنی ڕێژەی جەڵدەدان لەو کەسەی ئارەق «خمر» دەخواتەوە، یان ڕاگرتنی بەشی ئەو کەسانەی کە تازە موسوڵمان دەبن یان ئومێدی موسوڵمان بوونیان لێ دەکرێت لە زەکات، یان ڕاگرتنی حەددی دەستبڕین لە ساڵی گرانیدا، ئەمانە پاش ڕاوێژکردن بەگەورە موجتهیدەکان لەهاوەڵان بووە.

– هەروەها ئیمامی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت)، کاتێک کە بینی ڕەوشتی هەندێک خەڵک تێکچووە، بڕیاریدا کە وشتری دۆزراوە بفرۆشرێت و پارەکەی لە لای دەوڵەت بپارێزرێت تا خاوەنی دیار دەکەوێت، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە کەس دەستی بۆ نەدەبرد و بۆ خۆی دەلەوەڕا تا خاوەنی دیار دەکەوت و دەیدۆزییەوە(٧).

– یان بڕیاریدا کە هەرکەسێ لە نەخۆشی مردندا خێزانی خۆی تەڵاق بدات، ئەو ژنە میراتی لە ماڵی مێردەکەی بدرێتێ، چونکە هەندێ کەس فێر بووبوون بۆ ئەوەی ژنەکانیان مەحروم بکەن لە میرات پێش مردنیان تەڵاقیان دەدان(٨).

– هەروەها ئیمامی علی (ڕەزای خوای لێبێت) فەتوای دا بە زامنکردنی پیشەوەران، بۆ نموونە: کاتێک کەسێک قوماشێکی بۆ خەیاتێک دەبرد، بۆ ئەوەی بۆی بدورێ، ئەگەر خراپ دوریبای

پێی دەبژارد، ئیدی بە ئەنقەست یان بەهەڵە وای کردبایە، لەکاتێکدا لەسەردەمی پێغەمبەر تا سەردەمی ئەو پێیان نەدەبژارد، مەگەر بەئەنقەست یان بەکەمتەرخەمی وای کردبایە(٩).

– هەروەها ئیمامی ئەبو حەنیفە، لەسەردەمی خۆیدا شاهیدی کەسێکی وەردەگرت کە عەداڵەتی نادیاربێت، هەر بەئاشکرایی بە پیاوێکی عادڵ چوبایە شاهیدی لێ وەر دەگرت، بەڵام لەسەردەمی دوو هاوڕێیەکەی ( ئەبو یوسف و محمدی کوڕی حەسەن)دا، ئەوان لەو جۆرە کەسانە شاهیدییان وەرنەدەگرت، ئەمەش لەبەر بڵاوبوونەوەی درۆ و گۆڕانی حاڵی خەڵکی، ئیمامی کاسانی دەفەرموێت: ئەم جیاوازییە جیاوازی زەمانەکەیانە، نەک لەحەقیقەتدا قسەکانیان لەیەکتر جیاوازبێت؛ لەبەرئەوەی زەمانی ئیمام ئەبو حەنیفە زەمانی تابعین بوو، خەڵکی چاک وصالح بوون و پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)شاهیدی باشەی بۆ دابوون، بۆیە پێویست نەبوو زۆر لە عەدالەتیان بکۆڵرێتەوە، بەڵام دوای ئەوان زەمان گۆڕا، فەساد زۆر بوو، بۆیە پێویست بوو پرسیار بکرێت شاهیدی لەکەسی نادیار وەر نەگیرێت)(١٠)

– هەروەها دەبینین ئیمامی شافیعی کاتێک چوو بۆ میسر، هەندێک لە بابەتە فیقهییەکانی مەزهەبەکەی گۆڕی، وەک ڕوونە لەلای شارەزایانی مەزهەبەکەی، بۆیە لە مەزهەبەکەیدا فەرموودەی تازە ونوێی هەیە.

بە کورتی: لە سەردەمی سەلەفدا ئەم بابەتە زۆر ڕوون کارپێکراو بووە، زانایان یەکرابوون لەسەری، شێخی ئیبن تەیمییە دەفەرموێت: فەتوا بەپێی گۆڕانی خەڵک دەگۆڕێت، ئەمە دروستە لەسەر ڕێگەی زانایانی پێشین(سلف) و پاشین (خلف)(١١).

بەڵام لەم دواییانەدا، کاتێک موسوڵمانان کیان و قەوارەی ڕاستەقینەی خۆیان نەما، کە بتوانن پارێزگاری لە نەگۆڕەکانی ئیسلام بکەن و بڕیاری دروست وفەتوای ڕێک و پێک لەڕێگای دامەزراوەکانییانەوەو لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکانییانەوە دەربکەن، بەپێی گۆڕانکاری کات و سەردەم لەبابەتە هەنوکەییەکان فەتوای دروست و پێویست بۆ خەڵکی ڕون بکەنەوە، خەڵکێکی زۆر لەم بابەتەدا کەوتنە نێوان زیادەڕەوی وکەمتەرخەمییەوە، وەک دەبینین هەندێک دەستیان گرتووە بە دەقی فەتواکانی زانایانی ڕابردووەوە و ڕێگە بەخۆیان نادەن لەهیچ مەسەلەیەکداو بەهیچ جۆرێک لێی لا بدەن، هەندێکیش هەموو سنوور و یاساکانی فەتوادانیان شکاندووە، تەنانەت گۆڕانکاری لەدەقە نەگۆڕەکانیشدا دەکەن و فەتوا بەپێچەوانەیانەوە دەدەن، بۆیە خەڵکی توشی نارەحەتی و سەر لێشیوانێکی زۆر هاتوون.

ئەم دوو حاڵەتە هەردووکیان پێچەوانەن لەگەڵ یاسا وڕێساکانی شەریعەت و ئەو بەڵگانەی پێشتر لەم بابەتەدا باسمان لێوەکردن.

پێویستە لە هیچ سەردەمێکدا کاری فەتوادان ڕانەوەستێت، تەنها لەفەرمودەی زانایەکیشدا کە فەتوایەکەی بۆ سەردەمێک یان کەسێک یاکاتێکی دیاریکراو بووە قۆرخ نەکرێت.

ئیمامی قەرافی دەفەرموێت: ڕاوەستان لەسەر فەتوا نەقڵکراوەکان لە زانایانەوە بەشێوەیەکی بەردەوام گومڕا بوونە لە ئایندا و بێئاگاییە لە مەبەستی زانایان و پێشینانی ڕابردوو.

هەروەها دەفەرموێت: بەدرێژایی تەمەنت لەسەر دێرە نووسراوەکانی ناو کتێبەکان جێگیر مەبە، بەڵکوو ئەگەر کەسێ لە غەیری وڵاتی خۆت هات و پرسیاری لێ کردیت بە عورفی وڵاتی خۆت فەتوای بۆ مەدە، بەڵکو لە عورفی وڵاتی خۆی پرسیاری لێ بکە، بەو عورفە فەتوای بۆ بدە(١٢).

بە هەمان شێوە فەتوادان لە دەرەوەی چوارچێوەو دارشتە شەرعییەکان «الضوابط الشرعیة» و بەڵگەکان و گوێنەدان بە نەگۆڕەکانی شەریعەت، ئەویش گومڕا بوونە، بەڵکوو زۆر ترسناکترە لە حاڵەتی یەکەم.

بۆیە زانایان لەگەڵ ئەوەی باس لە پێویستی گۆڕانی فەتواکان دەکەن بەپێی کات و سات و کەس وحاڵ و عورفەکان هەندێک دارشتە»ضوابط»و یاسایان دارشتووە بۆ ئەم بابەتە، لەوانە:

یەکەم: ئەو بابەتە کەفەتواکەی تیادا دەگۆڕدرێت بابەتێکی براوە «قطعی» نەبێت لە شەریعەتدا و بەبەڵگەی قەطعی لە ریوایەت و ماناو دەلالەت دانەنرابێت، واتە مەجالی ئیجتهادی تێدا بێت ولەیەک ڕاڤە زیاتر هەڵبگرێت.

دووهەم: ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەو کارە شارەزای دەقە شەرعییەکان و واقیع بێت، ئەگەر هەندێ لایەنی بابەتەکە لە تایبەتمەندی ئەو نەبوو، وەک بابەتی پزیشکی، یان زانستی ڕوت بوو، ئەوە پێویستە بگەڕێتەوە بولای ئەوان و داوای هاوکاریان لێ بکات لەم بابەتەدا.

سێهەم: ڕەچاوکردنی مەبەستە باڵاکانی شەریعەت، چونکە ئەو مەبەستانە لە کۆی شەریعەتدا ڕەچاوکراون، بۆیە پێویستە هیچ فەتوایەک بەپێچەوانەی ئەوانەوە نەدرێت(١٣).

چوارەم: لەگەڵ بنەما گشتییەکانی شەریعەت بێتەوەو پێچەوانە نەوەستێت لەگەڵیان، وەک بنەمای دادپەروەری، ئاسانکاری، پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئازادییەکان...(١٤).

پێنجەم: تێبینیکردنی عورفەکان، ئیمامی قەرافی دەفەرموێت: موفتی ئەگەر کەسێک هات بۆ لای پرسیاری لێ کرد لە وشەیەک کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە ماناکەی دەگۆڕا، نابێت بە گوێرەی شارەکەی خۆی فەتوای بۆ بدات، بەڵکوو دەبێت پرسیاری لێ بکات کە ئایا ئەو کەسە خەڵکی شاری موفتییەکەیە، ئەگەر وانەبوو دەبێت بە گوێرەی وڵاتەکەی خۆی فەتوای بۆ بدات(١٥).

هەروەها دەفەرموێت: ئەو حووکمانەی لەسەر عورفەکان دامەزراون، کە عورفەکانیان گۆڕا پێویستە حووکمەکانیشیان بەپێی عورفە تازەکان بگۆڕێن، فەتوادان بەپێی عورفە کۆنەکان پێچەوانەی ئیجماعی زانایانەو ونەزانین وتێنەگەیشتنە لە ئاین(١٦).

شەشەم: لەبەرچاوگرتنی قازانجە گشتییەکان، چونکە شەریعەت بۆ قازانجی مرۆڤەکان هاتووە، بۆیە هەر فەتوایەک بە بەڵگەی قازانج (المصلحة) درا، کاتێک قازانجەکە گۆڕا، فەتواکەش دەبێ بگۆڕێت.(١٧).

## پەراوێزەکان

١. الموافقات (١٠٩/١).
٢. بڕوانە: التعريفات ، للجرجاني ، ٣٣/١.
٣. بڕوانە التعاريف ، للمناوي ، ٥٥/١ و٧٩/١، وأنيس الفقهاء ، للقونوي ، ٣٠٩/١.
٤. إعلام الموقعين (١١/٣).
٥. مسند أحمد بن حنبل ٢/ ٢٢٠، برقم: ٧٠٥٤. وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة ٤/ ١٣٨، برقم: ١٦٠٦.
٦. صحيح البخاري ٥/ ٢١١٥، برقم: ٥٢٤٩.
٧. الموطأ- رواية محمد بن الحسن ٣/ ٢٩٦، برقم: ٨٤٨.
٨. الموطأ- رواية محمد بن الحسن ٢/ ٥٠٧، برقم: ٥٧٤.
٩. بڕوانە: السنن الكبرى للبيهقي ١٢٢/٦
١٠. بڕوانە: بدائع الصنائع ٥/ ٤٠١.
١١. بڕوانە: الفتاوى الفقهية الكبرى(٢٧١/٢).
١٢. بڕوانە: الفروق « ( ١ / ٣٢١ ).
١٣. بڕوانە: إعلام الموقعين (٣٣٧/٤)، و تعليل الأحكام محمد شلبي (٥٩).
١٤. بڕوانە: إعلام الموقعين (١١/٣).
١٥. الفروق ١/ ١٥٤- ١٥٥.
١٦. الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام ص: ٢٣١-٢٣٢.
١٧. بڕوانە: درر الحكام/ علي حيدر (٤٨/١).

# مەرجو بنەماکانی فەتواو فەتوادان






**د. ئومێد عوسمان کوردی**

ماستەر لە فیقهی جینائی. دکتۆرا لە ئوسوڵی فیقھ و مەبەستەکانی شەریعەت. بەرهەمێکی چاپکراو و چەند توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

بابەتی فەتواو فەتوادان لە ئیسلامدا بابەتێکی زۆر هەستیارو مەترسیدارە، ئەگەر بێتوو بە عاقڵانە و بابەتیانە و واقیعیانە مامەڵەی لە تەکدا نەکرێت، وابەستەی مەبەستو بنەما سەرەکییەکانی شەریعەت نەبێت، ئەنجام و کاردانەوەکانی لەبەرچاو نەگیرێت، دوور نییە ماڵوێرانیو کارەساتی گەورەی لێبکەوێتەوە.

دەگێڕنەوە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، کاتێک تۆمەتباری سەرەکی تیرۆرکردنی فەرەج فۆدە، لەبەردەم دادوەردا پرسیاری لێکرا: کە بۆ کوشتت؟ تۆمەتبار وتی: ئەو کافر بووە، دادوەر وتی: لەکام لە کتێبەکانیدا بەڵگەی کافربوونی ئەوت بینیوە؟ تۆمەتبار وتی: من نەدەخوێنمەوە نەدەنووسم، تەنها گوێبیستی فەتوای کافرکردنی ئەو بووم، کافریش حوکمی کوشتنە. دوورنەڕۆین هەر لەم ناوچەی خۆماندا، ئەوەی تیرۆریستانی داعش کردیان لە گرتنو کوشتنو راوەدوونان و بەتاڵانبردنی سەروماڵی یەزیدیەکانی شەنگالو دەوروبەری، سەرچاوەکەی تەنها فەتوایەک بوو کە ئەوانە شەیتان پەرست وکافرن، سەروماڵیان حەڵاڵە.

یاخود دەبینین لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، لە مینبەری مزگەوتەکانەوە، لە پێگە ئەلکترۆنیەکانەوە، رۆژانە چەندین فەتوای دژیەک دەردەچێت، وایلێهاتووە هەرکەسێک عەمامەیەکی نایەسەری، یان چوار کتێبی شەرعی خوێندەوە، یان وتارێکی جومعەیدا، یان دووجار چاوپێکەوتنی لە کەناڵێکی ئاسمانی لەگەڵدا کرا، یان بڕوانامەیەکی زانکۆیی لە بوارێکی شەریعەتدا هێنا، یان چەند جارێک ئامادەی دەرسو وتاری فڵان مامۆستا بوو... ئیتر ئەمانە هەریەکەو لای خۆیەوە دەبێتە موفتیو بەڕاستو چەپدا فەتوا دەدات.

لەلایەکی ترەوە سیاسییەکان چۆن ئاراستەی بیرکردنەوەی میللەتیان لە پێشکەوتنو داهێنانو قسەکردن لە مەسەلە چارەنووسساز و هەستیارەکانەوە گۆڕیوە بۆ سەرقاڵبوونیان بە شتە زۆر بچوک و بێمانا و داواکاری مافە زۆر سەرەتاییەکانەوە، بەهەمانشێوە مەلاو بانگخواز و موفتیەکانیش فیکرو عەقڵو رۆحیان مراندووە، مەبەستە سەرەکییەکانی شەریعەتیان وەلا ناوە، یەکریزی و برایەتی موسوڵمانانیان شێواندووە، لە رێگەی فەتوا دژیەکەکانەوە موسوڵمانانیان سەرقاڵکردووە بە کۆمەڵێک مەسەلە و بابەتی بچوک و لاوەکییەوە: رەمەزان دێت: گەورەترین گرفتی خەڵک لە ماڵو مزگەوتو بازاڕدا لەوەدایە سەرفیترەکەی بە پارە بدات یان بە گەنم و جۆ و کەشک و برنج.... مانگی رەبیعی یەکەم دێت: مەولود بیدعەیە! نەخێر واجبە! نا کارێکی باشە! نەخێر مەکروهە.... وەرزی سەرما دێت: دروستە جەمع بکەیت لەنێوان دوو نوێژدا ؟ نەخێر! بەڵێ! سەری ساڵی زاینی دێت: نابێت خۆشی دەربڕیت، تەشابوە بە کوفار، کەسێک دەمرێت هێشتا بەباشی نەخراوەتە ناو گۆڕەوە، شەڕە لەسەر ئەوەی ئایا فاتیحەی بۆ دەچێت یان نا؟ بانگ دەدات دەتەوێت لە مزگەوتێکدا نوێژ بکەیت: نەخێر دروست نییە لەو مزگەوتەدا چونکە قەبری تێدایە، نا زیانی نییە قەبرەکان لە دوای نوێژخوێنانەوەن، ئەو مزگەوتەی تریشیان مەلاکەی قبوریە، ریش دەتاشێت، شەرواڵەکەی درێژە نوێژی لە دواوە دروست نییە..... ئەمانەو چەندین بابەتی تری لاوەکیو سادە، رۆژانە دەورووژێنرێن، عەقڵ وبیری خەڵک سەرقاڵو ماندوو دەکەن، تواناکان دەکوژن، کاتێکی زۆر دەبەن، یەکریزیو برایەتی تێکدەدەن، سەرچاوەکەشیان تەنها فەتوای ئەم مەلاو ئەو مەلایە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوانەی بە ناوی خوداو پێغەمبەرەوە، قسە دەکەن، حوکم دەدەن، ئەم و ئەو تەکفیر و تەبدیع و تەفسیق دەکەن، خەڵک دەنێرن بۆ بەهەشت، بۆ جەهەننەم، رێپێدراوەکان حەرام دەکەن، زۆربەیان کەسانی هەڵەشەو نەشارەزا و

ناکاملن، شیاوی ئەو پایەی فەتوادانە نین، ئەگەر تاقیکردنەوەیەکی گشتی بکرێن لە زمانی عەرەبیو سەرەتاکانی زانستە شەرعییەکاندا، لەوانەیە ژمارەیەکی بەرچاویان دەرنەچن.

فەتوادان لە ئیسلامدا پایە و پێگەیەکی هەستیارو مەترسیداری هەیە، چونکە خودی فەتوادان قسەکردن و واژۆکردن و حوکمدانە بەناوی خوداوە، لەمبارەوە گەورە(١) زانای مالیکی، قەرافی بە دەستەواژەی (وەرگێڕ لە خوداوە) تەعبیری لە موفتی کردووە، یان ئیبنولقەیم گوتوویەتی: « ئەگەر پێگەی حوکمدانو واژۆکردن بەناوی پادشایانەوە بەو گەورەییو هەستیارییە بێت کە تێبینی دەکرێت، ئەی باشە دەبێت پێگەی حوکمدانو واژۆکردن بەناوی خودای زەویو ئاسمانەوە چۆن بێت»(٢). یان ئەبو ئیسحاقی شاتیبی دەڵێت: « موفتی جێنشینو میراتگری پێغەمبەرە لە گەیاندنو روونکردنەوەی حوکمی شەرعیدا»(٣).

بەپێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ بەدیدەکرێت، هاوەڵانی پێغەمبەرو زانایانی پێشین، زۆر بەئاگاییو ترسو خۆپارێزییەوە لە فەتواو فەتوادانیان روانیووە، هەتا پێغەمبەر(درووودی خوای لێبێت) کە گەیەنەری شەریعەت بووە لە خوداوە، چەندین جار پرسیاری لێکراوە، وەڵامی نەداوەتەوە، چاوەڕوانی هاتنە خوارەوەی وەحی کردووە، هەربۆیە کەم نین ئەوئایەتەی قورئانیانەی دەربڕینی (یسألونک، یستفتونک) یان لەخۆ گرتووە.

یان دەبینین لە ئەدەبیاتی پێشەوایانی پێشینی وەک رەبیعەی رەئیو مالیکو شافیعیو ئەحمەدو ئەوانی تردا، دەستەواژەی نازانم (لاأدری) زۆر بەکار هاتووە، کە لەوانەیە لە ئەمڕۆدا زۆر لە موفتیو مامۆستایانی ئاینی بەلایانەوە نەنگی بێت بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە.

ئیبنو ئەبی لەیلا کە زانایەکی تابیعینە، دەڵێت: «گەیشتووم بە سەدو بیست هاوەڵی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت)، کاتێک پرسیارێکی شەرعی لە یەکێکیان دەکرا، دەینارد بۆلای یەکێ تر، ئەویش بۆلای کەسێکی تر، تا لە کۆتاییدا دەگەڕاوە بۆلای کەسی یەکەم»(٤).

هەر لەهەمان باسدا، ئیبنو عەبدولبەر دەیگێڕێتەوە: «جارێکیان پیاوێک هاتە لای پێشەوا قاسمی کوڕی موحەمەدی کوڕی ئەبی بەکر، پرسیارێکی لێکرد، ئەویش گوتی: نایزانم، پیاوەکە گوتی: من نێردراوم بۆلای تۆ، کەسی تر ناناسم، قاسم گوتی: مەڕوانە بۆ درێژیی ریشم و زۆری خەڵک لەدەوورم، سوێند بەخودا نایزانم»(٥).

بەهەمانشێوە رەبیعەی رەئی، مامۆستای ئیمام مالیک، گوتوویەتی: «هەندێک لەوانەی لەم دەورووبەرەدا فەتوا دەدەن، لە دزەکان زیاتر شایانی بەندکردنن»(٦).

یاخود ئیمام مالیک گوتوویەتی: «فەتوام نەدا هەتا حەفتا کەسی زانا شایەتیاندا کەمن شیاوی فەتوادانم»(٧).

زانایانی ئوسوڵی فیقھ لە باسەکانی تایبەت بە فەتواو ئیجتهاددا زۆر بە وردی و زانستیانە هێڵە گشتیو بنەما سەرەکییەکانی فەتواو فەتوادانیان دەستنیشانکردووە، چەندین مەرجی خودی و بابەتیان بە زەرورەت داناوە کە دەبێت لە کەسی موفتیو پرۆسەی فەتواداندا بێنە دی، ئەگەر نا، پرۆسەکە رێڕەوی راستو دروستی خۆی لەدەستدەدات و کارەساتو رووداوی نەخوازراو و گرفتی لێدەبێتەوە.

هەربۆیە هەوڵدەدەین لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو بنەماو مەرجو تێورە سەرەکیانە بدەین، کە دەبێت پرۆسەی فەتوادانی لەسەر بنیات بنرێت، ئەوکات خوێنەر خۆی حوکم بدات، کە ئایا لەسەدا چەندی ئەوانەی فەتوا دەدەن شیاوی ئەو پایەی فەتوادانەن؟ وتەکانیان لێوەردەگیرێت؟ لەوانەیە لەسەدا سفر، یان یەک، دوو...نازانم.

١- یەک لە مەرجەکانی فەتوادان کە زۆربەی زانایان لە سەرەتای قسەکردنیان لەسەر ئیجتیهاد

## «هەندێك لەوانەی لەم دەوروبەرەدا فەتوا دەدەن، لە دزەکان زیاتر شایانی بەندکردنن»

فەتوادادنا ئاماژەیان پێداوە، شارەزابوونو بەئاگایی کەسی فەتوادەرە لە یاساو ڕێساکانی زمانی عەرەبیدا(٨).

٢- لە مەرجە زۆر گرنگو سەرەکییەکانی فەتوادان، شارەزابوونی تەواوی کەسی فەتوا دەرە لە یاساو بنەماکانی زانستی ئوسوڵی فیقهـ ئەم زانستە زانستێکی مەنهەجیو تیۆرییە بۆ تێگەیشتنی دروست لە دەقە شەرعییەکانی قورئانو سوننەت و هەڵگۆزینی حوکمە شەرعییەکان لێیان و ڕێکخستنو پۆلێنکردنی بەڵگە شەرعییەکانو دەستنیشانکردنی کات و شوێن و چۆنیەتی کارپێکردنیان، هاوکات ڕوونکردنەوەی پەیوەندیو ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دەلالەتی دەقەکاندا(٩).

لەوانەیە لە ئەمڕۆدا زۆربن ئەو فەتوادەرانەی شارەزان لە زمانی عەرەبیدا، هەموو قورئانو هەزاران فەرموودەی پێغەمبەر(درووودی خوای لێبێت)یشیان لەبەرە، بەڵام بەهۆی ئاشنا نەبوونیان بە زانستی ئوسوڵی فیقهـ دەکەونە چەندین هەڵەوە لە فەتوادادنا.

٣- شارەزایی تەواوی کەسی فەتوادەر لە ئایەتە قورئانیو فەرموودە سەحیحەکانی تایبەت بە حوکمە شەرعییە کردەییەکان، هاوکات بە ئاگابوونی لە هۆکارەکانی دابەزینو هاتنی دەقەکان، چونکە زۆرجار لە ڕێگەی زانینی هۆکارەکانی دابەزینو هاتنی دەقەکانەوە دەردەکەوێت، کە واتاو حوکمی دەقەکە گشتگیرە، یاخود تایبەتە بە حاڵەت و زروف و بارودۆخ و هۆکارێک یان کەسایەتییەک(١٠).

لەبەر ئەوە بەئاگا نەبوون لەم مەرجە یان لەبەرچاونەگرتنی، هەندێجار زانا گەورەکانیشی خستۆتە هەڵەوە، بۆنموونە: پێغەمبەر(درووودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: « کارێکی باش نییە ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا)(١١)، ئەم فەرموودەیە ئەگەر بە پێی واتا دەرەکییەکەی ڕاڤە بکرێت، دژایەتی لەگەڵ چەندین فەرموودەی تردا هەیە کە ئاماژە بە درووستی ڕۆژوو دەدەن لە سەفەردا، بەڵام بە زانینی هۆکاری هاتنی دەقەکە، واتای دروستی دەقەکەمان بۆ دەردەکەوێت، دەڵێن پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) لەسەفەرێکدا قەرەباڵغییەکی بینی، پرسیاری کرد ئەوە چییە؟ وتیان کەسێکە ڕۆژوو زۆر ماندووی کردووە، لەم کاتەدا فەرمووی: «کارێکی باش نییە ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا»(١٢)، واتە ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا کارێکی باش نییە بۆ ئەو جۆرە کەسانە کە بەرگەی ناگرن، بەڵام ئەگەر کەسێک بەهێز بێت دەتوانێت بەڕۆژوو بێت، هەربۆیە لێرەدا ئیبن حەزم کەوتۆتە هەڵەوە کە دەڵێت: ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا وەکو بەڕۆژوو نەبوونە لە نشینگەدا(١٣).

٤- یەکێکی تر لە مەرجە جەوهەریەکانی ئیجتهادو فەتوادان، بریتییە لە شارەزایی لەمەبەستە سەرەکییەکانی شەریعەتو بەتوانایی لە جێبەجێکردنی یاساو ڕێسا ئوسوڵییەکان بە پێی مەبەستەکان، کە ئەم خاڵە چەندین لقی لێدەبێتەوە:

أ- کارکردن بە بنەمای لە پێشینەیی(مبدأ الأولوية) لەکاتی فەتواو دەرکردنی حوکمدا(١٤)، وەک: لە پێشینەیی واجب لەبەرامبەر سوننەتدا، مافی کەسەکان لەبەرامبەر مافی خودادا، مەبەستە زەروریەکان لەبەرامبەر مەبەستە نازەروریەکاندا... بەداخەوە زۆر لە مەلاو موفتییەکان ئەوەی ئاگایان لێی نەبێت

ئەم خاڵە گرنگەیە، دەیان واجب پێشێل دەکەن لە پێناوی سوننەتێکدا، سەدبریا شەرعزان‌و موفتییەکان لەبری سەرقاڵیان بە هەندێک بابەتی لاوەکی‌و بچوکەوە، بهاتنایە لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵەدا و بەلەبەرچاوگرتنی ئەودۆخە ئابوورییە نالەبارو دژوارەی ئەمرۆ، فەتوایان بدایە کە دەستگرۆیی هەژاران‌و هەتیوان‌و بێوەژنان‌و بێلانەکان لەم زرووفەدا لە پێشترە لە چوون بۆ عومرەو حەجی دووبارەو دروستکردنی مزگەوتی زیادە.

ب_ کارکردن بە بنەمای هۆکارێتی، گومانی تێدا نییە کە جێبەجێکردنی زۆرێک لە حوکمە شەرعییەکان پەیوەستن بە هاتنەدی هۆکارەکانیان، واتە ئەگەر هۆکار نەما یان گۆڕانی بەسەردا هات، حوکمەکەش بەهەمانشێوە نامێنێت یان گۆڕانی بەسەردا دێت(١٥).

لەوانەیە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین زۆربەی ئەو فەرموودانەی نادروستی هەندێک هەڵسوکەوت و شتی سادە دەدەن بەدەستەوە، وەک نادروستیی هەرکام لە درێژی جل وبەرگ، خواردن و خواردنەوە بە پێوە یان بە پاڵکەوتنەوە، بەکارهێنانی ئاڵتوون و حەریر و جلوبەرگی رەنگکراو بە سوور بۆ پیاوان‌و هاوشێوەیان، ئەمانە وەکو خۆیان نادروست نین، بەڵکو نادروستن ئەگەر مەبەست لێیان فیزلێدان‌و لە خۆباییبوون‌و جیاکاری‌و منیەتی(الأنانیة) بێت.

لەمبارەوە گەورە فەقیهی تونسی ئیبن عاشور پێیوایە ئەو فەرموودانەی سەبارەت بە نادروستیی جوانکاریی دەموچاوی ئافرەت هاتوون لەبرۆهەڵگرتن‌و موولابردن‌و هاوشێوەیان، هۆکاری نادروستییەکە بۆ خودی کارەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو کارانە ئەوکات لەتایبەتمەندی‌و سیمای ئافرەتی داوێنپیس‌و خراپ بوون، پێغەمبەریش(دروودی خوای لێبێت) بۆیە رێگری لەوکارانە کرد، تا ئافرەتی موسوڵمان‌و بەرەوشت تێکەڵ ئەو جۆرە ئافرەتانەی تر نەبن لە سیما و رووکەشیاندا(١٦).

شایانی باسە ئەوجۆرە هەڵسوکەوتانە لەکاتی نەمانی هۆکاری نادروستییاندا، دەبنەوە بە هەڵسوکەوتی سادەو سروشتی.

ج- لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی فەتواو حوکمدانەکان، کە ئایا سەردەکێشێت بۆ خراپتر یان باشتر. بۆنمونە: (جارێک پیاوێک دێتە لای ئیبن عەباس لێیدەپرسێت: ئایا کەسێک بە ئەنقەست کەسێکی تر بکوژێت، تۆبەی لێوەردەگیرێت؟ ئیبن عەباس دەڵێت: نەخێر شوێنی ئاگرە، لەپاش رۆشتنی کەسەکە، بە ئیبن عەباس دەڵێن: تۆ پێشتر بەوشێوە فەتوات بۆ ئێمە نەداوە، هەمیشە گوتووتە بکوژ تۆبەی لێوەردەگیرێت،، ئەویش دەڵێت: هەستمکرد ئەوکەسێکی هەڵەشەو تووڕە بوو، دەیویست کەسێک بکوژێت، گێڕەرەوەی ئەم باسە دەڵێت: بەشوێن پیاوەکەدا چوون، بۆیان دەرکەوت قسەکەی ئیبن عەباس راست بوو)(١٧)

یان لە ئیبن تەیمیەوە گێڕدراوەتەوە, گوتوویەتی: (لەسەردەمی دەسەڵاتی تەتارەکاندا, لەگەڵ هەندێک لە هاوەڵانمدا بەلای کۆمەڵێکدا رۆیشتین سەرقاڵی مەیخواردنەوە بوون‌و سەرخۆشبوون، هاوەڵەکانم ویستیان لەسەر بنەمای فەرمان بە چاکەو رێگری لە خراپە بچن ئاگاداریان بکەنەوە، منیش نەمهێشت‌وگوتم: خودا مەی حەرام کردووە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بێئاگا دەکات لە نوێژ و یادی خودا، بەڵام ئەوانە مەیخواردنەوە و سەرخۆشبوونیان لانی کەم لەوکاتەدا دەیانگێڕێتەوە لە کوشتن‌و تاڵانکردنی سەرو ماڵی خەڵک، وازیان لێبهێنن با سەرخۆش بن)(١٨).

د- کارکردن بە بنەمای ئاسانکاری‌و دوورخستنەوەی نارەحەتی‌و قورسی، هەروەک لە قورئاندا هاتووە: {يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ} **(البقرة: ١٨٥)**: { لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا} **(البقرة: ٢٨٦)** {وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ} **(الحج: ٧٨)** {فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا } **(التغابن: ١٦)**.

یاخود پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: «هەرکەس پێشنوێژیی کرد با درێژەی پێنەدات و بە سووکی بیکات، چونکە کەسی نەخۆش و لاواز و خاوەنکار لە جەمەعاتەکەدا هەن»(١٩).

بەهەمانشێوە دایکی ئیمانداران عائیشە گوتوویەتی: «ئەگەر پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) سەرپشک بکرایە لە نێوان دوو شتدا، هەمیشە ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد، بەمەرجێک تاوان نەبوایە»(٢٠).

هـ- تێگەیشتنی هەمەلایەنەی ئەو واقیعەی فەتواکەی تێدا دەدرێت، یاخود حووکمی دەقێکی تێدا جێبەجێدەکرێت، لەمبارەوە ئیمامی شافیعی گوتوویەتی: «دروست نییە فەقیهێک قسە لە نرخی درهەمێکدا بکات و ئاگاداری بازاڕ نەبێت»(٢١).

یان ئیبنولقەیم گوتویەتی: «هەرکام لە موفتیو دادوەر ناتوانن حوکمو فەتوای دروست بدەن، لەرێگەی دوو جۆر تێگەیشتنەوە نەبێت، یەکەم: تێگەیشتنی وردو چڕوپڕی واقعی خەڵک، دووەم: زانینی حوکمی خودا وپێغەمبەر(درودی خوای لێبێت )... زانا ئەوکەسەیە لە ڕێگەی تێگەیشتنی وردی بۆ واقیع دەگات بە زانینی حووکمی خودا و پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) لە مەسەلەکاندا(٢٢).

و- جیاوازیکردن لەنێوان ئەو گوفتارو ڕەفتارانەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)کە لەسەر بنەمای بەهرەو تاقیکردنەوە و تەجرەبەن، یاخود زادەی سروشتی مرۆڤن، لەگەڵ ئەوانەی هەڵقوڵاوی سیفەتی پەیامبەریین.

زۆرێک لە زانایانی ئوسوڵ جەختیان لەوە کردووەتەوە کە گوتارو ڕەفتارەکانی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)کاتێک بەڵگەن، کە لەکاروباری شەرعدا هاتبن، بەپێچەوانەی ئەو گوتارو ڕەفتارانەی لە بەرژەوەندیو کاروبارە دنیاییەکانی وەکو ئامادەکردنی سوپا و ڕێکخستنی شەڕەکان و ئاوەدانکرنەوە و کشتوکاڵ و چارەسەری ماددی نەخۆشیدا هاتوون، ناکرێت موفتی لە ڕوانگەیانەوە فەتوا بدات(٢٣).

٥- ئاگاداربوون لە گۆڕانی بارو دۆخ و زرووف و داب و نەریتە جیاوازەکان یەکێکی ترە لە مەرجە سەرەکییەکانی ئیجتهادو فەتوادان، گەورە زانای مالکی (قەرافی) دەڵێت: «هەرچەندە گۆڕان لەداب ونەریتەکاندا ڕوویدا حسابی بۆبکە، نەکەیت بەدرێژایی تەمەنت چەقبەستوو بیت لەناو دێڕی کتێبدا، ئەگەر کەسێکی غەریبە هاتە لات داوای فەتوای کرد، یان پرسیاری هەبوو، نەکەیت بەپێی داب ونەریتی ناوچەکەی خۆت وەڵامی بدەیتەوە، یان بەپێی ئەوەی لەکتێبەکەی بەردەستتدایە، بەڵکو بەپێی دابونەریتی وڵاتی خۆی وەڵامی بدەرەوە»(٢٤).

هەروەها دەگێڕنەوە گەورە شەرعزانی مالکی ئیبنو ئەبی زەیدی قەیرەوانی دیواری حەوشەکەی ڕووخابوو، لەترسی هەندێک پیاوخراپ سەگێکی ڕاگرتبوو بۆ پاسەوانی، پێیانگوت: چۆن سەگ ڕادەگریت لەکاتێکدا ئیمام مالک بەکارێکی نەشیاوی داناوە، لەوەڵامدا گوتی: ئەگەر ئیمام مالک لەم سەردەمەدا بوایە نەک سەگ بەڵکو شێرێکی دڕی ڕادەگرت(٢٥).

بەهەمانشێوە ئیبن عابدین زانای دیاری دوایینی حەنەفییەکان کتێبێکی هەیە بەناوی (**نشر العَرف في بناء بعض الأحكام على العُرف**) تێیدا هاتووە: «زۆرێک لە حووکمەکان دەگۆڕێن بەجیاوازی کات، یان بەهۆی گۆڕانی دابونەریتەوە، یان بەهۆی هاتنەکایەی پێویستییەکەوە، یان بەهۆی خراپبوونی ڕەفتاری خەڵکەوە، بەجۆرێک ئەگەر حووکمەکە وەک خۆی بهێڵیتەوە، سەردەکێشێت بۆهێنانی ئازار و نارەحەتی و بارگرانی، ئەمەش پێچەوانەی یاسا و بنەماکانی شەریعەتە، کەلەسەر ئاسانکاری و بارسووکی و دوورخستنەوەی ئازار و نارەحەتی بنیاتنراوە... هەربۆیە دەبینین گەورە زانایانی

**بە داخەوە لە ئەمڕۆدا زۆربەی مەلاو شەرعزانان بەکار دەهێنرێن‌و بوونەتە بەشێك لە ململانێ سیاسیەکان، هەر حیزبە کۆمەڵێك مەلا و موفتی و زانای ئاینیی خۆی هەیە، هیچیشیان حساب بۆ ئەوی تریان ناکات.**

مەزهەب لەزۆر مەسەلەو بابەتدا بەپێچەوانەی ئیمام ئەبی حەنیفەوە فەتوایان داوە، چونکە لەو باوەڕەدابوون ئەگەر ئیمامیش لەسەردەمی ئەواندا بووایە بەهەمانشێوەی ئەوان فەتوای دەدا»(٢٦).

٦- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتن‌و گەشەسەندن‌و گۆڕانکاریانەی لەزۆربەی بوارەکاندا هاتوتە کایەوە لەم سەردەمەدا، زۆر زەرورە ناوەندێکی گەورەی ئەنجومەنی فەتوادان هەبێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ- ژمارەیەکی بەرچاو لە شەرعزانان‌و کەسانی ئەکادیمی‌و پسپۆڕ لە بوارو لایەنە جیاوازەکانی شەریعەت لە خۆبگرێت، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی پسپۆڕی وردە نەک مەوسوعی بوون، زۆر پێویستە ئیجتهاد و فەتوادان بەرهەمی کۆمەڵێک عەقڵ‌و بیرکردنەوە بێت، نەک بیرکردنەوەی تاکە کەسێک.

ب- پێویستە ناوەندی فەتوادانەکە کۆمەڵێک راوێژکاری ئەکادیمی و پسپۆڕی هەبێت لە بوارەکانی یاسا، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پزیشکی، ئەندازیاری، ئابووری، هونەر، وەرزش، مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی لەم سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیادا، چەندین مەسەلەو کێشەو پرسیار پێویستی بە وەڵام و تێڕوانینی ئایینی هەیە، کە مەلاو شەرعزان لە ماهیەت‌و چۆنیەتی زۆربەیان تێناگات.

یاخود بە سەدان کێشەی خێزانی روو دەکاتە مەلا و موفتی و شەرعزانەکان، ئەگەر ناوەندێکی لەو جۆرە هەبێت و کەسانی پسپۆڕی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و یاساییش لە خۆ بگرێت، لەوانەیە کێشەکان زۆر تۆکمەتر و وردتر چارەسەر بن، وەک لەوەی مەلایەک بەتەنها گرنگی بە لایەنێکی کێشەکە بدات، کە لایەنە شەرعییەکەیەتی.

ج- کار بکرێت بۆ شەن وکەوکردنی زۆرێک لەو فەتواو ئیجتهادە مەزهەبیانەی پێشوو، بەتایبەت ئەو راو بۆچوونانەی لەبەر رۆشنایی سەلمێندراوە زانستیەکانی ئەمڕۆدا یەکناگرنەوە.

د- ناوەندی فەتوادان دەبێت خۆی بە دوور بگرێت لەهەر دەمارگیرییەکی مەزهەبی و بەرتەسککردنەوەی حووکم و فەتوادان لە مەزهەب‌و ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا، کەلەپووری فیقهی ئیسلامی دەوڵەمەندە بە چەندین قوتابخانەو رێبازو مەزهەب، لەوانەیە فەتواو بۆچوونێک لە سەردەمێکدا لاواز بووبێت بە هۆی بارودۆخ و نەریتەوە، بەڵام لە سەردەمێکی تردا بووبێتە رایەکی بەهێز لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و نەریتەکەدا.

لەمبارەوە قەرزاوی دەڵێت: «ئەوەی لای هیچ کەسێک مایەی مشتومڕ نییە ئەوەیە سەردەمەکەمان گۆڕانی زۆر گەورە و فراوانی بەخۆوە دیوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی‌و رۆشنبیریدا، ئەمەش دەخوازێت شەرعزان یان موفتی لەهەندێک لەو وتە و بۆچوونانەی پێشوو لابدات، کە نەساز و ناتەبان لەگەڵ بارودۆخی

ئەمڕۆدا، لەبریان هەندێک بۆچوونی تر هەڵبژێرێت کەلەوانەیە لەکات و سەردەمی خۆیاندا بۆچوونی بێهێز، یان وەلانراوبووبن»(٢٧).

بۆ نموونە زانایانی مەزهەبی حەنەفی و مالکی و شافعی و حەنبەلی و زاهیری و شیعەی زەیدی و ئیمامی ڕێگەیان بە بەشوودانی کچ داوە ئەگەر تەمەنی لە خوار دەساڵیشەوە بێت، هەتا هەندێکیان پێیانوایە ئەم مەسەلە کۆدەنگیی زانایانی لەسەرەو شایانی قسە لەسەر کردن نییە، یان هەندێکی تریان گوتوویانە کچ لە بێشکەشدا بێت مارە دەکرێت، بەڵام تا تەمەنی حەوت ساڵان ناگوازرێتەوە(٢٨).

لەبەرامبەر ئەم رایەدا هەندێک لە زانایانی پێشینی وەک: عوسمانی بەتی، ئەبوبەکری ئەسەم، ئیبنو شوبرومە، باڵغبوونی کچیان بە مەرجی سەرەکیی بەشوودانی داناوە(٢٩).

ئەم بۆچوونەی دوایی بە درێژایی سەدان ساڵی مێژووی ئیسلامی بۆچوونێکی لاوازو وەلانراو بووە، بەڵکو بە شکێنەری کۆدەنگیی لە قەڵەم دراوە، بەڵام لە ئەمڕۆدا بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیان و دابونەریت و ئاڵۆزیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەکرێت هاوکێشەکە پێچەوانە ببێتەوەو بۆچوونی دووەم گونجاو و بەهێزتر بێت لە بۆچوونی یەکەم.

هـ- ئەندامانی ناوەندی فەتوا دەبێت کەسانی راستگۆ و ئەمین و دادپەروەر و هەقبێژبن، خۆ بەدوور بگرن لەهەر ئینتیمایەکی حیزبیو سیاسی، ناوەندەکە بپارێزن لە دەستێوەردان و ململانێ سیاسیەکان، تەنها مەبەستیان رەزامەندی خودا و خێرو خۆشی کۆمەڵگە بێت.

بەڵام بە داخەوە لە ئەمڕۆدا زۆربەی مەلاو شەرعزانان بەکار دەهێنرێنو بوونەتە بەشێک لە ململانێ سیاسیەکان، هەر حیزبە کۆمەڵێک مەلا و موفتی و زانای ئاینیی خۆی هەیە، هیچیشیان حساب بۆ ئەوی تریان ناکات.

## پەراوێز

١. بڕوانە: القرافي: الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، تحقيق عبد الفتاح أبو غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية، حلب، ط٢، ١٩٩٥، ص ٤٣.

٢. ابن قيم الجوزية: أعلام الموقعين عن رب العالمين، تقديم وتصحيح: محمد عز الدين خطاب، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠١، ٢٧/١.

٣. الشاطبي: الموافقات في أصول الشريعة، المكتبة التوفيقية، القاهرة، د.ت، ٢٠١/٤.

٤. بڕوانە: النووي: آداب الفتوى والمفتي والمستفتي، تحقيق: بسام عبد الوهاب الجابي، دار الفكر، دمشق، ط١، ١٩٨٨، ص ١٤.

٥. بڕوانە: ابن عبد البر: جامع بيان العلم وفضله، تحقيق: أبو الأشبال الزهيري، دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية، ط١، ١٩٩٤، ٨٣٧/٢.

٦. ابن عبد البر: سەرچاوەی پێشوو ١٢٢٥/٢.

٧. بڕوانە: النووي: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

٨. بڕوانە: الجويني: البرهان في أصول الفقه، تحقيق: د. عبد العظيم الديب، مطابع الدوحة الحديثة، قطر، ط١، ١٩٨٠، ١٣٣٠/٢.

٩. بڕوانە: الجويني: سەرچاوەی پێشوو، ١٣٣٢/٢. النووي: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢. الزركشي: البحر المحيط في أصول الفقه، تحقيق: محمد محمد تامر، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ٢٠٠٧، ٤٩٤/٤.

١٠. بڕوانە: الشاطبي: الموافقات في أصول الشريعة، مع تعليقات الشيخ عبد الله دراز، المكتبة التوفيقية، القاهرة، ٢٠٠٣، ٢٩٩/٣. الزحيلي، وهبة: الوجيز في أصول الفقه، دار الفكر، دمشق، إعادة الطبعة الأولى، ١٩٩٩، ص ٢٣٤.

١١. أخرجه البخاري في صحيحه (١٩٤٣) ومسلم في صحيحه (١١٢١).

١٢. هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

١٣. بڕوانە: ابن حزم: االمحلى شرح المجلى، طبع على النسخة الأصلية بتحقيق: أحمد محمد شاكر، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٢، ٢٠٠١، ١٧٢/٦.

١٤. القرضاوي: في فقه الأولويات، دراسة جديدة في ضوء القرآن والسنة، مكتبة وهبة، القاهرة،ط٢، ١٩٩٦، ص ٨١.

١٥. بڕوانە: ابن قيم الجوزية: سەرچاوەی پێشوو ٨٩/٤..

١٦. بڕوانە: ابن عاشور: مقاصد الشريعة الإسلامية، تحقيق: محمد الطاهر الميساوي، دار النفائس، الأردن، ط١، ٢٠٠٢، ٣٢٣/٢.

١٧. أخرجه ابن أبي شيبة في المصنف (٢٨٢٠٤) وأورده القرطبي في تفسيره ٤١/٧.والسيوطي في الدر المنثور ٦٠٥/٤.

١٨. بڕوانە: ابن قيم الجوزية: سەرچاوەی پێشوو، ٦/٣.

١٩. أخرجه البخاري في صحيحه (٩٠) ومسلم في صحيحه (٤٦٦).

٢٠. أخرجه البخاري في صحيحه (٣٥٦٠) ومسلم في صحيحه (٢٣٢٧).

٢١. الشافعي: الرسالة، تحقيق: أحمد محمد شاكر، بيروت، دار الكتب العلمية، د. ت، ص٥١١.

٢٢. ابن قيم الجوزية: سەرچاوەی پێشوو، ٩١/١.

٢٣. بڕوانە: ابن السمعاني: قواطع الأدلة في أصول الفقه، تحقيق: د. عبد الله بن حافظ بن أحمد الحكمي، مكتبة التوبة، الرياض، ط١،١٩٩٨، ٢٥٩/٣. الدهلوي، ولي الله: حجة الله البالغة، راجعه وعلق عليه: محمود طعمه حلبي، دار المعرفة، بيروت، ط١، ١٩٩٧، ٢٩٤/١. شلتوت، محمود: الإسلام عقيدة وشريعة، دار الشروق، القاهرة، ط١٨،٢٠٠١، ص ٥٠٠.

٢٤. القرافي: الفروق، ضبط وتصحيح: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٨، ٣٢٢/١.

٢٥. بڕوانە: النفراوي:: الفواكه الدواني على رسالة ابن أبي زيد القيرواني، تحقيق: عبد الوارث محمد علي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١،١٩٩٧، ٥٥٦/٢.

٢٦. ابن عابدين: نشر العرف في بناء بعض الأحكام على العرف، مطبوع ضمن مجموعة رسائل ابن عابدين، شركت صحافية عثمانية، د. ط، ١٣٢١□، ١٢٥/٢.

٢٧. القرضاوي: الاجتهاد في الشريعة الإسلامية،مع نظرات تحليلية في الاجتهاد المعاصر،دار القلم، الكويت، ط١،١٩٩٦، ص ١٢٠.

٢٨. بڕوانە: ابن جزي: القوانين الفقهية، الدار العربية للكتاب، ليبيا- تونس، ١٩٨٢، ص٢٠٣. الشربيني: مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج، اعتنى به: محمد خليل عيتاني، دارالمعرفة، بيروت، ط٢،٢٠٠٤، ٢٠٠/٣ . ابن قدامة: المغني، تحقيق:د.محمد شرف الدين خطاب، د. السيد محمد السيد، دار الحديث، القاهرة،ط١، ٢٠٠٤، ١٦٩/٩، ابن حزم: سەرچاوەی پێشوو، ٢٠/١١.

٢٩. بڕوانە: ابن حزم: سەرچاوەی پێشوو، ٢٠/١١، ابن الهمام: شرح فتح القديرعلى الهداية، علق عليه وخرج آياته وأحاديثه: عبد الرزاق غالب المهدي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٥، ٢٦٥/٣.. الشوكاني: نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار من أحاديث سيد الأخيار، تحقيق: د.نصر فريد محمد واصل، المكتبة التوفيقية، القاهرة، د.ط، ١٦٩/٦.

# فەتوا لە کوردستان
# رامان و رەخنە

هەڵێنجانی حوکمە فیقهییەکان لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرمووودەی صەحیح و دابەزاندنیان بۆ زەمینەی کار و کردار، لە شەریعەتی ئیسلامدا، پێگەیەکی مەزنی هەیە. کاریگەری فەتوا و رەهەندە فیقهی و شەرعی و هزری و رەوشتییەکانی لەسەر دەروونی تاك و رای گشتی کۆمەڵگە ئاشکرا و روونە، چ جای ئەوەی بە ڕێوشوێنی دروست تێبپەڕێت یان نا. بۆیە لە کۆن و لە ئێستاشدا پسپۆڕ و شارەزایان سەبارەت بە ناوەڕۆکی فەتوا و مەرج و پێگە و کاریگەرییەکانی چەندین پەرتووك و بابەت و توێژینەوەیان نووسیووە، لەبەر کاریگەری فەتوا و موفتی بەشێك لە زانایان موفتییان وەك جێگری پەیامهێن ناساندووە، بەهۆی هەڵسانی بە روونکردنەوەی حووکمە فقهییە وەرگیراوەکان لە دەقەکانەوە(1).




**کۆسرەت ساڵح ئەحمەد**

سالی لەدایکبوون ١٩٨٩. ماستەر لە زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی ئیسلامی جیهانیی مالیزیا ٢٠١٥. خوێندکاری دکتۆرا لەهەمان زانکۆ. مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین.

فەتوا لە کوردستان وەک سەرجەم شوێنەکانی تری جیهانی ئیسلامی کاریگەریی زۆری هەیە، بەڵام ئەوەی لە کۆتای هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی نوێوە بەدیدەکرێت، بریتییە لە ئاڵۆزی، تێکگیران و پاشاگەردانییەکی مەترسیدار لە فەتوادان. تەنانەت لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک لێژنەی باڵای فەتوای هەرێم و لقەکانی لە شار و شارۆچکەکان و مینبەری مزگەوتەکانیش نەیانتوانییووە بەری پێبگرن و فەتوا رێکبخەن، بگرە زۆرجار ئەو لایەنانەش بونەتە بەشێک لە قووڵکردنەوە و زەقکردنەوەی ناکۆکییە فقهییەکان و تێکگیران و پاشاگەردانی لە فەتواکانیاندا روویداوە.

شاراوە نییە لە پسپۆر و شارەزایان، کە فەتوا کۆمەڵێک پێوەر و رێسای بنەڕەتی هەیە، هەروەها پێویستە بە چەند قۆناغێکی سەرەکیدا تێپەڕ ببێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست لە دایک ببێت و لە زەمینەی کردار ببێتە چارەسەر، لەبری دروستکردنی پشێوی هزری و پاشاگەردانی.

لەم بابەتەدا بە کورتی باس لە پێودانگ (معیار) و رێسا (ضوابط) و قۆناغ (مراحل)ـەکانی فەتوادان دەکەین، تیشکێک دەخەینە سەر دۆخی فەتوا لە کوردستان و هەڵسەنگاندنێکی کورت و پوختی بۆ دەکەین.

## قۆناغەکانی فەتوادان یاخود دابەزاندنی حوکمی فیقهی بۆ زەمینەی کار

پێویستە لە دایک بوونی فەتوا، بەچەند قۆناغێکدا تێبپەڕێت، ئەگەرنا فەتواکە بە شێواوی و نارێکی لەدایک دەبێت، لەبری چارەسەرکردن و وەڵامدانەوەی کێشەیەکی فیقهی، دەبێتە دەردێکی تر و زیانبەخش دەبێت.

ئەم قۆناغانە بەگشتی سێ قۆناغی سەرەکیین، وێناندن و تەصەوری بابەتەکە کە بریارە فەتوای لەسەر بدرێت، تەکییف و دۆزینەوەی بنەما شەرعیی و ئوسوڵی و فیقهییەکان، کە بریتیین لە سەرچاوەی هەڵێنجانی حووکمی فیقهی بابەتەکە، ئینجا قۆناغی سێیەم بریتییە لە فەتوادان و بەرجەستەکردن و دابەزاندنی حووکمەکە بۆ زەمینەی کار و کردار. پێویستە ریزبەندی ئەم سێ قۆناغە رەچاوبکرێت. هەر کاتێک کێشەیەک یان کەلێنێک لە قۆناغی یەکەم و دووەم روویدات، قۆناغی سێیەم بە سەقەتی دێتە ئاراوە و حووکمە فیقهییەکە بە ناکامی لە دایک دەبێت(٢). ئیبن قەییمی جەوزی لەمبارەیەوە دەڵێت: پێویستە موفتی لەو واقیعە تێبگات کە دەیەوێت فەتوای لەسەر بدات، لە حووکمی خوداش سەبارەت بەو واقیعە تێبگات، ئینجا لەسەر یەکتر جێبەجێیان بکات(٣).

قورسترین قۆناغ بریتییە لە تێگەیشتن و تەصەورکردنی بابەتەکە کە فەتوای لەسەر دەدرێت، زۆربەی جار کە فەتوای ناکام و ریزپەڕ دەدرێت، هۆکارەکەی بێ ئاگایی و نەشارەزایی موفتییە سەبارەت بەو پرسەی فەتوای بۆ داوە، تایبەت لەم سەردەمەدا کە دەیان و سەدان بابەت و مامەڵە و پرسی نوێ سەریان هەڵداوە کە پێشتر لە رووی فیقهییەوە قسەیان لەسەر نەکراوە، هەروەها تێگەیشتن و ئاشنابوونیش بە ناوەرۆکەکەیان بۆ پسپۆرانی خۆدی بابەتەکە ئاسان نییە، چ جای بۆ موفتییەک کە زۆر جار تەنیا ناوەکەی گوێ لێبووە، یان ئەویشی بە سەقەتی پێگەیشتووە، وەک بازرگانیی بە پارەی وەن کۆین و بیتکۆین و مامەڵەی کیو نێت و، دەیان پرسی تری لەمجۆرە، کە پڕاوپڕە لە رایەڵە و پەیوەندی ئاڵۆز، کە تێگەیشتنەکەیان زۆر قورس کردووە. هەر کاتێک ئەم قۆناغە بە سەقەتی گوزەشت ئیدی یەکەم هەنگاوی فەتوای ناکام بە پایان دەگات.

دۆزینەوەی حووکمی فیقهی بابەتەکە، کە قۆناغی دووەمە، ئەمەش خۆی لە گێڕانەوەی پرسەکە و چواندنی بە رەچەڵەکێکی ئوسوڵی دەبینێتەوە(٤)، پێشەوا شافیعی لەمبارەیەوە دەڵێت: هەرکات پرسێک هاتە بەردەم موجتەهید، دەبێت بۆ حوکمەکەی لە قورئان و فەرموودەدا بگەڕێت، ئەگەر

**پێویستە لەدایكبوونی فەتوا بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕێت ئەگەرنا فەتواكە بە شێواوی و ناڕێكی لەدایك دەبێت، لەبری چارەسەر دەبێتە دەردێكی زیانبەخش.**

لەقورئاندا دەستی نەكەوت دەڕوانێتە فەرموودەی متەواتر، دواتر فەرموودەی ئاحاد، ئەگەر لە هیچ یەک لەمانە نەگەیشت بە ئەنجام، دەگەڕێتەوە بۆ مەزهەبەکان، ئەگەر کۆڕای مەزهەبە فیقهییەکانی لەسەر بوو شوێنی دەکەوێت، ئەگەر ئەویش نەبوو ئینجا قیاس دەکات و بنەما ئوسوڵییە گشتییەکان ڕەچاو دەکات(٥).

کەواتە، پێویستە موفتی سەرەتا لە قورئان و فەرموودە و ئیجماع بۆ حووکمەکە بگەڕێت، دواتر لە قیاس، ئەگەر دەستی نەکەوت دەگەڕێتەوە بۆ بنەما ئوسوڵیی و ڕێسا فیقهییە گشتییەکان، دواتر ئەگەر هەر نەیدۆزییەوە، ئیجتیهاد دەکات بۆ دۆزینەوەی حووکمەکە، بە بەکارهێنانی ڕێسا ئوسوڵیەکانی تری وەک: ئیستحسان، مەصلەحەی مورسەلە، سەدی زەریعە و بابەتەکانی تر، ئەگەر لەمەش دەستی نەکەوت ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ رایی مەزهەبەکان، ئەگەر دەستی کەوت ئەوە فەتواکەی پێدەدات، ئەگەرنا لە هەوڵ و کۆشش بەردەوام دەبێت و لە فەتوادان پەلە ناکات.

دوای ئەوەی قۆناغی یەکەم و دووەم و بەسەرکەوتوویی ئەنجامدران، قۆناغی سێیەم کە بریتییە لە دابەزاندنی حووکمەکە و فەتواپێدانی لە پێناو بەرجەستەکردنی حووکمەکە لە زەمینەی کردار دەست پێدەکات. هەندێجار هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەم بە دروستی ئەنجام دەدرێن، بەڵام لە قۆناغی سێییەم کەم و کورتی دروست دەبێت و حووکمەکە بە ناکامی لە دایک دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک (مەرج – زەوابت) و پێودانگ هەن پێویستە ڕەچاوبکرێن لە کاتی فەتوادان، هەرکات ڕەچاوکران فەتواکە دروست دەبێت و بەپێچەوانەوە ناکام دەردەچێت(٦). لە برگەکانی داهاتوو بە کورتی باس لەو پرسە دەکەین.

هەر کات موفتی نەیتوانی بگات بە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنێکی دروستی پرسەکە، یاخود نەیتوانی حووکمەکەی لە شەرع و ئوسوڵ و ڕێسا گشتی و فیقهییەکان و بۆچوونی زانایان بدۆزێتەوە، ئەوە پێویستە دەست لە فەتوادان هەڵبگرێت و فەتوا نەدات، تاوەکو بەتەواوی هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمی لا ڕوون دەبێتەوە، چونکە دروست نییە قسەیەک لەسەر ئایین هەژمار بکرێت و ئەسڵی نەبێت، وەک ئیبن عەبدولبەڕ دەڵێت: «ومن أشكل عليه شيء لزمه الوقوف، ولم يجز له أن يحيل على الله قولا في دينه، لا نظير له من أصل، ولا هو في معنى أصل، وهذا الذي لا خلاف فيه بين أئمة الأمصار قديما وحديثا، فتدبره»(٧).

## دیارترین زەوابتەکانی دابەزاندنی حووکمی فیقهی بۆ زەمینەی کردار:

یەکەم: ئاسانکاری و هەڵگرتنی گرانایی(التيسير ورفع الحرج) لەسەر فەتوا بۆ دراو، بەمەرجێک لە سنوور و چوارچێوەی شەرع دەرنەچێت، وەک لە قورئان و فەرموودە هاتووە: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج: ٧٨]:»ما خير رسول الله (صلى الله عليه وسلم) بين أمرين إلا اختار أيسرهما ما لم يأثم»(٨).

دووەم: ڕەچاوکردنی فیقهی لە پێشینە(مراعاة

فقە الأولويات): بەو واتاییەی هەر شتێک لە حووکم و بەها و کارەکان لە شوێنی شیاوی خۆی دابنرێت، دواتر کامە گرنگترە پێش بخرێت، بنەما لەسەر ڕێسا شەرعی و ئوسوڵییەکان کە هەماهەنگن لە گەڵ چرای سروش و ئاوەز(٩)، بەواتایەکی تر، پێشخستنی گرنگتر بەسەر گرنگ، راجح بەسەر مەرجوح، باشتر بەسەر باش..هتد.

سێیەم: تێپەڕاندنی دەمارگیری مەزهەبی و شوێنکەوتەی کوێرانە (التحرر من التعصب والتقليد الأعمى): خەڵک بەگشتی لە هەمبەر حووکم و شەرع یان موفتیيە یان موقەلید، واتە ئەو کەسەی خۆی توانای فەتوادانی نییە، شوێن بۆچوونی کەسێکی تر دەکەوێت، هەر یەک لەم دوو کۆمەڵەیەش کۆمەڵێک مەرجی هەیە، بەڵام بە گشتی هەر کات شوێنکەوتەی کوێرانە و دەمارگیری بۆ مەزهەبێک یان بۆچوونی رەوت و کەسێک هاتە ئاراوە، فەتوا لە ڕێرەوی خۆی لا دەدات و حووکمە فقهییەکە ناکام دەبێت.

چوارەم: ڕەچاوکردنی بەها باڵاکان (مراعاة القيم): زۆرجار حووکمێکی فیقهی، یان بۆچوونی زانایەک لە سەردەم و شوێنێکی دیاریکراو لەسەر پرسێک دراوە، ئەگەر لەگەڵ بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی موفتی و سەردەمەکەی نەگونجا، پێویستە خۆی لێبەدوربگیرێت(١٠). دیارترین ئەو بەها باڵایانەش دوای بەها ئاینییەکان، دادگەری و ئینساف، چاکەکاری و میهرەبانی، ئازادی، ڕێزداری، مافی مرۆڤ(١١).

پێنجەم: ڕوونکردنەوە و شیکاری تەواو و پێویست (الشرح والإيضاح): لەم ڕۆژگارەدا هەموو شتەکان ئاڵۆز بوون، بۆیە کورتبڕی و شیکاری ناتەواو زۆ جار دەبنە هۆکاری نەگەیشتنی پەیامەکە وەک خۆی و پرسەکە بەلاڕێدا دەبرێت، بۆیە پێویستە فەتوا روون و ڕاشکاو بێت، دوور بێت لە وشەی لاستیکی و ئاڵۆز.

هەر فەتوایەک ئەم بنەمایانەی تێدا ڕەچاونەکرێن ناکام دەبێت.

## پێودانگەکانی فەتوا

سەبارەت بە پێودانگەکان (المعايير) قسەی زۆریان لەسەرکراوە، دەکرێت زۆر بە پوختی ئاماژەیان پێبدەین، بەکورتی ڕەچاوکردنی ئەمانە کارێکی لە پێشینەیە: (گۆڕانی کات و شوێن، گۆڕانی نەریت و گوزەران و شێوازی ژیان، گۆڕانی زانیارییەکان، ڕەچاوکردنی مەبەستە باڵاکانی شەرع، ڕەچاوکردنی سەرەنجامی کردارەکە (مالات الفعل)، گۆڕانی شێواز و رووی بەرژەوەندی، راوێژ بە پسپۆڕانی فەتوا لەسەر دراو، دۆزینەوە و سەلماندنی چەقی حوکمدان (مناط) لە کەس و جۆرەکان، تایبەت لە فەتوا کەسییەکان، پێویستە ڕەچاوکردنی نەریتی تاک و جیاوازییە کەسییەکان، هەروەها تەمەن و نیازی فەتوا بۆ دراو). هەر فەتوایەک کەم و کورتی تیابێت لە رووی ڕەچاونەکردنی یەکێک لەم خاڵانە ئەوە فەتواکە بە نادروست و ناکام لە دایک دەبێت.

## دۆخی فەتوادان لە کوردستان

دەکرێت دۆخی فەتوا لە کوردستان بنەما لەسەر جۆر و شێواز و ئەو شوێن و لایەنانەی بەفەتوادان هەڵدەستن، بە هەردوو شێوازی فەرمی و نافەرمی شیکار و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

بەگشتی لە کوردستان لە هەریەک لەمانەی خوارەوەدا، فەتوا و فەتودان ئەنجام دەدرێت: لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، مزگەوتەکان، لیژنەی باڵای فەتوا و لقەکانی، لیژنەی دامەزراوە ئیسلامی و پارتە ئیسلامییەکان، کەسایەتییە ئاینییە سەربەخۆکان.

جاران دوو تاکە ڕێگەی فەتوادان یان ڕوو بەڕوو پرسیارکردن بووە لە موفتی یان لە ڕێگەی نامەی دەستنووس کە ئەمەیان زۆر کەمبووە، بەڵام لە ڕۆژگاری تەکنەلۆژیا ئەم دوو ڕێگایە زۆر کەمبووەتەوە، پەیوەندی تەلەفۆنی بە ئامێرەکانی پەیوەندیکردن شوێنیان گرتووەتەوە. گرنگترین

ئەو ئامێر و تۆڕانەش کە پرسیارکردن و فەتوادانی تێدا ئەنجام دەدرێت ئەمانەن: مۆبایل، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێگە ئەلیکترۆنییەکان، بەرنامە تایبەتییەکانی پرسیار و وەڵام لە تەلەفزیۆن و رادیۆکان.

## فەتوا لە تۆڕ و ئامێرەکانی پەیوەندی

کارەساتی گەورەی فەتوادان لە رێگەی ئەم ئامێر و تۆڕانە ئەنجام دەدرێت، بەهۆی ئەو ئاسانکارییە گەورەیەی کردوویانە بۆ گەیشتنی دەستی پرسیارکار بە موفتی. بۆ نموونە: لە کەناڵێکی ئاسمانی یان ناوخۆیی، لە بەرنامەیەکی پرسیار و وەڵامی راستەوخۆدا، مامۆستایەکی ئایینی، کە بە قسەی خۆی موقەلییدە نەوەک موفتی، لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێک، زیاتر لە چل بۆ پەنجا پرسیار وەڵام دەداتەوە و فەتواشی لەسەر دەدات، وەک دەوترێت بابەتی وای تیاییە ئەگەر لە پێشەوا عومەر پرسیار کرابا، لەبەر هەستیارییەکەی، سەرجەم هاوەڵانی بۆ کۆدەکردەوە، کەچی مامۆستا وەک ئاوخواردنەوە وەڵامی دەداتەوە و باکی نییە، لە کاتێکدا زۆرجار پرسیارکار ناتوانێک بەهۆی کەمی کات پرسیارەکەی روونبکاتەوە، سەیرە چۆن مامۆستا بەو کاتە کەمە فریای ئەم هەموو فەتوادانە دەکەوێت، گرنگ نییە لە ئەساسەوە فەتواکە بدات یان نەقڵی فەتوا بکات، چونکە هەردوو پرۆسەکە کات و تێرامانی دەوێت. ئەمە سەرباری ئەوەی زۆربەی ئەوانەی وەک موفتی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بانگهێشت دەکرێن، بە وتاربێژیی ناسراون نەوەک فیقهـ و فەتوا. ئەم پرۆسەیە تەنیا لە رادیۆ و تەلەفزیۆن قەتیس نەبووە، بەڵکو لایڤی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشی گرتۆتەوە و وەرگرتنی فەتوا لە رێگەی مۆبایلیشەوە دەگرێتەوە.

جۆرێکی تری فەتوای کەناڵە بینراوەکان، بریتییە لە پرسیار ناردن بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو، دواتر وەک شەریتی هەواڵەکان، بەشێوەی ژێرنووس وەڵامەکە لە ژێرەوەی شاشەی کەناڵەکە دەنووسرێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پرسیار و وەڵامەکە خول دەدات، ئەم شێوازە باشترین جۆری فەتوادانە لە کەناڵ و ئامێر و تۆڕەکان، بە مەرجێک پرسیارکار پرسیارەکەی بەروونی گەیاندبێتە موفتی و ئەوەی فەتواش دەدات پسپۆر و شارەزا بێت، ئەگەر لیژنەیەکی پسپۆریش بێ زۆر باشترە. ئەم جۆرەی فەتوا بۆیە لە ئەوانی تر باشترە، چونکە موفتی کاتی تەواوی لەبەردەستە بۆ ئەوەی دیراسەی تەواوی بابەتەکە بکات، ئینجا فەتواکە بدات.

یەکێکیتر لەو کێشانەی تووشی فەتوای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە، سەلماندنیانە بۆ خاوەنەکانیان، زۆر جار پەیجێک یاخود ئەکاونتێک دروست دەکرێت بەناوی فەقیهـ یان کەسێکی شارەزا و ناسراو و بەناوی ئەوەوە فەتوا بڵاودەکاتەوە، ساغکردنەوەی ئەو پەیج و ئەکاونتانە زۆر قورسە ئەگەر ئەستەم نەبێت، هەروەها ئەم پەیج و ئەکاونتانەی هەڵدەستن بە فەتوادان، زۆرجار لەسەر پرسی بچووک و لاوەکی پێکدادانی هزری و مەعریفی و پشێوی و ئاڵۆزی ترسناک دروست دەکەن، کە زیانمەندی یەکەم خەڵکە موسوڵمانە دیندارەکەیە.

## فەتوا لە مزگەوتەکان

رۆڵ و پێگەی مزگەوت لە ئێستادا زۆر جیایە لە گەڵ رۆڵ و پێگەکەی لەگەڵ سەردەمانی پێش ئێستا، دەکرێت رۆڵی مزگەوت لە ئێستادا لە پاڵ ئەنجامدانی دروشمە ئایینییەکان، لەوتاری هەینی و وانەی شەرعی و چەند کۆڕێکی تایبەت بە فەتوادان کورتبکرێتەوە. بەگشتی ئەو فەتوایانەی بە شێوازە جۆراوجۆرەکان لە مزگەوتەکان دەدرێن، بێ کێشە و کەموکوڕی نیین، چونکە زۆربەی فەتواکان لەلایەن وتاربێژی مزگەوتەکانەوە دەدرێت، نەوەک موفتی. لەکاتێک زۆرێک لە وتاربێژەکان

له رووی زانستییەوە شیاوی پێگەی وتارخوێنی هەینی نین چ جای فەتوادان. ئەمە لە پاڵ هەبوونی دەیان و سەدان مامۆستای زانستداری شارەزا، بەڵام کێشەی خەڵکەکە ئەوەیە کە زیاتر رووی فەتوادان لەوانە دەکەن کە قسە زان و وتاربێژی سەرکەوتوون، نەوەک شارەزا و فەقیهـ لای زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگە وتاربێژی و قسەزانی یەکسانە بە زانای و شارەزای، لێکەوتەی ئەم بابەتەش بریتییە لە سەرهەڵدانی دەیان فەتوای ناکام و ریزپەڕ. سەرەرایی ئەوەی زۆرترین ئەو فەتوایانەی لە مزگەوتەکان دەردەچن، نەقڵکردنی قسەی کتێبە فیقهییەکانەی زەمانی زووە، یاخود بەرهەمی زانایانی پەروەردەیی کۆمەڵگەیەکی تری جیاوازە لە کۆمەڵگەی ئێمە و بە قۆناغ و پێودانگ و مەرجەکانی فەتواداندا تێپەڕنابن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشەیە و پێویستی بە چارەسەرە.

## فەتوا لە لێژنەکانی فەتوادان

لە کوردستان فەتوا لە لایەن چەندین لێژنەی جۆراوجۆرەوە دەدرێت، وەک لێژنەی باڵای فەتوا و لقەکانی لە شار و شارۆچکەکان، لێژنەی فەتوای پارتە ئیسلامییەکان، لێژنەکانی دامەزراوە ئیسلامییەکانی تر، کەسایەتییە ئایینیە ناسراوەکان.

لێژنە فەرمییەکانی فەتوادان سەر بە یەکێتی زانایانن، ئەندامەکانیشیان لەلایەن مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانەوە دادەنرێن. تاوەکو ئێستا وەک دامەزراوەیەکی فەرمی، هیچ دامەزراوەیەکی تایبەت بە فەتوا لە کوردستان بوونی نییە، ئەوەی هەیە لێژنەی باڵا و لقەکانییەتی کە سەر بە یەکێتی زانایانە، یەکێتی زانایانیش وەک رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی تۆمارکراوە، نەوەک دامەزراوەیەکی فەرمی. بۆیە هەوڵی بیناکردنی دامەزراوەیەکی تایبەت بە فەتوا وەک (دار الإفتاء) یان (المجمع الفقهي) کارێکی پێویستە.

ئەو فەتوایانەی لە لێژنەی باڵا دەردەچن، وەک لە پەیرەوەکەیان هاتووە، تا بکرێت پشت بە مەزهەبی شافیعی دەبەستن، ئەگەر چی دۆخی لێژنەکە لە کۆتایی ٢٠١٦ جیایە لە پێش ئەو کات، بەڵام بەگشتی مەزهەبی شافیعی و فەتوادان بە قسەی زانایانی پێشین هەروەک خۆیەتی، تایبەت لە پرس و بابەتە کەسییەکان. ئەگەرچی لە پەیرەوی لێژنەکە هاتووە کە هەرکات فەتوای مەزهەبی شافیعی بووە بارگرانی بەسەر فەتوا بۆ دراو و لەگەڵ رۆژگاری ئەمڕۆ نەگونجا، ئەوە ئەندامانی لێژنەکە هەوڵی ئیجتیهادی نوێ دەدەن و ئاساییە ئەگەر فەتوای مەزهەبەکانی تر و مەجمەعەکانی فیقهی وەربگرن، بەڵام لە زەمینەی کردارەوە ئەمە زۆر بەکەمی دەبینرێت، چونکە لێژنەکە و ئەندامانی تا ئاستی باڵا پەیوەستی مەزهەبی شافیعین.

ئەمە لە کاتێکدایە کە فەتوای مەزهەبەکان بۆ سەردەم و کۆمەڵگە و شوێنێکی زۆر جیاواز لە هی ئێستا و کوردستان دراوە، زۆرجار دابەزاندنی بەشێک لە فەتوا فیقهییە مەزهەبییەکان بۆ زەمینەی کار، کارەساتی گەورە دروست دەکەن، ئەم قسەیە بانگەشە نییە بۆ رەتکردنەوەی مەزهەبگەرایی، بەڵکو بانگەوازە بۆ فەتوادان بە رێباز و رێچکەی دروست و دوبارە رێکخستنەوەی پرۆسەی فەتوادان.

بۆ نموونە: ئەوەی لە کوردستان باوە، بنەما لەسەر فەتوای غەیرە شافعییەکان، ژن مارە دەکرێت، بەڵام لە تەڵاقدان فەتوای مەزهەبی شافیعی دەستی پێوەگیراوە و لێژنەی باڵا کار بە بۆچوونی پێشەوایانی وەک ئیبن تەیمییە و ئیبن قەییم و هاوبۆچوونەکانیان ناکات، لەکاتێک ئەگەر مارەکردنی ئافرەتێک بە بێ بوونی وەلی بنەما لەسەر بۆچوونی مەزهەبی حەنەفی زەرورەت و پێویست بێت، بۆچی وەرگرتنی قسەی ئیبن تەیمییە لە پرسی تەڵاقی سێ بەسێ زەرورەت و پێویست نیە؟!، لەکاتێکدا بەهۆی فەرامۆشکردنی فەتوایەکی لەم چەشنە دەیان و سەدان خێزان ساڵانە لەیەک جیادەکرێنەوە. بێ رەچاوکردنی

زیانەکانی هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان و گیرۆدەبوونی منداڵ و هاوسەران. کامیان زەروور و پێویست ترە، مارەکردنی ژن بەبێ وەلی، یان هەڵنەوەشاندنەوەی خێزانەکان؟ لەکاتێک هەردوو پرسی زەواج و تەڵاق وابەستەی یەکترن، بۆچی بۆ زەواج لە مەزهەبی شافیعی لادان دروستە، بەڵام لە پرسی تەڵاق کارەساتە و بقەیە؟

بەندە ئەو پرسیارەم روو بەرووی زۆرترین ئەندامانی لێژنەی باڵای فەتوا کرد، جگە لە بێدەنگ بوون و دوپاتکردنەوەی مەزهەبی بوونیان وەڵامێکی ترم چنگ نەکەوت. ئەمە نموونەیەکی سادە، دەیان نموونەی تر هەیە کە پێویستی بە پێداچوونەوە هەبووە و هەیە، بەڵام لێژنەی باڵا خۆی لە قەرە نەداوە و حەرفیەن پابەندی مەزهەبی شافیعی بووە، کە لە تێزی دکتۆراکەم زۆر بەدرێژی دیراسەم کردووە.

سەبارەت بە لێژنە فەرعییەکانی فەتوادان، کە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان هەیە، ئەمان بۆیان نییە قسە لەسەر پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگە بکەن، وەک لە پەیڕەوی فەتوادانی لێژنەی باڵا هاتووە، لێژنە فەرعییەکان پابەند دەکات بە فەتوا کەسییەکان و بەس. ئەم فەتوا کەسییانەش دەبێت سەدا سەد هەڵقوڵاوی مەزهەبی شافعی بن و نابێت بە موو لە قسەی کتێبە فیقهییەکان لابدەن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا واقیعی نییە، چونکە کۆمەڵگە هەمووی هەر شافیعی مەزهەب نییە، سەرباری ئەوەی فەتوای پێشەوایانی شافعی بۆ زەمانی خۆیان بووە، ئاشکرایە کەوا گۆڕانکارییە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان هێندە خێران، رەنگە ئەوەی دوێنێ گونجاو بووبێت ئەمرۆ نەگونجاو بێت، ئەی چۆن دەگونجێت فەتوای سەدان ساڵ بەرلەئێستا لە ئێستادا بچەسپێنرێت؟ سەرەڕای ئەوەی یەکێتی زانایان تەنیا ئەوانە بە زانا هەژمار دەکات کە هاومەشرەبی خۆیان و مەزهەبەکەیانە، بەندە ئەو پرسیارەم روو بە رووکردنەوە: بۆچی لە لێژنەی باڵا و لێژنەکانی تری فەتوا جگە لە شافیعی مەزهەبەکان کەسانی تر نابینرێن؟ تەنانەت جگە لە یەک ئەندامی پارتە ئیسلامییەکانیش، کەسی تر لە لێژنەی باڵا بوونی نیە؟ وەڵامێکی رازیکارم دەستنەکەوت.

بەقسەی سەرۆکی یەکێتی زانایان، جگە لە لێژنەی باڵای فەتوا و لێژنەکانی تری سەر بە یەکێتییەکە، هیچ لێژنەیەکی تری تایبەت بە فەتوادان لە کوردستان بوونی نییە، بەڵام واقیع شتێکی تر دەڵێت، بگرە نەوەک تەنیا پارتە ئیسلامییەکان بەڵکو دامەزراوە ئیسلامییەکانیش لێژنەی خۆیان هەیە و ئیعتراف بە فەتواکانی لێژنەی باڵا و لێژنەکانی تر ناکەن، بگرە لێژنەی باڵا بە لێژنەی دەسەڵات دەزانن و زۆرجار تۆمەتباریشی دەکەن بەوەی کە بە باڵای دەسەڵات هەڵدەڵێت و ئەندامەکانی جگە لە واعیزی دەسەڵات شتێکی تر نیین، کە ئەم قسەیە بە بۆچوونی بەندە زۆر لە شوێنی خۆی نییە.

لەکاتێکدا بەندە دوای دیراسەیەکی چڕ گەیشتم بەو ئەنجامەی کە ئەو فەتوایانەی بە هەقیقی لە لایەن ئەندامانی لێژنەی باڵا دەرکراون، هیچییان پاڵنەری سیاسییان لەپشت نەبووە، بەڵام کارەسات ئەوەیە کە بەشێک لە ئەندامانی لێژنەی باڵا، بەتایبەت لێژنەی کۆن، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە زۆرجار بەناوی لێژنەکە فەتوا دراوە و جگە لە دوو ئەندامی لێژنەکە رای لەسەر نەبووە، یاخود ئەسڵەن سەرجەم ئەندامان بێ ئاگا بوون و فەتوا بەناوی ئەوان دەرکراوە و پرسە گورگانەشیان پێنەکراوە، هەر بۆیە لە پەیڕەوی نوێی لێژنەی باڵای فەتوا کە لە کۆتایی ٢٠١٦ ــــەوە کاری پێدەکرێت، یەکێک لە بەندەکانی تایبەتکراوە بە چۆنیەتی پەسەندکردنی فەتوا لە رێگەی دەنگدان، کە پێویستە هەر فەتوایەک بخرێتە دەنگدان و لانی کەم دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنەکە پێی رازی بن، ئەمەش لە ترسی ئەوەی لە دەرەوەی لێژنەکە بەناوی ئەوانەوە، وەک

لە رابردوو رویداوە، فەتوا دەرنەکرێت.

دۆخی فەتوای لیژنە شاراوەکان، واتە لیژنەی پارتە ئیسلامییەکان و دامەزراوەکان و سەلەفیی و سۆفییەکان و کەسایەتییەکان زۆرجار لە فەتوای لیژنەی باڵا باشتر نییە. چۆن یەکێتی زانایان ئیعتراف بە لیژنەکانی تر ناکات کە لە دەرەوەی یەکێتییەکە و دەرەوەی لیژنەکانی خۆیەتی، ئەوانیش ئیعتراف بە فەتوای لیژنەی باڵا و لقەکانی ناکەن، چونکە دروستبوونی ئەو لیژنانە هەر لە بنەڕەتەوە بۆ هۆکای نەبوونی متمانە بەو لیژنانە دەگەڕێتەوە.

بەداخەوە چۆن سیاسەت یەکریزی ماڵی کوردی تێکداوە، یەکریزی زانایانیشی تێکداوە، باڵاترین نموونە ئەمەیە: بەشێک لەو لیژنانە لەسەر ئەساسی لایەنگیری سیاسی پێکهاتوون، بۆ نموونە: لیژنەی فەتوای یەکگرتوو تەنیا ئەندامانی یەکگرتووی تێدایە، کۆمەڵ و بزوتنەوە و سەلەفیەکانیش بەهەمانشێوە. لەناو سەلەفییەکانیش زیاد لە دوو لیژنە هەیە، لیژنەی باڵی سەلەفییە توندەکان، کە لەلایەن نەیارەکانیان بە تەکفیری دەناسێنرێن، لیژنەی باڵی سەلەفییە نەرمەکان کە بە مەدخەلی ناسراون، لایەنی سێیەمیش بەم دواییانە سەریهەڵدا، کە بە حەدادی دەناسێنرێن، سەرباری ئەوەی کەسایەتییە سەلەفییە جیهادییەکانی وەک مامۆستا کرێکار و هاوشێوەکانی فەتوای خۆیان هەیە.

لە هەقیقەتدا ناکۆکی زۆر قوڵ لەناو ئەو رەوت و لیژنە و کەسایەتییانە بەدیدەکرێت، بگرە ناکۆکی ئەمانە، بەتایبەت سەلەفییەکان، زۆر لە ناکۆکی لیژنەکانی فەتوا مەترسیدارترە، چونکە ناکۆکی لیژنەکان لە چوارچێوەی فیقهـ دەرناچێت، بەڵام ناکۆکی سەلەفییەکان لە پرسە عەقائیدییەکان زیاترە، بۆیە زۆرجار تا ئاستی تەکفیر یەکتر تۆمەتبار دەکەن و دۆخێکی نەخوازراوی نا مەعقول دەخوڵقێنن. دەیان ناو و ناتۆرەی قێزەون بۆیەک هەڵدەبەستن و نەیارەکانیان پێدەشکێنن، لەکاتێک ئەگەر ئەمە بۆ خەڵکی ئاسایی شەرم بێت، بۆ خاوەن زانست کارەساتە.

ئەم بابەتە زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت کە توێژەرێک بتوانێت لە بابەتێکی وەها کورتدا بیخاتە ڕوو، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بزانیین دۆخی فەتوا لە کوردستان دۆخێکی مەترسیدارە، پێویستی بە رێکخستنەوەیەکی ریشەیی هەیە، ئەو ئاڵۆزیی و پشێوییەی ئێستا پرۆسەی فەتوادانی پێدا تێپەڕدەبێت، مەترسییەکی هەقیقییە لەسەر ئەمنی هزری کۆمەڵگە، زۆرجار خەڵکە دیندارەکە دەپرسێت: مەگەر خاوەن یەک خودا نیین؟ ئەی یەک پەیامهێنیشمان بۆ نەهاتووە؟ ئەی خاوەنی یەک قورئانیش نیین؟ کەواتە ئەم هەموو جیاوازییەی مامۆستا و موفتییەکان لەسەر چی؟ وەڵامی دواهەمین پرسیار ئەگەر بۆ پسپۆڕ و شارەزایان سادە و سانا بێت، بۆ خەڵکی ئاسایی و ناشارەزا ئەستەمە، بۆیە ئەو دۆخە نەخوازراوە زۆربەی جار ساردکەرەوەی خەڵکە ئاساییە سادەکەیە لە دینداری، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەزمەیەکی ترە، کە کۆمەڵێک ئەزمەی تر دوای خۆی دروست دەکات، هەر لە ئەزمەی رەوشتییەوە بگرە تا دەگاتە پێپەستکردن و ژێرپێخستنی بەها ئایینی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی و گەردوونییەکان.

رێکخستنەوەی پرۆسەی فەتوا لە رێگەی کۆمەڵێک ئالیەت دەبێت، گرنگترینییان دروستکردنی (دار الإفتاء) یان مەجمەعێکی فیقهی، کە کۆکەرەوەی زۆرترین ژمارەی زانایان بێت، دوور لە قۆرخکردنی لەسەر مەزهەب، رەوت، پارتێکی سیاسی دیاریکراو، ئینجا ئەو ناکۆکییە فیقهییانەی ئێستا لە کەناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مینبەری مزگەوتەکان نمایشدەکرێن، لەناو کۆڕ و مەجلیسی زانایان لە مەجمەعەکە یەکلابکرێنەوە و خەڵکە ئاساییەکە لەو ئاڵۆزی و پشێوییە رزگاربکەن. بە پێچەوانەوە، بەردەوامبوونی ئەم دۆخە نەخوازراوە، رۆژ دوای رۆژ هەیبەتی ئایین و زانا ئاینییەکان لە دڵ و دەروونی خەڵک کاڵتر دەکاتەوە و رێژەی پابەندنەبووەکان بە ئایین و بەهاکانی دادەکێشێت.

## پەراوێز

١. إبراهيم موسى بن محمد الغرناطي الشاطبي، الموافقات، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، (د.م: دار ابن عفان: ط١، ١٤١٧ه، ١٩٩٧م)، ج٥، ص٢٥٣.

٢. ينظر: محمد بن حسين الجيزاني، فقه النوازل –دراسة تأصيلية تطبيقية-، (دار ابن الجوزي، ط٢، ١٤٢٧ه/٢٠٠٦م)، ص٣٨.

٣. ينظر: ابن قيم الجوزية، إعلام الموقعين، ج١، ص٩٥-٩٦.

٤. الجيزاني، فقه النوازل، ج١، ص٤٧.

٥. محمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني، إرشاد الفحول إلي تحقيق الحق من علم الأصول، المحقق: الشيخ أحمد عزو عناية، (دمشق: دار الكتاب العربي، ط١، ١٤١٩ه/١٩٩٩م)، ج٢، ص٢٢٤. (نقله الشوكاني عن الغزالي، وهو حكاه عن الشافعي فبحثت عنه لكن ما توقفت عليه من كتب الغزالي ولا الشافعي).

٦. ينظر: ماهر، ضوابط النظر في النوازل ومدارك الحكم عليها، ص٢٤٢.

٧. أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي، جامع بيان العلم وفضله، تحقيق: أبي الأشبال الزهيري، (المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤١٤ه/١٩٩٤م)، ج٢، ص٨٤٧.

٨. رواه البخاري في صحيحه برقم: (٦٧٨٦)، باب من انتظر حتى تدفن، من حديث عائشة، محمد بن اسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة البخاري، الجامع المسند الصحيح المختصر، المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر، (د.م: دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢ه)، ج٨، ص١٦٠، ورواه مسلم أيضا في صحيحه برقم: (٢٣٢٧)، باب مباعدته للآثام، من حديث عائشة، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري، صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، (بيروت: دار إحياء التراث العربي، د.ط، د.ت)، ج٤، ص١٨١٣، واللفظ للبخاري.

٩. يوسف القرضاوي، فقه الأولويات دراسة جديدة في ضوء القرآن والسنة، (القاهرة: مكتبة وهبة، ط٢، ١٤١٦ه/١٩٩٦م)، ص٩.

١٠. ينظر: عبدالكريم منصور ناصر قشلان، دور معلمي المرحلة الثانوية في تعزيز القيم الإسلامية لدى طلابهم في محافظات غزة، (رسالة ماجستير غير مطبوع، قدمت إلى قسم أصول التربية، كلية التربية، جامعة الأزهر بغزة، ١٤٣٠ه/٢٠١٠م)، ص٤٠.

١١. ينظر: القرضاوي، كلمات في الوسطية الإسلامية ومعالمها، ص٤٩.



## د. ئەحمەد شافعی:

# فەتوا مولزیم نییە

## دەتوانی پێوەی پابەند نەبیت

لەم گفتوگۆیەدا، د ئەحمەد شافعی ئەندامی لیژەی باڵای فەتوای کوردستان، باس لە گرنگی فەتوا دەکات، ئەو مەرجانە دەخاتەڕوو کە پێویستە لە موفتیدا هەبن، سەرنج و رای خۆی دەربارەی فەتوای هاوردە و ئەوەی لە تیڤی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە دەدەبڕێت، دیدی خۆی لەبارەی پەیوەندی فەتوا بە دەسەڵات و سیاسەتەوە دەخاتەڕوو.

گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی

**خاڵ: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر باس لە فەتوا دەکرێت، دەمانەوێت بزانین فەتوا چییە؟ پێگەی لە ئایینی ئیسلامدا چییە؟**

د. ئەحمەد شافعی: بەناوی خوای گەورە، وشەی (فەتوا) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (افتاء) دێت کە چاوگی (مصدر) وشەکەیە: کۆکەی بریتییە لە: (الفتاوى، والفتاوي)، بە مانای ڕوونکردنەوەی شتە نەزانراوەکان دێت. خوای گەورە دەفەرموێت: **(وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ)** [النساء: ١٢٧]، واتە: خوای گەورە ڕۆشنی ئەکاتەوە بۆتان لەوەی ئێوە پرسیار دەربارەی حوکمەکەی دەکەن. وشەی فەتوا لە زاراوەسازی (اصطلاح) بە چەند شێوازی پێناسەکراوە:

١- زانای گەورە (قەڕافی) فەرموویەتی: فەتوا هەواڵدانە بە حوکمێک لە حوکمەکانی خوای گەورە، چ بۆ پابەندبوون بێت پێیەوەی، یاخود لە دروستی و ڕەوایی و ڕێگەپێدانی.

٢- زانای گەورەی کورد (ئیبن سەلاح شارەزوری) فەرموویەتی: فەتوادان ئیمزاکردنە لە باتی خوای گەورە.

٣- ئیبن قەیم دەفەرموێت: فەتوا بریتییە لە هەواڵدان دەربارەی حوکمێکی شەرعی کە پرسیارکەر (المستفتي) و کەسانی تریش دەگرێتەوە.

فەتوا لە ئیسلامدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە ریزی فەرزەکانی کیفایە هەژمار کراوە، کە واجبە دەبێت لە ناو هەموو گەلێکی موسڵمانی ئایینپەروەر هەندێک هەوڵ بدەن و دروست بن تا ئەو ئەرکە گەورەیە بە باشترین شێوە بگرنە ئەستۆ، کە هەموو مەرجەکانی فەتوا دانیان تیا بێت و حوکمە شەرعییەکان وەک پێویست بۆ موسڵمانان ڕۆشن بکەنەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: **(وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُواْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ)** [التوبة: ١٢٢] واتە: ڕەوا نییە هەرچی ئیمانداران هەیە بە جارێک بچن بۆ غەزا، یان هەر کارێکی تری پێویست، دەی بۆچی لەهەر هۆز و دەستەیەک کەسانێک نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزا بن لە ئایین، تێبگەن و فێر ببن و گەلەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن کاتێک کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوە خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لە خۆنەڕەنجێنن.

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: فێرکردنی فێرخوازان و وەڵامدانەوەی پرسە شەرعییەکانی خەڵکی فەرزی کیفایەیە. هەروەها لە کتێبی (المجموع)دا دەفەرموێت: «لەبەر گەورەیی و گرنگی و پڕبایەخی و فەزڵی فەتوایە کە زانایان فەرموویانە: موفتی لەبری خوای گەورە ئیمزا دەکات». هەربۆیە فەتوا بەرپرسیاریەتی دونیا و هەم لێپرسینەوە ڕۆژی دوایی تیایە.

**خاڵ: ئایا فەتوا پێویستییەکی مرۆییە؟ یان دۆخی سیاسی و پاساوی تر وای کردووە ببێتە بەشێک لە ئایین؟**

د. ئەحمەد شافعی: فەتوا پێویستییەکی شەرعی و مرۆییە، هەر کۆمەڵگەیەک خاڵی بوو لە کەسانی پسپۆڕ لە بواری شەرعی و فەتوا و ڕوونکردنەوەی چەمکە ئایینیەکان، ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی نائارام و ناتەندروست دەردەچێت، هەمیشە پڕ دەبێت لە کێشە و دووبەرەکی و ناڕێکی و فەوزا لە پرسە شەرعییەکاندا، دەرەنجام خەڵکی سەری لێ دەشێوێ و دەکەوێتە گومان و نازانێ بە گوێی کامیان بکات و کێیان ڕاست دەکات. کەوابوو فەتوادان لەو ئەرکە گشتییانەیە کە ئوممەتی ئیسلامی پێویستی پێیەتی بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە ئایینی و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا.

گەر بە وردی تێبینی بکەین، دەبینین خوای گەورە وەڵامدانەوە و نیسبەتدانی فەتوای داوەتە پاڵ خۆی لە باتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەتوا دەدا و وەڵامدەداتەوە، کە ئەمەش ئەوپەڕی گەورەیی و ڕێز و شکۆی ئەوانەیە کە فەتوا دەدەن

بۆ خەڵکی، وەڵامی داوا و پرسیارەکانی خەڵکی دەدەنەوە و ئاشنایان دەکەن بە شەریعەت و یاسای خوای گەورە، وەک دەفەرموێت: (**يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ**) ﴿النساء: ١٧٦﴾ واتە: ئەی موحەممەد (درودی خوای لەسەر بێت) داوای فەتوات لێ دەکەن دەربارەی (کلالة) کە بریتییە لە کەسێک باوک و نەوەی نەبێت، تۆش بڵێ: خوا وەڵامتان دەداتەوە لەوبارەیەوە.

یەکەم کەسیش هەستا بەم ئەرکە گەورە، پێشەوای مرۆڤایەتی و دادپەروەری حەزرەتی (موحەممەد) (درودی خوای لەسەر بێت) بوو. کە تەنیا ئەو بۆ یەکەمجار بە وەحی خوایی فەتوایدا بۆ خەڵکی و ژیان و رێی خەڵکی رۆشنکردەوە. ئەم ئەمانەتە ئیمانییە لەویشەوە گوێزرایەوە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، دەست بەدەست و چین بەچین هەر لە هاوەڵەکانەوە تا شوێنکەوتووان و دواتر زانایانی پێشەنگ و پێشەوا. بۆیە هیچ دۆخێکی سیاسی پاڵنەر نەبووە بۆ دروستبوونی فەتوا، بەڵکو پێویستییەکی ئاینی و مرۆییە و بەس.

**خاڵ: کێ مافی فەتوادانی هەیە لە ئیسلامدا؟**

د. ئەحمەد شافعی: هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەوەی فەتوا دەدات واتە لە شوێنی خوای گەورە بڕیار دەدات و ئیمزا دەکات، بۆیە ئەو کەسەی وەڵامی پرسە شەرعییەکانی خەڵکی دەداتەوە و فەتوا دەدات گەر لە رووی شارەزایی تەواو و زانستییەوە نەبێت بە یاسا شەرعییەکان ئەوە تاوانی ئەنجامداوە و گوناهی کردووە، حەرام و قەدەغەیە، وەکو چۆن پێشەوامان (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (أجرأكم على الفتيا أجرأكم على النار). کەواتە ئەو کەسەی دەیەوێت ئەو ئەرکە گەورەیە بگرێتە ئەستۆ و بێتە مەیدانی (فەتوا)، دەبێت مەرجی فەتوادانی تێدا بێت.

وەکو پێشەوا موحەممەد کوڕی سیرین فەرموویەتی: ئەم زانستەی ئیسلام، ئاینی ئیسلامە، کەواتە تەماشا بکەن ئاینی خۆتان لە کێ وەرئەگرن؟

(ئیبن مونکەدیر) فەرموویەتی: زانای ئاینی لە نێوان خوای گەورە و لە نێوان بەندەکانی خوای گەورەدایە، کەوابوو دەبێ چاک بیر بکاتەوە و تەماشا بکات، چۆن دەچێتە نێوان خوا و بەندەکانی خوا، واتە دەبێ لە فەتوادان بترسێت.

خاڵ: مەرجی موفتی چییە تا فەتوای لێ وەربگیرێت؟

د. ئەحمەد شافعی: زانایانی (ئوسوڵ فیقه) چەندین مەرج و سیفەتی گرنگیان داناوە بۆ ئەو کەسانەی فەتوا دەدەن، لەوانە:

١- موسڵمان بێت.

٢- خاوەنی تەکلیفی شەرعی بێت، واتە: باڵغ و عاقڵ بێت.

٣- عادل و دادپەروەر بێت، واتە پارێزراو بێت لەو شتانەی مرۆڤی باوەڕداری پێی فاسق دەبێت.

٤- ئەمانەتپارێز بێت و جێگەی متمانەی خەڵک بێت و کەسایەتییەکی گەورە و بەهێزی هەبێت.

٥- وریا بێت.

٦- بیرکردنەوەی پەسەند و دروست بێت.

٧- تێگەیشتوو و شارەزا بێت بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و ڕاوبۆچوونی زانایانی فیقهی ئیسلامی.

٨- توانای لێکدانەوەی دەقە شەرعییەکانی بە باشی ببێت.

٩- رەفتار و هەڵسوکەوت و کردەوەکانی دروست بن و جێگەی گومان نەبن.

١٠- شارەزاییەکی باشی هەبێت بە زمانی عەرەبی، چونکە قورئانی پیرۆز و فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هەمووی بە زمانی عەرەبییە.

١١- شارەزایی بە زانستی (ئوسوڵ فیقه)، بەتایبەتی دەلیلە ئەسڵییەکانی ئەحکام، هەروەها ناسیخ و مەنسوخ، موتڵەق و موقەیەد و گشتیی

وتایبەت... تاد.

١٢- ئاگاداربوون لەو شتانەی جێگەی خیلاف و ڕاجیایی زانایانی فیقهی ئیسلامییە، وەک: گەورە زانا (یەحیای کوڕی سەلام) دەفەرمویّت: هیچ حیسابێک بۆ فەتوایەک ناکرێت کە خاوەنەکەی شارەزا و ئاگاداری جیاوازی و ڕاجیاوازەکانی نەبێت. دروست نییە بەهیچ فەتوایەک بوترێ ئەوە لای باشترە تا ئاگاداری بەڵگە و دەلیلەکانی نەبێت.

١٣- پێویستە شارەزا بێ بە تەواوی بە فیقهی واقیع و رۆژگاری خۆی و فیقهی مەئالات، واتە دەبێت ڕەچاوی کات و شوێن و حاڵی پرسیارکەر بکرێت، چونکە فەتوا گۆڕانکاری دێت بە سەریدا بە گۆڕینی شوێن و کاتی فەتوا، هەروەها دابونەریتی هەر نەتەوە و گەلیک کاریگەری لەسەر جۆری فەتوا دروست دەکات، بەمەرجێک پێچەوانەی هیچ دەقێکی شەرعی دروست نەبێت.

ئەمانە پێیان دەوترێت مەرجە سەرەتایی و پێویستییەکان بۆ موفتی، پێویستە ئەم مەرجانە هەموویان لە کەسی (موفتی)دا بەرجەستە ببن و ڕەنگ بدنەوە تیایدا. هەرکەس فەتوا بدات و بیەوێت ببێتە ئەو مەیدانە گەورەیە و ئەو مەرج و تایبەتمەندییانەی تیا نەبێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە قسەکانی وەرناگیرێت و هیچ ئیعتیبارێکیان نابێت.

خاڵ: زۆرجار دەبینین هەڵوێستێکی سیاسی پاڵپشت دەکرێت بە فەتوایەکی ئایینی، دەکرێت بپرسین شتێک هەیە بەناوی فەتوای سیاسی و مێژووی فەتوای سیاسیی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

د. ئەحمەد شافعی: پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە فەتوا زەرورەتیکی ئایینی و پێویستییەکی مرۆیی هەموو تاکێکی موسڵمانە، رۆژانەش شتە نوێکان ئەوەندە زۆرن و دێنەپێش بەردەوام پێویستییان بە پرسی شەرعی و دروست و نادروست هەیە، تا بزانرێت کامە ڕێگەپێدراوە و کامەش ڕێگەپێنەدراوە.

بۆ وەڵامی پرسیارەکەش، پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان فەتوای سیاسی و فەتوای بە سیاسیی کراو (الفتوى السياسى و الفتوى المسيسة)، دەبێت فەتوای شەرعی دوور بێت لە هەموو ئەو ئاراستانە، کە بیەوێ فەتواکە لە ڕێڕەوی دروستی خۆی بگۆڕێت و بە لاڕێیدا بەرێت.

فەتوای سیاسی: بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە موفتی و موجتەهیدی ئەو سەردەمە گەڵاڵەی دەکات و پێی دەگات، لەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە حوکمداری و بابەتە گشتی و شتە نوێکانی سەردەم هەیە، لە کاروباری حوکمڕانی و ڕێکخستنی کاروباری وڵات و شارەزاکردنی کۆمەڵگە لە حوکم و ڕای شەرعی لەمەڕ ئەو بابەتانە. ئەمەش کاتی خۆی پێی وتراوە سیاسەتی شەرعی. ئیبن قەیم فەرموویەتی: موفتی و حاکم ناتوانن فەتوا بدەن و حوکم بکەن بەڕاستی تا بە تەواوی شارەزا نەبن لە دوو جۆر تێگەیشتن:

یەکەم: فیقهی واقیع و سەردەم. دووەم: چی پێویستە و چی ئەوکات وەختەیە، موفتی ڕاست و تەواو دەبێت لە ڕێگەی ئەم دوو جۆرە لە تێگەیشتن بگاتە ناسینی حوکم و بڕیاری ئیسلام لەو بارەوە.

بەڵام فەتوای بە سیاسییکراو (الفتاوى المسيسة) بریتییە لەوەی ئەو فەتوایە ڕێکدەخرێت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتێک، یا گرووپ و تاقمێک کە ئاڕاستەی خۆی ناپێکێ و زۆر جار ملی دەقەکان دەشکێنرێتەوە و تەئویلیان دەکەن بە ویست و ئارەزووی ئەم دەسەڵات و گروپ و تاقمە.

ئەوانەش هەمیشە موفتی تایبەتی خۆیان هەیە کە پێیان وتراوە (مفتى السلاطين أو علماء السلاطين)، بەڵام زانای گەورە و خواناس و موفتی ڕاستەقینە هەرگیز ڕێگەبەخۆی نادات یاری بە دەقە شەرعییەکان بکرێت و بە ویست و ئارەزووی کاربەدەستان و ستەمکاران ئاراستەی بکرێن و ڕێنمونی بکرێن.

هەربۆیە زانایان زەوابیت و یاسا و ڕێسایان داناوە بۆ فەتوا، بە تایبەتیش فەتوای سیاسی. کەوابوو هەر فەتوایەک لەو چوارچێوە و بازنەیە

# فەتوا پێویستییەکی شەرعی و مرۆییە

چووە دەرەوە، ئیعتیباری پێناکریت لە ریزبەندی فەتوا شەرعییەکان هەژمار ناکرێت.

دەربارەی مێژووی فەتوای سیاسی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ هەر دوای تەواوبوونی خولەفای راشیدین، ئەو خەلیفە و دەسەڵاتدارانەی هاتوون ویستوویانە بۆ شەرعیەتدان بە کارەکانیان و مانەوەی دەسەڵاتیان، بەشێک لە فەتوا و زانایان بەکاربهێنن بۆ بەرژەوەندی مانەوەی دەسەڵاتیان.

هەربۆیە مێژوو تۆماری کردووە کە دەیان گەورە زانای وەک ئیمام ئەبوحەنیفە و ئیمامی شافیعی و ئیمام ئەحمەد.... تاد چەند ئەزیەت و نارەحەتی و بەندی و دوورخستنەوە لە زێد و خاک و خەڵکی خۆیان چەشتووە، لەپێناو پاراستنی حەق و دادپەروەری و راستی و لانەدان، بۆ چرکەساتێکیش فەتواکانیان بەکارنەهێناوە بۆ خزمەتی مانەوەی هیچ دەسەڵاتێک.

بۆ نموونە ئیمامی سەرەخسی، کە یەکێکە لە گەورە زانایانی ڕێڕەوی مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفە، لە بەرامبەر فەتوایەکدا کە پێچەوانەی مەیل و ویستی خەلیفە بوو پانزە ساڵی بەردەوام کرایە بەندیخانە، بەڵام ئەو هەر لەسەر فەتواکەی بەردەوامبوو، لەناو بەندیخانە گەورەترین کتێبی لە مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفەدا نووسی بە ناوی (المبسوط) کە پانزە بەرگە، یەکێکە لە دیارترین کتێبەکانی فیقهی ئیمام ئەبو حەنیفە.

**خاڵ: فەتوا و واقیع کامیان کاریگەرە بەویتریان، چۆن لە نێوان ئەم دوانە هاوسەنگی دەکرێت؟**

د. ئەحمەد شافعی: پێشتر لە مەرجەکانی موفتی ئاماژەمان پێدا، یەکێک لە مەرجی فەتوادان دەبێت موفتی شارەزا بێت بە فیقهی و خۆی. مەبەست بە فیقهی واقیعیش ئەوەیە موفتی بە تەواوی ئاگادار بێت بەو واقیع و ژینگەی کە تیای دەژی، بە واقیعی شارەکەی، واقیعی گەلەکەی، واقیعی کۆمەڵگاکەی، واقیعی ئەو تاکە، ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویان داوە لە کات و شوینە و شوێنەدار و کاریگەریان لەسەر دابەزاندنی دەقەکان، هەریەکێک لە مانە کاریگەری لەسەر جۆری فەتواکە بەجێ دەهێڵن و دروست ئەکات.

پێشەوا ئیبن قەیم لە کتێبی (اعلام الموقعین) فەرمویەتی: موفتی و حاکم ناتوانن فەتوا بدەن و حوکم بکەن بە تەواوی و دروستی تا شارەزا نەبن لە دوو جۆر تێگەیشتن:

یەکەم: فیقهی واقیع و رۆژگار. دووەم: چی واجب و پێویستی ئەوکات و وەختەیە کە ئەنجام بدرێت.

موفتی تەندروست و تەواو دەبێت لە رێگەی ئەم دوو جۆرە لە تێگەیشتن هەوڵ بدات و بگاتە ناسینی بریاری تەواو لەمەڕ ئەو بابەتە. بە درێژایی مێژوو هەر موفتییەک دوور لە واقیعی رۆژگار و سەردەمی خۆی فەتوای دابێت، فەتواکانی کاریگەرییان نەبووە، زۆر ئیعتیباریان پێ نەکراوە. دەبێت موفتی هەمیشە هەوڵبدات هاوسەنگی دروست بکات لە نێوان فەتوا و واقیعی کۆمەڵگەکەی، بە مەرجێ پێچەوانەی دەقێکی شەرعی نەبێت لە قورئان و سونەی سەحیح.

**خاڵ: دەوترێت بە گوێرەی کات و شوین فەتوا دەگۆڕێ، بەڵام کەم نین ئەوانەی لە دووتوێ کتێبە فیقهییەکانی سەردەمی زوو فەتوا بۆ پێشهاتەکانی سەردەم دەدۆزنەوە، زۆرجاریش ئەمە دەمارگیری**

# فەتوادان لەو ئەرکە گشتییانەیە کە ئوممەتی ئیسلامی پێویستی پێیەتی بۆ روونکردنەوەی چەمکە ئایینی و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا

**و توندڕەوی بەرهەمهێناوە، رای تۆ لەوبارەوە چییە؟**

د. ئەحمەد شافعی: بەڵێ فەتوا گۆڕانکاری دێت بە سەریدا، بە گۆڕینی شوێن و کات و ژینگە و خەڵک و کەسەکان لەو دەقانەی کە (ظنی الدلالە)ن. وەک وتراوە: (الفتوی تتغیر بتغیر الزمان، والمکان، والشخص، والبیئة)، بۆ نموونە ئیمامی شافیعی کاتێک عێراق بەجێدەهێڵێ و بەرەو میسر تەشریف دەبات، زۆربەی ئەو فەتوایانەی لە عێراقدا داونی لێیان پەشیمان دەبێتەوە، جارێکی تر بە ئیجتیهادی تازە و فەتوای نوێوە دەست پێدەکاتەوە، هەربۆیە فەتوای (قەدیم) و فەتوای (جەدید)ی هەیە، چونکە ژینگەی میسر جیاوازە لەگەڵ عێراق، حەڵکەکەشی جیاوازە، شێوازی بیرکردنەوەی ژیانیان زۆر جیاوازە.

دەربارەی ئەوەی کە ئەو موجتەهیدە گەورانە ئیجتیهادیان کردووە بۆ پێشتهاتەکانی سەردەم، جاری وا هەیە توندوتیژی یا دەمارگیری لێ دەکەوێتەوە؟ ڕاستە موفتیش وەک هەموو ئەو خەڵکە مرۆڤە، دەگونجێ هەڵەش بکات، یا لەو بابەت و مەسەلەدا نەیپێکا بێت، جاری واش بووە دەمارگیری لەلایەن شوێنکەوتووانی مەزهەبێکەوە کێشەی ناوەتەوە و سەری کێشاوە بۆ ڕق و کینە و پاشان توندوتیژی. ئەمەش لە ئەنجامی کەمی ڕۆشنبیری خەڵکە بەرامبەر تێگەیشتنیان لەسەر مەزهەبەکانیان. بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامی هەندێجار ئەم جۆرە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتانە هاتوتە ئاراوە.

بۆیە پێویست بە ڕۆشنبیرییەکی باش و بەردەوام هەیە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ فیقهی ئیسلامی بکەن، چۆن بڕواننە تەقلید و ئیجتیهاد و موجتەهیدە گەورەکان، ئەرێنی و نەرێنی تەقلید چییە، سەرمەزهەبەکان خۆیان چۆن دەڕواننە ئەم ئیشە.

**خاڵ: ئایا بوونی فەتوا ئاماژەیە بۆ بێئاگایی موسڵمانان لە کاروباری ئایینەکەیان، موفتی فەتوایان بۆ بدات و ڕێنموییان بداتێ لە کاروباری ئایین؟**

د. ئەحمەد شافعی: ڕوون و ئاشکرایە هەموو کەس ناتوانێ لە دەقەکانی قورئان و فەرمووده تێبگات، دەبێت بەردەوام کەسانێک هەبن لە هەموو کات و شوێنێک چەمکە ئاینییەکان بەشێوەیەکی جوان و تەندروست ڕۆشن بکەنەوە بۆ خەڵکی.

بە تایبەتیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ و لە دوای ساڵ چەندەها شتی نوێ و مامەڵەی تازە پەیدا دەبن، بەتایبەتی لەم چەرخی تەکنەلۆژیا و زانست و عەولەمەیەدا، کە جیهان وەک گوندێکی بچووکی لێ هاتووە. هەموو ئەو شتانە پێویستیان بە وەڵامی تازە و نوێ هەیە، بۆ ئەمەش بەردەوام پێویستمان بە نوێگەری هەیە لە فیقهی ئیسلامییدا، دەبێت لە هەموو کات و شوێن و جێگەیەکدا ئەوەندە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و تایبەتمەند هەبن لە بواری شەریعەتدا بەتایبەتتر لە بواری فیقهی ئیسلامی و فەتوا تا وەڵامگۆی هەموو ئەو پرسە شەرعی و پێشهاتە نوێیانە بن، تا خەڵکی سەری لێ نەشێوێ و بزانێ کامە حەڵاڵ و ڕێگەپێدراوە، کامەش حەرام و قەدەغەیە و ڕێگەی پێنەدراوە.

هەربۆیە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، فەتوا

پێویستییەکی ئایینی مرۆییە، پێویستە وەک فەرزی کیفایە لە هەموو چەرخ و رۆژگار و شوێنێک، کەسانێک هەبن چەمکە شەرعییەکان بۆ خەڵکی راڤە بکەن و وەڵامی پرسە شەرعییەکان بدەنەوە.

**خاڵ: ئەوەی لە ئەمرۆدا تێبینی دەکرێت فەتوای ئینتەرنێتە، کە پێی دەوترێت فەتوای هاوردە، یان لە رادیۆ و تیڤییەکانەوە زانایانی ئایینی راستەوخۆ فەتوا دەدەن لە بوارە جیاوازەکان، ئەمە حاڵەتێکی تەندروستە یان مەترسیدارە؟ ئەگەر مەترسیدارە، مەترسییەکەی چییە؟**

د. ئەحمەد شافعی: ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و جێگەی هەڵوێستەکردن و تێرامان و لەسەر وەستانە، چونکە مەترسییدارترین کار لە ژیانی زانایانی ئایینیدا بابەتی فەتوا و ئاراستەکردنی خەڵکییە بۆ حەڵاڵ و حەرام، دروست و نادروست، رێگەپێدراو و رێگەپێنەدراو. ئەم بابەتە بەرپرسیارێتی دونیایی هەیە و هەم بەرپرسیارێتی دوارۆژ، بە بەهەشت و دوزەخەوە، بە چاک و خراپەوە، ئەمانە هەمووی لەژێر رەحمەتی فەتوای زانایانە.

گرنگ ئەوەیە بە چ شێوەیەک ئاراستە و رێنموونییان دەکات، کە خزمەت بە ئایین و خەڵک و خاک و نیشتمان و ئاسوودەیی و ئاسایشی تاک و کۆمەڵگا بکات، تا کۆمەڵگایەکی یەکریز و تەبا و خۆشەویست و دوور لە کێشە و ناکۆکی و دووبەرەکی بێت، هەمیشە فەتوای زانایان بە درێژایی مێژوو، کاریگەری راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بووە لەسە بیر و کار و رەفتار و هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵ.

ئەو کەسەی دەیەوێ لە گۆرەپانی فەتوا ئەسپی خۆی تاودا، ئەبێت زۆر هەستیار و وریا و ژیر و بیرتیژ بێت لە بریاردان و دیاریکردنی چاک و خراپ، حەڵاڵ و حەرام، وریای هەموو ئەو پێشهاتانە بێت کە لە دونیا و دوارۆژدا رووبەڕوویان دەبێتەوە بە هۆی فەتوادانییەوە.

لەبەر گەورەیی و مەترسیداری فەتوایە پێغەمبەری خۆشەویست (درودی خوای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (أجرؤكم على الفتيا أجرؤكم على النار) واتە: (ئەوانەی بوێری فەتوادان دەکەن بەبێ زانست و زانیاری ئەوە بوێری چوون بۆ ناو ئاگریان کردووە). پێشەوا ئیمام مالیک دەیفەرموو: (هەرکەس دەیەوێ وەڵامی هەر پرسیارێک بداتەوە، پێش وەڵامەکەی با نەفسی خۆی بەراورد بکات لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ، پاشان چۆنیەتی رزگاربوونی لێی، ئەوکات وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە). هەروەها سوفیانی سەوری فەرموویەتی: (ئەوانەی زۆر سوورن لەسەر فەتوادان، ئەوانەن کە زانست و زانیارییان زۆر کەم پێیە). پێشەوا مالیک جارێک نزیکەی پەنجا پرسیاریان لێ کرد، لە زۆربەیاندا فەرمووی: نازانم.

هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هەروەها شوێنکەوتوان، دواتریش گەورە زانایان، پێیان خۆش بوو هەرکات پرسیاریان لێ بکرایە یەکێکی تر وەڵامی بدایەوە لەجیاتی ئەم.

ئەمەی ئێستا هەیە، ئەم هەموو فەتوادانە لە رێگەی تورە کۆمەڵایەتی و تیڤی و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڕاستی فەوزایە لە فەتوا، بووەتە مایەی دڵەڕاوکێ و سەرلێشێوانی خەڵکی نەخوێندەوار، یەکی دەڵێت فلانە شت دروستە، یەکێ دەڵێت حەرامە و قەدەغەیە، یەکێ دەڵێت فلانە کردەوە سونەتە، ئەویتر دەڵێت بیدعە و گومراییە، خەڵکە گشتییەکە نازانێ بە گوێی کامیان بکات، کامیان راستە، کامیان دروستە، بەتایبەتی لە مزگەوتەکاندا جاری وا هەیە کێشە و دەنگە دەنگ دروست دەبێت، هەندێجار سەردەکێشێ بۆ توندوتیژی و وشەی ناشیرین و نەخوازراو و پەلاماردان، رۆحی عیبادەت و مەعنەویەت دەکوژێ.

بەڕاستی ئەوانە هیچیان فەتوانین، زۆربەی کەسەکانیش شیاوی فەتوادان نین، زیانیان زیاترە تا قازانج و سوودیان.

جاری وا هەیە، هەر لەیەک تەلەفیزیۆن یا

یەک رادیۆ دوو فەتوای دژبەیەک دەدرێت، ئەمرۆ ئەم مامۆستا هاتووە وتوویەتی دروستە، بەیانی کەسێکی تر دەهێنێ دەڵێت حەرامە و قەدەغەیە.

بۆیە داواکارم لە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان و هەموو لایەنەکان، بەتایبەتی لایەنە ئیسلامییەکان، زانایانی ئایینی بە گشتی، رێگە بگرین لەم جۆرە فەوزایە لە فەتوا و پرسە شەرعییەکان.

رادیۆ و تەلەفیزیۆن و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی فەتوا و پەخشکردنەوەی فەتوا نییە.

دەبێت فەتوا بگێڕینەوە بۆ ئەهلی تایبەتی خۆی، فەتوادان کار و ئەرکێکی قورس و گرانە کە دەبێت هەموو ئەو بەرپرسیاریەتە لە ئەستۆ بگرێت لە دونیا و دوارۆژدا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

(محەمەد کوڕی عەجلان) فەرموویەتی: (هەرکاتێک زانا بێ ئاگابوو لە وشەی نازانم، ئەوە خۆی ڕووبەڕووی مەرگ دەکاتەوە).

کێشە ئەوەیە دەیان پرسیاری لێ دەکرێت پێی نەنگە بڵێ نایزانم، یا پسپۆڕیی من نییە، یا بچۆرە لیژنەی فەتوا. ئەبی بەکری ئەسرەم دەفەرموێت: (گوێم لە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بووە کە پرسیاری زۆریان ئاڕاستە کردووە، لە زۆربەیاندا فەرموویەتی نایزانم، لەکاتێکشدا ئاگاداری زۆرێکیشیان بووە).

**خاڵ: ئایا ئەرکی موسڵمانە پابەند بێت بە فەتوای زانایانەوە؟ لەکاتێکدا هەندێکجار فەتوای دژبەیەک دەبینرێ، لە دۆخی وادا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو فەتوا دژ بەیەکانەدا بکەین؟**

د. ئەحمەد شافعی: ڕوون و ئاشکرایە جیاوازی هەیە لە نێوان: (فەتوا و قضاء)، هەمیشە بڕیاری دادوەر (قاضی ـ حاکم) مولزیمە، واتە پابەندبوون پێوەی پێویستە، بەڵام فەتوا مولزیم نییە، واتە ئازادە دەتوانێ پابەند بێت پێوەی دەشتوانێ پابەند نەبێت.

لە هەر مەسەلە و بابەتێکدا جیاوازی لە ڕاوبۆچوونی زانایان هەبوو، فەتوا ناتوانێ کێشەکە نەهێڵێ و بنەبڕی بکات، بەڵام بڕیاری دادوەر و قازی بنەبڕی کێشەکان دەکات، زانایان فەرموویانە: (فەتوا تەبلیغ و پێ ڕاگەیاندن و ڕۆشنکردنەوەیە، بەڵام قەزا بڕیار و پابەند بووە پێوەی).

هەربۆیە لە مەسەلەی فەتوادا پێویست نییە موفتی لە لایەن دەسەڵات ـ حکومەت ـ ەوە دانرابێت و دیاریکرابێت، بەڵام قازی و حاکم بڕیاریان دانامەزرێ و جێبەجێ نابێت تا لەلایەن حکومەتەوە بەشێوەی ڕەسمی و بڕیار دانەنرێت.

لەم سۆنگەیەوە ڕێدەکەوێت هەندێکجار فەتوای دژ بەیەک هەبێت، ئەمەش سروشتی نییە.

پێشەوا ئیمام مالیک و ئیمام شافیعی و ئیمام ئەحمەد لەیەک زەمەنا بوون، ئیمامی شافیعی شاگردی ئیمامی مالیک بووە، ئیمامی ئەحمەدیش شاگردی ئیمامی شافیعی، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەیان فەتوا و بابەتی جیاجیادا، بۆچوونیان زۆر جیاواز بووە.

بەڵام ئەوەی گرنگ بووە لەو دۆخەدا ئەمەیە:

١- هەرگیز ڕاجیاییان سەری نەکێشاوە بۆ دژایەتی و رق و کینە و لێخویندن و تەکفیر و تەفسیق و نیسبەتدانی یەکتر بە بیدعەچی، بەردەوام یەکتریان خۆشویستووە و دوعایان بۆ یەکتر کردووە و ڕێزیان لە بۆچوونەکانی یەکتر گرتووە. ئیمام شافیعی لە شیعرێکدا دەربارەی پێشەوا ئەبو حەنیفە دەفەرموێ:

**لقد زان البلادَ ومن عليها**
**إمَامُ المُسْلِمينَ أَبُو حَنِيفة**
**بأحكام وآثار وفقهٍ**
**كآيَاتِ الزَّبُورِ عَلَى الصَّحِيفَة**
**فما بالمشرقين له نظيرٌ**
**ولا بالمغربين ولا بكوفه**
**فَرَحْمَةُ رَبِّنا أبداً عَلَيْهِ**
**مَدَى الأَيَّام مَا قُرِئَتْ صَحِيفة**

واتە: خاک و وڵات سەنگ و جوانی و قورسایی هەیە کە (ئەبوحەنیفە)ی تێدایە، بەهۆی بەرهەم و

فەتوا و زانستە گەورەکەیەوە، کە وەکو بەڵگە و ئایەتەکانی (زەبور) لەسەر لاپەڕەکان پەخشان و درەخشانن، هاوتای ئەو زانایە نییە، نە لە هەردووولای رۆژهەڵات و نە لە هەردوولای رۆژئاوای جیهاندا، بگرە لە شاری (کوفە)ی عێراقیش نییە ـ کە لەو سەردەمەدا مەڵبەند و پێگەی گەورە زانایان بووە- دەی خوایەگیان سۆز و بەزەیی و میهری خۆت بڕێژە بەسەر گیانی بەرزی ئەو زانا پایەدار و خواپەرستەدا کە بە درێژایی رۆژگار نووسین و لاپەڕەکانی دەخوێنرێن.

سەیرکە بەمشێوە لە رێز و گەورەیی خۆشەویستی باسی پێشەوا (ئەبو حەنیفە) دەکات. هەروەها پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەفەرموێت: (هەرکەس پەنجەکانی دەستی خامە و پێنووس و تێنووس بگرێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان قەرزار و منەتباری شافیعییە).

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: (شەش کەس بەردەوام لە کاتی نوێژی بەیانیدا نزا و دوعای خێریان بۆ دەکەم، یەکیان شافیعییە).

پرسیاریان لە پێشەوا شافیعی کرد لەگەڵ ئیمام ئەحمەد سەردانی یەکتر دەکەن؟ فەرمووی: (گەر من سەردان و زیارەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بکەم ئەوە بە هۆی گەورەیی ئەوەوەیە، ئەویش سەردانی من بکات گەورەیی و رێزی خۆیەتی، لە هەردوو بارەکەدا گەورەیی و رێز هەر لەوەوەیە).

ئەم گەورە پێشەوایانە لە چ جیهانێکی رۆحی و مەعنەوی و عیرفان و خۆشەویستی و برایەتی و دڵسۆزیدا بوون.

٢ـ پێشەوایانی ئیسلام کاتێ کە فەتوایان داوە ئامانجیان رەزامەندی خوای گەورە و رۆشنکردنەوەی پەیامەکەی و ئاراستەکردنی موسڵمانان بووە بە شێوازێکی تەندروست. هەرگیز بانگەشەیان بۆ لای بۆچوونەکانی خۆیان نەکردووەو دەمارگیریان نەبووە، هەمیشە خەمی گەورەی خەڵکیان هەڵگرتبوو، هەربۆیە بوونە رابەر و پێشەنگ و پێشەوا، ئارەزووی هیچ پلە و پۆستی دونیایی و ماڵ و سامانیان نەبووە.

٣ـ دەمارگیری مەزهەبی، نەخۆشییەکی کوشندەیە، هەرخۆت و بۆچوونەکانی خۆت بەراست بزانی و خەلکانی تر بە هەڵە و لادەر و سەرلێشێواو، ئەم بۆچوونە هەمیشە دوور بووە لە پەیامی ئیسلام و بۆچوونی پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەکە.

(حەسەن کوڕی عەبدولعەزیز جەرەوی) کە شێخ و مامۆستای پێشەوا (بوخاری) بووە دەفەرموێت، شافیعی دەفەرموێت: (لەگەڵ هەرکەسێک مونازەرەم کردبێت، حەزم نەکردووە ئەو کەسە بکەوێتە هەڵەوە، حەزم کردووە هەمیشە خەڵکانی تر خۆیان زانابن و زانست نەدرێتە پاڵ من و من بە خاوەنی نەزانرێم).

(رەبیع) فەرموویەتی: (پێشەوا شافیعی نەخۆش کەوت، منیش چووم بۆ سەردانی، باسی ئەو کتێبانە کرا کە دایناون، فەرمووی خوازیارم خەڵکی ئەم کتێبانە فێر ببن و بیزانن، هەرگیز نەدرێتە پاڵ من).

# فەتوای سیاسی؛

## جۆرو شێواز، لێکەوتەو دەرئەنجامەکانی

بەدڵ زۆر حەزم نەدەکرد لەم بابەتە بنووسم، چونکە بابەتێکە تا ڕادەیەك ئازار بە دڵم دەگەیەنێ، بە هۆی ئاڵۆزی بابەتەکەو گەڕانەوەیەکی دوور و درێژ بۆ مێژووی هەریەك لە (دەوڵەتداری ئەمەوی و عەباسی و فاتمی و مورابتین و موحدین و مەمالیك و ئەیوبی و دەوڵەتی ئەندەلووسی تا دەگاتە عوسمانییەکان و ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی). بەردەوام حەزم کردووە قسە لەسەر لایەنی ئیجابی بکەم و مێژووی موسوڵمانان لەکەدار نەکەم، بەڵام لەبەر پێویستی بابەتەکە و کاریگەرییەکانی ناچاربووم لێکۆڵینەوەیەکی کورت لەسەر ئەم بابەتە بنووسم.




**د. ئیدریس کاریتانی**

لەدایکبووی ١٩٧٧. دکتورا لەفیقهی بەراورد. ماموستای زانکۆ لەئاڵتون کوپری. بەڕێوەبەری گشتی دەزگای رووناکی. خاوەنی سێ پەرتوکی چاپکراو لەبواری فکری ئیسلامی.

دیارە بابەتی فەتوای سیاسی گاریگەری یەجگار زورە لەگۆڕەپانی ئێستای سیاسی و ململانێیەکاندا، ئەمەش بۆ بەهێزی ئایین دەگەڕێتەوە، هەر بابەتیک پشت بەدەقی ئایینی ببەستێ گاریگەری زیاتر دەبێت، بۆیە هەرکەس دەیەوێت بۆ خۆی بەکاری بهێنێ، ئیسلام لەبەر ئەوەی ئایینی ژیانە قسەو فەتوای هەیە لەسەر هەموو جومگەکانی ژیان، سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەکان بەگشتی و موسوڵمان بەتایبەتی حەزی بەو کردارانە هەیە کەفەتوایەکی شەرعی پشتگیری بکات، لەو سۆنگەوە هەردوو جۆری دەسەڵاتدارەکان، دادوەر و زۆردار، هەوڵی ئەوە دەدەن فەتوای سیاسی بکەنە پاڵپشت بۆ کارەکانی خۆیان، تاخەڵک بەئاسانی دەستەمۆ بێت بۆ بڕیارەکانیان، دوای ئەوەی دەسەڵاتداران لە ڕێڕەوی تەواوی خۆیان لایانداو بەرەو ستەم و زوڵم ڕۆیشتن، دەنگی نارەزایی لەناو خەڵک بەرز بویەوە، دەسەڵاتداران ناچار بوون پەنا ببەنە بەر زانایانی ئایینی و فەتوای سیاسی بۆ پاڵپشتی کارە نارەواکانیان دەربکەن، ئینجا لەکۆنەوە تا ئەمرۆش زانایان بونەتە دوو بەش، بەشێکیان ڕوبەڕووی دەسەڵاتداران بونەتەوەو فەتوای نارەوایان بۆ نەداون و کەوتونەتە بەندینخانە و شار بەدەر کراون(١)، بەشێکیشیان بونەتە زانای دەسەڵاتداران و جۆنیان ویستووە ئاوا فەتوای سیاسیان بۆ داون، تائێستاش ئەم جۆرە بەناو زانایانە هەر کاریگەری خراپیان هەیە، بونەتە پاڵپشتی حیزبە عەلمانییەکان، هەر جۆرە فەتوایەکیان پێویست بێت بۆیان ئامادە دەکەن، دەیان ئایەت و فەرمودەیان بۆ تەئویل دەکەن، بێ ترسان لەخوداو ڕۆژی دوایی! ئەمە وای کردوە خەڵک ڕقی لەفەتوای سیاسی بێتەوە، ئەو زانایانەی بەم کارەش هەڵدەستن زۆر قێزەونن لەبەر چاوی خەڵک، زۆر جاریش دەبێتە کاریگەری خراپیان لەسەر دەعوەو ئایینیش دەبێت.

## فەتوای سیاسی چییە؟

بابەتی فەتوای سیاسی، واتە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان مومارەسەی سیاسەت و پەیوەندییەکانی بە دەقە ئایینییەکانەوە، ئینجا ئیجابی بێ یان سلبی، یان دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان حاکم و دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ زانایانی ئایین، کەواتە فەتوای سیاسی بەگشتی بڕیار یان کردارێکی سیاسییە ئەو کەسەی دەری دەکات مولزەمە کە حاڵەتە سیاسییەکە و دەقە شەرعییەکان بەیەکەوە گرێبدات و ڕوونیان بکاتەوە، بۆیە کارێکی زۆر ئەستەمە بتوانین فەتوای سیاسی لە بابەتەکانی تر جیا بکەینەوە، چونکە فەتوای سیاسی ڕاست و دروست وەک فەتوای بابەتەکانی عیبادەت و معامەلات و بەشەکانی تری فیقهیە، ئەم بابەتانەی ئەمڕۆ کە بۆتە گرنگترین بابەتی گۆڕەپانی سیاسی هەموویان پەیوەندییان بە فەتوای سیاسی هەیە، وەک: گۆڕانکاری، گەیشتن بەحوکم، هەڵبژاردن، ئازادی نیشتیمانی، مافی مرۆڤ، ئاوەدانکردنەوە، بەرژەوەندی گشتی، مەدەنیەت، یەکسانی.....هتد. بۆیە ناکرێ موفتی خۆ لەم بابەتانە دوور بگری و فەتوایان لەسەر نەدات.

## سەرچاوەی دەرکردنی فەتوای سیاسی

فەتوای سیاسی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەدوو سەرچاوەی دەرچونەوە هەیە، یان ئەوەتە لە سەرچاوەیەکی سەربەخۆ لە مەوقیعی قەراری سیاسی دەردەچێ، یان ئەوەتا پەیوەندی بە قەراری سیاسییەوە هەیە، پەیوەندیەکەش بە دوو جۆر دەبێ:

جۆری یەکەم: پەیوەندی سەرچاوەی فەتوای سیاسی بە قەراری سیاسی، بۆ ئەم جۆرەیان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، یان ئەوەتە دوای ئەم کاتەیە.

ئەگەر لەسەردەمی پێغەمبەر بوو (صلى الله عليه وسلم)، ئەمەیان پەیوەندی بە گوفتار و کردار

و تەقریراتی پێغەمبەرەوە هەیە، ئەمەشیان ئەگەر وەحی بوو ئەوە وەک سیفەتی پێغەمبەرایەتی (صلی الله علیه وسلم) دەردەکەوێ، ئەگەر بەسیفەتی خیبرە و تەجروبە و رەئی و بۆچوون بوو لەو کاتەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پرس و راوێژی لەگەڵ هاوەڵان دەکرد وەک سەرکردەیەکی دەوڵەتداری سوودی لەپسپۆڕی هاوەڵان وەردەگرت(٢).

### فەتوای سیاسی سەربەخۆ:

ئەمجۆرە فەتوایەی لەپێشدا باسمانکرد، دەکرێ بڵێین پەیوەندی راستەوخۆی بە مەوقیعی بریارەوە هەیە، بەتەواوی دەوڵەت و دامودەزگای دەوڵەت دەری دەکات. بەڵام فەتوای سیاسی سەربەخۆ جگە لەدەوڵەت، تاک یان کۆمەڵە زانایەک بە شێوازی دەستە جەمعی، وەک ئەو شێوازە سەردەمیانەی ئیستا ناونراوە (مجمع، دەستە، کۆمەڵ...) یان هەر ناوێکی تر دەری دەکات، ئەمجۆرە فەتوایانە جاری وا هەیە شێوازی دوژمنایەتی و دژایەتی بەرامبەر دەسەڵاتدار و دەوڵەت وەردەگرێ، جاری واش هەیە شێوازی ئامۆژگاری، ئەم دوو جۆرەش دەسەڵات دارو سوڵتانەکان یان قەبوڵی دەکەن، یان ئەوتا زور بەتوندی دژی دەوەستنەوە، زانایانیش دووجۆر بۆچونی جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە، ئایا زانا بچێتە دەرگەی دەسەڵاتداران و ئامۆژگاریان بکات و فەتوایان لەبارەی بابەتە سیاسییەکان بۆ دەر بکات، یان دژیان بوەستێتەوە:

– ئەوانەی دەڵێن نابێ بچێتە بەر دەرگای دەسەڵاتداران، ئیمامی غەزالی دەفەرموویێت: **(قَالَ: إِيَّاكُمْ وَمَوَاقِفَ الْفِتَنِ ، قِيلَ: وَمَا مَوَاقِفُ الْفِتَنِ يَا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ؟ قَالَ: أَبْوَابُ الأُمَرَاءِ، يَدْخُلُ أَحَدُكُمْ عَلَي الأَمِيرِ فَيُصَدِّقُهُ بِالْكَذِبِ وَيَقُولُ مَا لَيْسَ فِيهِ)(٣).**

– بەشی دووەم رایان وایە نابێ لە دەسەڵاتداران دووربکەویتەوە و لە فەرمانیان دەرچی و پشتیان تێ بکەی، بەڵکو دەبێ بەردەوام لەرێی فەتوا و تێکەڵبونیان ئامۆژگاریان بکەی، لەگەڵ ئەوەش جاری وا هەیە لە کردەوەکانیان رازی نەبوون و بەدڵیان نەبووە، لەوانە ئیمامی مالک: ئەبو زوهرە لەو بارەیەوە دەفەرمویت: (عندما سئل عن قتال الخارجين على الخليفة، فقد قال قائل: أيجوز قتالهم؟ فقال: إن خرجوا على مثل عمر بن عبد العزيز، فقال: فإن لم يكن مثله، فقال: دعهم ينتقم الله من ظلم بظالم، ثم ينتقم من كليهم(٤).

لە نێو ئەم دوو بۆچوونە، رایەکی تر هەیە دەڵێن نابێ بەهیچ شێوازێک موفتی فەتوا بدات لەدەرەوەی دەسەڵاتداران و دەوڵەت، ئەبو زکریای ئەنصاری دەفەرمویت: **(وَيَنْبَغِي لِلْإِمَامِ أَنْ يَبْحَثَ أَيِ يَسْأَلَ أَهْلَ الْعِلْمِ الْمَشْهُورِينَ فِي عَصْرِهِ عَمَّنْ يَصْلُحُ لِلْفَتْوَي لِيَمْنَعَ من لَا يَصْلُحُ لها منها وَيَتَوَعَّدُهُ بِالْعُقُوبَةعلي الْعَوْدِ(٥).**

دیارە بەشێکی زۆر لەزانایان بەم بۆچونە رازی نین، دەفەرموون زانا دەبێ سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و بەتەواو خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ قەناعەت و بڕوا بوون بەدەلیلی شەرعی و دووربێ لەکاریگەری دەسەڵاتدار و هەر پاڵنەرێکی تر.

فەتوای گروپ و کۆمەڵەی سیاسی و فکری

ئەمە جۆری دووەمە لەشێوازی فەتواو سەرهەڵدانی دەستە و تاقم و تاکە تاکەی بیرمەند، هەر کەس لەشوێنی خۆیان فەتوا دەردەکەن، فەیومی دەڵێت: ( لەدوای (٤١)ی کوچی دەستەو تاقم و گروپ پەیدا بوون، هەر کەس و گروپێک بۆ خۆی فەتوای دەدا، وەک شیعەو موعتەزیلەو خەواریج، شیعەش دابەشبوون بەسەر ئیمامی و دوانزەییەکان و زەیدی و واقیفی و کیسانی و.... خەواریجەکانیش بۆ ئەزاریقە و نەجدان و ئیبازی و سەعالیبە، موعتەزیلەش بۆ واصیلە و جاعیزە و..... ئەهلی سونەش بو ئەشعەری و کەلامی و... هەر یەک لەم رێرەوانە دەیویست لە رێی فەتواوە خۆی بەسەر بەشەکانی تر دا زال بکات، بۆیە هەر بەش و گرووپێک خاوەن فەتوای خوی بوو) (٦)، ئەم دابەشبونە وایکرد هەر حیزب و گروپ و بیرمەندێک فەتوای تایبەتی خۆی هەبێ.

## جۆرو بارودۆخی فەتوای سیاسی

دیارە حاڵ و بارودۆخی فەتوای سیاسیش چەند جۆریک بەخۆیەوە دەبینێ، فەتوامان هەیە راشکاوانە و راستە و هیچ پێچ و پەنای تێدا نیە، وەک فەتوای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەبارەی بڕیاردان لەسەر کوشتنی هاوبەشدانەرەکان با لە بن دیواری کەعبەش بن، هەروەها فەتوای عیزی کوری عبدالسلام لەبارەی وەرنەگرتنی شایەتمانی (فخرالدین کوڕی عوسمانی) وەزیر، هەروەها فەتوای ئیمامی شیرازی لەبارەی قبوڵ نەکردنی نوسراوی قازی خەواریجەکان.... و چەندان جۆری تری فەتوا کە بە راشکاوانە ناوی کەس و شوێن و جۆریان تێدایە.

جۆرێکی تر لەفەتوای سیاسی ناڕاستەوخۆ و شاراوە دەر دەکەوێ، لە ناوەڕۆکدا بە شێوازی مەجازی وای لێ دەفامریتەوە، مانای لێ وەردەگیرێ، بە تەئویلکردن و تێگەیشتن لەئایەتەکان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەک فەتوای ئیمامی مالیک لەبارەی نەکەوتنی تەڵاقی زۆرلێکراو.

## فەتوای سیاسی چۆن رێکدەخرێت؟

دوای روخانی خەلافەت و نەمانی سیستەمی حووکم، تەواوی بەشەکانی ژیان شڵەژاوە و بۆتە فەوزا، بێگومان فەتواش بێبەش نییە لەم فەوزایە، بەڵکو پشکی شێری بەر کەوتووە، لەبەر بوونی بەرژەوەندی تاک و حیزب و گروپ و زیادبوونی پەیوەندی هەمەلایەنە و جیهانی عەولەمە و هەوڵدان بو گەرانەوەی حووکمی ئیسلامی، جگە لەوەش کاریگەری دەوڵەتە زلهێزەکان و دروستکردنی دەیان رەوتی جیا جیا بەناوی ئیسلامەوە، یان بەناوی سەلەفیەت و قورئان و سونەو بیدعە..... هتد، بەتایبەتی سعودیە و دەسەڵاتدارانی جیهانی عەرەبی بۆ ماوەی سەدەیەکە زۆربەی هەرە زۆری فەتواکان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران و خزمەتی حاکمەکان بووە، دوا قسەی شانشینی سعودیە (محەمەد کوری سەلمان) بەئاشکرا رایگەیاند: (رەوتی وەهابیمان راگەیاند تەنها بە بریاری ئەمریکا بوو)(٧)!!! بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی سعودیە پشتگیری ئەم رەوتەی کرد بە سەرمایە و پارەیەکی زۆر، بە ملیونەها نامیلکەی پڕ لە فەتوای سیاسی بۆ جیهانی ئیسلامی نارد، بەیەکجاری فەتوای کردە سیاسی و فەوزای نایەوە، بەشێک لەزانایانیش بەناوی ئیتاعەی ئەمیر و دەرنەچوون لە ژێر ئەمری ئەمیری ئیمانداران کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم شەپۆلە سیاسییەوە، ئەم فەتوایانە بەپێی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران رەوتێکی سیاسی تەواوی وەرگرت، بۆیە ئێستا لە نێو کۆمەڵگادا ئەگەر فەتوا لەبواری سیاسی بدرێت دەستبەجێ تێروانینی خەڵک بۆ فەتوایەکی جیاواز دەچێ گوایە فەتوایەکی سیاسییە، ئەم روداوانە وایکردوە مادام سیستەمێکی حوکمت نەبێ ناتوانی بەئاسانی فەتوای سیاسی رێک بخەیت، تەنها ئەوە نەبێ چەند پێشنیار و خاڵێکی بنەرەتی باس بکەی، تا ئەم حاڵەتە لەبێژینگ بدەی، بزانی ئەم فەتوایە بۆ مەرامی سیاسی دراوە، یان فەتوایەکی راستە تەنها پەیوەندی بەکاری سیاسی هەیە، لەوانە:

١. دورخستنەوەی فەتوای سیاسی لەبیری تەسکی حیزبایەتی.

٢. دوورکەتنەوەی زانایان لەژێر چەتری دەسەڵاتدار و کاربەدەستەکان.

٣. . دوورکەوتنەوە لە فەتوای تاکە کەسی و رێکخستنی فەتوا بەشێوازی دەستە جەمعی و دامەزراوەیی.

٤. سپاردنی فەتوا بەکەسی پسپۆر لە بوارە تایبەتیەکان، بەتایبەتی وەرگرتنی (تخصص) لەبوارەکاندا.

٥. لە هەموو ئەوانەش گرینگتر، دینداری و لەخوا ترسانە، وەک پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت **(أَجْرَؤُكُمْ عَلَي الْفُتْيَا أَجْرَؤُكُمْ عَلَي**

النَّارِ)(٨).

٦. دووركەوتنەوە لەبەرژەوەندییە تایبەتییەكان.

٧. تێگەیشتن و وردبونەوە و شیكردنەوەی تەواو بۆ بابەتەكە.

٨. هۆشیاری تەواو لەسەر فكری سیاسی و واقیعی سیاسی.

٩. خۆ یەكلاكردنەوەی تەواو (التجرد).

١٠. فەراهەمكردنی ژیانی موفتی، تا بتوانێ گاریگەری كەس و حیزبی لەسەر نەبێ.

هۆكارەكانی بەكار هێنانی فەتوای سیاسی بۆ دەسەڵاتدارانی ستەمكار

دەسەڵاتدارە ستەمكارەكان پانتایەكی مێژوویی دوور و درێژیان بەركەوتووە لەجیهانی ئیسلامی، بۆ ئەم ستەم كاریەی خۆیان هەوڵیانداوە چەندان هۆكاری ناوەكی و دەرەكی دروست بكەن، تا فەتوای نادروستی سیاسییان بۆ دەربكەن، هەندێك لەو هۆكارانە دەبنە هۆی دەركردنی فەتوای سیاسی بۆ دەسەڵاتدارانی ستەمكار بە كورتی ئاماژەیان پێدەكەم:

١- وەرگرتنی پارەو پوڵ و خۆدەرخستن.

٢- نەزانی و ناشارەزایی بە زانستی شەرعی و گەورەیی مەكانەتی فەتوا.

٣- دەمارگیری قەومی و حیزبی كوێرانە.

٤- هەست نەكردن بە بەرپرسیاریەتی ئەم كارە گەورەیە.

٥- ورد نەبونەوە لە زیانە ترسناكەكانی فەتوای سیاسی و لێكەوتە خراپەكانی.

٦- ڕازیكردنی زاڵم و ستەمكار و كافران.

٧- خۆ فرۆشی و بەكارهێنانی دین بۆ ژین.

دەرئەنجام:

ئەم كورتە لێكۆڵینەوەیە چارەسەری بابەتێكی ئاوا هەمەلایەن و هەمەڕەهەند و فراوان ناكات، تەنها ئەوە نەبێت بەرچاوڕوونییەكە بۆ ئاگاداربوون لە بابەتی فەتوای سیاسی، ئایا بونی هەیە یان نا؟ جیاوازە یان نا؟ دەقە شەرعییەكان قسەیان هەیە لەسەر ڕووداوە سیاسییەكان؟ پێوەری شەرعی بو فەتوای سیاسی چییە؟ چەند جۆرە؟ بۆچی ئەم بابەتە بەكار دێت؟ پێوەری ڕاست و دروستی فەتوای سیاسی چیە؟. بەهەرحاڵ بۆ چارەسەری بابەتی سیاسی بەپێوەری دروست دەبێ كیان و حكومەتێك هەبێ بەپێی پسپۆری لیژنەو دەستەی زانایان ڕابسپێرێ، حكومەتیش باڵپشتی فەتواكانیان بكات، لەئێستادا نمونەیەكی زیندوو هەیە، حكومەتی سودان لیژنەیەكی ٥٠ كەسی پێكهێناوە بۆ فەتوادان، حكومەت پشتگیریان دەكات، دوای دەرچونی فەتواكە دەیبەنە پەرلەمان و لەوێ موصادقەی لەسەر دەكرێ و لەدامودەزگاكان كاری پێدەكرێت، لەمێژوی ئیسلامی سەردەمێك هەبووە دامودەزگای وەقف تەواوی ژیان و گوزەران و پێداویستی زانا و قوتابیانی شەرعی و تەنانەت مزگەوت و دەیان دامودەزگای فەتوا و شوێنە ئاینەكانیشی گرتووەتە ئەستۆ، ئەمە وایكردبوو زانا و دامودەزگاكان تەواو سەربەخۆ بن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، ئەمە بووە چارەسەر، بەڵام لەوڵاتێكدا زانایان دابەشبن بەسەر ئەحزابی ئیسلامی و عەلمانییدا چۆن كۆنترۆڵ دەكرێن و یەكدەنگی لێ دروست دەبێ، یان فەتوای ڕاست و دروست لەبوارە سیاسیەكان دەدرێت، ئەمە گرفتێك، گرفتێكی تر بەڕای بەندە لەهەرێمی كوردستان زۆربەی دەزگا ئایینیەكان بەحیزبی كراون، ناتوانن بێلایەنی لەفەتوای سیاسی بپارێزن، كەمی زانست و نەبونی شارەزایی و پسپۆڕیش لەبواری فەتوا، بەتایبەتی لەڕووداوە سیاسییەكان گرفتێكی تری زۆربوونی فەتوا سیاسییە ناواقیعییەكانە، تا ئەم حاڵەتانە بەردەوام بن فەتوای ناڕاستی سیاسیش هەر بەردەوام دەبێت، هەر كات ئەم حاڵەتە چارەسەر كرا، خاڵەكان فەراهەم كران، زانایان سەربەخۆیی خۆیان پاراست، بەتایبەتی لەڕووی مادییەوە، ئەو كات ناچنە ژێر كاریگەری هیچ دەسەڵاتدارێك و فەتوای سیاسی ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت.

## پەراوێزەکان:

١- وەک: ئیمام احمدی کوری حەنبەل و عزی کوری عبدالسلام و ئیبن تەیمیە...

٢- وەک: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ویستی نیوەی بەروبومی مەدینە بداتە هاوبەشدانەران لەغەزوەی ئەحزاب، سعدی کوری موعاز و سعدی کوری عوبادە گوتیان: ئەگەر وەحییە ئەوە گوێڕایەڵی دەکەین، ئەگەر ڕەئی و بۆچوونە، ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین و تەنها شمشیریان پێ دەدەین. هەروەها فەتواکەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەفەتحی مەککە بۆ کوشتنی کومەڵێک لەهاوبەش دانەران. ئەمانە فەتوای سیاسی بوون. بڕوانە: فتح الباری شرح صحیح البخاري، ج١٨ – ص١١. هەروەها – ج٧ – ص٤٠٠.

٣- بروانە: احیاء علوم الدین ، ج٢ – ص١٨١.

٤- مالک حیاته وعصره أراؤه الفقهیة لمحمد أبو زهرة، دار الفکر العربی، ص٥٢ – ٥٣.

٥- أسنی المطالب في شرح روض الطالب، لزکریا الانصاری، (ج٤/ ص٢٨٣).

٦- بروانە: علماء في وجه الطغیان، د. محمد بن ابراهیم الفیومي، الموسسة العربیة للنشر، رقم (٧٩)، ص١٤٣–١٤٦.

٧- چاوپێکەوتنی محمد بن سلمان لەگەڵ واشنتۆن پۆست.

٨- سنن الدارمي (١/ ٢٥٩).

# فەتوا لەنێوان ئامانجە ڕەواکانی شەریعەت و ئاوێتەکرنی بەململانێ سیاسییەکان




. د. کامەران ئەورەحمان مەجید


لەدایکبووی (١٩٧٣) سلێمانی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستە ئیسلامییەکان. پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لەزانکۆی سلێمانی سەرۆک بەشی بنەماکانی ئایین لەکۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان.

بەناوی خودای بەرزی بێ هاوتا

سوپاسی بێ پایان بۆ ئافرینەری دلۆڤان، دووردی بێ سنوور بۆ سەر گیانی پاکی پەیامبەری سەرداری هەردوو جیهان و بۆ سەر گیانی یارو یاروەرانی تا رۆژی دوایی.

لەو کاتەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە ئامانجە مرۆڤ دۆستی و ژین پارێزەکەیەوە هاتە نێو کایەی ژیان، مەساری ژیانی مرۆڤەکانی بەرێژەیەکی بێ وێنە وەرچەرخان، لەنەزانینەوە بۆ زانین،و لەرق و کینەوە بۆ دۆستایەتی، بگرە لەدوڕندەیی وەک زیندە بەچاڵکردنی منداڵان بۆ نازهەلگرتنیان و رێزگرتن لە ژنان و مامەڵەکردنیان وەک تەواوی مرۆڤەکان، بە فەرمانە زێرینەکانی دەرهەق بەپاراستن و دڵنەوایی کردنی هەژارو کۆیلەو بێ نەوایان و بێ باوکان دەنگی دایەوە، ئیتر لەو دەمەوە ئیسلام بووە رووگەی پرسیارەکان لەمەڕ هەر بابەتێکی هەنووکەیی و پرسیارگەلێک لەهەرسەردەمێک قوت بووبێتەوە لە ژیانی مرۆڤایەتی. ئەویش تاسێبەری نوورانی پەیامبەرەکەی (درووودی خوای لەسەر بێ) باڵی بەسەر ژیان کێشابوو، بۆخۆی دەروازەی سەرەکی وەڵامی پرسیار و کردنەوەی گرێ و گۆڵەکان بوو، بەهەردوو شادەماری سەرچاوەی سەرەکی پەیامی ئاینین نیگای راستەخۆ و ناراستەوخۆ (قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پەیامبەر (درووودی خوای لەسەر بێ).

لەدوای ئەویش، زانایانی پسپۆرو بەسۆزو سەرراست و بەئەمەکی ئوممەت، شانیان دایە بەر ئەو کارە سەنگینە، توانیان هاوسەنگ پارێزبن لەنێوان ئامانجە رەواکان و بەرژەوەندییە باڵاکان، پەرگیری و خاوگیری. ئالێرەوە، بابەتێک زۆرتر لەژیانی موسوڵمانان ناوی بووە وێردی سەر زاران، لەکاتی هەر ئاریشەیەک رووبەڕووی گرۆهی برواداران دەبووەوە، باسی دەهاتەوە نێو باسان ئەویش بریتی بوو لە فەتوا.

بێگومان ئەم ووشەیە لەسەراپای ژیانی موسوڵمانان، لەهەموو چەرخ و چاخێک، لەتەواوی شارو شاروچکەو ئاوەدانییەک، پێگەیەکی کەم وێنەو شکۆیەکی باڵای هەبووە، هەمیشە ئەو ئاسۆ پڕ ئومێدە بووە، کە تەمومژەکانی تاراندووە، بەبەیان و رووونکردنەوە ئەفسووناوییەکانی.

بۆ خستنە رووی ئەم بابەتەو هەڵوێستەکردن لەمەڕ باسێکی فراوان و بەرینی وەک فەتوا کەچەندە بڵێی پانوپۆڕو ئاوکێشە، دەبێت هەرچەند بکرێت، مرۆڤ کورت و پوخت خۆی لەباسەکانی بدات، هەربۆیە هەوڵدراوە بەمشێوەی دەیبینی بەسەر سێ تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، هەریەکەیان ناوئاخنی تایبەت بە خۆی هەیە: پلانی نووسین:

تەوەری یەکەم: پێناسەو پێگەی فەتوا.

تەوەری دووەم: پایەو مەرج و جێکەوتەکانی فەتوا و تێبینییەکان:

تەوەری سێیەم: فەتواو سیاسەت.

دەرەنجام و کۆتایی.

تێبینیەکی گرنگ: ووشەی زانا، بەزاراوەی ئەم توێژینەوە، زیاتر مەبەست لە موفتی و موجتەهیدە نەک بەزاراوەی ئەمرۆ کەهەمووان دەزانین مەبەست لە زانا کێیە.

## تەوەری یەکەم: پێناسەو پێگەی فەتوا

### پێناسەی فەتوا:

لەبنەڕەتدا وشەی فەتوا (فتوى، فتيا) عەرەبیە، واتا زمانەوانیەکەی تارادەیەک فراوانە، چەند لق و پۆپی لەخۆی ئاڵاندووە، شیکردنەوەی زۆری دەوێ(١)، دەکرێت سەرجەم ماناکانی لەدوو واتای سەرەکیدا چڕ بکرێتەوە:

یەکەمیان: رووونکردنەوەو بەیان، دووەمیش: بەواتای تەڕیی و نوێ بوون دێت(٢). ئەگەر سەرنج بدەیت ئەو دوو واتایە هەردووکیان مانای دڵنیا بوون و بەهێزبوونیان تێدا دەگەشێتەوە، چونکە بۆ نموونە تەڕ و وشک بەرامبەرن، تەڕ بەهێز و زیندووە، درەختی تەڕ بەهێزە،

هەرچۆن ئەوکەسەی ڕوونکردنەوەی لەمەڕ هەر بابەتێک بۆ دراوە دامەزراوتر و جێگیر ترە لەوانی تر، لەلایەکی تریشەوە ئەم دوو واتایە بەتەواوی ئاوێتەی مانا زاراوەییەکە دەبن، چونکە بەهۆی فەتوا و وەڵامی موفتییەوە، موستەفتی و پرسیارکار بەهێز و بەرچاوڕوون دەبێت و گومانی نامێنێت.

## پێناسەی فەتوا لەزارەوەی زانایان:

بێگومان زانایانی پێشین خۆیان لەقەرەی پێناسەی فەتوا نەداوە(٣) ، ئەمەش لەبەر بێ پێویستیان بووە بەپێناسە وەک زۆرێک لەزاراوەکانی تر، یەکەمین کەسێک پێناسەی بۆ فەتوا کردبێت- لەسنووری زانیاری کەم و کورتمدا- راغبی ئەصفەهانی بووە، کە لەساڵی (٥٠٢ کۆچی = بەرامبەر ١١٠٨ زاینی) کۆچی دوایی کردووە.

پاشان چەندین پێناسە بۆ فەتوا کراوە، کە تاوتوێکردنیان باسێکی مرۆڤ پروکێنەو کاتێکی زۆری دەوێت، بەکورتی دوو دیدگای جیاواز هەیە بۆ فەتوا کە لەپێناسەکانیشدا ڕەنگیان داوەتەوە:

یەکەمیان: ئەو زانایانەی مافی فەتوادانیان قەتیس کردووە تەنها لە موجتەهیدی ڕەهادا، ئەوان بەجۆرێک پێناسەی فەتوا دەکەن موجتەهید بوون تێیدا دەدرەوشێتەوە، لەو پێناسانەی بەم چەشنە سازدراون و بە هاوسەنگ و دروست بزانرێت، بریتیە لە: فەتوا: «ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعییە بەبەڵگە بۆ کەسێک پرسیاری کردووە»(٤).

یاخود بریتیە لە: «ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی بەبەڵگە بۆ ئەوکەسەی پرسیاری کردووە، بەپابەندکردن یاخود سەرپشک کردن»(٥)، وشەی بەڵگە لەم پێناسانەدا ئاماژەیە بۆ موجتەهید، ئاشکرایە دەبێت ئەو زانایە توانای هەڵهێنجان و تاوتوێکردنی تێکستەکانی قورئان و فەرموودەی هەبێت، کە ئەوەش لەتایبەتمەندیەکانی موجتەهیدە.

ئەو بۆچوونەش نیگەرانی هەندێک لەزانایانی لێ کەوتووەتەوە، سەبارەت بەمەرجی موجتەهیدبوونی موفتی دەڵێن: «ڕاگرتنی فەتوا تاپەیدابوونی موجتەهید، سەر بۆ ئاستەنگی گەورە دەکێشێ، بۆیە بژاردەی دروست ئەوەیە، ئەو زانایەی وتەی ئیمامەکان دەگەیەنێ و دەیانگێڕێتەوە ئەگەر دادپەروەربوو، توانای تێگەیشتنی وتەی پێشەوایانی هەبوو بۆ چاولێکەران(مقلد)، ئەوە بەهەند وەربگیرێ، کاری پێ ڕایی بکرێت»(٦).

دووەم: ئەوانەی بەئاسایی دەبینن جگە لەموجتەهیدیش فەتوای هەبێت، ئەمانیش لە پێناسەکانیاندا بەسانایی ئەو نادیدە گرتنە هەستی پێدەکرێت: وەک دەڵێن فەتوا: «ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەیە جێی ئیشکالە لەپرسیارگەلە شەرعییەکان»(٧)، وەک دەبینین، باسی بەڵگەو بورهان لێرەدا بوونی نییە. پوختەی قسە لێرە ئەوەیە، فەتوا بریتییە لەڕوونکردنەوەی حووکمی شەرعی بۆ کەسێ خوازیار و چاوەڕوانی ئەو ڕوونکردنەوەیە، ئینجا (بەڵگە) زیاتر پەیوەندی بەخودی موفتییەوە هەیە، وەک لەژیانی موسوڵمانانیش گوزەراوە، چەندین چەرخ لەسەردەمی زێڕینی ئیسلامی تابەئەمڕۆ دەگات، مەرج نییە هەموو کەس توانای تێگەیشتنی بەڵگەی هەبووبێت.

## پێگەی فەتوا:

فەتوایەک گەیاندن و ڕوونکردنەوەی حووکم و فەرمانە شەرعییەکان بێت، موفتییەک لەسایەی فەتوادا شکۆی گەیشتبێتە شوێنگرەوەی پەیامبەری خوا، وەک ئەبو ئیسحاقی شاتبی دەڵێت(٨)، بەڵکو واژۆ لەبری خوا و پەیامبەرەکەی دەکات ئیبنولقەیم گوتەنی(٩)، بێگومان هەر ئەوەندە بەسە بۆ درککردنی پێگەی فەتوا و شکۆی موفتی لە تەشریعی ئیسلامییدا، جگە لەوەی تەواوی ئەو تێکستانەی باس لە گرنگی و پایەی زاناو شکۆیان دەکەنەوە چ لە قورئانی پیرۆزو فەموودەکانی سەرووەر تێکرایان موفتی دەگرێتەوە.

## تەوەری دووەم: مەرجەکانی فەتواو موفتی:

مەرجەکانی فەتوا و موفتی و ئاداب و ئاکارەکان زۆرن، خودی فەتوا پێویستی بەڕوونی و تەواو تێگەیاندن و چەند مەرجی تر هەیە، بەڵام لەبەر کەمی بوار پێویستە قسەی زیاتر لەسەر مەرجەکانی خودی موفتی بکرێت.

مەرجەکانی موفتی:

موفتی چەقی پرۆسەی فەتوایە، چەندین مەرجی بۆ دانراوە، لەناو ئەو مەرجانە کۆمەڵێکی جێی کۆ دەنگییە، هەندێکیشیان تەنها چەند زانایەک بەهەندیان وەرگرتووە، هەرچۆن دەبینین هەندێک مەرجی تاقەت پڕۆکێنیان داناوە(١٠)، لەبەرامبەریشدا ئەوانیتر خەمساردی و خاوگیری بێ سنووریان ڕەخساندووە، بێگومان پاراستنی هاوسەنگی کارێکی ئێجگار گرنگە، بۆیە لەو نێوەندە زۆرێک لەزانایان گیرساونەتەوەو کۆمەڵە مەرجێکی دروست و هاوسەنگیان بەڕەوا بینوە(١١)، کەدیارە وەک هەمیشە دەبێت بەپوختی بخرێنە ڕوو:

مەرجە هەمیشەییەکان کەلەزۆربەی کاروباری ئایینی باس دەکرێن لەهەریەک لە: باڵغبوون و ژیری و موسوڵمانیەتی(١٢) خۆیان دەبیننەوە(١٣). پاشان مەرجە تایبەتیەکان کەبریتین لە:

١- پێویستە موفتی موجتەهید بێت، ئەمەش مەرجی بنەڕەتی زانایانی پێشین بوو، جگە لە موجتەهید کەسی تر مافی فەتوای نییە(١٤).

٢- دەبێت زانا بێت بەو تێکستانەی قورئانی پیرۆز حووکم و فەرمانیان لە خۆگرتووە، ئەمەش کۆدەنگی لەسەرەو جێگەی جیاوازی نییە، هەروەها لەپاڵ ئەمەشدا دەبێت زانیاری تەواوی هەبێت دەربارەی ناسیخ و مەنسوخ و هۆکارەکانی هاتن و دابەزینی دەقەکان(١٥). تەنها ئەوەندە هەیە ژمارەی ئەو دەقانەی حووکمیان لە خۆ گرتووە جێی کۆدەنگی نییە، بەڵکو چەند ژمارەیەکی جیاواز دەوترێت(١٦)، کە بەپێویستی نازانم دانە دانەی ژمارەکان بخەمە سەر رووپەڕی ئەم توێژینەوەیە(١٧)، دیارە جیاوازییەکە لەوەدایە هەندێک تەنها ئەو دەقانەیان ئەژمارکردووە کە ڕاستەخۆ حووکم دەگەیەنن، لەکاتێکدا ئەوانیتر ناڕاستەخۆشیان ئەژمارکردووە، ئەو دەقانەی حووکمیان لێ دەفامرێتەوە لەئاکامی تێڕوانین و سەرنجدان.

٣- موفتی دەبێت فەرموودەکانی پەیوەست بەحووکم و فەرمانە شەرعییەکان بزانێت، بە ناسینی زنجیرەی گێڕەروانی فەرموودە لەرووی وەرگیران و ڕەتکردنەوەی ڕیوایەتیان، هەرچۆن ناسخ و مەنسوخی فەرموودەش وەک قورئانی پیرۆز گرنگە(١٨)، هەندێک ئەمەیان ئاوێتەی مەرجی پێشتر کردووە، ئەوانیتریش وەک مەرجێکی سەربەخۆ دایانناوە(١٩). هەمان بۆچوونی جیا سەبارەت بەژمارەی فەرموودەکانی تایبەت بە ئەحکام لێرە دووبارە دەبێتەوە، هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا باسکرا(٢٠)، مەرج نییە هەموو ئەو فەرموودانەی لەبەربێت، بەڵکو گرنگە بەئاگابێت لێیان، لەکاتی فەتوا پێچەوانەی ئەوان فەتوا نەدات(٢١).

٤- زانا بێت بەزمانی نیگا – عەرەبی- و هەریەک لەزانستەکانی نەحو صەرف و ڕەوان بێژی بەلق و پەلەکانییەوە(٢٢)، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە کەسەراپای تێکستە پیرۆزەکان بەو زمانە هاتوون، ئەویش وردەکاری فرەی هەیە.

٥- ئاگاداری ئەوجێگانە بێت کە زانایان کۆک و تەبا و یەکدەنگن لەسەریان، بە پێچەوانەشەوە ئەو بابەتانەی ناتەبا و ناکۆکن، ئەمەش یەکێکی ترە لەمەرجەکانی موفتی(٢٣)، گرنگ ئاگاداربوونی ئەو بابەتانەیە کە کۆدەنگی و بۆچوونی جیایان لەسەرە، نەک لەبەرکردنیان(٢٤).

پێشەوا قەتادە(٢٥) سەبارەت بەو بابەتە فەرموویەتی: «ئەوەی بێ ئاگا بێت لە جێگەی جیاوازی بۆچوونی زانایان، ئەوە دوور و نزیک

پەیوەندی بەزانستەوە نییە، بۆنی شارەزایی نەکردووە»(٢٦)، عەتای کوڕی رەباحیش هەمان واتا دووپات دەکاتەوە(٢٧).

٦- زانینی زانستی بنەماکانی فیقهی ئیسلامی(أصول الفقه)، تابتوانێت ئیجتهاد و هەڵهێنجان ئەنجام بدات، ئەمەش گرنگترین زانستێکە بۆ موفتی (٢٨)، ئیمامی غەزالی دەفەرموێت: «بێگومان گەورەترینی زانستە پێویستیەکانی ئیجتیهاد فەرموودەو و زمان و بنەماکانی تێگەیشتنە» (٢٩). بەڵام فەخرەدینی رازی تەنها بنەماکانی تێگەیشتنی بەگرنگترین زانیوە» (٣٠).

پاشان چەند مەرجێکی تر باسکراوە، کە هەندێکیان فرە گرنگن، لەوانە ئامانجە باڵاکانی شەریعەت و شارەزابوون لەدۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و داب و نەریتی شار و ئاوەدانی(٣١).

هەروەها دووربوون لەپەرگیری و توندڕەوی و خەمساردی و خاوگیری، پابەندبوون بەمیتۆدی میانەڕەوی. هەرچۆن پێویستە بۆ موفتی زانیاری بەزانستەکانی تریش هەبێت، وەک پزیشکی و ئابووری دەروونی و هتد، بەتایبەت لە رۆژگاری ئەمرۆدا کەزۆر بابەت پێویستی بەپسپۆڕی جیاواز هەیە، تا وردەکاریەکانی شیبکرێنەوەو لەبەر رۆشنایی ئەوە بەرژەوەندی و زیانەکانی بەدیار دەکەون و دواتر فەتوا دەدرێت.

دیارە لەپەراوێزی مەرجەکانی فەتوا، هەریەک لەپایە و ئاداب و ئاکارەکانی موفتی هتد باس دەکرێت، لەبەر کورتی توێژینەوەکە ناچاربووین باسیان نەکەین.

## چەند سەرنج و پرسیارێك:

### یەکەم: ئەمرۆ فەتوا کاری تاکە کەسییە یان دەستە جەمعی؟

فەتوای بەکۆمەڵ و دەستە جەمعی، لەهەموو دەموساتێک، بۆ هەر پرس و بابەتێک، پەسەندترە لە فەتوای تاک، بەتایبەت ئەو بابەتانەی نوێن و هاوشێوەیان کەمە، یاخود هەرنەبووە، هەروەها ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەژیانی زۆرێک لەخەڵک هەیە، چونکە ژیری و ئەزموون رۆڵی کاریگەریان هەیە لە فیقهـ و فەتوادا، کەواتە بەکۆبوونەوەی زانست و ئەزموون و ژیری کۆمەڵێک ئاکامەکەی دڵنیاکارتر دەبێت، خۆ ئەگەر سەرنجی پێشینی ئوممەتیش بدەین، لەدوای کۆچی دوایی سەرداری مرۆڤایەتی (درووودی خوای لەسەر بێت)، بەتایبەت لە سەردەمەکانی هەردوو جێنشینی یەکەم ودووەم (خوا لێیان رازی بێت)، کەمێک دواتریش، زۆربەی بابەتەکان بە کۆمەڵ تاووتوێ دەکرا، بگرە بەتایبەت جێنشینی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی رازی بێت)، رێگری دەکرد زانایانی سەردەمی خۆی لەدەرەوەی مەدینە نیشتەجێ ببن، بۆ ئەوەی هەمیشە لەدەستەی فەتوادا ئامادەگیان هەبێت و بەدەستە جەمعی فەتوا بدرێت، بەهەمانشێوە لەسەردەمی تابیعینیش، وەک ئاشکرایە حەوت زانا بەناوبانگەکە هەبوون، لەمەدینە کۆدەبوونەوە بۆ فەتوا، بەوشێوەیە تاووتوێی بابەتەکان دەکراو وەڵامی پرسیارەکان دەدرایەوە (٣٢).

ئەمە جگە لەوەی چەند تێکستێکی پیرۆزیش جەخت لەکاری دەستە جەمعی دەکەنەوە لەهەموو کارێکدا، بێگومان فەتوای بەکۆمەڵ سەرکەوتووترە بەراورد بەفەتوای تاک، لەگەڵ ئەوەی پێویستە بزانین فەتوای بەکۆش رێژەی هەڵەی تێدا چاوەڕوانکراوە، ئەگەرچی بە ئەندازەیەکی کەمتر لەفەتوای تاک، هەروەها فەتوای بەکۆمەڵ بریتی نییە لە (ئیجماع)، چونکە ئیجماع(کۆدەنگی) بابەتێکی ترەو پێویستە تێکەڵ نەکرێن، ئەکرێت سەرەتایەک بێت بۆ دروستبوونی کۆدەنگی، بەڵام بێگومان بۆخۆی ئەو نییە.

بەتایبەت بۆ ئەمرۆ گرنگە، کارو پیشەی فەتوا رێکبخرێت، خەڵکی شایستەی بۆ بژاردە بکرێت، لەلایەن دەستەیەک لەخودی زانایانای لێهاتوو بەتوانا لەزانستە ئیسلامییەکان، ئەگەرچی سوباس

بۆ خوا زانایان پێشەنگن و خۆیان لەزووربەی وڵات و بگرە شار و شارۆچکەکان ئەو کارەیان کردووە، تەنها شتێک پێویستە بکرێت، چالاککردنی ئەو لیژنانەیە.

**دووەم: فەتوا، تێکستی پیرۆزو نەمرە، یاخود دەگۆڕێت؟**

هەندێجار ئەم باسە دێتە پێشەوە، ئایا فەتوا بۆخۆی تێکستی پیرۆزە؟ هەروەها بۆ هەموو کات و شوێنێکە؟ ئێمە زانیمان فەتوا بریتییە لە ڕوونکرنەوەی حووکمی شەرعی، لەڕاستیدا ئەگەر فەتوا بریتی بوو لە ڕوونکردنەوەی حووکمێک لە دەقێکی پیرۆز هاتبوو ئەو دەقەش لەجۆری تایبەت بوو، دیارە موفتی لێرە تەنها واتای دەقەکەی کردووەو واتاش بەشێکە لە خودی دەق، بەتایبەت دەقەکە تەنها ئەو واتایەی هەبوو، ئەوکات فەتواکەش وەک دەقەکەیە.

بەڵام ئەگەر فەتوا بریتی بێت لە هەڵهێنجاندن و تێڕوانینی موفتی لەسایەی یەک لە سەرچاوەکانی تەشریع، وەک قیاس یاخود بەرژەوەندی(مصلحة)، هەروەها داب و نەریت... هتد، بێگومان هەمیشە بەرێزەوە مامەڵەی دەکرێت و نزای خێر بۆ خاوەنی دەکرێت، ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە لەفەتوا نەمر نییە، بەڵکو بەپێی هەمان ئەو سەرچاوانە دەکرێت فەتوای تر شوێنیان بگرێتەوە، ئەگە ڕێداچوونەوەیەک بەپەرتووکی زانایاندا بکەین، دەبینین ئەمە حاڵەتێکی زۆر بڵاوە، لەیەک ئایینزا چەندین بۆچوون و فەتوای جیاوازمان هەیە، هەندێکیان ئەوە هۆکارەکەیەتی، جاری وا هەیە، تەنها یەک زانا، سەبارەت بەیەک بابەت، زیاد لە فەتوایەکی هەیە، ئەمەش بەهۆی پێداچوونەوەی بۆ فەتواکەی بۆی دروست بووە، یاخود جیاوازی داب و نەریت لەشارێکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئیمامی شافعیش باشترین نموونەیە، ئەگەر بەراوردی فەتواکانی عیراق و میسری بکرێت، هەروەها ئیمامی ئەبی حەنیفە بە ئەبو یوسفی خوێندکاری دەوت: «وتەکانم مەنووسە چونکە ئەمڕۆ شتێک دەڵێم، سبەی لێی پەشیمانم» (٣٣).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی فەتوا ئەگەر لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی بابەتێکی جێگیر و نەگۆڕ نەبوو، ئەوا دەکرێت هەمیشەیی نەبێت و فەتوای تر جێگەی بگرێتەوە، هەروەها فەتوا وەک تێکستەکان نییە لەپیرۆزیدا، بەڵام بێگومان سەرمایەی زانایانی ئوممەتەو جێگەی ڕێزو شکۆیە.

سێیەم: زانستی نوێ و بەهرەی بۆ فەتوا هەیە؟

پێشتر لەباسی مەرجەکانی موفتی وترا، یەک لەو شتە گرنگانەی بۆ موفتی پێویستە بەئاگا بوونە لەزانستەکانی سەردەم، بێگومان ئەمە لەم چەرخەی ئێستادا بووەتە پێویستییەکی هەنووکەیی، چونکە زانستەکان سەرەڕای سەربەخۆییان تا ڕادەیەک چڕبوونەوەیان بەخۆوە بینیوە و وردەکاری کەموێنە لە ناوەڕۆک و چەمکەکانیان بەخەرج دراوە، بەجۆرێک هەموو کەس بەسانایی پێیان ئاشنا نابێت، وەک زانستی پزیشکی، بەتایبەت کەپەیوەندی ڕاستەخۆی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، بەتێکڕای پسپۆڕییە جیاوازەکانیاوە، بەهەمانشێوە ئەندازیاری و ئەوانیتریش، چونکە لەهەرسهێنانی باڵخانەیەکدا، پێویستە کەمتەرخەمی ئەندازیار بەهەند وەربگیرێت، ئەوەش پێویستی بە زانیاری سەرەتایی هەیە لەهەمان زانست بۆ دەستنیشانکردنی کەمتەرخەمییەکە.

ئینجا ئەو پێویستیە هەنووکەییە وایکردووە زۆرێک لەدەستەو لیژنەکانی فەتوا تیمی تایبەتی ڕاوێژکاریان هەبێت لەو جۆرە زانستانەی پەیوەندییان بەفەتواوە هەیە.

## تەوەری سێیەم: فەتواو سیاسەت:

فەتواو سیاسەت، ئەو دوو چەمک و بابەتەی بەردەوام هاوڕێی ژیانن و هیچکات بەیەک نامۆ نەبوون، زانیمان فەتوا چییە، وەلێ پێویستە مانای سیاسەتیش بزانین.

سیاسەت: ووشەیەکی عەرەبییە (٣٤)،پێناسەی زۆری لەلایەن زانایانەوە بۆ کراوە، کە ناکرێت

لێرەدا بخرێنە ڕوو (٣٥)، بەکورتی سیاسەت چەندین جۆری هەیە بەڵام لەڕووی دادگەری و ستەم دووجۆرە (٣٦)، یەکەمیان: سیاسەتی دروست و ڕەوا، کە پێناسەی فرەی بۆ کراوە، لەوانە: بەڕێکردن و بەڕێوەبردنێک، کە بەرژەوەندی و مافی خەڵکی خولیاو ئاواتی بەڕێوەبەربێت، ئەگەرچی بەڵگەی تایبەتیش دەرهەقی نەهاتبێت (٣٧).

یاخود: سیاسەت بریتییە لە: فەننی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی (٣٨). ئەم واتایەش، دیارە لە خامە نورینەکانی زانایان و لەسایەی تەشریعە لێوان لەبەختەوەریەکەی ئیسلامدا ئاوەها پێناسە کراوە (٣٩).

لەهەندێ تێکستیش، وشەی پەیوەندیدار بەسیاسەت هاتووە، وەک فەرموودەی: ((کانت بنو إسرائیل تسوسهم الأنبیاو کلما هلک نبی خلفە نبی...)) (٤٠). واتای: تسوسهم: سەرپەرشت و بەڕێوەبەری کاریان بوون، بەوێنەی دەسەڵاتدار (٤١).

## جۆری دووەم لەسیاسەت، ئاوەژوو ناتەبایە لەگەڵ ئەوەی باسکرا.

هەندێک دەڵێن سیاسەت واتە درۆ! (٤٢)، دزرائیلی بەریتانی(١٨٠٤-١٨٨١ز) دەڵێ: بەڕاستی سیاسەت هونەری فەرمانداری خەڵکە لەڕێگەی فێڵکردن لێیان» (٤٣)، میکافیلی ئیتالیش( ١٤٦٩- ١٥٢٧ز) دەڵێ: سیاسەت هونەری مانەوەیە لەدەسەڵات و یەککستنیەتی لەدەستی کاربەدەستان، بێگوێدان بەچۆنیەتی مانەوە و یەککستن، گرنگ گەیشتن بەئامانجە» (٤٤). دیارە لێرە چاو لەبەرژەوەندی و بەها مادییەکان دەکرێت، مەرج نییە لەقازانجی هەمووانیش بێت. بەهەرحاڵ، سیاسەت بەواتای یەکەم بێت کارێکی ڕەوا و نایابە، دووەمیش تۆی خوێنەر خۆت وەکیل بە.

سیاسەتی دروست لەگەڵ فەتوادا ئامانجەکانیان ئاویزانن، هەردووکیان ئامانجیان چارسەرکردن و بەڕێکردنی کاروباری مرۆڤە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەختەوەری، خۆ دیاریشە ئاسووەیی ئامانجی شەریعەتە (٤٥).

بەڵام دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت، سیاسەت لای موسوڵمانان لەسایەو سیبەری فەتوادا شەقاو دەهاوێ و هەنگاو هەڵدەگرێ، ئەوەش لەبەر یەک هۆکاری ئاشکرا، کە خودی سیاسەت بەشێکە لە فیقهـ و فەقیهیش موفتییە، کەواتە هەمیشە سیاسەت چاوەڕێی فەتوا دەکات، بەمشێوە هەماهەنگی دروست دەبێت، موفتی پشتیوانی ئەو سیاسەتە دەکات کەچاوی بڕیوەتە بەرژەوندی باڵای مرۆڤەکان، کار بۆ فەراهەمکردنی دەکات.

دەشکرێ هەندێجار ئەو کۆدەنگییە لەنێوان فەتواو سیاسەت درووست بێت و هێندە ئەو دوو ڕەهەندە ئاوێتەبن جیاکرنەوەیان ئەستەم بێت، موفتی پشتیوانی پرۆسەیەک دەکات میللەت لەزیان بەدوور دەگرێت و بەرژەوەندی وەچنگ دەخات.

لەمێژوودا زۆر جار تێگیران لەنێوان موفتی و سیاسیدا ڕویداوە، هەرجارەو لایەک گرەوی بردۆتەوە (٤٦). هەروەها مەرج نییە سیاسی موجتەهید بێت، یاخود زانایەکی لێهاتووبێت، سیاسەتوان هیچ ئەوانەی تێدا بە مەرج نەگیراوە، چونکە لەڕووی ئایینیەوە ئاوها دەخوازێت و لەبەر بەرژەوەندی باڵای مرۆڤەکان، سیاسیش داکۆکیکارە، چونکە بەهرەی بۆ هاوڵاتیان تێدایەو لەزیان بەدووریان دەگرێت.

ئینجا ئەگەر بپرسین: فەتوای سیاسی کامەیە؟ مێژووی فەتوای سیاسی بۆ کەی دەگرێتەوە؟

لەڕاستیدا دەستەواژەی فەتوای سیاسی، هەڵدەگرێ مەبەست لێی فەتوایەک بێت ڕەهەندێکی سیاسیشی هەبێت لەتەنیشت ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی، چونکە خودی سیاسەت وەک وترا بەشێکە لەفیقهی ئیسلامی، ئەمەش ئاساییە.

دەشکرێت مەبەست لێی فەتوایەک بێت لەخزمەت دەسەڵات و بگرە کۆمەڵێکی دیاریکراودا بێت، بەتایبەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، دیارە ئەو

بابەتە رووپەڕی چەند پەڕەیەک دەگرێتەوە، زۆر بەکورتی:

بەشێوەیەکی گشتی ئاساییە فەتوا ڕەهەندی سیاسی هەبێت، بەمەرجێک بۆ بەرژەوەندی چینێک نەبێت لەسەر حیسابی لەتەواوی میللەت، هەرکەس بەوجۆرە مامەڵەی کردوو هاوسەنگی لەدەستدا< بێگومان پێگەی جەماوەری لەدەست دەدات، نموونەش زۆرە، متمانەم بە وریایی خوێنەر هەیە، بۆیە پێویست بەنموونە ناکات.

ئالێرەوە، ئەوانەی بوونەتە داردەستی دەسەڵاتداران، لەئێستەو ڕابردوو، لە هەرکونجێکی ئەم جیهانە بۆ جێبەجێ کردنی مەرامە تایبەتەکانی ئەوان چۆکیان داداوە، بێگومان پێگەی خۆیان لەیەکەم هەنگاویانەوە لەدەست داوە، ناو و ناوبانگی خۆیان لەسەر داناوە، کەسایەتی خۆیان هەرزانفرۆش کردووە، ئەمە تەنها لای خەڵک، تۆڵەو تورەبوونی خوایش بەشیان دەبێت لەدونیاو دوا ڕۆژ گەر ئاوا بگەڕێنەوە لای خوا، ئەمە دەرهەق بەوانەی بەتایبەت لەڕابردوودا ئاوها تێوەگلاون و گیرۆدەی خوانی پاشاو دەسەڵاتدارنبوون و بۆخۆیان زانست لەسینە بوون و خوێنەوار بوون، دواتر ناوی زانایانی دەسەڵاتیان لێنراوە، کە ناو و ناوبانگ و پێگەی خۆیان کردووەتە خەڵاتی دەستەڵاتداران.

سەبارەت بەوانەی لەم ڕۆژگارە درێژەپێدەری هەمان کاروانن، لەڕاستیدا لەلایەک ئەمانە بۆخۆیان خوێنەوارێکی ئەوتۆ نین، لەلایەکی تریشەوە خوێنەواریش بن موجتەهیدو موفتی نین، ناکرێت لێدوان و وتەی ئەوان وەک فەتوا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە لەمەرجەکانی موفتی کەباسکرا دەبێت موجتەهید بێت، ئەگەرنا هیچ نەبێت تواناى تێگەیشتنی تەواوی لەوتەی موجتەهید و زانایان هەبێت، دادپەروەر و ئاکار بەرز و دروست بێت، ئەگەر وا نەبوون ئەوا ئەوانیش وەک سیاسییەک دەدوێن نەک موفتی. ئەگەرچی ئەوەی باسکرا، ئەوە ڕەوشی ئاسایی و ڕەوانە لەپەیوەندی فەتوا و سیاسەت، بەڵام

هەندێجار و لەسەردەمە جیاوازەکان، سیاسیەکان هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی زانایانیان داوە، لێرەوە فەتواو موفتی بەرێژەی جیاواز کەوتوونە بەر کاریگەریی سیاسەت (٤٧)، ئەگەرچی هەمووجار و هەموو زانایەک ئامادەی ئەوکارە نەبوون، لەئاکامدا زاناو موفتییەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، بگرە هەندێکیشیان بەو هۆیەوە بوونەتە قوربانی. هەمووان چیرۆکی حوسەینی کوڕی عەلی و تەواوی کەسوکاری (٤٨)سەعیدی کوڕی جوبەیر (٤٩)و ئەبوحەنیفە و شافعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (٥٠)و ئیبن تەیمیە و چەندینی ترمان لەیادە، کەملیان بۆ سیاسیەکان نەدا، لەئاکامدا دژواری و دەربەری و سزای جۆراوجۆر و لەناوبردنیانی لێکەوتەوە، ئەوانیش سەری خۆیان کردە خەڵاتی ڕاستگۆیی و بوونە سەرمەشق بۆ دوای خۆیان.

ئەگەر بپرسین: چۆن فەتوا دەکرێتە چەکی یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان؟

زۆرجار هەوڵدراوە بابەتە ئایینیەکان بەگشتی و فەتوا بەتایبەتی کەمەرکێشی ناو ململانێ سیاسیەکان بکرێت و بەناباشی بەهرەی لێ ببینرێت، ئەمەش تێکرای ئایینەکان و شوێنکەوتووانیانی گرتووەتەوە، گومانیش لەوەدا نییە هەندێجار ئەوبەکارهێنانە بۆ یەکالاکردنەوەی هەندێ ململانێی سیاسی بووە، دەتوانین لەمێژووشدا نموونەی زۆر بخەینە بەردیدەی خوێنەر، لەوانە لەسەردەمی هەندێ دەستەڵاتداری ئەمەوییەکاندا، خەڵکی دەسەڵاتیان خۆش نەدەویست، لێرە و لەوێ دژی دەوەستانەوە، ئەوانیش گومانیان لەهەرکەس بووایە سوێندیان دەدا و دواتریش تەڵاقیان پێ تەعلیق دەکرد کە دژایەتی دەسەڵات ناکات (٥١)، بێگومان ئەمەش زانایانی پەروانەی دەسەڵات فەتوایان بۆ دابوو، کەئێستەش هەندێجار لەهەندێ وڵات پەیرەو دەکرێت.

بۆ دەبێت زانای ئایینی شان بداتە بەر ئەو کارە نارەوایە؟ هۆکارەکانی چییە؟

هەندێجار وەک وتمان، ئەوەی ئەوکارەی کردووە بەزۆری زانایەکی ئایینی بووە، نەک موجتەهید یاخود موفتی، دواتریش هۆکار زۆر بوون، لەوانە: دارایی و سامان، پلەو پایە، هەندێجاریش ترس و بیم لەوانەیە بەشێک بووبن لەهۆکارەکانی تێوەگلان.

دەسەلاتداران چۆن سوود لە فەتوا و موفتی دەبینن بۆ بەرژەوەندی خۆیان؟ بەردەوام و لەهەموو سەردەمەکان، دەسەڵاتداران هەموو هەوڵ و تەقەلایان خستوەتە گەڕ بۆ مانەوەیان لەجێگەی خۆیان، دەستیان بۆ هەموو شتێکی باش و ناباشیش لەو پێناوەدا بردووە، هەموو قوربانییەکیان بۆ ئەومەبەستە داوە، چەندجار دەخوێنینەوە لەمێژوو باوک کوڕی خۆی لەناو بردووە و برا براکەی کوشتووە، هەمووی لەپێناو دەسەڵات (٥٢)، لەمیانەی ئەوانەش بێگومان هەر لایەک هەوڵیداوە ئایین، بەتایبەتیش فەتوا، بۆ ئەو ئامانجە بەکار بهێنێت.

## مەترسییەکانی فەتوای سیاسی بۆ سەر ئایین کامانەن؟

بێگومان ئەگەر مەبەستمان لە فەتوای سیاسی ئەوەبێت کە وەک پێشتر باسکرا وەرچەرخانی ئامانج و مەبەستە ئایینیەکان بێت بەجۆرێک بەرژەوەندی دەستە وتاقم و کۆمەڵێک بپارێزی بەزیانی خەڵک و میللەت، ئەوکات ئایین کەخۆی فریادڕەسی ستەملێکراوانە، خاڵی دەکرێت لە رۆڵی خۆی. فەتوای سیاسی مەترسی زۆر بەدوای خۆی کێش دەکات، گەورەترینیان لاوازبوونی متمانەی خەڵکە بەخودی زانا و فەتواو تەنانەت ئایینیش، دەرگا والا دەکات بۆ ئەوەی بەناڕەوا ناوی پیرۆزی ئایین لەکەدار بکرێت، ئەوکاتیش کەبابەتە ئایینیەکان بێ ئەرزش کران، بەها رەوشتیەکانیش جێگەیان لەق دەبێت و گرنگییەکیان نامێنێت، چونکە سەرچاوەی ئەوانیش ئایینە.

ئەمجۆرە تەوزیف کردنە لەڕابردوو هەبووە، بۆیە هەندێک لەئەدیب و شاعیرانی کورد نیگەرانیان نیشان داوە کاتێک بینیویانە بەناوی ئایینەوە خەڵکێک گوڵی لێدەکرێت و بەری ڕەنج و ماندبوونی دەچنرێتەوە، لەبەرامبەر کۆمەڵە بەڵێنێکی خەیالاوی، ئەگەر چی ئەوە بەناوی خودی ئایینەوە بووەو ئەمەی لێی دەدوێین بەناوێکی فەتواوەیە، بەلام لەئاکامدا یەکانگیر دەبنەوەو سەر بۆ ستەم و چاوبەستەکی دەکێشن، مافی خەڵکی بەناوی ئایینەوە زەوت دەکرێت.

## دەرەنجام و کۆتایی

سوپاس و ستایشی خوا میهرەبان دەکەم، لەسەر نازو بەهرە فرەکانی، هەرچۆن درووود و سەلاو داوادەکەم بۆ سەرگیان و رۆحی پەیامبەری خۆشەویست و یار و هاوەڵانی تا رۆژی دوایی:

لە رووپەڕی ئەم چەند پەڕەیەدا، هەروا بەرکولێکمان سەبارەت بەفەتوا خستە بەردیدی خوێنەرانی خۆشەویست، بەو ئومێدەی بەهرەیەکی هەبێت، لەمیانەی ئەم نووسینەدا و لەدوای کۆتایی ئەم چەند خاڵەم لا پاڵفتە بوو، بەم شێوەی خوارەوە:

١. فەتوا پیشەیەکی هەرەگرنگ و هەستیارە، هەربۆیە زانایان مەرجی تایبەتیان بۆ موفتی داناوە.

٢. فەتوای بەکۆمەڵ بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ گرنگەو بەهرەی فرەی هەیە لەچەند لاوە، قایمکاری زیاتری تێدا دەکرێت، ڕوودانی هەڵە بەرێژەیەکی بەرچاوە لاواز دەبێت، جگە لەوەش فشارو گوشار روو لەکزی دەکات و بگرە نزیکە بنە بڕ بکرێت.

٣. بەدرێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆ، ئەو زانایەی باڵەخانەو دیوەخانی دەسەڵاتدارانی بژاردە کردبێت، پشتیوانی ستەمکارو داگیرکەرانی کردبێت، پێگەو جێگەی خۆی لەدەستداوەو چیتر گوێی بۆ نەگیراوە.

٤. لەڕۆژگاری ئەمڕۆداو لەتەواوی جیهان، نەکاربەدەستان موجتەهیدن و نەموفتییەکانیش موفتی و موجتەهیدی ڕەهان، کەواتە لەم دۆخەدا باشترین کار درووستکردنی هەماهەنگییە دوور لەفشار، بۆ بەرپاکردنی دادپەروی و سەقامگیری لە ژیان.

## پەراوێزەکان:

١- بنەمای ووشەکە (فتى) یاخود( فتیا) یە، پسپۆڕان و زانایانی صەرف و زمان جیاوازییان هەیە لەنێوان واوی بوون یان یائی بوونی وشەکە( فتیا، یان فتو)؟. لسان العرب- ابن منظور(١٤٥/١٥)، ومفردات ألفاظ القرآن، الحسين بن محمد بن المفضل، المعروف بالراغب الاصفهانى أبو القاسم، دار القلم - دمشق، تحقيق: صفوان عدنان داوودي(١٧٧/٢). ونظم الدرر في تناسب الآيات والسور، برهان الدين أبي الحسن البقاعي، دار الكتب العلمية -بيروت- ١٤١٥هـ- ١٩٩٥م، تحقيق: عبد الرزاق غالب المهدي (٤/٩٠-٩١).

٢- مقاييس اللغة مادة فتى، لابن فارس(٤٧٣/٤).

٣- هذه الكتب لم تذكر تعريف الفتوى: البرهان في أصول الفقه- لأبي المعالي الجويني(٨٦٩/٢)، والتمهيد، للأسنوي: الكتاب السابع في الاجتهاد والإفتاء (ص٥١٧)، والمستصفى- الغزالي ، والمنخول من تعليقات الأصول، والمحصول للرازي، الكلام في المفتي (٦/ ٩٣)، والمسودة-آل تيمية)، والمختصر في أصول الفقه- ابن اللحام، والمدخل- ابن بدران.

٤- صفة الفتوى والمفتي والمستفتي لابن حمدان ص٤٠). وشرح منتهى الإرادات المسمى دقائق أولي النهى لشرح المنتهى، منصور بن يونس بن إدريس البهوتي (ت ١٠٥١هـ)، عالم الكتب، سنة النشر١٩٩٦م، بيروت، باب الفتيا والقضاء(٤٨٣/٣)، حاشية الروض المربع شرح زاد المستقنع، عبد الرحمن بن محمد العاصمي الحنبلي النجدي(ت ١٣٩٢هـ)، ط١- ١٣٩٧ هـ(٧/ ٥٠٧).

٥- منهج الإفتاء عند الإمام ابن القيم، الأشقر(ص٦٢).

٦- حكى عنه الزركشي في البحر(٥٨٦/٤)، والشوكاني في الإرشاد(٢/ ٢٤٨)، وغيرهما في غيرهما.

٧- مفردات ألفاظ غريب القرآن، للراغب الأصفهاني (١٧٧/٢). أنوار البروق فى أنواع الفروق مع الهوامش، القرافي، أبو العباس(ت٦٨٤هـ)، تحقيق خليل المنصور، دار الكتب العلمية، سنة النشر ١٤١٨هـ- ١٩٩٨م، بيروت (١١١/٤) وما بعدها.

٨- الموافقات— الشاطبي(٢٤٨/٤).

٩- إعلام الموقعين- ابن قيم الجوزية(١٨٩/٤).

١٠- قال الأسنوي في نهاية السول: لا جرم أن القيرواني في المستوعب نقل عن الشافعي أنه يشترط حفظه جميع القرآن، وهو مخالف لكلام الإمام. انظر لموضوع التشديد في الشروط المصادر الاتية: نهاية السول»٥٥١/٤, ٢٥٥، قواطع الأدلة لابن السمعاني، تحقيق: محمد حسن اسماعيل الشافعي، الطبعة الأولى، ١٤١٨هـ/١٩٩٩م(٧٦/٤) وما بعدها، وسلم الوصول»٥٥١/٤» والمحصول «٤٩٨/٢»، وإحكام الأحكام «٢٢٥/٤»، والمستصفى»٣٥١/٢، والسيوطي حيث أوصل الشروط الى خمسة عشر شرطا، تفسير الاجتهاد،(ص٣٨) وما بعدها.

١١- ومن أصحاب الاعتدال أكثر المؤلفات الأصولية: الزركشي البحر المحيط في أصول الفقه، (٤٨٩/٤). وما بعدها، والشوكاني في إرشاد الفحول، والصنعاني في إرشاد النقاد الى تيسير الاجتهاد الصنعاني(ص١٣٣)، وغيرهم. ومن المتساهلين: الآمدي وأبو الحسين البصري، الإحكام(١٧٠/٤).

١٢- تەنها ئەبو ئیسحاقی شاتبی بەڕوای دەبینێ موفتی یاخود موجتەهید ناموسوڵمانیش کار بەفەتواو بڕیاری دەکرێت، وڵامی زۆری دراوەتەوە ، أبو عبيدة آل سلمان، محقق الموافقات: ما هي ثمرة هذا التجويز، هل يقلده المسلمون فيما استنبطه من الأحكام الشرعية، وهو غير معقول، أم يعمل هو بها؟ وهذا لا يعنينا ولا يعد اجتهادا في الشريعة، وقوله: «تفرض صحتها» هذا غير كاف، بل لا بد من تأكده صحتها حتى يكون معتقدا أو ظانا صحة الحكم، أما مجرد الفرض، فلا يؤدي إلى حكم مظنون فضلا عن معتقد، وهذا يقر أيضا على اجتهاد الكافر، وعلى فرض وجود الاجتهاد من الكافر لا يجب علينا كمسلمين اتباعه؛ لأنه فقد أحد شروط الاجتهاد وهي العدالة وليس بأمين. الموافقات. دار ابن عفان، الطبعة الأولى ١٤١٧هـ/١٩٩٧م (٤٨/٥).

١٣- ينظر: أدب المفتي، ابن الصلاح(ص٦ )، وآداب الفتوى، النووي( ص١٩)، وصفة الفتوى(ص١٣).

١٤- الذين قالوا بهذا هم جماعة من الأصوليين منهم: البصري في المعتمد(٣٥٩/٢)، والجويني في البرهان(١٣٣٢/٢)، الآمدي في الإحكام(٤/ ١٧١)، وابن الهمام في فتح القدير(٢٥٦/٧) بل نسب هذا ابن الهمام الى أكثر الاصوليين، والزركشي في

البحر، والشوكاني في الإرشاد.

١٥- البحر المحيط(٢٠٣/٦). وارشاد الفحول، الشوكاني(٢١٠/٢).

١٦- دەوترێت یەکەم کەس باسی ژمارەی دەقەکانی ئەحکامی وروژاندووە پێشەوا موقاتلی کوڕی سوسەلیمان بووە کەلە ساڵی (١٥٠)ی کۆچیدا لەدونیا دەرچووە، ئەو ژمارەی دەقەکانی ئەحکامی بە (٥٠٠) دەق ئەژماری کردوون، و دواتریش زۆربەی زانیان پشیوانیان لەم بۆچوونە کردووە. سير أعلام النبلاء٢٠١/٧، شذرات الذهب (٢٢٧/١). بڕوانە: إتحاف ذوي البصائر بشرح روضة الناظر، د.عبدالكريم النملة (٢٥١١/٤). قواطع الأدلة في الأصول، منصور بن محمد بن عبدالجبار السمعاني(ت ٤٨٩هـ)، دار الكتب العلمية- بيروت- ١٤١٨هـ- ١٩٩٧م، تحقيق: محمد حسن محمد حسن إسماعيل الشافعي ٨١/٤، المستصفى في علم الأصول، محمد بن محمد الغزالي أبو حامد(ت٥٠٥هـ) ، دار الكتب العلمية - بيروت- ١٤١٣، الطبعة: الأولى، تحقيق: محمد عبدالسلام عبدالشافي (ص٣٤٢). المحصول في أصول الفقه، القاضي أبي بكر بن العربي المعافري المالكي(ت ٥٤٩هـ)، دار البيارق- عمان- ١٤٢٠هـ- ١٩٩٩، الطبعة: الأولى، تحقيق: حسين علي اليدري- سعيد فودة (ص١٣٥)، المحصول للرازي(ت ٦٠٦) (٦/ ٣٣)، روضة الناظر لابن قدامة(ت ٦٢٠هـ)(ص٣٥٢)، والبحر المحيط، الزركشي(ت٧٩٠) ٤٩٠/٤، والتقرير والتحبير، لابن امير الحاج (٣/ ٣٨٩)، وارشاد الفحول(٢/ ٢٠٧)، المختصر في أصول الفقه على مذهب الإمام أحمد بن حنبل، علي بن محمد بن علي البعلي أبو الحسن، دار: جامعة الملك عبدالعزيز- مكة المكرمة، تحقيق: د. محمد مظهربقا (ص ١٦٣). الإبهاج للسبكي(٢٥٤/٣). إرشاد الفحول(٢٠٦/٢)، وإجابة السائل شرح بغية الآمل (ص٣٨٤)، إتحاف ذوي البصائر بشرح روضة الناظر، د.عبدالكريم النملة (٢٥١١/٤).

١٧- البحر المحيط(٢٠٣/٦).

١٨- شرح التلويح على التوضيح لمتن التنقيح في أصول الفقه، للتفتازاني، تحقيق زكريا عميرات، دار الكتب العلمية، سنة ١٤١٦هـ- ١٩٩٦م. بيروت(٢٤٦/٢).

١٩- ينظر: المسودة- آل تيمية ص٤٦٠)، الحاوى الكبير، الماوردى، دار الفكر ـ بيروت(١٦/ ١٢٥)، إعلام الموقعين- ابن قيم الجوزية(٢٥٧/٢)، والبحر المحيط في أصول الفقه(٤٩٠/٤)، التقرير والتحبير، ابن امير الحاج(٦٢/٦). وتيسير التحرير(٢٦٤/٤). وإرشاد الفحول، للشوكاني(٢/ ٢٠٧).

٢٠- ينظر: البحر المحيط ٤٩١/٤، الإبهاج ٢٥٤/٣، والمسودة ص٥١٣، إعلام الموقعين٤٧/١، ٢٦٢/٤، صفة الفتوى ص٢٠، شرح الكوكب المنير (٥٦١/٤)، وما بعدها، المدخل إلى مذهب أحمد ص ١٨١.

٢١- ينظر: البحر المحيط ٤٩١/٤، الإبهاج ٢٥٤/٣، والمسودة ص٥١٣، إعلام الموقعين٤٧/١، ٢٦٢/٤، صفة الفتوى ص٢٠، شرح الكوكب المنير (٥٦١/٤)، وما بعدها، المدخل إلى مذهب أحمد ص ١٨١.

٢٢- ينظر: الإبهاج في شرح المنهاج على منهاج الوصول إلى علم الأصول للبيضاوي ٢٥٤/٣. البحر المحيط في أصول الفقه ٤٩٢/٤)، ارشاد الفحول ٢٠٩/٢). وإرشاد النقاد ص١٣٥).

٢٣- قواطع الأدلة(٨١/٤)، البحر المحيط ٤٩١/٤، الإبهاج ٢٥٤/٣). وإرشاد الفحول ٢٠٨/٢).

٢٤- ينظر: نهاية السول شرح منهاج الوصول، عبدالرحيم الإسنوي(ت٧٧٢هـ)، دار الكتب العلمية - بيروت- لبنان الطبعة الأولى ١٤٢٠هـ- ١٩٩٩م «٥٥٠/٤». المستصفى»٣٥١/٢» أصول الفقه للشيخ محمد أبو النور زهير»٢٢٦/٤». قواطع الأدلة٨٠/٤، وكشف الأسرار البخاري(٢٢/٤).

٢٥- قتادەی کوڕی دەعامەی سەدوسی، خەڵکی بەصرەیە: لەدەوری ساڵی(سەدی کۆچی لەدونیا دەرچووە)، تهذيب الأسماء واللغات٥٧/١، وسير أعلام النبلاء ٢٦٩/٥، والتقريب( ٥٥١٨).

٢٦- أخرجه ابن عبدالبر في «الجامع» «٨١٤/٢، ٨١٥/ رقم ١٥٢٠، ١٥٢٢».

٢٧- رواه الحافظ ابن عبد البر في جامع بيان العلم (٤٦/٢).

٢٨- المحصول الفخر الرازي(٣٦/٦). و إجابة السائل شرح بغية الآمل، الصنعاني(٣٨٤/١).

٢٩- المستصفى- الغزالي( ص٢٤)، وينظر: نهاية السول شرح منهاج الوصول(٢/ ٣١٦).

٣٠- المحصول للرازي (٣٦/٦).

٣١- الفقيه والمتفقه، البغدادي، باب شروط من يصلح للفتوى(٣٣٠/٢)، إعلام الموقعين عن رب العالمين ٩٥/١.

٣٢- بریتی بوون لە: أ- سەعیدی کوڕی المسیب: لەساڵی(٩٤) کۆچی لەدونیا دەرچووە. ب- عروەی کوڕی الزبیر: (لەدایکبوون ٢٩- کۆچی ، لە ٩٤ کۆچی کردووە). ج- ئەبوبەکری کوڕی عەبدولرەحمانی کوڕی الحارپ( لە ٩٤ ک )لەدونیا دەرچووە. د-لقاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری صدیق لە(١٠٧)ک فەوتی کردووە. هـ- عوبەیدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعود لە (٩٨) وەفاتی کردووە. و- سولیمانی یسارلە( ١٠٤)ک وەفاتی کردووە. ز- خارجەی زەید: لەساڵی(١٠٠ک)

وەفاتی کردووە. شذرات الذهب (١/ ١٠٤). والإحكام لابن حزم(٩٠/٥).

٣٣- تاريخ بغداد وذيوله ط العلمية(٤٠٣/١٣).

٣٤- بۆ واتای زمانەوانی ووشەکە بڕوانە: تاج العروس(١٦٩/٤)، لسان العرب(١٠٨/٦). معجم لغة الفقهاء(٢٥٢/١).

٣٥- سیاسەت هەندێ ناوی تریشی هەبووە لەلای زانایان وەک: الأحكام السلطانية» هەریەک لە ماوەردی و ئەبو یەعلا بەم ناوە پەرتووکیان نووسیوە، هەروەها بەناوی سیاسەتی شەرعیش ناو براوە ئیبن تەیمیە بەم ناوە پەرتووکی هەیە. الموسوعة الفقهية الكويتية (٢٩٥/٢٥). والإيالة: هي السياسة، يقال لفلان: علينا إيالة، وفلان آيل علينا، أي: سائس، نقله الشوكاني عن النضر بن شميل، إرشاد الفحول(٢/ ٣١).

٣٦- الطرق الحكمية، لابن قيم الجوزية، مطبعة المدني، القاهرة، تحقيق: د.محمد جميل غازي(ص٥)،حاشية ابن عابدين(١٧٨/٤).

٣٧- بڕوانە: حاشية الجمل على المنهج لشيخ الإسلام زكريا الأنصاري، لسليمان الجمل، دار النشر، دار الفكر- بيروت(٣٣٧/٥)، وكشاف القناع، البهوتي الحنبلي(١٦١/١٠)، والفروع ومعه تصحيح الفروع المرداوي(١١٩/١٠).

٣٨- علم السياسة: مارسيل بريلو: ترجمة محمد برجاوي، من منشورات عويدات، بيروت (ص ١١).

٣٩- مجموع الفتاوى، لابن تيمية (ت٧٢٨هـ)، مجمع الملك فهد، المدينة النبوية، الطبعة: ١٤١٦هـ/١٩٩٥م، تحقيق: عبدالرحمن بن محمد بن قاسم (٤٩٣/١٤).

٤٠- متفق عليه، البخاري باب ما ذكر عن بني إسرائيل برقم(٣٢٦٨)،( ٣/ ١٢٧٣)، ومسلم باب الوفاء ببيعة الخلفاء الأول فالأول، برقم(١٨٤٢)،(٣/ ١٤٧١). واتای فەرموودەکە: (بەنی ئیسرائیل پەیامبەران سەرکاریان دەکردن، هەر پەیامبەرێک کۆچی بکردایە یەکێ تریان بۆ ڕەوان دەکرا).

٤١- العيني عمدة القاري شرح صحيح البخاري، بدر الدين العيني الحنفي (٤٣/١٦)، وينظر أيضا: شرح النووي على مسلم (٢٣١/٤) ١٢/ ٢٣١، شرح سنن ابن ماجة-السيوطي، الناشر: قديمي كتب خانة – كراتشي، ص ٢٠٦).

٤٢- النظم السياسية، د. ثروت بدوي (ص ٤)، دار النهضة العربية القاهرة(١٩٨٩م).

٤٣- مجموعة من أساتذة الاقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة، مبادئ العلوم السياسية، القاهرة ١٩٩٢م(ص٤).

٤٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٥- بڕوانە ووتەی ئیبن حەجەر لە ڕاڤەی فەرمایشتی: (كانت بنو إسرائيل تسوسهم الأنبياء..) فتح الباري شرح صحيح البخاري(٤٩٧/٦).

٤٦- وەک ئەوەی لەنێوان ئیمامی ئەحمەدو سێ لە دەسەڵاتدارانی یەک لەدوای یەکی عەباسی ڕویداو لەسەر بابەتی خەلقی قورئان، ابن الجوزى مناقب الامام احمد، مصر، ١٩٧٩)، ط١، (٣٨٨-٤٩٩)، (یاخود ئیمام ئەبو حەنیفەو هەردوو دەسەڵاتی ئەمەوی و عەبباسیەکان هەریەک بەجۆرێک پشتیوانی و هاوکاریان لێی دەویست و ئەویش بەتوندی ڕەتی دەکردەوە، ضحى الاسلام أحمد أمين (ص١٨٥). هەروەها فەتواکانی عیززی کوڕی عەبدولسەلام دەرهەق مەمالیکەکانی میسر... علماء في وجه الطغيان، د. محمد رجب البيومي، المؤسسة العربية للنشر، سلسلة اسلاميات الرقم(٧٩) ص٧٦).

٤٧- ينظر: إحياء علوم الدين لحجة الإسلام الغزالي، دار االمعرفة - بيروت(٥٠/٤-٥١)، وقد فصل في هذا الموضوع ارجع إليه تستفيد منه.

٤٨- راجع: للقصة البداية والنهاية (١٧٣/٨) وما بعدها. هەروەها ئەوەی لەسەردەمی ئەمەوییەکان لە کوشت و بڕی هاوەڵان و زانایان ڕویدا... البداية والنهاية لابن كثير (١٩١/١ و ٢٦٢/٦ و ٥٧/٩ -١١٩).

٤٩- طبقات الحنفية عبدالقادر بن أبي الوفاء محمد بن أبي الوفاء القرشي، دار مير محمد كتب خانة، كراتشي(ص٥٠٦).

٥٠- تاريخ دمشق، ابن عساكر(٥/ ٣١٨).

٥١- مدى سلطان الارادة في الطلاق، د مصطفى الزلمي، ط ٣، (٢٢٤)، هەروەها بڕوانە: ابن الاثير، الكامل في التأريخ(٩٥/٥-٦٠).

٥٢- الكامل في التاريخ لابن الاثير(١٣٤/٣).

# فەرمانڕەوا و زانای ئاینی لە مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامی

## بەهێزکارێکی تەواوکار یان تەواکارێکی بێهێزکار






**د.زریان حاجی**

- لەدایکبووی ١٩٨٢، سلێمانی. ماستەر و دکتۆرا لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی (سەدەکانی ناوەڕاست). مامۆستا لە بەشی شوێنەوار و مێژوو/ زانکۆی سلێمانی. دە لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاو کراوەی هەیە. سێ کتێبی چاپکراوی هەیە.

**پێشدەست:**

یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامی و لە هەمانکاتدا ئاڵۆزترینیشیان، بابەتی پەیوەندی نێوان دەسەڵات فەرمانڕەوا و زانایانی ئاینییە لەو شارستانیەتەدا، بەو پێیە ئیسلام بۆخۆی لەلایەک دەسەڵاتێکی ئاینیی باسکردنە لەو دونیا بەلایەکی دیکەش دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوایەتی و باسکردنە لە دونیا، لەم سەروبەندەشدا لەڕوانگەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی لەسەر دووبنەمای سەرەکی بنیات نراوە، ئەوانیش هەردوو دەسەڵاتی روحی و سیاسییە کە بە ئایەتی « الأمر بالمعروف والنهی عن المنكر» ئاماژەی پێدراوە، لێرەوە بۆیەکەمییان: « كنتم خير أمه أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر» بەکارهێناوە، بۆ دووەمیش، کە دەسەڵاتێکی سیاسییە: « وأمرهم شورى بينهم» بەکارهاتووە، چەندین دەق لەم سۆنگەیەوە جەخت دەکەنەوە، بۆیە بەدرێژایی مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی هەرکاتێکیش ئەم دوو دەسەڵاتە ئاینیی و دونیایی یەکانگیر بووبێتن، هێز و گەورەیی و بەهێزکاربوون بۆ خەڵکی و سیستەم و حوکمڕانی فەراهەم هاتووە و هەرکاتێکیش ناکۆک بووبن یان لایەک ژێردەستەی ئەوی دیکە بووبێت بێهێزکارێکی تەواوی ژیان و گوزەران و باری سیاسی دەسەڵات بوون هاتۆتەدی.

بابەتێکی وا کە سەرنجی بیریارانی شارستانییەتی ئیسلامی ڕاکێشاوە، هەر لە سەرەتاوە ئاماژەیان بەم ڕاستیەکردووە و هەمیشە ئاگاداریان لەبارەوە داوە، بەتایبەتی لە نووسراو و دانراوە سیاسییەکانیاندا، وەک لە کتێبەکانی (الاحكام السلطانية و طبقات العلماء و الحكماء و آداب السلطانية) و چەندانی دی کە بەووردی ڕەنگی داوەتەوە، بەجۆرێک لەم بابەتە ڕۆدەچن کار دەگاتە ئاستی لێک جیاکردنەوەی ئەم دووچینە، کە کاری یەکەم تەنها بە ئامۆژگاری کردن بێت و کاری دووەمیش گوێڕایەڵی و ملکەچی، بۆیە هەرپاش سەردەمی ڕاشدینەکان، کە سیستەم بەڕاوێژکردن بوو کاتێک دەوڵەت بووە سیستەمی پادشایی و پشتاوپشت و فەرمانڕەوایەتی سەپێنراو ئیدی دەسەڵاتیش بیری لە دروستکردن و دۆزینەوەی زانای ملکەچ کردەوە، کە لەبەرژەوەندی ئەو فتوا بدات و کارەکانی ڕەوایەت پێبدات، لەم نێوەندەشدا کەسانی کاسەلێس و زانای دەرۆزەکاری چاو لەدەست و دەست و پێ سپی دروست بوون، کە کاریان شەرعاندنی کاری دەسەڵاتداران بوو، ئەم بارەش درێژەی کێشا تا پاش هاتنی عەباسییەکان و پاشان لە سیستەمە ئیسلامییە یەک بەدوای یەکەکانی بوەیهی و سەلجوقی و ئەتابەک و ئەیوبی و غەزنەوی و خەوارزم و سوڵتانە خۆجێییەکان و مەمالیکەکان، تا دەگاتە سەردەمی عوسمانیەکان، کەلەم سەردەمی دواییان زیاتر گرنگی بەم دامەزراوەیە درا، ئیدی دەزگایەک بەناوی شیخ الاسلام دامەزرا، ئەم بابەتە تەواو بوو بەواقیع و جێگەی خۆی گرت. ئیتر فتوای سیاسی بەدامەزراوەیی دەدرا و لەهەموو پرسەکانی دەوڵەت خاوەن پێگەو دەسەڵات و فتوا بوون، ئەم چینە لە دەسەڵات هۆکاری لاوازی سوڵتان و دەسەڵاتە ئیسلامییەکانیش بوون، بەجۆرێک نەک خزمەتێکیان نەگەیاند، بەڵکو بوونە دەرکەری چەندین فتوا و دەقی ناڕوون و نا مەنتقی و ناگونجاو کە ئیسلام لێی پێ بەرییە، ناحەزانی ئیسلامیش بەهەمان ئەم دەقانە دواجار بە سەر و گوێی مسوڵمانانیان دەدەنەوە، بەو پێیەش کەزانای دەوڵەتی و سوڵتانی بوون،

ئیدی کتێب و نووسراوە ناجۆرەکانیان ئاسان بڵاو دەکرانەوە، بەمجۆرەش کەلەپوری ئیسلامی پڕکرد لە بۆچوون و دیدگای هەڵەو ناتەندروست کە تائێستاش مسوڵمانان بەدەستیەو دەناڵێنن.

لەبەرامبەر ئەمانەشدا کۆمەڵێک زانای گەورە و لێهاتوو دەرکەوتن، کەوتنە دژایەتی کردنی دەسەڵات و زانایانی سەر بە فەرمانڕەواکان، بەبەڵگەی دروست هێنانەوەی نموونەی گرنگ وەڵامی بۆچوون و وتەو کردارەکانیان دەدانەوە، ئەمە جگە لە داڕشتنی چەندان نووسراو و مەرج، کە پێویستە پەیوەندی نێوان زانای ئایینی و دەسەڵات و فەرمانڕەوا چۆن بێت و لەسەر چ بنەمایەک دابڕژرێت. ئەمە سەرباری دەربڕینی ئامۆژگاری بۆ فەرمانڕەوایان پشت بەست بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) کە دەفەرموێت : «الدين، النصيحة ، قيل: لمن يا رسول الله !؟ قال: لله ولكتابه ولرسوله، ولأئمة المسلمين وعامتهم»، بەهەرحاڵ لەمبارەیەوە مێژوو چەندان نموونەی لە دوتوێی کتێب و نووسراوەکانی شارستانیەتی ئیسلامی بۆتۆمارکردوین، هەرچۆنبێت ئەم بابەتە حاڵەتێکی دیکەی بەشوێن خۆیدا هێنا، کە محنەت و چەرمەسەری چەند زانایەکی، لەوانەش محنەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیبن تیمیە و چەندان زانای دیکەی ئایینی، کە ئەمەش سیمایەکی دیکەی مێژووی شارستانیەتی ئیسلامییە.

لەخوارەوە هەوڵدەدەین بەپێی دەق و نوسراوەکان پەیجۆییەک بکەین بەشوێن پەیوەندیەکانی فەرمانڕەوا و زانای ئاینی لە مێژووی ئیسلامدا و دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی هەرلایەکیان لەڕوانگەی دەقەکانی مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامیدا.

**یەکەم: سەرەتا و سروشتی پەیوەندیەکان:**

خەلافەتی ڕاشدینەکان، وێنایەکی نموونەیی حوکمی سیاسی بوون لە ئیسلامدا، کە مەبەستەکانی ئایینی بەڕوونی پێکاو بەدەستهێنا، لەگەڵ کەلەپووری پێغەمبەرایەتیدا (درودی خوای لەسەر بێ) پێکی گرێدا، کەبریتی بوون دادگەری و یەکسانی لەنێوان ژێردەستەو حاکم و بەیعەتدان بەدەسەڵاتدار بەمەرجی پابەند بوونی بە شوراو جێبەجێکردنی بنەماکانی شەرع، سەرباری کورتی ئەم ماوەیە، بەڵام بووە ئەزموونێکی گرنگ و بەهێز لە هزری مسوڵمانان، وەلێ پاش گۆڕانی ئەم ئەزموونە بۆ سیستەمێکی پادشایەتی پشتاوپشت بووە مۆدێلێکی دیکەی حوکمڕانی لە ئیسلامدا، کە خۆی لە بەزۆر گرتنەدەستی دەسەڵات و خۆسەپاندن و تاکڕەوی لەفەرمانڕەوایەتی دەبینیەوە، ئەم بابەتە بووە هۆکارێک تا ئیدی خەڵک مەیلی بداتەوە بەگەڕانەوە بەحوکمی پێشوو، هەرئەمەش چەندین ململانێ و دووبەرەکی ئاڵۆزی لێکەوتەوە، لێرەوە ئیدی دەسەڵاتداران بیریان لە ڕاکێشانی وەلائی زانایان دەکردەوە بەلای خۆیاندا، لەلایەک بۆ فتوا دەکردن و شەرعییەتدان بە دەسەڵاتیان، لەلایەکی دیکەش بۆ هێورکردنەوەی باری دەروونی خەڵکی بەرامبەر بە دەسەڵاتیان.

لێرەوە ئیدی هەڵوێستی زانایان بەدەرکەوتن لەنێوان پشتگیر و بەرهەڵست بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان، ئەمەش بەشێکیان عوزریان بۆئەوە بوو تا ڕێگری بکەن لە پشێوی و ئاشوب و ڕێگری لە خوێنڕشتنی مسوڵمانان و پارێزگاری لەدەوڵەتی ئیسلامی، لەلایەکی دیکەش بۆ پاڵنانی دەسەڵات تا شەرع بەرجەستەبکات و بیچەسپێنێت.

# خراپترین فەرمانڕەوایان ئەوانەن کە دوورترینن لەزانایان، خراپترین زانایان ئەوانەن کەنزیکترینن لەفەرمانڕەوایان

کەچی هەندێکیش لەزانایانیان هەڵوێستیان دژی فەرمانڕەواکان و زاناکانیان وەرگرت و پێشەوایەتی گروپی بەرهەڵستیشیان دەکرد، ڕەنگە لەم بوارەدا کۆنترین نموونە شۆڕشی زانایانی ئاینی سەردەمی ئومەویەکان بێت لە ساڵی(٨١ک / ٧٠١ز) کە تێیدا سەعیدی کوڕی جوبەیر بەشداری کرد، لەدژی ستەمەکانی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی کە والی ئومەویەکان بوو لە عێراق، هەروەها محنەی ئیمام مالک، پاش ئەوەی تۆمەتبارکرا بە هاندانی خەڵک بۆئەوەی شۆڕش لەدژی عەبباسییەکان بەرپا بکەن.

ئەم بابەتانە بوونە هۆی دروستبوونی پردێک لەنێوان زۆرینەی زانایانی ئایینی و فەرمانڕەوایان، بەجۆرێک ئیدی چوونە بەردەرگای سوڵتان و بوونی پەیوەندی لەنێوان ئەم دوو چینە وەک تاوانێک وێنا دەکرا، لە ئەنجامیش چینی گشتی خەڵکی لە دەسەڵاتداران دوورکەتنەوە و زیاتر لای زانایانی ئایینیان گرت، لەکاتێکدا لەسەرەتا ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای ئامۆژگاریکردن و پشتگیری و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بۆیەکتری بنیاتنرابوو، هەروەک خەلیفە (ئەبوبکری صدیق) لەکاتی هەڵبژاردنی وەک یەکەم خەلیفە دەڵێت: «إني قد وليت عليكم ولست بخيركم، فإن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني» بۆیە لەمەعریفەی شارستانییەتی ئیسلامی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و زانای ئایینی چەندین بیرۆکە و تیۆر هاتنە ئاراوە بۆ دابڕینی تەواوی پەیوەندییە سیاسی و ئیداری و ئابوری و ...هتد زانایان لەگەڵ فەرمانڕەوایان، لەم بارەیەوە ئیبن جەوزی دەڵێت: «لە سیفەتەکانی زانایانی کۆتا زەمان ئەوانەن کە دوورن لە دەسەڵاتداران، خۆ پەنادەدەن لە تێکەڵاو بوونیان»، لە جێگەیەکی دیکەش دەڵێت :»بەڵام فەرمانڕەوایان، هەرگیز توخنیان نەکەون و مامەڵەیان لەگەڵ نەکەن، چوونکە خۆشت و شوێنکەوتوانیشت توشی خراپەو گەندەڵی دەکات، بۆیە سەلامەتیت لە تێکەڵاو بوونیان باشترە لە کەم و کورتی و باشترە لەوەی کە دەروونی خۆت بە خۆشەویستی دونیا خەریک بکەیت، هەروەها سوفیانی سەوری دەڵێت: « ئەگەر خوێنەوارێکت بینی سەردانی سوڵتان دەکات و شوێنی دەکەوت بزانە ئەوە دزە».

سەعیدی کوڕی مسییبیش دەڵێت :»ئەگەر زانایەکت بینی فەرمانڕەوایانی دادەپۆشی، خۆتی لێ بپارێزە، ئەوە دزە»، هەروەها ئیبن عەبدلبر دەڵێت:»خراپترین فەرمانڕەوایان ئەوانەن کە دوورترینن لە زانایان، خراپترین زانایان ئەوانەن کە نزیکترینن لە فەرمانڕەوایان.

دووەم : پەیوەندی نێوان زانایان و

فەرمانڕەوایان لە دەقەکانی مەعریفەی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا:

ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی ئیدی پەیوەندیەکانی نێوان زانایان و فەرمانڕەوایان بگاتە ئاستێکی ئاڵۆز و تەواو دوور لەیەک، لە دەقەکانی مەعریفەی مێژوویی شارستانییەتی ئیسلامی‌دا چەندین نموونەمان هەیە کە ئاماژەی ئاشکرای بۆئەم بابەتە تێدایە، خۆپەنادان و دوورە پەرێزی تەواوی زانایانی تێدایە بۆ فەرمانڕەوایان.

لەمبارەیەوە ئیمامی شافیعی دەگێڕێتەوە، کاتێک لە مەکەوە چووەتە شاری مەدینە و نامەیەکی والی مەککەی پێبووە بۆ والی مەدینە تا هاوکاری بکات، ئەویش چووەتەلای والی و داوای لێکردووە تا ڕێنمونی بکات بۆلای ماڵی ئیمام مالکی کوڕی ئەنەس والی پێی دەڵێت: ئەی گەنج من ئەگەر بەپێی پەتی لە مەککەوە بێم بۆمەدینە، پێم خۆشترە لەوەی بچمە لای مالک کوڕی ئەنەس» شافیعی دەڵێت: دەی بنێرە بەشوێنیدا بابێتە لات، دەڵێت: ئەگەر خۆم و هەموو دەست و پێوەندەکانم بچین سوودی نابێت، چونکە پیاوێکی توندە و من زەلیل دەبم لەبەر دەستی، لەڕاستیدا ئەمە نموونەیەکی زیندووی پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و زانایان بووە، کە زانای دروست بۆ خۆپەنادان و دانەبەزینی ئاستی کەسێتی لەناوخەڵک و کەم نەکردنەوەی زانستەکەی هەرگیز تەنازولی بۆ فەرمانڕەوا نەکردووە، ئەمەش لە تەواوی زانایانی هاوسەردەمی مالک ڕەنگی داوەتەوە، لە نموونەی ئەبوحەنیفە و ئیمامی ئەوزاعی و لەیس و سوفیانی کوڕی عەتبە، ئیبن مبارک و شافعی و ئیبن حەنبەل و چەندانی دیکەش، کە ئەمەش هەڵوێستێکی گشتی زانایان بووە، هەر لەمبارەیەوە یەکێکی تر لە نموونەکان (ئیبن طاوس) لەگەڵ خەلیفە ئەبوجەعفەر مەنصور) (١٣٦ – ١٥٨ک)، کاتێک بەرامبەر خەلیفە دەوەستێت و ئاگاداری دەکات لەوەی کە ستەمکارە، سەرباری ئەوەی کە شیر لەسەر سەری دەبێت، مالک دەڵێت: من لەو جێیەدا بووم ترسام خوێن لاشەم داپۆشێت، بۆیە بەپەلە خۆم کۆکردەوە، بەڵام خەلیفە دەستی بۆنەبرد و ئازادی کرد و ڕێزی لێنا، دەڵێت پاش ئەم ڕووداوە هەمیشە ڕێزی ئیبن تاوسم دەگرت .

بێگومان هەرئەم هەڵوێستانەشە کە وادەکات لە مالک کە لەسەردەمی خۆی هیچ حساب بۆ فەرمانڕەوایانی سەردەمی خۆی نەکات، بەو جۆرەش والی مەدینە قسەی لەسەر بکات کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد.

بەهەرحاڵ لەمێژووی ئیسلامیدا دەتوانین بڵێین زانایان خاوەن پێگەو پلەو پایەو پۆستی تایبەت و باڵای خۆیان بوون، ئەمان تێگەیشتنی شەرعی و هەڵوێستی شەرعییان پێکەوە گرێدابوو، بۆیە ئەم تەرزە لە زانایان خاوەن پێگەو ڕێزێکی زۆر بوون لەلای خەڵکی بەگشتی، ئەمەش بەردەوام پێگەی سوڵتانی دادەبەزاند لەناو خەڵکی گشتیدا، هەرچەندە فەرمانڕەوایان خاوەن هێز و دەسەڵات و پارەو سامانی زۆربون و بە بەخشینەوەی پۆست و خەڵات هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو پێگەیەدا بوون، بەڵام نەیانتوانی بگەنە ئەو ئاستەی زانایانی تێدابوو.

هەروەک لەزمانی هاسەر(ام ولد)ی دەگێڕنەوە کە هارون ڕەشید وتویەتی: کاتێک لە بەرزایی کۆشکەوە تەماشای خەڵکم دەکرد کەچۆن لە دەوری (ئیبن مبارک) کۆبوونەتەوە کاتێک بریاربوو بێتە ناوشاری (رقە)ی پایتەختی دووەمی عەباسییەکان لەسەردەمی

# لەمێژووی شەرستانییەتی ئیسلامیدا، دەسەڵاتی مەعریفی و دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام لەململانێدا بوون

هارون رەشید، بۆم دەرکەوت، کە ئەوە موڵکی ڕاستەقینەیە نەک موڵکی هارون رەشید کە بەزۆری قامچی و دار و هاندان و ترساندن خەڵک لەدەوری کۆبوونەتەوە.

زانایانی ئایینی تا ئاستێکی باڵا خۆیان لەسەرو ئەمیر و فەرمانڕەوایانەوە دەبینی، ئەوان خۆیان وا دەبینی کە لەسەر هەمووشتێکن بە ئەمیر و سوڵتانیشەوە، چوونکە ئەوان هەڵگری زانستی شەرعین، زانستی شەرعیش هەروەک ئیبن قەیمی جەوزی دەڵێت: ئەوان لەلایەن (رب العالمين) بۆیان دیاریکراوە و پلەبەندی کراون، بەهەرحاڵ ئەم دوو دەستەڵاتە (دەسەڵاتی مەعریفی) و(دەسەڵاتی سیاسی) لەمێژووی شارستانییەتی ئیسلام بەردەوام لەململانێدابوون، بەشێکی پەیوەندی بەفەرمانڕەوایانەوە بوو، نەیاندەویست هیچ کەسێک هاوشانیان بێت لەدەسەڵات و هەوڵی کڕینی زانایانی دەدا تا مەشروعیەتی ئایینی بۆ دەسەڵاتی سیاسی خۆیان مسۆگەربکەن، بۆیە دەبینین کتێب و نووسراوەکانی ناوشارستانییەتی ئیسلامی بەردەوام تەنراوە بەچەند زانیارییەک، کە ئاماژەیە بۆ ڕاستی ئەم پەیوەندییە، وەک (خۆپەنادان بۆچوونە بەردەرگای سوڵتان) یان وتراوە (هەرکەسێک چێژی شلەی سوڵتان بکات، ئیدی زمانی دەسوتێت لە وتنی ڕاستی)، هەروەها لەلایەن زانایانەوە ئەو فەقیهانەشی تێکەڵ بە فەرمانڕەوایان دەبوون بە فەقیهێکی تەزویر و ساختە ئەژمار دەکران، دیارە ئەم بابەتەش هەروا لەخۆوە و سادەنەبوو هۆکاری سەرەکی بۆ خۆسەپێنی ئەو دەسەڵاتدارانە دەگەڕایەوە بەزۆر دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، نزیکی زانایانیش دەبووە دانپێدانان و شەرعییەت پێدانێکی نا تەندروست بوو بەو فەرمانڕەوایانە کە شایستەی نەبوون، بۆیە دیسان ئەمە ململانێیەکی دیکە بوو لە نێوان هێزی قەڵەم و هێزی شیر لە شارستانیەتی ئیسلام و بۆخۆی دراسەت و لێکۆڵینەوەی ووردتری پێویستە کە ئێرە شوێنی نییە، هەرلەم سۆنگەیەشەوە بوو کە زۆرێک لە زانایان خۆیان پەنا دەدا لەوەی کەهیچ بەرپرسیارێتیەکیش وەربگرن لەلای ئەو فەرمانڕەوایانە، وەک بواری دادوەری و فتوادان، هەروەک (ئیبن رشد)ی فەیلەسوف دەڵێت: مەبەست لێی ڕاکردن نەبوو لە دەسەڵات و ترس نەبوو لە بەرپرسیارێتی لەنێوان هەردوو بابەتی ئایینی و سیاسی، یان خۆپەنادان بێت لە بەرپرسیارێتی لەترسی کەموکوڕی لەبەردەم خوای گەورە، بەڵکو مەبەست شەرعییەت نەدان بوو بەو دەسەڵاتدارە خۆسەپێن و تاک پەیڕەوانەدا، لەسەر ئەم بنەمایەش زۆرێک لە

زانایان ڕووبەڕووی چەرمەسەری و نەهامەتی بوونەوە لەلایەن سیستەمی سیاسی، بەهۆی هەڵوێستەکانیانەوە کە شەرعییەتی دەسەڵاتی لەدەست فەرمانڕەوایانی ستەمکار دەسەندەوە، ڕەتیان دەکردەوە کە بەرپرسیاریێتی لەلایان وەربگرن، تا ئەمە نەبێتە شەرعییەت بۆ دەسەلاتیان، ئەو بابەتەی کە نوسەری بەناوبانگ (محەمەد عابد جابری) ناوی ناوە (أدب المحن)، نووسراو و دەقەکانی نێو کتێبەکانی مەعریفەی مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامییش چەندین هەواڵی ئەو زانایانەی تیایە کە ناسراون بە محنەت و چەرمەسەری زانایان لەگەڵ فەرمانڕەوایان، لەوانەش محنەتی (سەعید کوڕی مسیب و سعیدی کوڕی جبیر و ئەبو حەنیفە و مالک و شافعی و ئەحمەد کوڕی حەنبەل و ئەحمەدی کوڕی نصر خاعی وئیبن حەزم و عزەدین کوڕی عەبدلسلام و ئیبن تیمیە و چەندانی دیکە کە لێرەدا شوێنی باسکردنی بابەت و محنەتەکانیان نییەو تەنها بەناوهێنانیان دەوەستین.

بەڕاستی هەڵوێستی زانایانی ئیسلام و ڕتکردنەوەیان بۆچوونە ژێرسایەی دەسەڵاتێکی ستەمکاری خۆسەپێن و بۆئەوەی شەرعییەتیان پێنەدەن نموونەیەکی دیار و زیندووی پەیوەندییەکانی نێوان زانایان و فەرمانڕەوایانە لە مەعریفەی مێژوویی شارستانییەتی ئیسلامی، ئەوەش دەسەلمێنێت، کە زانایان و ڕۆشنبیرانی ناو شارستانییەتی ئیسلامی هەمیشە مەیلیان بەلای سەربەخۆیی و پاراستنی ئاستی بەرزی زانستەکانیان بووە، هەمیشەش ڕۆڵی خۆیان وەک ڕەخنەگرێک و ڕێنیشاندەرێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی بینیووە لە دەرەوەی دەسەڵات، ئەمەش پارستنی شان و شکۆو هەیبەتی زانست بووە لە پیاوانی شیربەدەست و هەمیشەش هەلی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنیان بۆخۆیان هێشتۆتەوە و بەمەش توانیویانە بیپارێزن لە ئاشووب و پشێویەکانی سوڵتان و داروودەستەکانیان و هەتا ئاستی زانستیان بەبەرزی لەو شارستانییەتەدا هێشتووەتەوە.

## بۆئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە


ابن أبي الربيع (شهاب الدين أحمد بن محمد : سلوك المالك في تدبير الممالك، مكتبة مسجد الأحمدي، (طنطا – مصر : ١٢٨٦هـ).

ابن حزم الاندلسي : الفصل في الملل و الاهواء و النحل، دار التعارف، (بيروت : ١٩٨٣م). ابن رشد : فصل المقال و التقرير مابين الشريعة و الحكمة من الاتصال، تح.د.ابوعمران الشيخ و أحمد جلول البدوي، الشركة الوطنية للنشر و التوزيع، (الجزائر : ١٩٨٧م) .

ابن رشد : بداية المجتهد و نهاية المقتصد، تح.محمد صبحي حسن حلاق، ١٩٩٤م.

ابن سينا (أبو علي الحسين) : رسالة في السياسة، المطبعة الكاسولكية، (بيروت : ١٩١١م)

ابن قيم الجوزية (محمد بن أبي بكر بن أيوب الزرعي) : الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، تح.د.محمد جميل غازي، مطبعة المدني، (القاهرة : ١٩٦١م) .

ابن منظور (جمال الدين محمد بن مكرم)، لسان العرب، دار المعارف، (بيروت : ٢٠٠٠م).

ابو الاعلى المودودي : الخلافة و الملك، ترجمة. أحمد ادريش، دار القلم، (الكويت : ١٩٧٨م).

أبو الحسن الأشعري : مقالات الاسلاميين، مكتبة النهضة، (القاهرة : ١٩٦٩م) .

الجاحظ : كتاب التاج في اخلاق الملوك، دار صعب، (بيروت : ١٩٧٠م) .

الدينوري (أبو عبدالله بن مسلم بن قتيبة : كتاب السلطان، (القاهرة : ١٣٢٤هـ).

الطرطوشي (أبوبكر بن أيوب الفهري) : سراج الملوك، المطبعة الازهرية، (القاهرة : ١٣١٩هـ) .

الطوسي (ابو جعفر محمد بن حسن بن علي) : الفهرست، مؤسسة الوفاء، ط٣(بيروت :١٩٨٣) .

الفارابي (أبو نصر) : السياسة المدينة (مبادئ الموجودات)، تح.د.فؤاد مترى نجار، المطبعة الكاثولكية، (بيروت : ١٩٦٤م).

الماوردي (أبو الحسن)، الأحكام السلطانية و الولايات الدينية، دار الكتاب العربي، (بيروت : ١٩٨٨م).

امين، احمد : ضحى الاسلام،مطبعة النهضة المصرية، (القاهرة : ١٩٦٨م)،

توشا، جان: تاريخ الفكر السياسي، ترجمة . د.علي مقلد، منشورات دار الاستلال، (بيروت : ٢٠٠١م).

شرف، د.محمد جلال ابو الفتوح و محمد، د.علي عبدالمعطي: الفكر السياسي في الاسلام، دار

الكتاني، عبدالحميد : نظام الحكومة النبوية، دار الكتاب، (بيروت : ٢٠٣م).

الجابري، محمد عابد : المثقفون في الحضارة الاسلامية، محنة ابن حنبل و نكبة ابن رشد،

الصغير، عبد المجيد : المعرفة والسلطة في التجربة الإسلامية: قراءة في نشأة علم الأصول ومقاصد الشريعة .

# فەتوای شەرعی

## شرۆڤەیەکی هزریی و بنەمایی



**د. سەباح بەرزنجی**

لەدایکبووی ١٩٦٨ شارەزوور. دکتۆرای فیقھ و بنەماکانە یاسا. پرۆفیسۆری یاریدەدەرە. خاوەنی ١٤ کتێبی چاپکراوو دەیان توێژینەوەیە. سەرۆکی سەنتەری زەهاوی.

مرۆڤ کائینێکی بیرمەند و سەرنجدار و کارایە، سەرتۆپی ئەفرێندراوەکانی خودایە، داوای لێکراوە بە ئاوەزو ژیریی مامەڵە لە گەڵ خۆی و دەوروبەری بکات بۆ دەستەبەری پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی. کاروچالاکییەکانی لە تەرازووی کار و لۆجیکدا بایەخدارن و قابیلی هەڵسەنگاندن. کەواتە مرۆڤ کائینێکی ئاکارمەند و ئەخلاقییە. بڕوا بەم راستییانە وامان لێدەکا بەرەو سەلماندنی تەکلیف بڕۆین. تەکلیفیش واتە بەرپرسیاریتی، بەرپرسیارێتیش وابەستەیە بە بوونی فەرمان و رێگرتن ( الامر و النهی) و سیستمی پاداشت و سزا ( الپواب و العقاب). واتە بوونی یاسا و رێسا و دەستوورێکی ئەخلاقی نووسراو یان نەنوسراو.

مرۆڤ بۆ ئەوەی کاراکتەرێکی رەوشمەند بێ، پێویستە ئەرک و فرمانەکان، هەروا ماف و جیاووکەکانی خۆی بزانێت، بە گەڕانەوە بۆ دەقە ئایینی و یاساییەکان، یان بە پرسیارکردن لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ، یان بە مامەڵەیەکی عەقڵانی و وردبینانە لە خیاراتی بەردەمی.

کەواتە بۆ زانینی ئەرک و فرمان، هەروەها ماف و جیاوک، مرۆڤ یاخۆی دەبێ زانابێ یان بەقسەی کەسی زانا بکا؟ لە زانا بپرسێ و دەربەستی ناسینی ئەو و زانینی وەڵامی ئەو بێ.

لێرەوە فەتوا دەبێتە دیاردەیەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، دەرهاویشتەی فیکری و مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ دروستدەبێ.

لە کۆنەوە مرۆڤ پرسیاری کردووە و هەڵوەدای وەڵام بووە، پرسیار لە هەموو شتێک، هەموو دیاردە و ڕووداوێک، بەتایبەت ویستوویەتی خۆی و کارەکانی هەڵبسەنگێنێت و بڕیاریان لەسەر بدات هەمیشە فتوا لەو گریمانەوە سەردەردەهێنێت کە هەر کارێک هەڵگری بارگە و نرخێکی ئەخلاقییە و مرۆڤ پێویستە بزانێت ئەو کارە رێپێدراوە یا نە؟ پلەی رێپێدانەکەی چەندە؟ پلەی رێ پێنەدانەکەی چەندە؟

بەرواڵەت زۆر ئاسانە کە مرۆڤ نرخی ئەخلاقیی کارێک و هەڵوێستێک دیاریبکات، بەڵام لە راستییدا نرخاندنی ئەخلاقی هەر کارێک، پێویستی بە چەند پێوانەیەک هەیە، کە گرنگترینیان شەریعەتی وەرگیراو لە دین و فیترەتی پاک و عەقڵی وردبینە ، عەقڵێک کە رووناک بوویێت بە زانست و مەعریفەی پێویست و خڵتەی چاولێگەریی و خورافات و ئافەتی موتڵەقگەرایی پێوە نەبێت.

شەرع و عەقڵا دەبنە مەرجیع و پێوانە بۆ هەر پرسیارێکی مرۆڤ لە هەر بابەتێکی بڕوایی، کرداریی، رووحانی و ئاکاریی، دەقەکانی شەرعیش جۆراوجۆر و دەریای بێ کەنار و شەپۆلاویین، دەریاوانی دانای دەوێ کە گەوهەری یەکتای حووکم و نرخەبایەخییەکانی هەر کردەوەو ئاکارێکیان لێ هەڵبگوزێت. لە هەمانکاتدا دەبێ خاوەنی هۆش و ئاوەزێکی فراوان و کراوەی وابێت کە بەرژەوەندییە راستەقینەکان ببینێت، بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵ، کاتی و بەردەوام.

فتوا لە بۆشاییەوە نایەت، ئەو کەسەی پرسیار دەکات، خاوەن کێشە و گرفتە و دەیەوێ بەرمەبنای مەرجیعییەتێک ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، کە جێی متمانەی ئەوە، لەهەمانکاتدا زانستی پێویستی سەبارەت بەوکێشەیە پییە، زانستێک متوربەکراو بە ئەزموون و ئەمانەتداری.

جاری واهەیە لە پرسیاری بچووکەوە یاساو بریاری گەورە لە دایکدەبێ، وەک زۆرێک لەو پرسیارانەی یارانی پێغەمبەر ( درووردی خوای لەسەر بێ) لە قورئانی پیرۆزدا تۆمار کراون، دواتر ئایەتیان لەسەر هاتوتە خوارەوە، لەوەڵامدا خودای پەروەردگار بریاری لێداون بۆ هەموو کاتێک و هەموو سەردەمێک.

لەروانگەی مێژوونووسانی ئایینەوە، فتوای ئاینی پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی هاتنی سرووش لە

ئاسمانەوە بۆ زەوی، لەو ساتەوەختانەوە کە مرۆڤ پرسیاری لەسەر بابەتەکان کردووە و وەڵامدارەوەتەوە،

ئەم پرسیار و وەڵامە، هەنووکە بووەتە سیستەمێکی بەرنامەدار، واتە یاسا و رێسا و میکانیزمی تایبەتی هەیە. موفتییان لە ناو کۆمەڵگا و لەلایەن دەسەڵاتەوە پێگەی بەرزیان هەبوە، تەنانەت ئیفتا بووەتە پلەو پۆستێکی فەرمیی و فرمانی بۆ دەرچووە، تا ئەو کاتەی دەوڵەتی نوێ پەیدابووە و کەم کەم لە رۆڵی فەرمی و گشتی ئەو کەم بۆتەوە و کاریگەریی فتوا ئایینییەکان کەمرەنگ بووە. بەڵام هێشتا لە جومگە مێژوویيەکاندا فتوای فەقیهە گەورەکان بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وروژاندووە و دەسەڵاتی هەراسان کردووە، ئەم بابەتە پرسێکی گرنگە لە دەسەڵاتی مەزهەب بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی مسوڵمان، نموونە: فتوای شێخ عیززوددینی کوری عەبدوسەلام لە دژی خواستی مەمالیکی میسر، کە دەیانویست فتوایان بۆبدات وێرای وەرگرتنی زەکات لە بازرگان و سەرمایەداران، باج و سەرانەیەکی زیاتریان لێوەربگیرێ بە پاساوی بەرگری لە وڵات، بەڵام ئەو ملی نەدا و گوتی هەرکاتێک ئێوە ماڵ و موڵکی خۆتان فرۆشت و خستتانە سەر بووجەی وڵات و بەشی نەکرد ئەوکاتە بوواریکی تیایە کە ئەو فتوایە بدەم، تەنانەت مەشرووعییەت و رەوایی دەسەڵاتی ئەوانی خستە ژێر پرسیارەوە، پێی وتن ئێوە بۆ خۆتان زەرخریدەەبوون و هێشتا بەتەواوی ئازاد نەکراون، بۆتان نییە ببنە خاوەن موڵک و دەسەڵات بەسەر خەڵکەوە!

نموونەیەکی تر: فتوای میرزای شیرازییە لە دژی بەریتانیا و ناسرەددین شای قاجار بووە هۆی گۆرینی سیاسەتی دوو ئیمپراتۆری ئیران و بەریتانیا، بە جۆرێک تەنانەت شاژنیش نەیتوانی فتواکە جێبەجێ نەکات.

موفتی راستەقینە جگە لە رەصیدێکی گەورەی زانست و ئەزموونی کۆمەڵایەتی و دانایی، دەبێ خاوەنی هەڵوێست و کەسایەتی بەهێز بێ، ئەگینا کاریگەری ئەو لەسەر رووداوەکان و کەسەکان سنووردار دەبێ.

ئیجتیهاد ئەو پرۆسە گرنگەیە کە بەرهەمی فتوای لێدەکەوێتەوە، بەبێ ئیجتیهاد فتوا مانایەکی نابێ، ئەوەی هەنووکە لە ناوەندەکانی خوێندنی ئیسلامی و مەجمەعە فیقهییەکاندا ئامادەیە بە نێوی فتوا، لە راستیدا زۆربەی زۆریان گێرانەوەو سەرد و لێکدانەوەی بۆچوونی زانایانی پێشینە لەمەر پرسە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیان، کەمتر دەچنە بابی تازەگەریی و کردنەوەی گرێکوێرەکانی ئەمرۆ.

فتوای تازە، واتە چۆن بە نەفەسێکی ئایینیی راستەقینەوە لە دەرگای بابەتە زیندووەکانی خولیا و بیری نەوەی نوێ بدرێ، نەک بۆ ئەوەی ئیسلامەتییەکی مرۆڤپەسەند نیشانی نەوەی نوێ بدرێ، بەڵکو بۆ ئەوەی لەگەڵ پاراستنی هێڵە گشتییەکانی ئیسلام، کار بۆ تازەبوونەوەی رۆحی ئیسلامخوازییەکی هاوچەرخ بکرێ، کە لەهەمانکاتدا ببێتە فێرگەیەکی تیۆری و کردەیی بۆ مرۆڤ پابەندیش بێت بە ئینتیما و بازنە گەورەکەی ئوممەتەوە.

موفتیی تازە داوای ئەوەی لێدەکرێ تەجاوزی چەمکی کلاسیکیی واجبات و موحەررەمات بکات، بە تایبەت لەمەسەلەکانی پێکەوەژیان و دابەزاندنی ئەحکامی تاکەکەسیی وەک هەڵسوکەوتو جلوبەرگ و ئازادییەکان و گرنگیدان بە هونەر و عیرفانییات، بەڵام ئایا ئەمە مومکینە لە حاڵێکدا دەبینین سەلەفیەتێکی بەهێزی بێ پێچ و پەناو هەژموونداری دەوروبەری گرتووە و دەقەکان بەکار دەهێنێت بۆ رەتکردنەوەی هەر تازەگەریی و داهێنانێک.

لەم سەروبەندەدا، هیچ میکانیزمێک وەکوو

زانستەکانی ئوصولی فیقهـ و قەواعیدی فیقهی ناتوانێت کارساز بێت بۆ سەرلەنوی دارشتنەوەی بیرکردنەوەی فیقهیی، کە مامەڵە لە گەڵ دەق و پرسە شەرعی و ئایینییەکان دەکات بە روانگەیەکی تەجریدی و زانستیی رەها لە کۆت و بەندی مەزهەبی پێشینان.

جگە لەوەی مێژووی تەشریع لە ئیسلامدا ئەو راستییەمان پێ دەڵێت کە هەر بڕیارێکی شەرعی و فتوایەکی فیقهی لە عورفی گشتیی خەڵک هەڵنەقوڵابێت بەردەوام نابێت، کاریگەرییشی بەسەر خەڵکەوە نابێت.

ئەمرۆکە خراپ حاڵیبوونێکی وا لەسەر فتوا بڵاو بۆتەوە کە خەڵکانێک هەبوونی فتوا بە کۆت و بەند لەسەر ئازادیی فیکر رەچاو دەکەن، بە حساب مرۆڤایەتی ئەوەندە گەشەی کردووە هەرکەسێک بۆی هەیە لە سۆنگەی حەز و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بڕیار لەسەر کار و هەڵوێستەکانی بدات، غافڵ لەوەی هەر بڕیاردانێک دەبێ سەرچاوە و بایسی خۆی هەبێ، ناگونجێت بە بێ زەمینەیەکی هزری و مەعریفی هیچ بڕیارێک بدرێت. هەر ئەو کەسەش کە ئیددیعای ئازادی فیکر و مەعریفەی فراوانی بەدەر لە مەعریفەی دینیی دەکات، لە راستییدا وا لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵە گوزارەیەکی دیکەدا کە بۆ ئەو بووەتە ئایین و مەعریفەی پێشوەخت، با ناوی تریشی لێ بنێ و نەیخاتە خانەی ئایینەوە.

فتوا لە راستی و ماهییەتیدا شتێک نییە جگە لە ڕوانگەیەک بۆ پێکەوە بەستنی دەق و مەقسەدی ئاینی لەگەڵ واقیع و مومارەسەی ویست و ئیرادەی تاک و کۆمەڵ، ئەم پێکەوە بەستنە مرۆڤێکی بەرپرسیاری کارا بەرهەم دەهێنێت.

ئەم ڕوانگەیە لە خۆوە دروست نابێ و نارسکێ، پرۆژەیەکی درێژخایەنە و پێکنەرەکانی زۆر و زەبەندن، رێگایەکە تویشووی فرە و ماندووبوونی زۆر و نیەت و قەسدی بەرزی دەوێ، مامۆستا و رێنما و هاوکاری دەوێ.

مەجمەعە فیقهییەکان باشترین نموونەن بۆ پەرەپێدانی فتوا لە پرۆژەیەکی تاکەکەسییەوە بۆ دەستەجەمعی، کە دەقی شەرعیی دەبەستێت بە باقی دەزگا زیندووەکانی بیر و زانست و ئەندێشە، ئەم مەجمەعانە هەر چەند بە فرمان و بڕیاری فەرمی دەسەڵاتداران پێکدێن، بەڵام بەرهەمیان زیاتر و بەهێزترە بەو مەرجەی رەگەزی گەیاندن و پەیوەندییان بە خەڵکەوە زیاتر و فراوانتر بێت، لە میدیا و کەناڵەکانی میدیاوە کار و بیر و دەسکەوتەکانیان رەنگ بداتەوە.

حزووری دەقی شەرعی لە خولیا و بیرکردنەوەی نوێ تەنها بە فتوای فیقهیی نابێ، جگە لە فیقهـ بۆی هەیە عیرفان و کەلام و فەلسەفە و هونەر و ئەدەبیاتی دینی وەلامدرەوەی زۆر لە ویست و ئاتاجیە زیندووەکانی رۆژانەی مەردوم بێت.

ئەوکەسانەی فتوا تەنها لەبازنەی عیبادات و موعامەلاتدا کورت دەکەنەوە، بیانەوێ و نەیانەوێ غەدرێکی گەورە لە فتوا و پاساوە ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکەن. فتوا وەک لە ئیستقیرای قورئان و سیرە و سوننەی پێغەمبەری ئازیزمانەوە دەردەکەوێ و بە کردەوەش لە مێژووی چەندین سەدەی حزووری فیقهـ و فوقەها و زانایان بەرجەستە بووە، هەموو کایەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبەر دەگرێ، هەر لەپرسیارە سەرەتاییەکانی پاکژیی و نوێژ و رۆژوو زەکات و حەجەوە تا دەگاتە پرسە قووڵەکانی عەقیدە و بڕوا و عیرفان و سەیر و سلووک، لە ئادابی نان خواردن و هەستان و دانیشتنەوە تا ئەدەبیاتی سوکر و سەحوی عاریفان، لە چارەسەری کێشەی خێزانییەوە تا راستکردنەوەی رەوتی سیاسەتی نێودەوڵەتی و کۆی سیستمی بەڕێوەبردن. لە تاکێکەوە بۆ خێزانێک بۆ مەملەکەت و وڵاتێک بۆ کۆی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا نێودەوڵەتییە

## مەجمەعە فیقهییەکان باشترین نموونەن بۆ پەرەپێدانی فتوا لە پرۆژەیەکی تاکەکەسییەوە بۆ دەستەجەمعی، کە دەقی شەرعیی دەبەستێت بە باقی دەزگا زیندووەکانی بیر و زانست و ئەندێشە

ئاڵۆزەکان.

بۆ ئەوەی فتوا مەبەستەکانی بپێکێت، پێویستە سەرەتا بیر لەوە بکەینەوە تا چەندە لە جەوهەری راستەقینەی دینداریی تێگەیشتووین، ئایا دینداری بۆ چاککردنی دەروون و جەوهەری تاکەکانە، یان بۆ دەستکاری کردنی ڕواڵەت و روخساریان؟

پاشان چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان جەوهەر و روخساردا؟ لەنێوان فیکر و کردەوەدا؟ لە نێوان ناخ و ڕواڵەتدا؟ لە بنەرەتدا فیقهـ بۆ ئەوە هاتووە مرۆڤ بە قووڵی لە دینەکەی حاڵیی ببێ و بە جوانی مومارەسەی بکات، بۆیە لەسەرەتاوە کە تازە بزاڤی دینداریی کەوتەڕێ و خاوەنی پەیامی رزگاریی مرۆڤ بوو لە هەواو و هەوەس و ئارەزوو پەرەستی و بتپەرستی، ناخ و رواڵەت و جەوهەر و مەزهەر پێکەوە بوون، رۆحی دینداریی و پەیامداریی لە رواڵەت و روخساری خەڵکەکەدا بەتایبەت فەقیهان و زانایان دیار بوو دەدرەوشایەوە ــ هەرچەند لە هەموو چاخ و قۆناغێکدا کەسانی مونافیق و دووڕوو هەبوون ــ بەڵام بە تێپەڕینی کات و لە قاڵبدانی چەمکە رەهاکان و دروستبوونی مانیفێستی دەسەڵاتداری و قۆرخکاریی فیقهـ وردە وردە دابڕا لە ناخ و دەروون و پەرژایە سەر کردەوە زاهیرییەکان و فەقاهەت و فتوا بوو بە وەسیلەی خۆژیاندن و بەرزبوونەوەی پلەو پایە وناوبانگ، هەر بۆیە ریفۆرمخوازێکی وەک ئیمامی غەززالی لە کاردانەوەی ئەم بارودۆخە دا بیری لە ئیحیای علوومی دین کردەوە، بۆ گرێدانی فیقهـ بە ئەزموونی رۆحی وباتینی.

لە هەمانکاتدا بۆ ئەوەی کاری عیرفان و تەسەووفیش لە چوارچێوەیەکدا پێناسە بکرێ و بێ زابیت و رابیت نەبێ.

ئەم کارە ناوازەیە کاری تریشی بە دوادا هات، رەنگە باشترینیان کتێبەکەی ئیبنولقەییمی جەوزییە ( اعلام الموقعين) بێت، کە فتوای کردە بەرپرسیارێتییەکی گەورەی ئیلاهیی، بۆ ئەوەی کەس بە بێ فەراهەمبوونی مەرج و پێداویستییەکانی ئیدیعای نەکات، دوای ئەوەش بە وردبینی و نیەت و ئیخلاسەوە ئەنجامی بدات.

ئیدی باس لەو هەموو یاسا و رێسایە ناکەم کە ئسوولییەکان و شەرعزان و قەواعیدناسەکان دایاننداوە بۆ ئەوەی فتوا لە گرێژەنە دەرنەچێ و مەبەستەکانی بپێکێت.

موفتی وێرای شارەزایی لە قورئان و فەرموودە و رای زانایان و مێژووی فیقهو فوقەها و رێکارەکانی وەک قیاس و ئیستیحسان و مەساڵیح و سەددی زەرائیع، پێویستە ئاگاداری وەزعی گشتی خەڵک و باری دەروونی موستەفتی و خسوسیەتی قۆناغەکە بێت.

هەستیارترین فتوا ئەو فتوایەیە کە راستەوخۆ دەڕواتە ناو خەڵک و بە ئیجابی یا سەلبی مامەڵە لەگەڵ دەسەڵات دەکات، ئەم فتوایە دەبێتە هۆی دابەشبوونی خەڵک، یار و نەیاری بۆ دروستدەبێ. مەبەستم فتوای سیاسییە کە ناکرێ فتوایەکی تازە بدرێ و کاریگەریی لە سەر سیاسەتی

گشتی نەبێ، چونکە بۆی هەیە ئەو فتوایە ئەرک وفرمانێکی وا لە خەڵک داوا بکات کە هەڵوێستیان لە سەر سیاسەتێکی دیاریکراو بگۆڕن. بۆیە حسابی فتوای سیاسی لە هەلومەرجی ئەمرۆدا حسابێکی تایبەتە و نابێ فتوای سەرپێی بدرێ لەسەر پرسە سیاسییەکانی وڵات بە بێ گەڕانەوە بۆ لای سیاسەتمدران و تیۆری پەردازانی ئەو بوارە و بە بێ هەڵسەنگاندنی ورد و بابەتییانە بۆی. بۆ نموونە: قسە کردن لەسەر هەڵبژاردنەکان، لەسەر هاوپەیمانێتییەکان، لەسەر حیزبەکان و بەرنامەکانیان، لە سەر کاراکتەرە سیاسییەکان و مێژووی ژیانی تاکەکسییان، لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەکوردستاندا پرسەکە هەستیار ترە، چونکە ئەم وڵاتە بێناسنامەی سیاسیی و حقووقییە، بە قۆناغێکی ئاڵۆز و مەترسیداردا تێپەڕ دەبێ، فتوای ئاینی لە کوردستان پێویستە میسداقیەتی خۆی بسەلمێنێت، فتوایەک بێت گەورەتر لە ویست و داواکاریی دەسەڵاتدار و هێزە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، تەنها وتەنها بەرژەوەندیی ئەم گەلە و ئەم خاکە و دوارۆژی نەوەکانی لە بەرچاو بێت، وێڕای پاراستنی شناسی ئاینی و میللی و کەلتووری و مانەوەی ئەم گەلە وەک گەلێکی ئازادی خاوەن ئیرادە.

لیژنەکانی فتوا لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، پێویستە کاراتر و ئازاتر و وریاتر بن لەوەی ئێستا هەن، لەسەر مەزهەبێکی دیاریکراو چەق نەبەستن، رووبکەنە فیقهی بەراوردکاریی کە ئەمرۆ زیاد لە نۆ مەزهەبی مودەووەنمان هەیە و شارەزاش بن لەیاسا کارپێکراوەکان، بە هەموو لقەکانیەوە ( مەدەنی و جینائی و دەستووری و کارگێڕی و بازرگانی و...هتد) و تێکەڵی دنیای تازە و خولیای نەوەی نوێ بن و لە هەموو زانستەکانی رۆژ و هونەری ئەدەبیاتی تازەش بەهرەمەند بن و لینکیان هەبێ بە مەجمەعە فیقهییە رەسەنەکان و ناوەندەکانی خویندن و سەنتەرەکانی رووناکبیری و ریکخراوە مەدەنییەکان.

خۆشبەختانە هەنووکە دەسترەسی بە سەرچاوە و مەوسووعە فیقهییەکان لە جاران زۆر ئاسانترە، تەکنۆلۆژیا زۆر کاری بۆ ئاسانیکردوون، تەنها هیممەتی پێویستی دەوێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر کۆی بابەت و پرسەکان.

زۆریش گرنگە زانا و موفتییان دیداری مانگانە و وەرزی و ساڵانەیان هەبێ بۆ شیکاریی و لێکدانەوەی بابەتە تازەکان و کۆنگرەی ساڵانەی ئامانجدار ببەستن بۆ دیاریکردنی هەڵوێست و بڕیاری دروست لەسەر کێشەو گرفتەکان.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی لە ساتە وەختی دروستبوونیەوە ویستوویەتی خزمەتێک بە هزری ئیسلامیی بکات لە قوڵی یەکەمین و دووەمین سەرچاوەیەوە کە کیتاب و سوننەتە، پاشان خوێندنەوەی زانستی مەنهەجی بۆ کەلەپووری دێرین و رەسەنی زانا مسوڵمانەکان بکات و بڕوای وایە فیقهی نوێ بەبێ ئاوێتەکردنی مەعاریفی رۆژ و مەعاریفی وەحی بەرهەم نایەت، سووربوون لە سەر توراسی فیقهی بەبێ لەبێژنگدان و شەن و کەوکردنی بەرهەمێکی نابێ جگە لە دووبارە و چەندبارە کردنەوەی سەردەمانی زوو، واتە هەناسەدان بەهەوای رابردوو کە بێجگە لە چۆڵکردنی پێگەی شایەتیدان و رێبەرایەتی ئوممەت و پاشکۆبوون لە رەوتی شارستانێتی و لە ئەنجامدا کۆیلە بوون و رەدووکەوتنی حەزارەتی یەکچاوی غەربی هیچی تری لێ دروست نابێت.

# ڕێوشوێنەکانی گۆڕینی
# فەتوا






**ئیمداد تەها**

لەدایکبووی ١٩٩٠. بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان: چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

فەتوا گرنگییەکی تایبەتی لە ئیسلامدا پێدراوە و پێگەیەکی گەورەی هەیە، هۆکاری بەردەوامبوونی کارکردنە بە ئیسلام و دوورخستنەوەی خەڵکە لە تاوان و پاراستنی سنوورەکانی خودای گەورەیە و دۆزینەوە و ڕاگەیاندنی حووکمی شەرعییە بۆ ڕووداو و پێشهاتێک بەسەر کەسێک دێت. فەتوا وەک زۆرێک لە سەرچاوەکاندا باسی لێوەکراوە ئیمزاکردن و ڕاگەیاندنە بە ناوی خودا و پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێت).

لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا بەخێرای باس لە فەتوا و پێگە و گرنگییەکەی و مەرجەکانی موفتی دەکەین، پاشان باس لە هۆکار و ڕێگە و جێگەکانی فەتوا گۆڕین دەکەین.

فەتوا لە زمانی عەرەبیدا بە واتای ڕوونکردنەوە و دەرخستن هاتووە (١):

نەوەوی دەفەرموێت: **(اعْلَمْ أَنَّ الْإِفْتَاءَ عَظِيمُ الْخَطَرِ كَبِيرُ الْمَوْقِعِ كَثِيرُ الْفَضْلِ لِأَنَّ الْمُفْتِيَ وَارِثُ الْأَنْبِيَاءِ صَلَوَاتُ اللَّهِ وَسَلَامُهُ عليهم وقائم بفرض الكفاية لكنه مُعَرِّضٌ لِلْخَطَإِ وَلِهَذَا قَالُوا الْمُفْتِي مُوقِعٌ عَنْ اللَّهِ تَعَالَى: وَرَوَيْنَا عَنْ ابْنِ الْمُنْكَدِرِ قَالَ العالم بين الله تعالى وخلقه فينظر كَيْفَ يَدْخُلُ بَيْنَهُمْ)**، واتە: فەتوا کارێکی گەورە و مەترسیدارە و پێگەیەکی گەورەی هەیە، پاداشتی گەورەشی هەیە، چونکە موفتی بەشبەری پێغەمبەرە (درودی خودای لێبێت)، ئەگەری تووشبوون بە کەوتنە تاوانی هەیە، بۆیە وتراوە موفتی ئەوکەسەیە ئیمزا لە بری خودا دەکات، ئیبن مونکەدەر دەفەرموێت زانا ئەوکەسەیە کەوا لە نێوان خودای گەورە و بەندەکانیدایە، با بزانێت چۆن نێوەندگیریی دەکات (٢).

پێشەوا قەرافی لە پێناسەی فەتوادا دەفەرموێت: «الفتوى إخبار عن حكم الله تعالى في إلزام أو إباحة». واتە: فەتوا گەیاندنی هەواڵە لە خودای گەورەوە و بە هۆیەوە ڕەوایەتییدان و پێویستکردنی کارێکی پێ بەدی دێت (٣).

جورجانی دەفەرموێت: «الإفتاء: بيان حكم المسألە». واتە: فەتوا ڕوونکردنەوەی حووکمی بابەتێکە (٤).

کەواتە: لە میانەی ئەم پێناسانەی پێشەوایانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا فەتوا: ڕوونکردنەوەی حووکمی شەرعییە بۆ کەسێک کەوا پرسیاری دەربارەی بابەتێک لێکردوویت، بەبێ ئەوەی پێویستی بکەیت لەسەری بە گوێت بکات (٥).

ئەوەی فەتوا لە حووکمی دادوەر جیا دەکاتەوە، موفتی توانای پەیوەستکردنی خەڵکی نییە و بەو حووکمەی ڕوونی کردووەتەوە(٦).

وشەی فەتوا لە قورئانی پیرۆزدا لە چەند جێگەیەکدا بەکار هاتووە:

١. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿**فَاسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمْ مَنْ خَلَقْنَا إِنَّا خَلَقْنَاهُمْ مِنْ طِينٍ لَازِبٍ**﴾ {**الصافات:١١**}، واتە: تۆ داوای ڕوونکردنەوەیان لێبکە کەوا دروستکردن و وەدیهێنانی ئەوان سەخت و گرانە یان ئەوەی ئێمە دروستمان کردوون، ئێمە ئەوانمان لە قوڕێکی پێکەوە لکاو بەدیهێناوە.

٢. ﴿**وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ**﴾ {**النساء:١٢٧**}، واتە: داوای ڕوونکردنەوەی لێدەکەن دەربارەی ئافرەتان، بڵێ: خودای گەورە بۆتان ڕووندەکاتەوە.

پێویستبوونی فەتوادانەدان بە زانستەوە نەبێت: خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿**فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ**﴾ {**النحل:٤٣**}،

## جیاوازی نێوان فەتوا و حوکمی شەرعی:

حووکمی شەرعی: بریتییە لەو حووکمەی خودای گەورە دایناوە بۆ کار و کردەوەی بەندەکان.

فەتوا: وەڵامی پرسیارلێکراو (المفتی) ە بۆ ئەو کەسەی پرسیاری لێدەکات.

کەواتە: حووکم کردەوەی بەندەکانە، فەتواش ئەوەیە کە موفتی پێمان دەڵێت. حووکم دیاریکردنی کردەوەی بەندەیە بەبێ گوێدانە کات و شوێن و

سەردەم و بارودۆخ (پێویستبوونی نوێژکردن و قەدەغەکردنی شەراب)، بەڵام فەتوا جێبەجێکردنی حووکمی شەرعییە لەسەر واقیع و لە جێگە و شوێنەکاندا.

دەربارەی فەتوا ئیبن قەیم دەفەرموێت: خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا قەدەغەی کردووە بەناوی خودای گەورەوە بە بێ زانست و زانیاری قسە بکرێت، موفتیش قسە دەکات دەربارەی شەریعەتی خودا، جا ئەگەر قسەکردنە لە خۆیەوە بێت, ئەوە بەر ئایەتەکە دەکەوێت، بەڵام کەسی موفتی هەوڵ و تێکۆشان دەکات بۆ دۆزینەوەی حووکمی شەریعەت لەسەر پێشهاتەکان، ئەگەر بە هەڵەشدا بچێت و هەواڵ و ڕوونکردنەوەی ناڕاست دەربچێت ئەوە تاوانبار نابێت و پاداشتێکیشی بۆ دەنووسرێت لە بەرامبەر تێکۆشانەکەیدا. بەڵام ئەو حووکمەی هەڵیگۆڕاوە نابێت ڕاستەوخۆ بیداتە پاڵ خودا و پێغەمبەرەکەی و بڵێت: خودای گەورە فیسار شتی حەرامکردوە یان حەڵاڵیکردوە، یان حووکمی خوا لەمبارەیەوە ئەمەیە، نابێت بۆچوونی خۆی بکات بە حووکمی خودا، بەڵکوو دەبێت وەک ئیجتیهادی خۆی دەرببڕێت.

هەروەها ئەوەی گرنگە لەسەر موفتی ئەوەیە کە دەبێت بە پێی شەریعەتی ئیسلام و داخوازی دەقەکان فەتوا بدات، نەک بە پێی هەوەس و ئارەزووی خۆی. خودای گەورە دەفەرموێت: **﴿يَا دَاوُدُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾** {ص: ٢٦}، خودای گەورە لەم ئایەتەدا ڕێگەی ڕاست ڕوونکردوەتەوە، بە شوێنکەوتنی وەحی خودای دیاریکردوە، ڕێگەی ناڕاستیش کە مرۆڤ سەری لێ بشێوێت ئەگەر لەسەری بێت، کە شوێنکەوتنی هەوەس و ئارەزووە، بریتییە لەوەی پێچەوانەی دەق بێت.

هەروەها دەفەرموێت: **﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾** {النساء: ٥٩}، خودای گەورە لەم ئایەتەدا فەرمانی کردوە بە گوێڕایەڵی خۆی, خودی کرداری فەرمان بە گوێڕایەڵییەکەشی بۆ پێغەمبەر (درودی خودای لێبێت) دووبارە کردوەتەوە بە سەربەخۆی (ئەمەش ئاماژەیە بە گوێڕایەڵی ئەو لە هەرشتێکا سەربەخۆ فەرمانی پێکردبێت) هەروەها گوێڕایەڵی زانایان و پێشەوایانیشی لە چوارچێوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەردا جێگە کردوەتەوە و بە سەربەخۆ فەرمانەکەی بۆ نەهێناون، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی فەرمانی سەربەخۆی زانایان و پێشەوایان کە لە ژێر فەرمانی شەریعەتدا نەبێت، گوێڕایەڵی ناکرێت، تەنها دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی دەقدا فەرمانیان هەبێت و گوێڕایەڵی بکرێن.

هەروەها پێویستە موفتی پێش گەڕانەوەی بۆ دەق، هیچ بۆچوون و حووکمێک دەرنەکات و پاشان بەڵگەی بۆ بدۆزێتەوە و بۆچوونەکەی بچەسپێنێت.

بەڵکوو دەبێت هیچ کارێک نەکات و فەتوایەک نەدات تاوەکو دەگەڕێتەوە بۆ شەرع و لە خودا و پێغەمبەر وەری دەگرێت. خودای گەورە دەفەرموێت: **﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾** {الحجرات:١}. زانایانی پێشین واتای (التقدم بين يدي الله ورسوله) یان بەمشێوە واتا کردووە: پەلەمەکەن لە وتنی قسەیەک، یان کردنی کارێک، پێش فەرمایشت و کاری پێغەمبەر (درودی خودای لێبێت).

هەروەها دەگێڕنەوە لە ئیبن ئەبی مولەیکەوە دەفەرموێت: ئەبوبەکری سدیق فەرموویەتی: چی زەوییەک هەڵدمدەگرێت و چ ئاسمانێک سێبەرم بۆ دەکات، ئەگەر قسەیەک بکەم دەربارەی ئایەتێکی قورئان بە بۆچوونی خۆم و بەبێ زانست.

هەروەها گێڕدراوەتەوە لە پێشەوا عومەری

کوڕی خەتتابەوە ئامۆژگاری خەڵکی کردوە ئەگەر فەتوایەکیاندا و بۆچون و تێگەشتنێکیان دەربڕی دەربارەی ئایەتێک بڵێن ئەگەر بۆچونەکە ڕاست و درووست بێت لە خوداوەیەوە نیشانیدام و ڕێنمونی کردووم بۆی، ئەگەر هەڵەشبێت لە منەوەیە.

هەروەها ڕێبازی ئەبوبەکر و عومەر (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەوە بووە و فەرمانیان بەوە کردووە کە ئەگەر ڕووداوێک هاتبێتە پێش سەرەتا بۆ حووکمەکەی گەڕاون لە قورئان، ئەگەر تێیدا نەبوبێت لە سوننەت بۆی گەڕاون، ئەگەر لە سوننەت نەیانبینیبێتەوە یان هاوشێوەی ئەوەیان دەست نەکەوتبێت تێیدا بۆ ئەوەی پێوانەی بکەنە سەری، ئەوە گەورە زانایانیان لە هاوەڵان کۆ کردوەتەوە و ڕاوێژیان کردوە و کام بۆچوونە هاوەڵانی لەسەری کۆک بوبن کاریان پێ کردووە (٧).

تەماشا ئەم فەرمایشتەی عومەر لەوپەڕی ژیریی و دووربینیەوە فەرموویەتی و دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئیسلام و دەقەکانی وەک خۆیان بە دروستی و بێخەوشی بمێننەوە و بۆچوون و تێگەشتنە کرچوکاڵ و هەڵەکانی ئێمەش نەبێتەماڵ بەسەر ئیسلامەوە و ببێتە دەروازەیەک نەیاران لە ڕێگەیەوە ئاینی پێ لەکەدار بکەن.

بۆ بەجێگەیاندنی پرۆسەی فەتوادا ئیبن قەیم دەفەرموێت: پێویستی بە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە:

١- تێگەشتنی دروست لە بارودۆخەکە و دەستخستنی زانست و زانیاری و پشت ئەستووربون بە بەڵگە و ئاماژەی ڕوون.

٢- دۆزینەوە و دیاریکردنی حووکمی پێویستی شیاو بۆ بابەتەکە (٨).

ئەو مەرجانەی پێویستە لە موفتیدا هەبن:

یەکەم: پێویستە شارەزابێت لە زمانی عەرەبیدا و عەرەبیزانێکی تەواوبێت، چونکە سەرچاوەکانی فەتوادان لە ئیسلامدا بە زمانی عەرەبی هاتوون.

دووەم: پێویستە شارەزای ئەو شتانە بێت کەبەسەر دەقدا دێت، لەوەی کە ئایا ناسیخە یان مەنسوخە، گشتگیرە یان کۆتکراوە.

سێیەم: شارەزابوون لەو زانستانەی کەوا پەیوەستن بە سوننەتەوە و دەخرێنە خزمەت سوننەت و بۆ پارازتنی سوننەت بەکاردەهێنرێن، لە ناسینەوەی فەرموودەی ڕاست و ناڕاست و مورسەل و..هتد، هەروەها شارەزابوون دەربارەی ئەو کەسانەی فەرموودەیان گێڕاوەتەوە و..هتد.

چوارەم: شارەزابێت بە ڕێباز و ڕێچکەی زانایانی پێشین.

پێنجەم: شارەزابوون بە ڕێگەکانی پێوانەکاریی و زانینی پێگەی بەڵگەکان.

شەشەم: پێویستە موفتی لەخواترس و پارێزکاری سنوورەکانی بێت (٩).

پێشەوا نەوەوی دەربارەی گرنگی فەتوادان چەند گێڕانەوەیەکمان بۆ باس دەکات لە هاوەڵان و زانایانی موسوڵمانەوە کە خۆیان لە فەتوادان پاراستووە و تیژڕەوییان نەکردوە لە فەتوادانداندا.

لە ئیبن عەباس و ئیبن مەسعودەوە گێڕاوەتەوە کەوا فەرموویانە: هەرکەس پرسیاری دەربارەی هەرشتێک لێ بکرێت و وەڵام بداتەوە ئەو کەسێکی شێتە.

لە سوفیانی کوڕی عوەینەوە: کەسی کەمزانست مکورترین کەسە لەسەر فەتوادان.

لە شەعبیەوە، فەرموویەتی: جاری وا هەیە پرسیار لە یەکێک دەکرێت دەربارەی ڕووداوێک و ئەویش یەکسەر وەڵام دەداتەوە، ئەگەر ئەو پرسیارە لە عومەری کوڕی خەتتاب بکرایە ئەوە هەموو ئەهلی بەدری بۆ کۆدەکردەوە.

لە مالیکەوە گێردراوەتەوە کەوا پرسیاری لێکراوە دەربارەی ٥٠ بابەت، ئەویش هەر لەوەڵامدا فەرموویەتی: نازانم، پاشان فەرمویەتی: پێویستە هەر کەسێک پرسیاری لێ کرا پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە، بەهەشت و دۆزەخ بهێنێتە پێش چاوی

خۆی و خۆی بۆ یەکێکیان ئامادە بکات.

هەروەها لێیەوە گێڕدراوەتەوە کەوا فەتوای نەداوە هەتاوەکو حەفتا زانا شاهێدیان بۆ داوە کەوا شیاوێتی ئەوەی هەیە فەتوا بدات.

هەروەها باسیان لەوە کردووە کە دەبێت موفتی کەسێکی موسوڵمانی موکەلەف بێت، خۆی بە دووربگرێت لە هەرکارێک کە ببێتە هۆی فاسقبوونی و لە شکۆ و پیاوەتی کەمبکاتەوە، بیر و هۆشی فراوان و سەلامەت بێت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی شیاو و وشیارانە بێت (١٠).

## چەمکی گۆڕینی فەتوا

گۆڕینی فەتوا بریتییە لە گۆڕین و جۆراوجۆریەتی وەڵامی موفتی بۆ پرس و بابەتە ئیجتیهادییەکان، بە پێی گۆڕینی ئەو شتانەی گۆڕینی فەتوا پێویست دەکەن، پێویستییەکانیش دواتر لە درێژەی بابەتەکەدا باس دەکەین.

فەرموویانە: حووکمی شەرعی قەتعی، ئەوەی کەوا یەکلایی بێت و بڕابێتەوە، وەک بنەماکانی ئاین و ڕەوشت، ئەوە هەر بەجێگیری دەمێننەوە و گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، بەڵکوو ئەوەی گۆڕینی بەسەردا دێت بریتییە لە: ئەو هۆکار و شوێن و کات و ئامرازەی حووکمی بۆ دەردەکرێت، ئەو حووکمانەش کە بە پێی گۆڕینی کات و شوێن و ئامرازەکان حووکمی نوێ دەخوازێت حووکمی ئیجتهادییە.

بەمشێوەیەش فیقهی ئیسلامیی بەردەوام لە نوێبوونەوەدا دەبێت و توشی چەقبەستویی نابێت، حووکمی شیاو دەدرێت بۆ بارودۆخەکان و بابەتە فیقهییە فەرعییەکان.

زانایان فەرموویانە: ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت ئەحکامە ئیجتیهادییەکانە، کە لە ڕێگەی پێوانەکاری (القیاس) و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەوە بەدەست دێن، نەک حووکمە بنەما و جێگیرەکان.

کەواتە مەبەست بە گۆڕینی فەتوا، گۆڕینی وەڵام و ڕوونکردەوەکانی موفتییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و بە پێی ڕەچاوکردنی ئەو بابەتانەی باسمان کردن.

زانایان جیاوازییان کردوە لە نێوان گۆڕینی حووکمی شەرعی لە گەڵ گۆڕینی فەتوا(١١).

بۆنمونە: پێویستبونی هەبوونی ڕەزامەندی لە نێوان هەردوولا (کڕیار و فرۆشیار) تاوەکوو مامەڵە درووستبێت و دابمەزرێت، ئەمە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت و ڕۆژێک نییە بڵێت ئەم مەرجە نامێنێت. بەڵکوو ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت بریتییە لە شێوازی ڕەزامەندنی دەربڕین و لە سەردم و کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی دیکە دەگۆڕێت، حووکمەکەش لەسەر ئەوە دەدرێت کەوا بووەتە نەریتییان. لە هەندێ جێگەدا، خاوەن دووکان نرخ دەنووسێت لەسەریان، کڕیاریش دێت مامەڵە ناکات و شمەک دەبات. ئەمە بەڕەزامەندی دەربڕین هەژمار دەکرێت و پێویست بە گفتوگۆ ناکات لەسەر نرخەکەی. لە هەندێک جێگەش ئەمە نییە و گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

## بەڵگەکانی گۆڕینی فەتوا:

پێغەمبەر (درودی خودای لێبێت) ڕێگری کرد لە هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی بۆ زیاتر لە سێ ڕۆژ، ئەمەش لەبەر هۆکارێکی تایبەت، ئەویش هاتنی کۆمەڵە میوانێکی زۆر بوو بۆ مەدینە، بەڵام لە فەرمووددا ئاماژەی بۆ فەرمووە لەپاش نەمانی هۆکارەکە حووکمەکەشی هەڵگرتوو سەرپشکی گرتن لەوەی کە دەتوانن هەڵیبگرن بۆ زیاد لە سێ ڕۆژ، فەرمووی: (إنما نهيتكم من أجل الدافة التي دفت فكلوا وادخروا وتصدقوا) (١٢).

هەروەها وەڵامە جیاوازەکانی پێغەمبەر (درووی خودای لێبێت) بۆ ئەو کەسانەی داوای ئامۆژگارییان کردووە و پرسیوویانە کام کردەوەیە خێرە و باشە، ئەویش وەڵامی هەریەکەیانی بە

**ئەوەی فەتوا لە حووکمی دادوەر جیا دەکاتەوە، موفتی توانای پەیوەستکردنی خەڵکی نییە بەو حووکمەی ڕوونی کردووەتەوە.**

جۆرێک داوەتەوە، ڕوانیوویەتی بۆ بارودۆخی هەریەکەیان و پێویستی بە هەر ئامۆژگارییەک هەبوبێت بۆ بەهێزبوونی باوەڕی و کام وەڵامە بۆ ئەو گونجاو بێت ئەوەی پێ وتوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕینی فەتوا بۆ کەسەکان.

بە یەکێکی فەرمووە تورە مەبە و بە یەکێکی فەرمووە نوێژە فەرزەکان لە کاتی خۆیدا بکە و بە یەکێکی فەرمووە بڕوا بە خودا بهێنە و دامەزراوبە (١٣). هاوەڵانیش کاریان بەمە کردووە: بۆ نموونە: گۆڕینی شێوازی تەڵاقدانی سێ بەسێی ئافرەتان لەلایەن پێشەوا عومەری کوڕی خەتتابەوە.

چەندین هەڵویستی دیکەی هاوەڵان لەو بارەیەوە دەکرێتە بەڵگە بەڵام لەبەر کەمی دەرفەت باس ناکرێت.

ئیمامی قەرافی کۆدەنگی زانایان دەگۆڕێت دەربارەی گۆڕینی حووکمێک کەوا لەسەر دابونەریت دامەزرابێت و دەفەرموێت: (**أنَّ إجراءَ الأحكام التي مُدْرَكُها العوائدُ مع تغيُّرِ تلك العوائد: خلافُ الإجماع وجهالةٌ في الدِّين، بل كلُّ ما هو في الشريعةِ يَتْبَعُ العوائدَ: يَتغيَّرُ الحكمُ فيه عند تغيُّرِ العادةِ إلى ما تقتضيه العادةُ المتجدِّدةُ**))(١٤).

## فەتوا گۆڕین کەی دەبێت؟

١. گۆڕینی باو و نەریتەکان: یەکێک لەو کارانەی دەبێتە هۆکاری گۆڕینی فەتوا گۆڕینی ئەو دابونەریتەیە فەتواکەی لەسەر بینا کراوە.

پرسیار کراوە لە پێشەوا قەرافی دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەگەر ئەو دابو نەریتانەی زانایان فەتوایان لەسەر داوە و بۆیان بەجێهێشتوین، ئەگەر ئێستە گۆڕانکاری بەسەر ئەو دابو نەریتانەدا هات بە هەمانشێوە گۆڕانکاری بەسەر حووکمەکانیشدا دێت, یان هەر وەک خۆیان دەمێننەوە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: هەر حوکمێکی شەرعی لەسەر دابونەریتێک بونیاد کرابوو, بەپێی گۆڕینی دابونەریتەکەش حووکمەکە دەگۆڕێت. بەڵکو ئەگەر بۆخۆشمان چووینە شوێنێکی دیکەوە کەوا دابو نەریتی ئەو شوێنە بە شێوەیەکی دیکە بوو ئەوا هەمان حووکمی شوێنی پێشووی بەسەردا جێبەجێ ناکەین، بەڵکو پێویستی بە حووکمێکی دیکەیە. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

بەڵکو ئەگەر کەسێکیش لە شوێنێکی دیکەوە هات کەوا دابونەریتیان جیاوازبوو لە دابونەریتی ئەو جێگەیەی ئێمە تێیداین، هەمان حووکمی خۆمانی بەسەردا جێبەجێ ناکەین، بەڵکوو بەپێی شوێنی خۆی فەتوای بۆ دەدەین (١٥).

کەواتە: لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت بریتییە لە فەتوا و چۆنیەتی جێبەجێکردنی حووکمی شەرعی و دیاریکردنی حوکمی شیاو بۆ ئەو جێگەیە نەک خودی حووکمەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت.

دەتوانین بۆ زێدە تێگەشتن لەم بابەتە، بەجێگەیاندنی زەکاتی سەرفیترە بە نموونە وەربگرین: لە سەردەمی پێغەمبەردا (درووودی خودای لێبێت) بە گەنم و جۆ و خورما و کەشک دیاریکراوە. دواتر کە دابونەریتی خەڵک گۆڕاوە و خواردنی سەرەکییان لەو شمەکانەوە گۆڕاوە بۆ

برنج دەتوانرێت برنج بدرێت بە زەکاتی سەرفیترە.

٢. پێویستە بە جێگەیاندنی حووکمی شەرعی هۆکارەکانی درووستبونی ئەم حووکمە لە بارێکدا ببینینەوە و هەموو مەرجەکانی تێدا بێت و پاشان هیچ رێگرییەکیش نەبێت لە بەجێگەیاندنی ئەم حووکمەدا.

بۆیە ئەگەر ئێستە کەسێکە بکەوێتە بارودۆخێکەوە، بپرسێت لە موفتییەک من چی بکەم، ئەویش تەماشا دەکات ئەم بارودۆخە فیسار حووکمی بۆ دەبێت ،حوکمەکەی پێ رادەگەیەنێت، بەڵام لە داهاتوودا هەمان کەس بێتەوە بۆلای، موفتیەکە دەبینێت هەرچەندە مەرجەکانی درووستبونی حوکمەکە بەردەستن بەڵام رێگرییەک درووستبوە لە بەجێهێنانیدا ئەویش فەتواکەی بۆ دەگۆرێت.

٣. ناچاریی: وەک ئاشکرایە کەوا ئاینی ئیسلام رێگەی بە مرۆڤ داوە لە کاتی ناچاریدا چەند کارێک ئەنجام بدات کەوا قەدەغەیە لە کاتی خۆشی و ناچارنەبوونیدا ئەنجامی بدات.

ئەم دوو بارودۆخە جیاوازە کە کاتی ناچاری و ناچارنەبونی مرۆڤە بە کردنی کارێک ئیسلام دوو حوکمی جیاوازی بۆ داناوە و وەکو یەک تەماشای نەکردوە. ئەو شتانەی کەوا قەدەغەن لە مرۆڤ ئەگەر مرۆڤ ناچاربوو بۆ کردنیان بە جۆرێک ئەگەر نەیانکات کۆتای بە ژیانی دێت و حیفزی حەیاتی خۆی پێ ناکرێت کە یەکێکە لەو پێنج شتەی ئیسلام بۆ پاراستنیان هاتووە، ئەوا دەتوانێت قەدەغەکراوەکان ئەنجام بدات و خۆی رزگار بکات. وەک خودای گەورە دەفەرموێت: **﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ {البقرة: ١٧٣}**، واتە: بەڕاستی خودای گەورە لەسەر ئێوەی قەدەغەکردووە: مردارەوەبوو، خوێن، گۆشتی بەراز، ئەوەی لە سەربڕینیدا ناوی جگە لە خودای لەسەر براوە، بەڵام ئەوەی ناچاربووە لە برساندا یان بەزۆر بەسەریدا دەسەپێندرێت و خۆی مەبەستی نییە بیانکات و کەسێکی سنوورشکێن نییە ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نییە بیانخوات.

هەروەها جۆرێکی دیکە لە پێویستیی بریتییە لە هاتنی گۆڕانکاری بەسەر پێویستییەکانی مرۆڤدا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، ئەگەر شتێک لە رۆژگاری رابردوودا پێویستی مرۆڤ نەبوبێت و حوکمێکی هەبوبێت، بەڵام ئێستە ئەو شتە بوبێتە پێویستیی خەڵک و بۆ درێژەپێدانی ژیان پێویستیان بێت گومانی تێدا نییە کەوا فەتوای بۆ دەگۆڕدرێت.

زانایان و هاوەڵانیش لەسەر ئەم رێبازە رۆیشتوون و چەندین کاریان کردوە و بە پێویست زانیوە کەوا پێشتر ئەنجامدانیان بە پێویست نەزانیووە و لەگەڵ گۆڕینی پێویستی خەڵک فەتوایان گۆڕیووە، وەک کۆکردنەوەی قورئان و دانانی زانستە ئیسلامییەکان کە پێشتر بەمشێوەیە نەخوێندراون.

٤. گۆڕینی ناو و ناوەڕۆکی هەندێک لە شتەکان حووکمەکان لەگەڵ خۆیان دەگۆڕن: جاری واهەیە حووکمێک تایبەتە بە ناو و ناوەڕۆکێکەوە شتێکیش هەڵگری ئەو ناوەبێت و ئەو ناوەڕۆکەی هەبێت ئەوە حووکمەکە دەیگرێتەوە، بەڵام کاتێک ئەم شتە ناوەکەی دەگۆڕدرێت و ناوەڕۆکەکەی دەبێتە یەکی دیکە ئەوە حووکمەشی دەگۆڕێت.

بۆ نموونە: ئیسلام هەر شتێکی قەدەغەکردووە کە مرۆڤ بێ هۆش بکات و عەقڵی لەدەست بدات بە هۆیەوە، جا سەرخۆشکەر هەر شتێک بێت ئەو حووکمە دەیگرێتەوە، هەر شتێکیش ناوی سەرخۆشکەری بەسەردا برا و دواتر سیفەتی سەرخۆشکردنی لەدەست دا ئەوە حوکمەکە نایگرێتەوە.

٥. مەترسی لێکەوتەکان وا دەکات حووکم بگۆڕدرێت: ئەگەر زانیمان بە ئەنجامدانی کارێک هەرچەندە شەرعیش بێت لە بەجێگەیاندنیدا

کارێکی دیکەمان بۆ دێتە پێش لە تواماندا نەبێت و ببێتە بارگرانی بۆمان، لێکەوتەی زێدە پێویستی لێ درووست ببێت، ئەوە دەتوانین دەست لەو کارە هەڵبگرین تاوەکو کاتێک مەترسی لێکەوتەکەمان نامێنێت.

نمونەش بەوە هێنراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خودا (درودی خودای لێبێت) دەستی هەڵگرتوە لە بە کۆمەڵ ئەنجامدانی نوێژی شەوانەی ڕەمەزان بۆ ئەوەی نەبادا ببێتە پێویست لەسەر هاوەڵەکانی، بەڵام لە پاش وەفاتی حەزرەتی ئەو (درودی خودای لێبێت) پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب نوێژەکەی بە کۆمەڵ ئەنجامدا، چونکە سروش بچڕابوو، پێویستبون یان گۆڕانی هەر حووکمێک لە بارێکەوە بۆ یەکی دیکە کۆتای پێ هاتبوو، مەترسییەکە ڕەوییبووەوە.

لە زۆر جێگە باس لە ناوەڕۆکی ئەم خاڵە کراوە و بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و ڕێگریی لە خراپە ناوزەند کراوە.

٦. گۆڕانی ئامراز و هۆکارەکانی چەسپینی حووکم: هەرکاتێک ئامرازێک یان هەر شتێک بووبێتە هۆکار بۆ جێگیربونی حووکمێک و لە سەردەمێکی دیکەدا دەتوانرا بە ئامرازێکی دیکە ئەو حووکمە بەجێ بگەیەندرێت ئەوا حووکمەکەش لەگەڵ خۆی دەبات.

دەتوانم نمونەی بەوە بهێنمەوە: ئەگەر لە سەردەمانی ڕابردوودا مزگەوت و حوجرەکان تاکە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بووبن، پێویست بوبێت موسوڵمانان لەو ڕێگەیەوە ئیسلام بگەیەنن و خەڵک وشیار بکەنەوە، ئەوە لە ئەمڕۆدا چەند جێگەیەکی دیکەی وەک زانکۆ و پەیمانگا و سۆشیال میدیا و کەناڵی تەلەڤزیۆنی و هاوشێوەکانیان درووست بوون، دەتوانرێت بکرێنە ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی تێگەیشتن و ڕۆشنبیری ئیسلامی و بە پشتتێکردنیان ڕێگە واڵا دەبێت بۆ نەیاران و خەڵکانێکی زۆر لاڕێ دەکەن، بۆیە پێویستە ئێستا ئەم ئامرازەش بەکاربهێنرێت و بەهەمان شێوەی مزگەوت و حوجرەکانی جاران خزمەتیان پێ بکرێت.

یان کارێک فەرمانی پێکراوە بەجۆرێک ئەنجام بدرێت، بەڵام دەتوانرێت بە شێوەیەکی دیکە هەمان مەبەستەکەی تێدا بەدی بهێنرێت و خودی کارە فەرمانپێکراوەکە مەبەست نییە، بەڵکوو مەبەستێک لە کردنیدا بەدی دێت و ئێستە دەتوانین لە ڕێگەیەکی دیکەوە بەدەستی بهێنین.

یان ئەمڕۆ مەبەستی شارع لە کردنی ئەو کارەدا بەدەست نایەت، بەڵکوو بەجۆرێکی دیکە بەدەست دێت بۆیە بە شێوەی نوێ ئەنجامی دەدەین.

زانایانیش چەند مەرجێکیان دیاری کردوە کە دەبێت لەو ئامرازەدا هەبێت:

أ/ پێچەوانە و دژ نەبێت لەگەڵ دەق یان بنەمایەکی چەسپاوی گشتیدا.

ب/ لە بەکارهێنانیدا لێکەوتەیەکی خراپی زۆرتر لە بەرژەوەندی وەدەستخراوی لێ نەکەوێتەوە (١٦).

٧. گۆڕینی کات: دیارە کەوا گۆڕینی کات بە خودی خۆی کاریگەری نییە لەسەر گۆڕینی فەتوا، بەڵکوو کردەوەی مرۆڤەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاواز دەبێت و بەهۆیەوە فەتوا دەگۆڕدرێت، جا لەبەر ئەوەی کردەوەکان لە کاتدا ئەنجام دەدەرێت بۆیە بە ناوی کاتەوە ناوزەند دەکرێت.

بۆ نمونە: ئیبن عەبباس دەفەرموێت: لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خودای لێبێت) و سەردەمی حووکمڕانی ئەبوبەکر و دووساڵی خەلافەتی عومەردا تەڵاقی سێ بەسێی پیاویان بە یەک تەڵاق دەخست، بەڵام کاتێک خەڵک گوێیان بە خواردنی تەڵاق نەدەدا و پەلەیان دەکرد تێیدا عومەر فەرمووی: خەڵک زۆر پەلە دەکەن لە کارێکدا کەوا مۆڵەتیان تێییدا هەیە با سێ تەڵاقەیان هەمووی بە کەوتوو بۆ هەژمار بکەین.

ئیبن تەیمیە دەفەرموێت: عومەر ئەمەی وەک سزایەک جێبەجێ کرد لەسەر خەڵک و کاری پێکردوە لە کاتی پێویستیدا، هەروەها وەهای بینیوە ئەو ڕوخستە بۆ کاتێک بووە خەڵک بە کەمی توخنی تەڵاقخواردن کەوتوون: (ولكن ظاهر مذهبه الذي عليه أصحابه أن ذلك لا يقدح في العمل بالحديث، لا سيما وقد بين ابن عباس عذر عمر بن الخطاب رضي الله عنه في الإلزام بالثلاث. وابن عباس عذره هو العذر الذي ذكره عن عمر رضي الله عنه وهو أن الناس لما تتابعوا فيما حرم الله عليهم استحقوا العقوبة على ذلك، فعوقبوا بلزومه، بخلاف ما كانوا عليه قبل ذلك، فإنهم لم يكونوا مكثرين من فعل المحرم (١٧).

نمونەی دیکە زۆرن لەمبارەیەوە بەڵام لەبەر کەمی کات و دەرفەت ناتوانم هەمووی بهێنم.

٨. گۆڕینی شوێن: گومانی تێدا نییە کەوا زانایانی ئیسلام بەپێی گۆڕینی شوێن و جیاوازی شوێنەکان فەتوایان گۆڕیوە و هەمووی یەک فەتوایان بۆ نەداوە، هەروەک چۆن لە فەرموودەشدا جیاوازییان کراوە.

بۆ نمونە: بەشێک لە زانایان بە درووستیان نەزانیوە کەوا کەسی دەشتەکی و لادێی پێشنوێژی بۆ کەسی شاری بکات، بە پاساوی ئەوەی کەوا کەسی دەشتەکی زانستی کەمە بە سوننەت و زۆرجار ڕێگەی لە ئەنجامدانی نوێژی هەینی ناکەوێت.

هەروەها وتوویانە شاهیدی کەسی لادێی بۆ شاریی وەرناگیرێت، چونکە لادێییەکە ئاگادار و شارەزا نییە بە دابونەریت و شێوازی مامەڵەی کەسانی شارستان و شاهیدییەکەی بە درووستی نایەتەجێ.

هەروەها شوێنێک کەوا بارانی لێ ببارێت و ساردبێت، خەڵک لە ڕۆیشتنیاندا بۆ مزگەوت توشی نارەحەتی ببن، ئەوە لەوکاتەدا دەتوانن نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر هەروەها مەغریب و عیشا بەیەکەوە کۆبکەنەوە، کە ئەم حووکمە بۆ شوێنێک نییە کەشوهەواکەی ئاسایی و لەبار بێت (١٨).

٩. گۆڕینی فەتوا بەپێی گۆڕینی بارودۆخی فەتواویست. بۆ نمونە: لە سەعدی کوڕی عوبەیدەوە، دەفەرموێت: ئیبن عەباس دەیفەرموو کەسێک بکوژێت مۆڵەتی پەشیمان بوونەوە و تەوبەی هەیە. بەڵام پیاوێک هاتە لای و لێی پرسی: ئایا کەسێک موسوڵمانێک بکوژێت دواتر دەتوانێت تەوبە بکات؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر، کە کابرا چوو قوتابییەکانی لێیان پرسی بۆچی وات وت لە کاتێکدا لە ڕۆژانی دیکەدا دەتوت تەوبەی بۆ هەیە، ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: ئەم پیاوە تورەبووە و دەیەوێت کەسێک بکوژێت. (جا بۆ پێشگیری لە کوشتنی کەسێک کابرای وا تێگەیاند) (١٩).

١٠. گۆڕینی زانیاری زانایەک: هەر کاتێک زانایەک زانیارییەکانی زیادی کرد و زیاتر بەرچاوی روون بوە بە شەریعەت و تێگەشتنێکی قوڵتری بۆ درووست بوو، یان فەرموودەیەک کە ئەم لە فەتواداندا پشتی پێ بەستووە و بە ڕاستی زانیوە بۆی دەرکەوت کەوا لاوازە یان کاری بە فەرموودەیەک نەکردووە و بەلاوازی زانیووە بەڵام دواتر بۆی ساغ دەبێتەوە ڕاست و سەحیحە، ئەوە لەم کاتانەدا فەتواکەی دەگۆڕێت.

هەروەها کارێک کە لە سەردەمێکی پێشترەوە هەبوە و زانایان یان بەشێکیان بە ڕەوایان بینیوە بەڵام ئێستە بەهۆی پێشکەوتنی زانستی پزیشکییەوە دەردەکەوێت کەوا زیانی تەندرووستی هەیە، ئەوە لەم بارەشدا بە هەمانشێوە زانایان فەتوای خۆیان دەگۆڕن و بە نارەوای دادەنێن (٢٠).

## پەراوێزەکان:


١. لسان العرب/ محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى (المتوفى: ٧١١هـ)/ دار صادر- بيروت/ ط٣/ ١٤١٤هـ/ (١٥/ ١٤٧).

٢. المجموع شرح المهذب/ أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (المتوفى: ٦٧٦هـ)/ دار الفكر/ (١/ ٤٠).

٣. الفروق = أنوار البروق في أنواء الفروق/ أبو العباس شهاب الدين أحمد بن إدريس بن عبد الرحمن المالكي الشهير بالقرافي (المتوفى: ٦٨٤هـ)/ عالم الكتب/ بدون طبعة وبدون تاريخ/ (٤/ ٥٣).

٤. التعريفات/ علي بن محمد بن علي الجرجاني/ التح: إبراهيم الأبياري/ دار الكتاب العربي – بيروت/ الطبعة الأولى/ ١٤٠٥هـ/ ص: ٤٩.

٥. الفتوى والقضاء في المذهب المالكي/ رياض محمد/ ط٤/ ٢٠١٠م/ ص: ١٧٧. ثبات الأحكام الشرعية، وضوابط تغير الفتوى/ محمد بن شاكر الشريف.

٦. تغير الفتوى: حقيقته وأسبابه/ د. خالد ملاوي/ جزائرى: ٤.

٧. إعلام الموقعين عن رب العالمين/ محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (المتوفى: ٧٥١هـ)/ محمد عبد السلام إبراهيم/ دار الكتب العلمية – بيروت/ ١٤١١هـ - ١٩٩١م/ (١/ ٣٥).

٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩. الغياثي غياث الأمم في التياث الظلم/ عبد الملك بن عبد الله بن يوسف بن محمد الجويني، أبو المعالي، ركن الدين، الملقب بإمام الحرمين (المتوفى: ٤٧٨هـ)/ التح: عبد العظيم الديب/ مكتبة إمام الحرمين/ ط٢/ ١٤٠١هـ/ ص: ٤٠٠.

١٠. آداب الفتوى والمفتي والمستفتي، النووي، التحقيق: بسام عبد الوهاب الجابي، دار الفكر– دمشق، ط١، ١٤٠٨هـ ص: ١٣.

١١. الموافقات/ إبراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي (المتوفى: ٧٩٠هـ)/ مشهور بن حسن آل سلمان/ دار ابن عفان/ ط١/ ١٩٩٧م/ ص: ٤٩. – المدخل الفقهي العام، مصطفى بن أحمد الزرقا/ دار الفكر/ (٢/ ٩٤٢).

١٢. صحيح مسلم/ الح: محمد فؤاد عبد الباقي/ دار إحياء التراث العربي/ بيروت/ (٣/ ١٥٦١). تغير موجبات الفتوى في عصرنا، د. يوسف القرضاوي، منشورات الإتحاد العلماء المسلمين، ص: ٣١.

١٣. موجبات تغير الفتوى/ د. يوسف القرضاوي.

١٤. الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام/ عبد الفتاح أبو غدة/ دار البشائر الإسلامية/ بيروت- لبنان/ ط٢/ ١٩٩٥م/ ص: ٢١٨.

١٥. معين الحكام فيما يتردد بين الخصمين من الأحكام/ أبو الحسن، علاء الدين، علي بن خليل الطرابلسي الحنفي (المتوفى: ٨٤٤هـ)/ دار الفكر/ ص: ١٢٩.

١٦. تحطيم الصنم العلماني/ محمد بن شاكر الشريف/ ص ٥٩.

١٧. صحيح مسلم، (٢/ ١٠٩٩).

١٨. مجموع افتاوي/ ابن تيمية/ التح: عبد الرحمن بن محمد قاسم/ مجمع الملك فهد للطباعة بالمدينة/ ١٩٩٥م/ (٣٣/ ٨٧).

١٩. المصنف في الأحاديث والآثارأبو بكر بن أبي شيبة، عبد الله بن محمد بن إبراهيم بن عثمان بن خواستي العبسي (المتوفى: ٢٣٥هـ)/ التح: كمال يوسف الحوت/مكتبة الرشد – الرياض/ ط١/ ١٤٠٩ (٥/ ٤٣٥).

٢٠. موجبات تغير الفتوى/ يوسف القرضاوي.

# مەترسیەکانی فەتوای سیاسی





## د. محەمەد عەبدوڵڵا پێنجوێنی

لەدایکبووی ١٩٧٠ بڕوانامەی زانستی لە خزمەتی مامۆستا حەمەئەمین کانی یاسانی وەرگرتووە. خاوەنی بڕوانامەی دوکتۆرایە. مامۆستایە لە کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان لە زانکۆی سلێمانی. ئەندامی لیژنەی فتوای سلیمانیە.

فەتوا زاراوەکەی شەرعییە، لە دێر زەمانەوە بە چەند واتایەکی جیاواز بەکارهاتووە، کە هەر هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ واتای وەڵامدانەوەو ڕوونکردنەوەو ئاشناکردنی داواکار، پرسیارکار، بەو بابەتەی کە بوەتە گرفتی دەروونی و هزری بۆی.

ئەگەر سەرنجێکی خێرای قاموسەکانی زوبانی عەرەبی بدەین، پێمان دەڵێن کە ئەم وشەیە لە بەکارهێناندا بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- وشە و وێژەی **(الفُتیا)** زۆر تر بەکار دێت تا **(الفَتْوى)**، بۆ نمونە پەرتوکەکەی (ابن فارس) بە ناوی(فتیا فقیه العرب)ناونراوە، لە پەرتوکەکانی فەرمودەدا نوسراوە باب **(الفُتیا)** یان **(كراه الفتیا)** (١)، لە هەموو پەرتوکە بەناوبانگەکانی فەرمودەشدا، وشەی (الفتوى) نابیرێ و بەکار نەهاتووە، ئەمەش بەڵگەیە کە وشەیەکی زۆر دروست نیە، کەواتە هەر لە بەکاهێنانی خودی ووشەکەدا هەڵە هەیە و وەک پێویست بەدروستی بەکار نەهاتووە.

هەرچەندە هەندێک لە زانایانی زوبانناسی ئەوەیان ڕوونکردوەتەوە کە ئەم وشەیە دەکرێت وەک **(الفُتیا)** وابێت و هەردوکیان دوو ناوی چاوگ بن و بەکار هاتبن بۆ یەک واتاو مەبەست **(الفُتیا والفتوى اسمان مِن أفتى توضعان موضع الإفتاء)** (٢).

٢- پێناسەی ئەو زاراوەیە بە چەند شێوەیەک هاتووە، لەوانە:

- (القرافي) دەڵێت: «الفتوى إخبار عن الله تعالى فی إلزام أو إباحة» (٣) واتە: فەتوا لە باتی خوای گەورە پابەندکردن یان ڕەواکردن.
- (ابن حمدان الحنبلي) دەڵێت: «الإفتاء هو الإخبار بحكم الله تعالى عن دليل شرعي». (٤) هەمان واتای سەرەوەی هەیە، تەنها بەڵگەی شەرعی بۆ زیادکردووە.
- (البناني) لە پەراوێزی (جمع الجوامع) دا دەڵێت: «الإفتاء هو الإخبار بالحكم الشرعي من غير إلزام». (٥) بەهەمان واتایە، تەنها دەستەواژەی بەبێ پابەندکردنی بۆ زیادکردووە.
- (ابن تيمیە) دەڵێت: «وهو علم الفتوى، إذا نزل بالعبد نازلة احتاج من يشفيه» (٦). زانستی فەتوا ئەوەیە، ئەگەر کارێکی نەخوازراو ڕوویکردە بەندەیەک، پێویستی بەکەسێکە شیفای بدات و ڕزگاری بکات. لێرەدا ڕۆڵی کەسی فەتوادەری دەرخستووە.
- زانایانی سەردەمیش ووتویانە: «تبيين الحكم الشرعي عن دليل لمن سأل عنه، وهذا يشمل السؤال فی الوقائع وغيرها» (٧)، ڕوونکردنەوەی بڕیاری شەرعییە بۆ کەسێک پرسیاری کردبێت، جا دەربارەی ڕووداوێک بێت یان نا، هەردووکیان دەگرێتەوە.

باسکردنی ئەم چەند پێناسەیە بۆ ئاشناکردنی مانای زاراوەیی ئەم زاراوەیە، کە پێناسەکەی گۆڕانی پێوە دیارە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت، هەڵدەگرێت ئەم وشەیە هێشتا مافی خۆی پێنەدرابێت و لە جێی خۆیدا وەک پێویست بەکار نەهاتبێ، دەکرێت واتاکەی زۆر تر فراوانتر بێت لەوەی بۆی کراوە.

٣- ئەگەر سەرنجێکی خێرا لە قورئان بدەین و بە شوێن ئەم زاراوەیە بکەوین مانایەکی وردترمان بۆ دەردەکەوێت، زیاتر لە مەبەستەکانی فەتوا تێدەگەین، خودی وشەکە بە شێوەی کردار (الفعل) هاتووە، بۆ نموونە:

١- دەفەرموێت: **﴿يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ﴾ (يوسف: ٤٣)**.

سەرکردەی وولاتێکە، ڕوودەکاتە دەستەو تاقمی ناو کۆشک و داوای ڕوونکردنەوەی خەوێک دەکات، کە زۆر سەرسامکارەو حاڵی بوون لێی سەختە، بۆیە پەنا بۆ هەموو دەستەکەی دەبات، نەک تەنها ئەوان، بەڵکو لە سەرتاسەری وڵاتدا کێ هەیە بتوانێت ڕاڤەی بکات؟ لێرەدا هەموو ئەوانەی مەبەستە کە شارەزای ئەو بوار و بابەتانەن، مەبەستی شارەزایانی تایبەتمەندە، بەڵام ڕووی لە هەموانە.

وشەی فەتوا بۆ جۆرە پرسیارو پرسێک بەکار دێت کە بووبێتە گرفت و زانینی ئاسان نەبێت، پێویستی بە زاناو دانای تایبەت هەبێ، بۆیە وتی (افتونی فی رؤیای)، وەک (ابن عاشور) دەڵێت: «الإخبار بإزالة مشكل، أو إرشاد إلى إزالة حيرة»(٨).

٢- هەروەها دەفەرموێت ﴿إِنَّهُ مِنْ سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (٣٠) أَلَّا تَعْلُوا عَلَيَّ وَأْتُونِي مُسْلِمِينَ (٣١) قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنْتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّى تَشْهَدُونِ﴾ (النمل: ٣٣).

نامەکەی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لە سەربێ) دەگاتە سەرۆکی وولات، دەیخوێنێتەوە زۆر سەر سام دەبێت، تا ئەو کاتە نامەی بەو شێوەیەو، بە جۆرە نوسینەو، بەو جۆرە دەستەواژانەی پێنەگەیشتوە، بۆیە ئەویش پەنا بۆ خەڵکی کۆشکو تایبەتمەندانی ئەو بوارە دەبات و دەڵێت: (افتونی فی أمری).

گەر سەرنج بدەین لە هەردوو شوێنەکەدا کەسی یەکەمی وڵاتەو بابەتەکەش پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیەو سەرەنجامی وڵاتی پێوە بەستراوەتەوە، کەچی دەڵێت: ئێوە هەواڵی دروست بدەنە من لە بارەی خەوەکەم، یان کارەکەم.

٣- دەفەرموێت: ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ﴾ (النساء ١٧٦):

ئەی محمد(درودی خوای لەسەر بێت) ئەوانە داوای ڕوونکردنەوە لە تۆ دەکەن، بڵێ خودا هەواڵی دروستتان پێدەدات دەربارەی کەلالە، لێرەدا بە هەمان شێوەی پێشتر پرسیارکردنە دەربارەی بابەتێک کە وەڵامەکەی ئاڵۆزەو بەئاسانی نازانرێت، واتای وشەی کەلالە ئاشکر نەبوو بەکێ دەوترێت و کێ دەگرێتەوە، وەک (جصاص) دەڵێت: «ثبت أن معنى اسم الكلالة غير مفهوم من اللغه وأنه من متشابه«(٩).

لێرەوە لەوە تێدەگەین کە ووشەی (افتی و الفتوی، الفتیا) بۆ پرس وبابەتێک بەکار دێن کە زانینان ئاسان نەبێت، ئەرکی کەسانی پسپۆر و شارەزا بێت، دەربارەی بابەتگەلێک بێت کە پەیوەندی ڕەهای بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت.

کەواتە ئەو قسەیە ڕاستە کە دەوترێ فەتوا بریتییە لە پرسی ڕوونکردنەوەی بابەتێک تەنها پسپۆران نەبێت نایزانن، لای زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە نادیارە، «وهى إخبار عن أمر يخفى عن غير الخواص فى غرض ما» (١٠).

هەر بابەتێک گرنگ و گەورەو ئاڵۆزو سەخت بوو، دەربارەی هەر ڕووداو و کار و شتێک بێت، پرسکردن بە خەڵکانی شارەزا و لێزان و تایبەتمەند لەو بوارەدا پێی دەووترێ فەتوا، ئیتر بابەتەکە بابەتی پەرستش بێت یان کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان کاروباری دەوڵەت، یان هەرشتێکی دیکە.

تایبەتکردنی فەتوا تەنها بە بابەتی شەرعی و فەتوای شەرعی زاراوەیەکی فیقهناسانەو دەکەوێتە بازنەی نەریتی فیقهییەوە، نەک داخوازییەکی زوبانی و زوبانەوانی.

بۆیە ئەو پێناسانەی کە لە پێشەوە باسمانکردن، هەموویان پێناسە بوون لای فیقهناسان. لە دیدی ئەوانەوە وێنانەی وشەکە کراوە، دەنا لە دیدی قورئانییەوە واتاکەی گشتگیرترە.

لێرەوە بێینەوە سەر ناوەڕۆکی پرسەکەمان، دەربارەی مەترسیەکانی فەتوای سیاسیی لە خودی ئاینی ئیسلامدا، کە زۆر پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، بۆئەوەی جوانییەکانی ئەم ئایینە بە هۆی ئەم جۆرە فەتوایانەوە نەکەوێتە ژێر پرسیار.

بۆ ئەم مەبەستە و ڕوونکردوەی ئەم بابەتە، تیشک دەخەینە سەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

١- مەبەست لە فەتوای سیاسی بریتییە لە فەتوایەک کە فاکتەرو هۆکاری سەرەکی و جوڵێنەری سیاسەتی سیاسەتمەدارێک بێت، یان گروپ و پارتێکی سیاسی بۆ مەبەستێکی سیاسی دیاریکراو، دوور لە ڕەچاوکردنی باری لەبار و نا لەباری ژینگەی فەتواکە و ئەندازەی شەرعی

بوون و شەرعی نەبوون و، پێویستی هەنووکەیی و داخوازی و مەبەستەکانی شەریعەت.

ئەمەش بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت، هەروەک بە گوێرەی بابەتەکانی دەگۆڕێت. لە دێر زەمانەوە زۆرجار سوود لەمجۆرە فەتوایە وەرگیراوە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر بەڕوونی نیشانەکانی ئەم بەکارهێنا دەردەکەوێت، نمونەی زۆر هەیە، لەوانە لیون ڕوش (Léon Roches) سەر کونسوڵی فەڕەنسا لە تونس زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێت: من توانیم هەندێ لە زانایانی ئەسکندەریەو مەکەو قەیرەوان هەڵبێنێم بۆ ئەوەی فەتوا بدەن کە خەڵکی جەزائیر گوێڕایەڵی دەسەڵاتی فەڕنسی بکەن، شۆڕش لە دژمان ئەنجام نەدەن، دەوڵەتی فەڕەنسا بە باشترین دەوڵەت دابنێن، هەندێک لەو زانایانە فەتوایاندا کە دەوڵەتی فەڕەنسی زیاتر لە دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی ترە، لیون ڕوش هەروەها دەڵێت: هەموو ئەم کارەی کردم جگە لە چەند پارچە ئاڵتونێک نەبێت هیچێکی وا لە سەرم نەکەوت(١١).

مەبەستی سەرەکی لە فەتوای سیاسی ئەم جۆرە فەتوایانەیە، کە لەبەر خاتری خاتران و سەپاندنی دەسەڵات و شەرعاندنی ستەم و داگیر کاری و قۆرخکردن ئەنجام درابێت.

فەتوای سیاسی جاری وا هەیە سەرخۆیەو پەیوەندی بە دەوڵەت و سەرۆک و سوڵتانەوە نییە، تاقم و گروپێکی بەرهەڵستکار ئەنجامی دەدات، سەرچاوەکەی مەرج نییە بڕیارێکی سیاسی بێت، دەگونجێ چەند کەسێک بن، سروشتی دژایەتی و ململانێیان هەبێ بەو جۆرە فەتوایانە ڕاهاتبن.

دەکرێت خودی فەتوادار کەسێتییەکی وای هەبێت و هاوسەنگی بۆ نەپارێزرێت، زوو زوو تووشی ئەم حاڵەتە ببێت.

هەندێ لە زانایان (ڕەحمەتی خوایان لیبێت) خۆ دوورگرتنیان لە دەرگای سوڵتان و دەسەڵاتداران بۆ زانایان بە پێویست زانیوە، لە بەر ڕوونەدانی ئەم حاڵەتەو نەکەوتنە بازنەی سیاسەتی سیاسیەکانەوە، پێشەوا غەزالی لە (احیاء علوم الدین) دەڵێت: «حوزەیفە فەرموویەتی ئاگاداری دەرگاکانی فیتنە بن، وتیان: دەرگاکانی فیتنە کامانەن؟ فەرمووی: دەرگای سەرۆک و پاشاو سوڵتانەکان»(١٢).

هەر لە بەر ئەم هۆکارەیە کە هەندێ لە زانایان بەدروستیان نەزانیوە موفتی پارەو موچە لە دەوڵەت وەر بگرێت، (ئیبن صلاح) دەڵێت: «موفتی بێ بەرامبەر کاری فەتوا دەکات، مەگەر لە سەری پێویست بکرێت و وەک وەزیفەی لیبێت، ئەوکاتە بۆی هەیە گەر چاری نەبوو بەشی پێویستی لە پارەی دەوڵەت وەربگرێت، گەر وانەبێت قەدەغە و نارەوایە هیچ برە پار یان شتێک وەربگرێت»(١٣).

دەبێت لێرەدا ئەوەمان لە یاد نەچێت کە جۆرێکی دیکەی بە سیاسیکردنی فەتوا هەیە، ئەویش لە ڕێی بە یاساییکردنی فەتوا و قۆرخکردنی تەنها لە دەزگایەک یان چەند کەسێک لەبەر مەبەستێکی سیاسی، دەنا گەر مەبەست ڕێکخستن و بەهێزکردن بێت، کارێکی پیرۆز و باشە، بەڵام لە پشتی ئەم هەنگاوەوە سیاسەتێک هەیە کە ئەویش دەستەمۆکردن و قۆرغکردنە.

کەسانێک دەچێتە ئەو شوێنە کە سیاسییەکان پێیان باشە، نەک خەڵکە پسپۆڕ و زاناکان.

٢- نادیاریی و ناڕوونیەک هەیە لە پێگەو کەسێتی فەتوادەر(مفتی)، ئایا پێگەی وەک پێگەی سوڵتان وایە لە مەڕ ڕووداوە نوێەکان؟ بە ئەندازەی ئەو بەرپرسیارێتی ڕووی تێدەکات؟ وەک وولامگۆ و ڕوونکار و ڕێنوێن وایە لە بەردەم خەڵک و پرسیارەکانیاندا؟ یان وەک (شاطبي) دەڵێت: «لەگەیاندنی بڕیارە شەرعییەکاندا وەک پێغەمبەر و جێگری وایە (١٤)، پلەکەی پلەیەکی زۆر بەرزەو دەبێت لەو پلەیەوە مامەڵە بکات.

(قەرافی) هەندێ لایەنی نادیاری ئەم بابەتە ڕوونەکاتەوەو دەڵێت: «پلەی دادوەری کەسێکی دەوێت کە زوبانی گفتوگۆی زانستی بەهێز بێت، بەڵگە بەزێن بێت، بەڵام فەتوا پشت بە تەنها

بەڵگە دەبەستێت و زوبانی گفتوگۆی ناوێت، دیارە مامەڵەکردنی سوڵتان زیاد لەمانەیەو پشت بە بەرژەوەندی و هێز، یان تایبەتمەندی گەلان دەبەستێت» (١٥).

ئەم جیاکردنەوەیەی (قەرافی) ئاماژەیەکی زۆر بەهێزی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە پلەی سوڵتان پلەیەکی هێندە گرنگ نیە تا موفتی خۆی بەو کەسە بزانێت، چونکە جوڵە و مامەڵەکانی پشت بە بەرژوەندی دەبەستێت تا بەڵگەو دەق و توێکاری لە بابەتەکاندا، کاری دادوەر و موفتی بەهێز ترە.

جاری وا هەیە فەتوای موفتی و دادوەری دادوەر لە گەڵ ئەو بەرژەوەندیەی سوڵتان پێی وایە بەرژەوەندییە یەکناگرنەوەو جیاوازی زۆریان هەیە. کەواتە پێگەی موفتی پێگەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو پێگەیەکی زانستی روون و ئاشکرایەو هێزی لە بەڵگە و زانستەکەی وەردەگرێت.

لەهەمان کاتدا کەسێتی موفتی گرنگە، دەبێت پابەند بێت بە کۆمەڵێک ئاکار و رەوشت و سیمای تایبەتەوە، وەک ئامادەگی و شارەزایی و دادپەروەری و ئەمانەتداری و بیرتیژی و وهزر پوختی روون، سیرە جوان و کەم لەکەیی، ئەمانە رێکخەری ئەخلاقین دەبێت ببن، چونکە ئەمیش وەک هەر پیشەیەکی دیکە ئامادەیی ئەوەی تێدایە بە لارێدا بڕوات و لە سەنتەری خۆی لابدات.

کەواتە دەبێت ئەو نادیاریە لابچێت لە سەر پێگەی موفتی تا خۆی لێ ون نەبێت و نەکەوێتە گوزەرێکەوە لە سەرو هەموو شتێکەوە خۆی ببینێتەوەو، زۆرێک لە کارەکانی خۆی لە بیر بکات.

پێگەی زانستی و رێنوێنی زۆر جیاوازە لە پێگەی قازی ودادوەر، چجای سوڵتان.

٣- کاتێ فەتوا سروشتی سیاسی وەردەگرێت و دەبێتە کەرەستەیەکی تری سیاسەتکردن، مەترسی یەکەم و سەرەکی روو دەکاتە خودی پەیام و ئایینی ئیسلام، زیانی هەرەگەورە بەر دەق و فەرمودەو پرەنسیپ و یاساکان دەکەوێت.

ئەوکاتە ئایینەکە قوربانی دەستی ئەم جۆرە فەتوایە دەبێت، نموونەکانی ئەم سەردەمە ئەم راستیە روون دەکەنەوەوە، ئەو حاڵەتەی ئێستا بەسەر جیهانی ئیسلامی هاتووە هەندێ وڵاتی وێرانکردوە، ژیانی تێدا ئەستەمکردوە، دەرگای زیاتری لە بێ دینبوونی بەشێک لە لاوان و رۆنشبیران و...هتد کردوەتەوە، چەندەها گومان و دڵەڕاوکێی بەرامبەر سەدان دەق و یاسای شەریعەت دروستکردوە، بەشێکی ئەنجامی ئەمجۆرە فەتوایانەیە.

هەروەها وێنەیەکی نادروستی ئیسلامی دایە وڵاتانی دەرەوەی جیهانی ئیسلامی، بە ئاینێکی تۆقێنەر و خوێنمژ و دوور لە بنەما مرۆییەکان دایانە قەڵەم، رووداوەکانی یانزەی سێتمبەر و دەهاویشتەکانی شایەتێکی ئاشکرای ئەم حاڵەتەن.

٤- لادانی فەتوا لە رێرەوی خزمەتکردن بە خەڵک و کۆمەڵگە و بوونی بەچەکی دەستی سیاسی و دەسەلاتدار و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی خودی خۆی و چەوساندنەوەی خەڵک، ئەمەش پێچەوانەی خودی پەیامی ئیسلامە، دوور کەوتنەوەیە لە مەبەستەکانی شەریعەت.

ئەم حاڵەتە لە هەندێ وڵاتدا رویداوە وەک ئەوەی بورقیبە لە تونس کردی، مەبەستی گۆڕینی سیستەمی دەوڵەت بوو بۆ دەوڵەتێکی عەلمانی دژە ئایین، ئەم دەنگۆیانە لە ناو خەڵک و ناوەندە زانستی رۆشنبیریەکاندا بڵاو بوویەوە، پەنای بۆ موفتی وڵات برد، لەو رێگەوە زۆرێک لە کارەکانی خۆی رێکخست، دواتر بۆ روبەروبوونەوەی بزووتنەوەی وەهابیەکانیش هەمان کاری کرد(١٦).

نیازی وابوو لەماوەیەکی کەمداو لە مەودای چەند ساڵێکدا ئایینداری لە کۆمەڵگەدا لابات و نەیهێڵێت، کار گەیشتە ئەوەی کە رۆژوی رەمەزان لە کاتی گەرمادا ئەنجام نەدرێت، کەچی بەناچاری گەڕایەوە باوەشی فەتوای زانایان و دەزگای فەتوای بەهەند گرت، وەک ئەوەی چەکێکی یەکجار

# فەتوای سیاسی تەنها هەڕەشە نابێت بۆ سەر ئایین و ئایندارییی، بەڵکو دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر کۆمەڵگەو مرۆڤەکان

باش و کاریگەرەو بەکاری دەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی. لێرەوە هەندێ لە زانایان هەستیان بە هەستیاری ئەنجامی ژێر دەستەبوونی ئەم دەزگایە کردو هاتنە دەنگ قسەی خۆیان کرد، هەتا (شیخ تاهیر ئیبن عاشور) دەربارەی بابەتی بە ڕۆژو بوون کە لە ڕەمەزانی ١٩٦١ دا بوو، ووتی: «صدق الله وكذب بورقيبة».

لەم سەردەمەشدا هەمان ڕیتم بەردەوامە، دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە لە کاتی شەڕ و پێکدانەکانیان لەگەڵ نەیارەکانیان پەنا بۆ چەکی فەتوا دەبەن، بەتایبەت کاتێ گرفتیان لەگەڵ تاقم و گرووپێکی ئیسلامی هەبێت، سەرەتا ئەو چەکە بەکار دەهێنن و دواتر بە چەکی باروت و کوشتنە لێیان دەدەن. ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە زۆر ترسناکە، ئایینداری ناو و ناوەرۆکی لێ دەرهێنراوە، لەباتی ڕەحمەت و میهرەبانی و پارێزگاری و دادپەروەری و خۆشەویستی پێچەوانەکانیان بووەتە جێگرەوەی.

وەک لە تورکیا لە ناو وڵاتدا دەربارەی گوڵنیەکان و، لە عەفرین دەربارەی هێزەکانی ناو عفرین، فەتوایان بەکار هێناو فەتواکەش سیاسی بوو. وەک لە میسرو عیراق و هێندەی وڵاتانی تر فەتوای سیاسی دژی گەلێک و نەتەوەیەک یان هێزێکی سیاسی دەردەچێت.

٥- مەترسییەکی تری فەتوای سیاسی لەکەدار بوونی خودی موفتیەکانە، ئەوانیش دەکەونە ژێر پرسیاری جدی و زۆر پشت شکێنەوە و کەسایەتییان لەکەسێتیەکی هاوسەنگ و خزمەتگوزارەوە دەگۆڕێت بۆ نا هاوسەنگ و دژ بەگەل و ئایین و بۆ خۆ ژیاو. لە کەسێتیەکی سەربەخۆ و پێشەنگەوە دەگۆڕێت بۆ پاشکۆ شوێنکەوتەی بەرژەوەندیەکانی، ئەو کاتە قسەو وتەکانی سەنگیان نامێنێ و ئەرزشی خۆی لە دەست دەدات.

نموونەی ئەم جۆرانە لە مێژوودا هەیەو لەم سەردەمەشدا لە جیهانی ئیسلامی دووبارەو چەند بارە دەبنەوە، کەوتونە شوێن بانگەشەیەک و کەسێتی خۆیان لە دەستداوە، متمانەی زانستییان نەماوە. ئەو قسەو باسانەش کە دەیکەن لای دۆست و پارت و گروپەکانیان تەنها بۆ دڵخۆشی ئەو نەبێت، بڕوا پێکراو نین.

ئەوانیش دەزانن ئەوە لایەنی دروستی ئەو بابەتە نییە، چونکە خۆیان دڵنیان ئەوەی ئەیانەوێت ئەوە نییە کە ئەو ماموستایە باسی دەکات.

٦- مەترسیەکی دیکە دروست بوونی دژایەتی و بەریەکەوتن لە نێوان ئایین و جەماوەردا، لە نێوانی ئاییندارانی خۆیاندا، دروستبوونی دووبەرەکی گەورە، جیاجیاییەکی یەکجار پشت شکێن، چونکە بە سیاسیبوونی فەتوا بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون ودووبارە دەبێتە هۆی:

پەراوێزخستنی بابەتە هەنووکەی و گرنگەکانی گەل و خەڵک، خەریکبوون بەهەندێ بابەتی لاوەکی کە هەمووی دووبارە و کاتکوژە و هیچ پەیوەندی

بە بەرژەوەندی گەل و وڵاتەوە نییە، بەڵکو ئەوەندە وتراون بیستنیان بێزاری دروست کردووە.

پشتگرتنی هەندێ دەسەڵاتدار کە لەناو خەڵک و گەلدا خۆشەویست نین، ئەوەندە چاکەیان نەکردووە تا شایستەی پشتگرتن بن، ستەمی زۆریان هەیەو کاری خراپی زۆریان کردوە، بەمەش بێزارییەکی زۆر بۆ خەڵک لە خودی ئایین و موفتیەکانیش دروست دەبێت.

زۆر جاریش سەردەکێشێ بۆ دژە فەتوا و شەڕی فەتوادەران، هەریەکە فەتوایەک دەدات و دژایەتی لە نێوانی زاناکان دروست دەبێت، ئەمەش وا دەکات کە خەڵکیش یان بەو شێوەیە بە پێی لایەنگری دابەش ببن و ببنە بەرەی فەتوایەک، یان هەمووان دەکەونە سەرزەنشت و توانج لێدان.

هەر کامیان بێت، دەرەنجامێکی خراپ و بێ مانایە و دوورە لەو بەها باڵانەی کە خودی ئیسلام بانگەشەیان بۆ دەکات کە یەکێکیان برایەتییە.

٧- مەترسیەکی دیکەی فتوای سیاسی گشتاندیەتی بە سەر تەواوی جیهاندا لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، دەبێتە فەتوایەکی گشتی وسەرتاسەری بەم حاڵەش زیانێکی گەورە بەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەوێت.

بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، جیهان جیهانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەیە، ئەوەی دەبێت تایبەت بێت بە شوێن جێگە و ڕێیەکەوە دەکرێتە داڵغەو بیری هەمووان و سنوری وڵات و شوێن تێدەپەڕێنێ.

بە جۆرێکی دیکەش فەتوا سروشتی جیهانی وەرگرتوە، ئەویش لە ڕێگەی بەرنامەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە کە بەرنامەی فیقهیان هەیەو هەندێ بابەت دەخەنە بەر باس و گفتوگۆ بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە بابەتی هەمووان، فیقهناسی کەناڵی ئاسمانی دێتە گۆڕێ و فەتوا دەدات و دەکەوێتە بەرگوێی سەدان کەسەوە بەبێ ڕچاوی حاڵ و شوێن وباری خۆی دەکەوێتە جێ بەجێکردن و دواجار هەڵەی لێدەکەوێتەوەوە.

گەنجانێکی زۆر هەن کە لەم وڵاتەی خۆمان گوێی لە زانایەک گرتووە و دەقاو دەق جێبەجێی کردووە، کارێکی نامۆ بووە، یان جۆرێک لە پرسیاری لەسەر خۆی دروست کردووە.

هەر کات دەیدوێنی پێی وایە هیچ ڕایەکی دروستی تر نیە جگە لەو بۆ چوونە، هەموو بۆچوونەکانی تر بە نادروست لە قەڵەم دەدات کە لە ڕاستیدا وانییە.

گشتاندنی فەتوا بەم شێوەیە نادروستە نەگونجاوە لە گەڵ داخوازییەکانی شەریعەت و خودی چەمکی فەتواو فەتوادان.

٨- مەترسیەکی دیکە لە دەستدانی لایەنی زانستی وردی واقیعی و پەیوەندی زەمینی زەمانی فەتوایە، هەرکات فەتوا لەمە لایداو بەرەو ئاقاری کاڵی زانستی و ناواقیعی و دوور لە زەمینی گونجاوو زەمانی تایبەتی جێ بەجێکردنی ڕۆیشت، ئەو کاتە دووفاقەیی و بەریەککەوتن لە گەڵ ژینگەو هزری خەڵک دروست دەبێت، جارێ دەڵێ دروستە، جارێ دەڵێ حەرامە، جێبەجێکردنی هیچ بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی بەرجەستە ناهێنێتە گۆڕێ.

کەواتە فەتوای سیاسی تەنها هەڕەشە نابێت بۆ سەر ئایین و ئاینداریی، بەڵکو دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆمەڵگەو مرۆڤەکان، ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان دەخاتە ژێر مەترسییەوە، تەنانەت دەوڵەتیش دەکەوێتە ژێر باری دەرهاویشتەکانی و ژیانی گەورەش بەو وڵاتە دەگەیەنێت.

خۆ ئەگەر فەتوای سیاسی لە دەرفەتێکدا خزمەتێک بکات بە چینێک، یان گەلێک ناکاتە ئەوەی کە بۆ هەمووان باشەو کاریگەری ئەرێنی هەیە، خۆ ئایین و گەشەی دینداری تەنها و تەنها نەبەستراوەتەوە بەم جۆر فەتوادانەوە.

## پەراوێزەکان:

١. بنوارە: المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي ، أ.ي. ونسنك و ي.ب منسنج، ي.بروفمان، مطبعة بريل بمدينة ليدن،ج/٥، ص٦٨. المفردات في غريب القرآن، لأبي القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الأصبهاني. ص ٥٦١. الفتيا ومناهج الإفتاء، د. محمد سليمان الأشقر،(١٤١٣ هـ-١٩٩٣ م) دار النفائس، عمان، الأردن، ط ٣ (١١-١٢)

٢. تهذيب اللغة لأبي منصور محمد بن أحمد بن الأزهر المعروف بالازهري. ٣٢٩/١٤.

٣. الذخيرة، للقرافي، تحقيق: محمد بو خبزة، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ط ١، ١٩٩٤ م،.(١٠/١٢١).

٤. صفة الفتوى والمفتي والمستفتي ، لابن حمدان الحراني، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٣٩٧ هـ ص٤.

٥. حاشية البناني على شرح الجلال المحلي على متن جمع الجوامع ، لتاج الدين عبد الوهاب السبكي، مطبعة دار إحياء الكتب العربية، ط ٢،١٣٥٦ م.

٦. مجموع الفتاوى، لابن تيمية، جمع وترتيب عبد الرحمن بن قاسم العاصمي النجدي وا بنه محمد، نشر وتوزيع الرئاسة العامة للإفتاء بالسعودية،(١٤٥/١٠).

٧. الموسوعة الفقهية الكويتية، وزارة الأوقاف الكويتية، مطبعة ذات السلاسل، ط ٢، ١٤٠٧ هـ (٣٢/٢٠).

٨. التحرير والتنوير،ج/١٢، ص٢٧٨.

٩. احكام القرآن ج/٣، ص١٩.

١٠. ىالتحرير والتنوير ج٢٣، ص٩٤.

١١. گۆڤارى المنار، ژمارە ٧، سالى ١٩٠٤، ص ٥٢٠.

١٢. الغزالي ، احياء علوم الدين، ج ٢،ص ١٨١.

١٣. ابن الصلاح ، الفتاوى ، ص ٥٠-٥١.

١٤. محمد البركة، فقه النوازل على المذهب المالكي فتاوى أبي عمران الفاسي، إفريقيا للشرق، الدار البيضاء، ص ٦٥. أبو إسحاق الشاطبي: الموافقات، تحقيق مشهور آل سليمان، ط٢، دار ابن القيم، الرياض، ٢٠٠٦، ٢٥٣/٥.

١٥. شهاب الدين أحمد بن إدريس القرافي: الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، ط١، دار ابن حزم، بيروت، ٢٠١٠، ص ٦٦.

١٦. بنوارە: هشام جعيط: الشخصية العربية الإسلامية والمصير العربي، ترجمة المنجي الصيادي، ط١، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٤. محمد العزيز جعيط: الفتاوى، تحقيق محمد بوزغيبة، مركز الدراسات الإسلامية بالقيروان، ١٩٩٤، ص ١٩١.

# پێویستیەکانی گۆڕانی فەتوا

فەتوا لە شەریعەتی ئیسلامدا گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، چونکە موفتی بەناوی خواو پێغەمبەرەوە حوکمەکانی ئیسلام بۆ کۆی گشتی خەڵکی ڕوون دەکاتەوە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر ڕێکار و چوارچێوەی داناوە، بۆ ئەوەی موفتی زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە گرنگەدا بکات، هەتا موفتییەکان لە کاتی فەتوادانندا زیادەڕەوی و کەمڕەوی نەکەن، لە هەمان کاتدا نابێت هیچ پاڵنەرێکی کەسی و بابەتی کاری تێبکات، دەبێت موفتی لە ڕووی توانای زانستی و ژیری و تێگەیشتنی واقیعەوە بەرچاوڕوونی تەواوی هەبێت، هەروەها ئەوەی بۆ موفتی گرنگە، دەبێت ڕۆشنبیری واقیع و ناسینی کەسەکان و داب و نەریت و حاڵەتەکانی هەبێت(1).



پ.ی.د.ئاراس محمد سالح
دکتۆرا لە زانستە ئیسلامییەکاندا. چەند توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەی هەیە. ژمارەیەک کتێبی چاپکراوی هەیە. مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی.

کۆمەڵێک پێویستی (موجبات) کاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕانی فەتوا لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا، لە گرنگترین ئەو پێویستیانە:

یەکەم: گۆڕانی فەتوا بەپێی کات: بنەماکانی ئاین و کات ناگۆڕێن، بەڵکو سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵ و سیستمی ژیان و سیاسەت و کارگێڕی دەگۆڕێت، هەموو ئەوانەش کاریگەریان دەبێت لەسەر گۆڕانی فەتواو ئیجتیهاداتی فیقهی، لەکاتی جەنگدا جێبەجێکردنی سزاو حدود جێبەجێ ناکرێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کەسی گوناهبار رابکات و بچێتە ناو بەرەی بێباوەڕان، ئەم حوکمە کاتییەو هەرکاتێک بارودۆخی جەنگ گۆڕاو کۆتایی هات، ئەو حوکمەش دەگۆڕێت.

لەرۆژگاری عومەری کوڕی خەتابدا، بەتایبەتی لە ساڵی نەهاتی و قاتوقڕیدا، کە بە ساڵی (عام الرمادة) ناسراوە، خەلیفە سزای دزیکردنی راگرت، چونکە ئەگەری ئەوە هەبووە بەهۆی هەژاری و برسێتییەوە کەسانێک پەنا بۆ دزیکردن بەرن لەرووی ناچارییەوە، پاشان تووشی سزا ببنەوە، لەبەر ئەوە خەلیفە ئەو سزایەی راگرت و جێبەجێی نەکرد، بەڵام ئەو ئیجتیهاد و فتوایە لەدوای تێپەڕینی ئەو ساڵە و لە کاتی خۆشگوزەرانیدا کاری پێنەکراوە، هەر لە رۆژگاری عومەری خەتابدا هاوەڵان بینیان خەڵکی زۆر مەی دەخۆنەوەو زۆر سڵ لە سزاکەی ناکەنەوە، چونکە سزای مەی خواردنەوە لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێ) زۆر قورس نەبوو، ژمارەی دارلێدانەکەش دیاریکراو نەبووە، لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا کرا بە چل دار، بەڵام لە رۆژگاری عومەری کوڕی خەتابدا لەبەر ئەوەی خەڵکی زۆر سڵیان لە خواردنەوەی مەی نەدەکردووەو ئاسانگیریان تێدا کردوە، لەبەر ئەوە خەلیفە بە راوێژ لەگەڵ هاوەڵان، ئەو سزایەی کرد بە هەشتا دار، هەتا خەڵکی لەو تاوانە زیاتر دوور بکەنەوە(٢).

هەر لە رووی کاتەوە، لە رۆژگاری پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێ) کاتێک خەڵکی تازە وازیان لە دابونەریتێکی نەفامی هێناوە، بۆ ئەوەی تەواو ئەو کردەوانە لە دڵ و دەروونیان بێتە دەرەوە، پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر) فەرمانی توندی بۆ دەرکردوون، بەڵام کاتێک لەسەر ئیمان و عەقیدە جێگیر بوون، فەتواکەی گۆڕیوە، بۆ نمونە: لەسەرەتای ئیسلامەتیدا فەرمانی پێکردوون سەردانی گۆرستان نەکەن، چونکە تازە وازیان لە بتپەرستی و پاڕانەوە لە گۆڕ هێنا بوو، بەڵام کاتێک بە تێەربوونی کات لەسەر عەقیدەی یەکتاپەرستی دادەمەزرێن، پێیان دەفەموێت: **(نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، فَزُورُوهَا)**، مسلم: ٩٧٧. واتە: (من رێگریم لێکردن سەردانی گۆڕستان بکەن، ئێستا سەردان بکەن)، لە ئێستاشدا لەناو میللەتی دواکەوتوودا، ئەوانەی پەنا بۆ گۆڕی پیاوچاکان دەبەن و لێیان دەپاڕێنەوە، دەکرێت رێگری لە خەڵکی بکرێت سەردانی گۆڕستان بکەن، بۆ ئەوەی تووشی گوناهـ و تاوان نەبن.

دووەم: گۆڕانی فەتوا بەپێی شوێن: فەتوا روونکردنەوەی بابەتێکی ئاینییە کە وەک پێشهاتێک (نازلة)یەک دێتە پێشەوەو موسڵمانان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەهلی زانست هەتا ئەو بابەتەیان بۆ روون بکاتەوە، لەکاتی فەتواداندا زۆرجار موفتیەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر فەتوای جیاواز دەدەن، هەر بۆ نموونە: لە ناوچە سارد و کوێستانیەکاندا بەفرێکی زۆر دەبارێت و پلەی سەرماکەی زۆر نزمە، لەو حاڵەتەدا فەتوا دەدرێت کە خەڵکی ئەو ناوچانە دەتوانن تەیەموم بکەن و لە حاڵەتی لەشگرانیدا تەنها بە تەیەموم نوێژ بکەن لە حاڵەتی ناچاریدا، بەڵام ئەم فەتوا بۆ ناوچە گەرمیانەکان وەرناگرێت و کاری پێناکرێت.

هەروەها لەو وڵاتانەی ئاستی ژیان زۆرباشەو داهاتی تاک بەرزە لەگەڵ وڵاتە هەژارەکاندا فەتوا تێیاندا جیاوازە، بۆ نموونە: ژنێکی تەڵاقدراو کە

# دابونەرێت کاریگەری هەیە لە سەر تەفسیری دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەمودەکانی پێغەمبەر

مناڵێکی هەیە لە سعودیە یان ئیمارات ئەگەر لە قەزادا مانگی (٦٠٠) دۆلار نەفەقەی بۆ دیاری بکەن، ئەو فەتوا بۆ لیژنەی فەتوای کوردستان نابێت، چونکە لێرە ئاستی بژێوی نزمە، داهاتی تاک زۆر لەو برە کەمترە، بۆیە دەبێت بەپێی ئاستی بژێوی و داهاتی تاکی کوردستان بڕی نەفەقەی بۆ دیاری بکرێت، یان بڕی زەکاتی سەرفیترە ساڵانە لە سعودیە زۆر لەو برە زیاترە لە کوردستان دادەنرێت، ناکرێت لە بڕی زەکاتی سەرفیترە و زۆر بابەتی تردا لیژنەکانی فتوای کوردستان و وڵاتانی کەنداو یان هەر وڵاتێکی تر کە ئاستی بژێویان جیاوازە وەک یەک بێت، یان کەسانێک لە کوردستان کار بە فەتوای سعودیە بکەن، دەبێت لە بابەتە فیقهییەکان و فەتواداندا جیاوازی بکرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، وەک لەو نموونانەدا تەواو جیاوازیەکان زۆر ڕوون و ئاشکران.

سێیەم: گۆڕانی فەوا بەپێی حاڵەت: هەندێجار حاڵەتی کەسی پرسیارکەر کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی فەتوا، جیاوازی هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، هەر لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ)، دوو کەس یەک پرسیار لە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێ) دەکەن، پێغەمبەر دوو وەڵامی جیاوازیان دەداتەوە، (رخص للكبير الصائم في المباشرة، وكره للشباب) ابن ماجه: ١٦٨٨- ابوداود: ٢٠٦٥. لەبەر ئەوەی دوو حاڵەتی جیاوازە، دوو فەتوای جیاوازیان بۆ دەدات، پێغەمبەر ڕێگە دەدات پیاوی بە تەمەن یاری لەگەڵ خێزانەکەیدا بکات لەکاتێکدا بەڕۆژووە، بەڵام بۆ گەنج ڕێگە نادات، چونکە پیاوی بە تەمەن دەتوانێت خۆی بگرێت، بەڵام گەنج شەپۆلی ئارەزوی زۆرەو لەوانەیە نەتوانێت زاڵ بێت بەسەریدا، لێرەدا ڕەنگە بوترێت دوو ئایینی جیاوازە، یان دەڵێن ئایین یەک ئایینەو ئەم هەموو فەتوا جیاواز و دژ بەیەکە چییە؟ بەڵام ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، مەبەستی ئایین پاراستنی فەرمانەکانی خواپەرستییە، بۆیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، ئەوەی گۆڕاوە ڕێکارەکانی ئایینە بۆ پاراستنی موسڵمانان لە کاری هەڵە، بەڵام بنەماکانی ئایین وەک خۆیان دەمێننەوەو ناگۆڕێن.

لەوانەیە کەسێک برسیێتی و هەژاری پاڵی پێوەبنێت و بکەوێتە هەڵەو تاوانەوەو پەنا بۆ دزیکردن ببات، لە هەمان کاتدا کەسێکی تر دەوڵەمەندەو هەمان تاوان دەکات و ماڵی خەڵکی دەخوات، ئەم دوو کەسە لەبەردەم موفتیدا دوو سزای جیاواز وەردەگرن، چونکە حاڵەتەکانیان جیاوازە(٣).

چوارەم: دابونەریت (العرف): دابونەرێتی گەلان هەرچەندە وەک سەرچاوەی شەریعەت کۆدەنگی زانایانی لەسەر نییە، بەڵام وەک سەرچاوەیەکی فیقهی ئیسلامی دیاریکراوە، نەریتی گەلان ئەگەر پێچەوانەی دەقێکی شەرعی نەبێت جێگەی بایەخی زانایانی فیقهی بووە، چونکە لە هەندێ پرسی

گرنگی شەرعییدا کەلتوری گشتی ژیانی کۆمەڵ تەحەکوم دەکات، تەنانەت هەندێجار چۆنیەتی ژیانی گشتی تەفسیری دەقە شەرعییەکان دەکات.

بۆ نموونە: کاتێک کەسێک ژنەکەی تەڵاق دەدات و ئەو ژنە منداڵێکی کۆرپەی هەیە، بە دەقی ئایەتی قورئان دەبێت باوکەکە نەفەقەی ژن و منداڵەکەی دەستەبەر بکات، بەڵام ئەو نەفەقەیە چەندە؟ مانگانە چەندیان بۆ دابین دەکات؟ بڕی نەفەقەکە دیاری نەکراوە، چونکە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، هەرچەندە ئایەتی قورئان ئەو ئەرکەی دیاریکردووە، بەڵام دەقەکە لە هەموو کات و شوێنێکدا تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێت و دەگۆڕێت، قورئان دەفەمووێت: (...**وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ**...) **البقرة:** (٢٣٣). واتە: (دەبێت باوکەکە بژێوی و جل و بەرگی دایک و منداڵەکە دابین بکات، بەپێی نەریتی ژیانی ئەو کۆمەڵگە، (بالمعروف) واتە: ژیان چۆن دەگوزەرێ لە کۆمەڵگەکەیاندا بەو شێوەیە ژیانی رۆژانەیان بۆ دابین دەکات، لێرەدا ئەوەی تەفسیری دەقەکە دیاریدەکات بار و گوزەرانی ژیانی ئەو کۆمەڵەیە دەقەکەی تێدا تەفسیر دەکرێت، لە نێوان گوزەرانی چینی باڵا و چینی خوارەوەدا ئاستی ناوەند وەردەگیرێت، لەناو هەموو کۆمەڵێکدا دەبێت باوکەکە هێندە پێویستی ژیانی ژن و منداڵێکی ئەو کۆمەڵە نەفەقە بۆ منداڵەکە و دایکەکەی دیاری بکات، هەموو ئەوانەش قەزاو لیژنەکانی فەتوا دیاری دەکەن.

هەروەها لە ڕووی مامەڵەی ژن و مێردەوە قورئان دەفەرمووێت: (..**وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ**..) **النساء١٩**. واتە: (بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکانتانا بکەن کە دابونەریتی ڕاستی ئەو کۆمەڵە پەسەندی دەکات)، ئەم مامەڵە کردنە کۆی گشتی ژیان دەگرێتەوە، هەر لە بژێوی ڕۆژانە و جل و بەگ و پێویستیەکانی تری ژیانی گشتی، هەروەکو پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێ) بە هندی کچی عوتبە دەفەرمووێت: (خذي ما يكفيك وولدك بالمعروف) البخاري ٢٠٩٧. واتە: (ئەوەندە لە ماڵی هاوسەرەکەت هەڵگرە بەشی ژیانی خۆت و منداڵەکەت بکات، بەشێوەیەکی گونجاو، (بالمعروف) واتە: خەڵکی دەووروبەرت چۆن ژیان دەگوزەرێنن بەو شێوەیە(٤).

ئیمامی قەرافی دەفەرمووێت: ئەو حووکمانەی لەسەر دابونەرێت بنیات دەنرێت، هەتا ئەو دابونەرێت و سیستمە بمێنی حووکمیان پێ دەکرێت، هەرکاتێک نەمان حووکمەکەش نامێنێ، وەک دراو هەندێ شتی بازاڕ، هەرکاتێک بەهای دراوەکە گۆڕا بۆ دراوێکی تر حووکمەکەیشی دەگۆڕێت بۆ دراوە تازەکە، نابێت خۆمان بە چەند دەقێکی نوسراوەوە قەتیس بکەین، ئەگەر کەسێک هاتە وڵاتەکەت و پرسیاری شەرعی لێکردی نابێت بەپێی عورف و عاداتی وڵاتەکەی خۆت و ئەوەی لەناو کتێبەکەدا نوسراوە وەڵامی بدەیتەوە، بەڵکو پرسیاری دابەونەریتی وڵاتەکەی خۆی لێبکەو بەپێی دابونەریتی وڵاتی خۆی وەڵامی بدەرەوە، ئەمە هەقێکی ڕوون و ڕاستە (٥).

پێنجەم: گۆڕانی فەتوا بەپێی بەرژەوەندی گشتی: بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی ئامانجی سەرەکی ئیسلامەو یەکێکە لە مەبەستەکانی (مقاصد) شەریعەت، بەرژەوەندی گشتی ئەگەر پێچەوانەی یەکێک لە دەقە شەرعییەکان و قیاسی ڕاست نەبێت، هەروەها نەبێتە هۆی لەدەستچوونی بەرژەوەندییەکی گرنگترو پڕ بایەختر، دەکرێت بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندییە فەتوا گۆڕانی بەسەردا بێت.

بۆ نموونە: کۆچکردن بۆ وڵاتە ناموسڵمانەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، موفتی سەیری کەسەکان ئەو ئامانجەی کۆچی بۆ دەکات، بەگوێرەی ئەوە فەتوا دەگۆڕێت، ئەگەر بۆ کارێکی زۆر پێویست بێت، بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکی گشتی بێت و

موفتی بزانێت ئەو کەسە لە دینداریدا تووشی زیان نابێت، رێگەی پێ دەدات و دروستە ئەو سەفەرە بکات، بەڵام بۆ گەنجێک کە بۆ سەیران و گەشت بچێت، ئەگەری ئەوە زۆربێت تووشی گوناهو تاوان دەبێت رێگەی پێ نادات.

هەروەها چوونە بازاڕ لە ئاییندا هیچ رێگریەکی نییە، بەڵام کەسێک پرسیار لە موفتی بکات، ئەو موفتییە بزانێت ئەو بازارە شوێنێکی خراپە و لەوانەیە ئەو کەسە تووشی حەرام و کاری خراپ بێت، لەو کاتەدا ئەو موفتییە فەتوای بۆ دەدات بە (کەراهیەت) یان حەرامبوون(٦).

کۆتایی: فەتواو موفتی لە شەریعەتی ئیسلامدا گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە، موفتی بە ناوی خواو پێغەمبەرەوە فەتوا بۆ خەڵکی دەدات و فەتواکان بەشێکن لە ئایین و جێبەجێکردنیان ئاییندارییە، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی فەتواکانیدا بکات و نابێت لەژێر هیچ کاریگەرییەکدا فەتوا بدات، بەڵکو دەبێت تەنها بۆ خواو بۆ روونکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام فەتوا بدات، تەنها مەبەستی خواو خزمەتی دینی خوا بێت.

فەتوا بەپێی کات و شوێن و دابونەرێت گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەش بەواتای ئەوە نییە بنەماکانی ئایین دەگۆڕێت، بەڵکو ئەوەی دەگۆڕێت، سیستمی ژیان و دابونەریت و سیاسەتی گشتی ژیانە بەپێی سونەتی گەردوونی خوایی دەگۆڕێت، بەپێی تێپەرینی کات بارودخی ژیان و ئاستی بژێوی خەڵکی دەگۆڕێت، هەروەها جیاوازی گوزەران لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، هەموو ئەوانەش کاریگەری زۆریان لەسەر فەتواو فەتوادان هەیە.

هەروەها دابونەرێت و عادەتی گشتی کۆمەڵ کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر فەتوا، دابونەرێت کاریگەری هەیە لە سەر تەفسیری دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەمودەکانی پێغەمبەر، هەروەها کاریگەری لەسەر ئیجتیهاد و فەتوا هەیە.

بێگومان بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی یەکێکە لە مەبەستە بنەڕەتییەکانی شەریعەت، زۆرجار بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گشتی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر فەتوا دەگۆڕێت.

## پەراوێزەکان:

– د.عبدالكريم زيدان، اصول الدعوة، الطبعة التاسعة ١٤٢٣هـ٢٠٠٢م، مؤسسة الرسالة- بيروت، ص١٥١-١٥٢. د.عبدالله بن عبدالعزيز الدرعان، الفتوى في الاسلام أهميتها ضوابطها وآثارها، الطبعة الأولى ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، مكتبة التوبة، الرياض، ص ٣٣-٣٤.

– د.يوسف القرضاوي، موجبات تغير الفتوى في عصرنا، ص٥٣-٥٤.

– د.يوسف القرضاوي، موجبات تغير الفتوى في عصرنا، ص٦١ وما بعدها.

– د. محمد يسرى ابراهيم، الفتوى أهميتها ضوابطها وآثارها، الطبعة الأولى ١٤٢٨هـ ٢٠٠٧م، ص ٣٨٠-٣٨١.

– الامام القرافى، الفروق، التحقيق عمر حسن قيام، الطبعة الاولى ١٤٢٤هـ ٢٠٠٣م، مؤسسة الرسالة- بيروت، م١ص ٣٨٥-٣٨٦.

– محمد بن عمر بن سالم بازمول، تغير الفتوى، الطبعة الأولى ١٤١٥هـ١٩٩٥م، دار الهجرة للنشر والتوزيع- الرياض، ص٤٣-٤٤.


لەمپەرەکانی بەردەم
فەتوا لە ڕۆژگاری نوێدا
وچارەسەرەکانی
کەمال ئەمین گوڵپی
لەدایکبووی ساڵی١٩٧٩. ماستەر لە زانستی کەلام.
خاوەی شەش کتێبی چاپکراو و چەند توێژینەوەیەکی زانستییە

ڕوونە کە پلەی وپێگەی فەتوا گەورەو شکۆمەندە، شکۆمەندیەکەی نەبەستراوەتەوە بە پێگەی کەسەکانەوە، بگرە بەستراوە بە پێگەی زانستەوە، زانستێک کە سەرچاوەکەی وەحیی خوایی بێت، هەربۆیە خوای گەورە کە وەسفی ئەهلی زانست و پێگەی فەتوا دەکات بە ئەهلی زیکر ناویان دەبات، تەواوی خەڵکی ڕێنمای دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ لای ئەوان، وەک دەفەرموویێت: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ { النحل:٤٣}، پێگە بەخشین بە شتێک لە بەر زاتی خۆی گەورەترە لەوەی کە لەبەر شتێکی دەرەکی وعەرەزی پێگەی پێدرابێت، فەتوا خۆی لەخۆیدا گەورەیی وەرگرتووە، ئەوە موفتییە لەبەر بوونی فەتوا پێگە وەردەگرێت، کەواتە لێرەدا عەرەزوو جەوهەرێک دێنێتە ئاراوە کە لە نێوان فەتوا و موفتیدایە، فەتوا هێندە گەورەیە نرخ دەبەخشێتە کەسی موفتی، قسەکردن لەسەر شتە فەتوا لەسەردراوەکەش بۆ خۆی لە بەر بوونی فەتواکەیە پەسەندی یان ناپەسەندی وەردەگرێت.

بۆیە لێرەوە گەورەی پێگەی فەتوا بەسەر تاک و کۆمەڵگەوە دەردەکەوێت، چ بۆ دنیایان یاخود بۆ دواڕۆژیان، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ژیانی مرۆڤ هەرگیز نا بێتە ژdنگەیەکی گونجاو بۆ مرۆڤایەتی هەتا لە ژێر سایەیی شەریعەتدا نەبێت، چونکە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لەم زەمینەیەدا بەرجەستە دەبن و ئەوەی کە زیانە و هەڕەشە لە مرۆڤ و ژیان و ئەخلاق بەمانا گشتییەکەی دەکات شەریعەت لێی دوور دەخاتەوە، هەر ئەم پەیامە خواییە مرۆڤایەتی لە بازنەی هەوا و خواستە دژە مرۆییەکانی مرۆڤ دوور دەخاتەوە، ئەمەش نایەتەدی هەتا مرۆڤ پابەندی بەکەو مەکەکانی وەحیی خوایی نەبێت، هەر ئەم بازنەی بکە و مەکە سەرپشکی دەبەخشنەوە بەمرۆڤ، واتە ئازادی مرۆڤ لە بوونی بکە ومەکەکانی لەناو بازنەی وەحیی خوایدا بەرجەستە دەبوون، هەر بۆیە کەسی موفتی بەهۆی ئەو زانستەیەوە کەهەیەتی پەی بە بکە و مەکەکانی ناو بازنەی وەحیی خوایی دەبات و جارێکی تر دەیانبەخشێتەوە بە مرۆڤ.

گرنگە لێرەدا لەسەر چەمکی فەتوا وەک زاراوەیەکی کاریگەر لە سەر تاک و کۆمەڵگە هەڵوێستەیەک بکەین:

(الإفتاء) لە ڕووی زمانەوانییەوە: چاوگی فیعلی(أفتى)یە، الفتيا، لە فیعلی فتى یاخود فتو، کە بەمانای نیشاندان و ڕۆژنکردنەوە دێت، وەک دەگوترێت:(أفتاه فى الأمر) کاتێک کە کردەکەی ڕۆشنکردەوە، بۆیە ئەسڵ لە وشەی(الفتوى) لە (الفتى) کە بەمانای گەنجێکی بەهێز دێت، بۆیە بە موفتی دەگوترێت موفتی، چونکە بە پاڵپشت بە زانستێکی باشەوە بۆچوون لە سەر پێشهاتەیەکی تازە ڕووندەکاتەوە(١).

فەتوا یەکێکە لەو زاراوانەی کە زۆرترین پێناسەی بۆکراوە> بەڵام کاتێک کە ڕادەمێنی لە پێناسەکان دەبینی کە لە ڕووی ماناوە هەموویان داکۆکی لەسەر ڕاستێک دەکەن، کە چەمکی فەتوا لە خۆی گرتووە، ئەوەندە هەیە ئەم ماناداناوە بە دەستەواژەی جیاجیا دراوەتەوە، بۆیە ئەو پێناسەیەی کە بەلای بەندەوە پەسەندو گونجاوە، بریتییە لەوەی کە فەتوا: (ڕۆشنکردنەوەی بڕیارێکی شەرعییە بەرامبەر بە پێشاهاتێکی تازە لە ڕۆژگارێک لە ڕۆژگارەکان).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فەتوا جیاوازە لە ئیجتهاد، چونکە ئیجتهاد کۆششێکە بۆ هەڵگۆزینی بڕیارێکی شەرعی لە بەڵگە تەفصیلییەکان، جا ئەم کارە بەرامبەر پرسیارێک بێت یان نا، بەڵام فەتوا نا درێت تا پێشهاتێک نەهاتبێتە پێش و وپرس لەبارەی ئەو پێشهاتە بکرێت لە لایەن کەسانی بەربارەوە.

مەترسیەکانی فەتوا و پێگەی موفتی:

لەڕێگەی فەتواوە موفتی دەیەوێت ئەو حەقیقەتە ڕۆشنبکاتەوە کە پێشهاتەکە دەیخوازێت، ئەوەی کە بڕیاری شەرع دەیەوێت وەک فەتوایەک

گەلاڵەی بکات و پەیامی شەرع بدات بە گوێی کەسانی بەربڵاودا، بۆیە دەرکەوتنی پێشهاتێک لەناو پێشهاتەکانی ڕۆژگاردا وادەکات کە بنەمای حەقیقی فەتواش لەسەر ئەو زانستە بێت کە زانستی سەرووی توانای مرۆڤە کە سەرچاوەکەی لە وەحیی خوایدا نمایان بووە، لەگەڵ ئەوشدا هەموو کەس توانای ناشکێت بەسەر ئەو زەمینەیەدا، کە بتوانێت بەرامبەر پێشهاتە تازەکان بڕیاری شەرع بدات، هەر بۆیە فەتوا یەکێکە لە پێگەکانی فەرزی کیفایە، ئەگەر هەندێ کەس توانییان بگەنە ئەو ئاستە کە پێویستی کۆمەڵگەکەیان پربکەنەوە لەم بوارەدا، ئەوە ئەرکەکە لەسەر تەواوی خەڵکی کەوتووە، بەڵام هەندێجار ئەم پێگەیە دەبێتە فەرزی عەین ئەرکی پێویست، بۆیە ئەگەر کەسی شارەزاو کارامە لە بنەماکانی شەریعەت هەبوو لە کۆمەڵگەدا دەبێت بە بێ دوودڵی هەستێت بەئەنجامدانی ڕۆشنکردنەوە لەو زەمینەیەدا(٢)، بۆیە کەسی موفتی دەستی بەکارێکی پرمەترسی و گەورەوە گرتووە کە لە تێگەیشتن بۆ وەحیی خوایە لەسەر بابەتێک گەیشتووەتە کۆتا قۆناغ و کۆتا پلەی تێگەیشتن، لێرەوەیە پێگەی موفتی و فەتواداران بەرزترین پێگەیە لە گوتاردا، بڵندترین دەسەڵاتە لە زانستدا، بەنرخترین دەربڕینە لە ئیسلامدا، پێگەیەکە لە بریتی خوا وپێغەمبەری خواوە بڕیار دەردەچێت، هەر ئەمە مەترسیدارترین دەسەڵاتە کە لای مرۆڤ مابێتەوە لە ژیاندا، بۆیە زۆرجار فەتواکان دەبنەمایەی خۆشگوزەرانی هەردوو دونیا ئەگەر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پێگەکەدا بکرێت، هەندێجاریش دەبێتە مایەیی نەهامەت وبێجارەیی هەردوو دونیا ئەگەر بە بەرپرسیارەتییەوە مامەڵەنەکرا لەگەڵ پێگەکەدا، بۆیە پێشەوا شاتبی سەبارەت بە پێگەی موفتی و مەترسیەکانی بەرپرسیارانە مامەڵە نەکردن لەگەڵ فەتوادا، دەڵێت: موفتی لە ناو خەڵکیدا لە جێگەی پێغەمبەردا وەستاوە(٣).

### گرنگی فەتوا لەم چەند خاڵەدا نیشاندەدەین:

١. کەسی موفتی جێنشینی پێغەمبەرە(درودی خوای لەسەر بێت)، ئەوەی بۆ کەسی موفتی ماوەتەوە و دەبێت بەشی خۆی وەربگرێت بریتییە لە شەرعی خوا، کە پێغەمبەری خوا یەکەم کەس بووە ئەرکی ڕۆشنکردنەوەی کەوتووەتە ئەستۆ تا ئەوکاتەی کە لە ژیاندا بووە کەس ئەومافەی نەدراوەتێ ئەو ڕۆڵەی ئەو ببینێت، چونکە ئەمە داخوازی و سروستی ئەو پەیامەیە کە خوای گەورە خستبوویە ئەستۆی ئەو وەک، دەفەرموویت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ {النحل: ٤٤}، ئەم جێنشین و ئەرکە دوای وەفاتی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) گوازرایەوە بۆ هاوەڵان، پاشان بۆ شوێنکەوتوان و پاشان بۆ تەواوی زانایانی کۆشا و خاوەن زانست، کە دەبێت لە ڕێگەی فەتواکانیان و دڵی پڕ نوور و فیکری سەلیم و زمانی ڕاستگۆیانەوە پەیامی خوایی ڕۆشن بکەنەوە بۆ خەڵکی، بۆیە زانایان بوونەتە میراتگری پێغەمبەران، وەک دەفەرموویت: ( إن العلماء ورثة الأنبياء، إن الأنبياء لم يورثوا دينارا ولا درهما، إن ما وَرثوا العلم، فمن أخذ به فقد أخذ بحظ وافر)(٤).

٢. موفتی پەیامی خوا دەگەێنێ بە دەوروبەری، وەک ئەوەی دەڵێت: دەبێت ئەوە بکرێت یان دەبێت ئەوە نەکرێت، پەیامی خوا دەبێت لە سەر زاری ئەمەوە بگات بە دەورووبەری. پێشەوا نەوەوی وا دەروانێتە پێگەی موفتی کە لەبریتی خوای گەورە واژووی بڕیارەکان دەکات، بۆیە بەرامبەر ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە گەورەیە خەڵاتێکی ناواز و بێ وێنە لەلایەن خواوە دەبەخشرێتە کەسی زانا و بەرچاوڕوون بە بنەماکانی شەریعەت و گەیاندنی بڕیارەکانی شەرع بە خەڵکی، وەک لەو فەرموودەیەدا هاتووە دەفەرموویت: خوا و فریشتەکان ومێروو لە هێلانەکانیاندا و نەهەنگ و ماسی لەدەریادا دوعا و درووود بۆ کەسی ڕێنمایی

کەری خەڵکی دەکەن و دەنێرن کە ئەم کەسە بەرێنمایی خەیر هەنگاویان ناوە **(إن الله وَمَلَائِكَته وَأهل السَّمَاوَات وَأهل الأَرْض حَتَّى النملة فِي جحرها وَحَتَّى الْحُوت فِي الْبَحْر ليصلون عَلَي معلم النَّاس الْخَيْر)**(٥). ئەم خەڵاتە خواییە بۆ کەسێکە کە تەواوی مەرجەکانی فەتوای تێدا بێت، ئەگەرنا هەرشتێک بڵێت لەسەر بنەمای نەزانین، قسەکردنە بەناوی شەرعی خواوە بە بێ زانست و رامان لە تێکستە شەرعییەکان.

٣. فەتوا دان دەبێت بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت، تەواوی خێر بێت بۆ کۆمەڵگە، هەرچی خراپە ونەهامەتیش هەیە لە مرۆڤی دوور بخاتەوە، بەتایبەتتر لەم رۆژگارەی ئێستادا کە چوون بەرەو پیری زانست کەمبووەتەوە، خەڵکی تەنها بەوە رازی دەبن ئەگەر کەسێکی بەرواڵەت زانا بڕیاری کارێکیان بۆ بدات و ئەوانیش پەیڕەوی دەکەن بە ناوی دینەوە، نەهامەتی ئەمجۆرە بڕیارانەش بەناوی دینەوە زۆرن بەسەر گەلەکەمانەوە.

٤. نابێت زەمینەی فەتوا تەنها لە بواری پەرستشدا تەسک بکرێتەوە، خەڵکی تەنها لەم بوارەدا بگەڕێنەوە بۆلای زانایانی ئایینی و بۆ بوارەکانی تر ئەم شەریحەیە فەرامۆش بکرێن، چوون هەڵکەوتەی موفتی لەناو ئەم شەریحەدایە و لەناو ئەم دەستەیەدا بەرجەستە دەبێت، وەک گوتمان موفتی بەناوی شەریعەتەوە قسە دەکات، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، بوارێک نییە لە ژیانی مرۆڤدا ئایینی ئیسلام قسەی تایبەتی نەبێت بۆ ئەو بوارە، بۆیە دەبێت لە هەموو بوارەکان و بۆ دەست نیشانکردنی رێگای راست و ئاراستەی باش بگەڕێنەوە بۆ لای کەسی موفتی و فەتوای زانایان.

بۆیە وەرگرتنی فەتوا لەلایەن کەسی نەشیاوەوە دەبێتە مایەیی ئازار و نارەحەتی بۆ تاک و کۆمەڵگە، بۆئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست هەبێت لە هەموو روویەکەوە دەبێت دامەزاوەیەکی زانستی تەوات هەبێت بۆ بڕیارە شەرعییەکان و پەرەدان بە تواناکانی زانایان.

## لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی فەتوا لەم رۆژگارەدا:

ئەوە روونە کە لەم رۆژگارەدا تاک لە کۆمەڵگەدا لەناو سەدان گرفت و لەمپەردا ژیان دەگوزەرێنێ، هەندێ لەو گرفتانە لە زەمینەی فەتواوە سەرچاوەیان گرتووە و هەنێکیشیان هەر تایبەتمەندی رۆژگارەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتوون، بۆیە گرنگە ئێمە لەم رۆژگارەدا دیارترین تایبەتمەندی لەمپەرەکانی فەتوا بزانین، دەبێت ئاماژە بەم چەند هەنگاوەبکەم:

## یەکەم: بڕیاردان بەناوی ئایین و فەتوا لەلایەن کەسانی ناشایستەوە:

دیارە فەتوادان لەلایەن کەسانی ناشایستەو کەم زانستەوە گەورەترین گرفت بەدوای خۆیدا بۆتاک و کۆمەڵگە دێنێت، چونکە ئەوکاتە کۆمەڵگە رووبەرووی فەتوای ناڕاست دەبێتەوە، کاتێک کە کۆمەڵگە رووبەرووی مەترسییەکی لەم جۆرە بوویەوە، ئیتر ژیان بۆ تاک لەو کۆمەڵگەیەدا ئەستەم دەبێت، ئەوکاتە لەبری ئەوەی کۆمەڵگە ببێتە لانکەی ئارامی بۆتاک، دەبێتە زەمینەی گرفتەکان و هەڕەشەی مەترسیدار بەسەر گیان و ماڵ و ئازادی تاکەوە، جا ئەم ناشایستییە کەسییە بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە، یان ئەوەتا کەسەکە زۆر شارەزا نییە لە بنەماکانی شەریعەت، یاخود تەواو شارەزایە بەڵام لەبەر بەرژەوەندییەکی خۆی یان کەوتنە ژێرکاریگەری هەوا و ئارەزووەوەیە، ئەم دیاردەی فەتوایەش لەلایەن کەسی نەشیاوەوە دیاردەیەکی کۆنە، شتێک نییە تایبەتمەندی ئەم رۆژگارە بێت، بۆیە هەمیشە زانایان هۆشیاریانداوە لەسەر ئەم دیاردە نەخوازراوە، هەرچەندە مەترسی فەتوای لەمجۆرە کەسانە لەکۆندا زۆر مەترسییەکانی دەرنەکەوتوون لەبەر بەرچاوڕوونی خەڵکی لە بنەماکانی شەریعەت، یاخود لە بەر هەژموونی

واعزی دینی لە دەروونی تاکەکاندا، بەڵام بۆ ئەم ڕۆژگارە مەترسی هێجگار گەورەی لێدێتە بەرهەم، چونکە هەم بەرچاوڕوونی و شارەزایی تەواو نییە لای خەڵکی، هەم لاواز بوونی واعیزی دینی لە دەرونی تاکدا بەجۆرێک لە جۆرەکان کەم و کزە، کاتێک کە ڕادەمێنی فەتوایەکی ناشایستە لەسەر دەستی کەسێکی ناشارەزا یان بەرژەوەندیخواز دەدرێت بەرهەمەکەی داعشی لێ پەیدا دەبێت کە لە ڕابردوودا بینیمان، دزینی دەنگی ڕەوای هاوڵاتیانی لێ بەهەمدێت کە لە ٥/١٢ بینیمان.

دووەم: لەدیاردەکان و کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی فەتوا زۆری پێشهاتە تازەو نوێکانن، کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێشهاتی تازەو داخوازی و پێداویستی ژیان وایکردووە کە ئەو پێشهاتە تازەنە بێنە ئاراوە، بۆنموونە: لە رووی ژینگەوە بەجۆرێک کە چۆن مامەڵە بکرێت و بوونی دەیان و سەدان سەرچاوەی جۆراو جۆر بۆ خراپکردن و تێکدانی ژینگە کە ژیان داخوازی بوونی ئەو سەرچاوانە دەکات، لەلایەکەوە پێداویستی پردەکەنەوە، لە لایەکی ترەوە نەهامەتی لەگەڵ خۆیان دێنن، لە ڕووی ئابورییەوە بوونی سەدان جۆر لە مامەڵە و بازرگانی جۆراوجۆر، هەر لە بازرگانی ئاسایی و دەست بەدەستی بیگرە، تا بازرگانی تەلەفۆنی و هەوایی و وەکیلی و دەیانی تر لە جۆرەکانی بازرگانی و سەر هەڵدانی ریبا بە ناوی جۆراوجۆرەوە، لە ڕووی سیاسییەوە دەیان بەرژەوەندی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی وایان کردووە کە دەبێت کەسی موفتی قسەی تازە و تێروانی تازەی هەبێت بۆ ئەو هەموو پێشهاتانە، ئەم هەموو داخوازی و گورانە خێراییە کە ڕۆژگار و پێداویستی مرۆڤ لەگەڵ خۆیا دەیهێنێ وایکردووە بڕیاری شەرعی لەبارەیانەوە هەبێت و فەتوای تازە لەم بوارانە بێتە ئاراوە، کە ئەمە گرفت دەخوڵقێنێت لەبەر دەم کەسی موفتیدا.

## سێیەم: ستەم و زۆری دەسەڵاتداران بەسەر کەسی موفتییەوە:

ئەمەش یەکێکی ترە لە لەمپەرەکانی سەر ڕێگەی فەتوا، بۆیە دەبینین هێزی دەسەڵات وایکردووە کە بوتە سەرچاوەی دروستکردنی فەتوای جۆراوجۆر، بەهۆی بوونی دەسەڵات و پێگە وەزیفیەکەی لەکۆمەڵگەدا، ئەم کۆسپەش لەمێژووی موسڵماندا بوونی هەیەو فەتوای نارێک و ناشایستە دەرکراوە، خەڵکی گیرۆدە کردووە، هەرکەسێکیش ملکەچی هێزی دەسەڵات نەبووبێتەوە، ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە بووەتەوە، خوڵقاندنی فیتنەی قورئان مەخلوقە یان نا؟ کە دەسەڵاتی ئەو سەردەمە ئەوەی دەخواست کە زانایان فەتوا بدەن کە قورئان مەخلوقە، هەر بەم بۆنەیەشەوە زۆرێک لە زانایان خۆیان ڕانەگرت و زوو کاریگەری هێزی دەسەڵات بەسەریانەوە دەرکەوت و کەوتنە ئەو هەڵە گەورەیەوە، دەیانی وەک پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل مەردانە خۆیان ڕاگرتوو گوێیان نەدا بەو هێرش و هەرەشە و ئەشکەنجەیە کە لەدەرنجامی ئەم سیاستە چەوتە ڕووبەڕوویان دەبوویەوە، ئەم ستەمەش کە ئێستا دەرحەق بە گەلانی موسوڵمان و ئازادیخوازان و ئیسلاحخوازان دەکرێت و دەنگەکانیان دەدزرێت لە دەرئەنجامی فەتوایەکی نادروست و بەرژەوەندی خوازیەوە دراوە و ڕەوایەتی بەو دزیی و خیانەتەدەکرێت، لەبەر مانەوەی دەسەڵاتی نارەوای چەند لایەنێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی چەند وڵاتێکی ئیقلمیی دەووروووبەر، کۆمەڵێکیش مەردانە لەسەر ڕێگە بەرگری لەمافی ڕەوای گەلەکەیان و دەنگی ئازادی دەنگدرانیان ماونەتەوە بەرگیری لەمافی گەلەکەیان دەکەن.

## چوارەم: زۆری هەڵەشەی و هەڵەی موفتی لەم ڕۆژگارەدا:

یەکێکی تر لە کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی فەتوا، زۆری هەڵەی کەسی بەناو موفتییە، ئەوەش لەم چەند خاڵدا خۆی دەبنێتەوە:

أ- بێئاگایی لە جەوهەری دەقە شەرعییەکان و تەئویلکردنی بە تەئویلێکی خراپ، چونکە یەکێک لە دیاردەکانی هەڵەی موفتی ئەئویلکردنی دەقێکی شەرعییە لەبەر بەرژەوەندی کەسی یان چەند لایەنێک و وەلانانی ئەو بەرژەوەندییە گشتییەی کە دەقەکە هەڵیگرتووە.

ب- دەرک نەکردن بە گرنگی پێگەی فەتوا، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە ژیان بەهەموو جۆرێک بەرەو گۆڕان دەڕوا و لە یەکجۆر و یەکشێوە نامێنێتەوە و جێگیرنابێت، داخوازییەکان ئەوەندە زۆرن کە کەسی موفتی بۆ دەربازبوونی لەو هەموو زەختەی لەسەریەتی بۆ پرسی پێشهاتە تازەکان بیری دەچێت لە چ پێگەیەکی گرنگ و گەورەدایە، فەتوایەکی کاڵ و کرچ دەردەکات، نە داخوازییە هەنووکییەکە پڕبکاتەوە، ونە ئەوەشە دڵی کەسی پرسیارکەر ئاو دەخواتەوە، بۆیە ئەمەش لە دیارترین کۆسپەکانە.

پێنجەم: چاولێکەری وڵاتانی خۆرئاوا و شوێنکەوتنیان بە شێوەیەکی ڕەها و قەبوڵکردنی تەواوی کلتوورو نەریتە چاک و خراپەکانیان، ئەم شوێنکەوتنە بێ بەرنامەیە وا دەکات کە موفتی بەهەڵەدا بڕوات و فریای داخوازییەکانی خەڵکی نەکەوێت.

شەشەم: پابەندبوون بە فەتوای زەمەنی پێش ئەم ڕۆژگارەو نەقڵکردنی بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی ڕۆژگاری ئێستا لە بەرچاو بگیرێت، لەکاتێکدا ئەم بنەمایەش لەبەردەستدایە کە دەڵێت: (لا ینکر تغیر الأحکام بتغیر الأزمان) بۆیە مەترسیدارترین دیاردە ئەوەیە کە پەرتووکێکی فیقهی یاخود فەتوایەکی پێشینان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) بختە بەردەست و بەبێ گوێدانە داخوازی و تایبەتمەندیەکانی ڕۆژگار، هەمان فەتوا بگوازێتەوە بۆ ئەمڕۆ.

چارەسەر بۆ نەهێشتنی گرفت و لەمپەرەکانی بەردەم فەتوا لەم ڕۆژگارەدا

ئاشکرایە هەرگیز ناتوانین گرفتەکانی بەردەم فەتوا بەیەکجاری بنبڕ بکەین، بەڵام بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو دامەزراوە گەورە و کاریگەرە لە ناو کۆمەڵگەدا دەکرێت هەندێ خاڵ وەک چارەسەر بخەینە بەرچاو:

١. دامەزراندنی دەستەیەک بۆ چاودێریکردن بەسەر دامەزراوەی فەتوا:

ئەم دەستەیە کە دادەمەزرێن، کەسانی پسپۆرو شارەزابن لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگار، هۆشیاربن بە بەرژەوەندییەکانی دونیا و دواڕۆژی گەلەکەیان، تا بتوانن بەر بەو لێشاوە فەتوا نارێک و نادروستانە بگرن کە جاری وا هەیە فەتواکە ئێستراد دەکرێت و دەهێنرێت، جاری واش هەیە فەتواکە پاڵپشتەکەی نامیلکەیەکە و بێگوێدانە هیچ پێوەرێک ئەو قسەیە دەگوازرێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە زانایانی حەنەفی دەڵێن دەبێت حیجر قەدەغەکردنی هەڵسوکەوت لەسەر ئەم چەند کەسە دابنرێت (موفتی بەرژەوندیخواز و تێکچوو- دکتۆری نەزان و زیانبەخش، قەدەغەکردنی مامەڵە لەو کەسەی کە بەهۆی نەزانییەوە موفلیس بووە)(٦)، هەر ئەمەشە کە خەتیبی بەغدادی دەڵێت: لەسەر پێشەوای موسوڵمانان پێویستە جاروبار چاوێک بگێرێت بەناو موفتیەکاندا، ئەوەی شایستەی فەتوا بێت بیهێڵێتەوە، ئەوەش کە شایستە نییە و لەو ئاستەدا نییە قەدەغەی بکات لە فەتواداان(٧).

٢. دامەزراندنی دەزگایەکی فەتوا:

ئەم دامەزراوەیە تایبەت بێت بە توێژینەوە، لێکۆڵینەوەی ورد و خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ پێشهاتە تازەکان لە ڕوانگەی دەقە شەرعییەکانەوە تا لەوێوە گونجاوترین وەڵام بۆ ئەو پێشهاتە تازەیە

بێتە بەرهەم و خەڵکی لەسەری برۆن.

٣. هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لەسەر گرنگی فەتوا:

لەگرنگترین رێگا چارەکان ئەوەیە کە دەزگا پەیوەندیدارەکان رۆڵی ئەوە ببینن کە بۆ خەڵکی بسەلمێنن کە فەتوا لەژیاندا پێویستیەکی حەتمییە و نابێت لە گرنگی فەتوا کەم بکرێتەوە، ئەوکاتە رێگە لەبەردەم ئەوە دەگیرێت کە فەوزا لە ناو کۆمەڵگەدا بەرپا ببێت.

٤. بەگەرخستنی ئیجتهادی دەستە جەمعی:

مادام فەتوا بەهەموو شێوەیەک، چ ئیجابی بێت یان سەلبی، کاریگەری هەیە لە کۆمەڵگەدا، دەبێت دامەزراوەیەکی دەستە جەمعی هەبێت بۆ گەیشتن بە رێگەچارەی یەکجاری، ئەمەش هەر لەسەردەمی هاوەڵانەوە دەبینرێت، بۆ پێشهاتێکی تازە تەواوی گەورە هاوەڵان کۆدەکرانەوە بۆ ئەوەی بریارێکی یەلاکەرەوە بدرێت بۆ ئەو پێشهاتە تازەیە، ئەمەش لە چوار چێوەی ئیجماعی هاوەڵاندا دانراوە و جێگیر بووە، تا وای لێهاتووە کە کەس پێچەوانەی نەجووڵێتەوە، لەم رۆژگارەشدا بەهەمانشێوە دامەزراوەیەکمان پێویستە بۆ کۆکردنەوەی توانا پەرتبووەکانی ناو زانایان، ئەمەش دەبێتە وێستگەیەکی باش بۆ دروستکردن و بەرهەمێنانی ئیجتهادی تازە و وەڵامی گونجاو بۆ پێشهاتە تازەکان(٨).

لە کۆتاییدا دەبێت چەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە فەتوا لە بیروباوەڕی ئیسلامییدا بە گوتەیەکی حەق تەماشا دەکرێت کە سەرچاوەکەی بەسراوەتەوە بە سەرووی تواناکانی مرۆڤە و مرۆڤ و بیری مرۆڤ تەنها زەمینەی گواستنەوەی ئەو گوتەن کە بەناوی ئایینەوە دەریدەبرێت، بۆیە فەتوا گەیاندنی بریاری شەرعە لەسەر زاری کەسی موفتییەوە.

**پەراوێزەکان:**

١. معجم مقاييس اللغة، مادة (فتى) ٤/ ٤٧٤، ولسان العرب، مادة، (فتا) ٩١/٥.
٢. آداب المفتي والمستفتي، لابن صلاح، ١٠٨.
٣. «الموافقات» (٥/٢٥٣).
٤. رواه أبو داود رقم (٣٦٤١) و (٣٦٤٢) في العلم، باب الحث على طلب العلم، والترمذي رقم (٢٦٨٣) و (٢٦٨٤) في العلم، باب ما جاء في فضل الفقه على العبادة، ورواه أيضا أحمد، وابن ماجة، والدارمي، وابن حبان في « صحيحه »، وغيرهم، وإسناده حسن.
٥. أخرجه الترمذي، رقم (٢٦٨٦) في العلم، باب ما جاء في فضل الفقه على العبادة، وقال الترمذي: هذا حديث حسن غريب صحيح.
٦. البحر الرائق، ٨٩/٨.
٧. الفقه والمتفقه،١٥٣-١٥٤.
٨. الفتوى خطرها و أهميتها.٤٨.

# چەمکێک لە مەترسییەکانی فەتوا و مەرج و ئادابەکانی



**پ.ی.د.حەسەن خالید موستەفا موفتی**

لەدایکبووی ١٩٧٢، هەڵەبجە. ساڵی (٢٠٠٢) بڕوانامەی ماستەر و ساڵی(٢٠٠٨)بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. مامۆستای زانکۆ/ ئەندامی بۆردی مافی چارەنووس لە کوردستان. خاوەنی(٣١) بەرهەمی چاپکراو و (١٧) توێژینەوەی زانستییە.



لە شەریعەتی ئیسلامدا فیقهی ئیسلامی گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە، وەک لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين)، واتە: هەرکەسێک خودا ئیرادەی خێر و سەعادەتی هەتا هەتایی پێبدات ئەوا شارەزای دەکات لە زانستی فیقهی ئیسلامیدا، واتە زانستی حەلاڵ و حەرام، زانستی شارەزابوون لە سنووری شەریعەت، بێگومان ئەم زانستەش هێڵی گشتی و مەرج و دارِشتەی بۆ دانراوە کە پێویستە لە هەرکەسێک کە بیەوێت لەو بوارەدا کاراو شایستە بێت بێنەدی.

چونکە لە زانستی فیقهەوە پلەکانی فەتوا و قەزا و تەنانەت ویلایەتی گشتی و چەندین پلەی زانستی و رامیاری و ئیداری و ئابووری لێ دەبێتەوە، کە تێکرِای ئەو بوارانە پێویستیان بە زانستی فیقهی ئیسلامی هەیە.

لەبەر ئەو راستیەیە کە قورئانی پیرۆز فەرمانی داوە کە هەرکەسێک شایستە نەبێت بە فەتوا و زانستی تەواو نەبێت لەو بوارەدا حەرامە لە سەری فەتوا بدات، چونکە چ زمان و چ گوێچکە و چ چاوەکان و چ دڵەکان تێکرایان پرسیاریان لێ دەکرێت، بۆیە زمان چونکە دەلیلی راستی و ناراستی دڵەکانە، وەک لە قورئاندا بە نەهێیکی راستەوخۆ هاتووە: (وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا) (سورة الإسراء: ٣٦)، پێغەمبەریش (درووودی خوای لەسەر بێ) لە فەرموودەیەکیدا بە شێوازی هەرِەشە فەرموویەتی: (أجرؤكم على الفتيا أجرؤكم على النار)، واتە: بە جورئەتترنیتان لەسەر فەتوادان، بە جورئەتترینتانە لەسەر ئاگر، واتە: چەندێک دەتوانن ئەی ئەهلی زانستی شەرعی سەبر بگرن لەسەر ئاگری دۆزەخ، ئەوەندەش بەحەزەر بن لەسەر فەتوادان.

هەر لەبەر ئەوەیشە کە زانایانی سەلەفی صالح رەحمەتی خوایان لێ بێت هەرگیز سەربەخۆ فەتوایان نەداوە، بەڵکو تەنانەت زانایانی صەحابە (فقهاء الصحابة)، بەتایبەتتر چوار خەلیفەکەی راشیدین، ئەگەر ویستبێتیان فەتوایەک بدەن لەسەر مەسئەلەیەکی تازە (مستجد)، راوێژی تەواویان لەتەک فوقەهاکانی تری صەحابە کردووە، بەتایبەت لە ئەحکامی قەزا و حدود و تەعزیراتدا، ئەو کارەشیان دامەزراندنی فەتوای بە کۆمەڵ (المجمع الفقهي) بەرجەستە دەکات، کە پێویستە زانایانی هاوچەرخیش لە هەر وڵاتێک فەتوای بە تەنها نەدەن، بەڵکو لیژنەیەکی فیقهی تایبەتمەند پاش راوێژکاری ئەهلی خۆی فەتواکان تاوتوێ بکەن و بگەنە ئاکامێکی گونجاو کە لە تەک یاساکانی فیقهی نووسراودا یەکبگرێتەوە، بەڵگەی دروستی بۆ بهێنرێتەوە، وەک ئەوەی کە ئێستا هەیە لە هەرێمی کوردستان کە لیژنەی باڵای فەتوا لە یەکێتی زانایان پێی هەڵدەستێت.

هەمان مەترسی کە لەسەر فەتوادان هەیە، مەترسی زیاتر لەسەر پلە و مەنصەبی قەزاوەت هەیە، چونکە پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەربێ) لە فەرموودەیەکی هەرِەشە ئامێزا فەرموویەتی: (قاضيان في النار وقاض في الجنة) واتە: لە هەر سێ قازییەک، دوو قازییان بە هۆی قەزاوەتی نادروستەوە دەچنە دۆزەخەوە، خودا پەنامان بدات.

کەچی زۆر بە داخەوە، لەم رۆژگارەی ئێستادا، خەڵکێکی ناحاڵی و دونیاویست شانشانێیانە بۆ وەرگرتنی مەنسەبی قەزاوەت، هەروەها خەڵکێکی بێ ئاگای نەشارەزا لە زانستە شەرعییەکاندا لەسەر هەوا و بەردەوام خەریکی فەتوادانن لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، خەڵکێکی داماویش بە خۆیانەوە سەرگەردان دەکەن، وەک لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (فافتوا بغير علم فضلوا وأضلوا).

بۆیە لە مێژەوە زانایانی ئیسلام کۆمەڵێک مەرجی گرنگیان داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە پلەی فەتوادان وەردەگرن، لەوانە:

١- تەقوا و لەخواترسان، بۆ ئەوەی لە راستە

ڕێگەی شەریعەت لانەدەن بۆ دەستکەوتی دونیایی، هەروەها کاریگەری دەسەلات لەسەریان نەبێت، هەروەها کاریگەری سیاسەت بازان لەسەریان نەبێت.

٢- ئاگاداری تەواو لە زانستەکانی زمانەوانی عەرەبی بەتایبەتی (نەحو، صەرف و ئیستیقاق، بەیان و بەدیع و مەعانی و مەنتیق) بە لقەکانیانەوە.

٣- ئاگاداری پێویست لە تەواوی زانستە ئەقلییەکان، لەوانە: (زانستی فیقهـ ئوسولی فیقهـ تەفسیر، فەرموودە، عەقیدە) بە لق و پۆپەکانیانەوە.

٤- شارەزایی پێویست لەسەر هەر سێ جۆری یاساکانی شەرعیەت واتە: (قەواعیدی فیقهی، قەواعیدی ئوصولی، قەواعیدی مەقصەدی).

٥- شارەزایی پێویست لە هەردوو فیقهی نووسراو (الفقه المدون) و فیقهی هاوچەرخ (الفقه المعاصر).

٦- شارەزایی پێویست لەسەر فیقهی خیلافی فەقیهەکان (فقه الخلاف) لە ڕێگەی سەرچاوەکانیانەوە، لەوانە: (المجموع شرح المهذب للنووي) (الحاوی الکبیر للماوردي)، (المغني لابن قدامه المقدسي)، (شرح فتح القدير لابن الهمام الحنفي).

٧- شارەزایی پێویست لەسەر سەرچاوەکانی ئادابی فەتوادان، لەوانە: (ادب المفتي والمستفتی لابن الصلاح الشهرزوري)، (أداب الفتوی للإمام النووي)، (أدب الفتوی للإمام السیوطیٰ).

٨- خۆپاراستن لە تەلفیق و شوێنکەوتنی ڕوخسەت (التلفیق وتمتع الرخص).

ئەگەر فەتوادەر ئەم مەرجانەی تیادابوو، ئەوا ڕێچکەی زانایانی پێشینی گرتووە، فەتواکانی شایستەی گرنگی پێدانە لەلایەن موسڵمانانەوە.

ماوەتەوە هەندێک لە ئادابی تری فەتوا باس بکەین، لەوانە:

١- مەرج نییە هەر پرسیارێک کرا لە موفتی، موفتییەکە دەمەودەست وەڵامی بداتەوە، بەڵکو پێویستە کاتی پێویست تەرخان بکات بۆ وەڵامدانەوە.

٢- مەرج نییە موفتی وەڵامی هەموو پرسیارێک بزانێت، بۆیە ئەگەر دڵنیایی تەواوی نەبێت پێویستە راوێژ لەتەک هاوشێوەکانی خۆی بکات.

٣- هەرکات موفتی زانی ئەو فەتوایەی کە داویەتی هەڵە بووە، پێویستە لەسەری، کە پەشیمان ببێتەوە و ئاشکرای بکات لەناو خەڵکی کە پێشتر ئەو فەتوایەی کە داویەتی هەڵە بووە و راستییەکەی ئەمەیە.

٤- ئەگەر پرسیارەکە پەیوەندی بە زانستەکانی تری سەردەمەوە هەبوو، لەوانە (زانستی کیمیا، زانستی ئابووری، زانستی فەلەک)، پێویستە لەسەر موفتییەکە راوێژ بەو کەسانەی کە شارەزان لەو زانستانەدا بکات، بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: (الحكمة ضالة المؤمن أنى وجدها فهو أحق بها) واتە: حیکمەت و پەندیاری ونبووی بڕواداره، لەهەر جێگە و پێگە و شوێنێک دەستی کەوت با وەریبگرێت، چونکە ئەم شایستەترە پێی.

٥- جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە فەتوادانی بەتەنها (الفتاوی الفردية) کارێکی ناپەسەندە و دوورە لە ڕێڕەوی صەحابە و زانایانی مەزهەبی فیقهی ئیسلامی، بەڵکو پێویستە مامۆستایانی شایستە لە (اللجان الفقهية) و (المجامع الفقهية)دا لە جیهانی ئیسلامیدا فەتواکانیان بەرجەستە بکەن، چونکە فەتوای بە کۆمەڵی زانایان دوورترە لە هەڵە و پەڵە.

٦- هەر فەقیهێک وەرع و تەقوا و زوهدی نەبوو، فەتواکانی نادروست دەبێت و کاریگەری دەسەڵات و سیاسەت و دونیا لەسەری دەبێت، وەک پێشەوامان ئیمامی شافیعی دەفەرموێت:

فقيها و صرفيا فكن ليس واحدا
فاني وحق الله إياك أنصح
فهذا قاس لم يذق قلبه تقى
وذاك جهول كيف ذوالجهل يصلح؟!


ڕامانێك له بنه‌مای
الفتوى يتغير زمانا
و مـكانا و شـخصا
فه‌توا به‌ پێی كات و شوێن و كه‌سه‌كان ئه‌گۆڕێت
ئیكرام كه‌ریم
ئیكرام كريم، ساڵی ١٩٦٥
به‌كالۆریۆس له‌دایكبووه‌.
له‌شه‌ریعه‌دا.
چه‌ند به‌رهه‌مێكی چاپ و بڵاو بووه‌ته‌وه‌.

### تەوەری یەکەم: ناساندن و سەلماندن

ئەم بنەمایە یەکێکە لەو بنەما شەرعیانەی کە زانایان لە کۆی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و رۆحی شەریعەتەوە وەریانگرتووە و لە ژێر روناکی ئەم بنەمایەدا دەیان بابەتی ئیجتیهادیان شی و شیتەڵ کردووە بۆ رۆژگار و شوێن و خەڵکی خۆیان.. زانایان بۆ سەلماندنی ئەم بنەمایە پشتیان بەم ئایەت و حەدیسانە بەستووە- بۆ نمونە-:

یەک: خوای گەورە ئەفەرموێ: (**يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ**)، پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی عەرەق و قومار، پێیان بڵێ: لەو دووانەدا تاوان و گوناهێکی گەورە هەیە، هەر چەندە چەند سوودێکیشان تێدایە بۆ خەڵکانێک، بێگومان گوناهەکەیان گەورەترە لە کەڵک و سوودیان، پرسیارت لێدەکەن کە چی ببەخشن؟ پێیان بڵێ: هەرچیتان لێ زیادە دەتوانن بیبەخشن، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە ئەم بەڵگەو فەرمانانەتان بۆ روون و ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو (واز لەو شتانە بهێنن کە زیانیان زۆرترە لە سوودیان، وە چ شتێک بۆ هەردوو جیهانتان چاکە ئەوە بکەن)...

لەم ئایەتەوە ئەوە روون ئەبێتەوە کە بە پێی شوێن و کەس و سەردەم شتی زیادە ئەگۆڕێت، هەیە دەرزیەکی لێ زیادەیە، هەیە گاسنێک و هەیە مەڕێک و هەیە هوشترێک و هەیە برێ پارە و هەیە خانوویەک، ئەو شتە زیادانە بە پێی سەردەم و کەس و شوێن ئەگۆڕێت و لە هەموو کات و شوێنێکدا وەک یەک نیە و یەک فەتوا بۆ هەموو شوێن و کاتێک گونجاو نیە..

دوو: فەرموودەی سەلەمەی کوڕی ئەکوەع کە ئەڵێ: پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: «من ضحي منكم، فلا يصبحن بعد ثلاثة ويبقي في بيته منه شيءٍ. فلما كان العام المقبل قالوا: يا رسول الله، نفعل كما فعلنا في العام الماضي؟ قال: كلوا وأطعموا وادخروا؛ فإن ذلك العام كان بالناس جهد -أي شدة وأزمة- فأردت أن تعينوا فيها» (صحيح البخاري ٥/ ٢١١٥، برقم: ٥٢٤٩)، لە هەندێ ریوایاتی تری ئەم فەرموودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەر()فەرموویەتی: «إنما نهيتكم من أجل الدافه (مەبەست پێی ئەو گوندنشینە هەژارانە بوو کە لەو کاتەدا پێویست بووە هاوکاری بکرێن، شرح صحيح مسلم، النووی، ٣/ ١٥٦١.) التى دفت»، (صحيح مسلم ٣/ ١٥٦١، برقم: ١٩٧١.).

ئەم فەرموودەیە بە روونی ئەوە دەرئەخات کە فەتوا بەپێی کات و شوێن کەسەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەتا لە هەندێ لە ریوایاتی ئەم فەرموودەیەدا بە راشکاوی ئەفەرموێ: «كنت نهيتكم عن لحوم الاضاحي فوق ثلاثة أيام، فكلوا وادخروا»( سنن ابن ماجة ٢/ ١٠٥٥، برقم: ٣١٦٠. قال الشيخ الالباني: صحيح، صحيح ابن ماجة ٢/ ٢٠٥، برقم: ٢٥٥٨.).

سێ: فەرموودەی ئەنەسی کوڕی مالیک کە ئەڵێ: «أن النبي الله -صلي الله عليه وسلم- جلد في الخمر: بالجريد والنعال، ثم جلد أبو بكر: أربعين، فلما كان عمر ودنا الناس من الريف والقري، قال ما ترون في جلد الخمر؟ فقال عبد الرحمن بن عوف: أري أن تجعلها كأخف الحدود، قال: فجلد عمر ثمانين»( صحيح مسلم ٣/ ١٣٣٠، برقم: ١٧٠٦.) .ئەم فەرموودەیەش بە ئاشکرا ئەوە ئەسەلمێنێت کە سزای عارەق خۆر لە سەردەمی پێغەمبەردا دیاریکراو نەبووە، بۆیە صەحابە راوێژ ئەکەن لەو سزایەدا، چونکە ئەگەر دیاریکراو بوایە دروست نەبوو بۆیان راوێژی تێدا بکەن، بەڵکو ئەبوو جێبەجێی بکەن بێ موناقەشە، هەر بۆیە: ئەبوبەکر چل داری لێئەدا، عومەر کردی بە هەشتا و عوسمان و عەلیش بە پێی کەسەکان ئەیانگۆڕی، یان چل، یان هەشتا داریان لێئەدا..

چوار: فەرموودەی عەبدوڵای كوڕی عەمری كوڕی عاص كە ئەڵێ: «كنا عند النبي -صلي الله عليه وسلم- فجاو شاب، فقال: يا رسول الله، أقبل وأنا صائم؟ قال: لا، فجاو شيخ، فقال: يا رسول الله، أقبل وأنا صائم؟ قال: نعم، فنظر بعضنا إلي بعض، فقال رسول الله: «قد علمت نظر بعضكم إلي بعض، إن الشيخ يملك نفسه»( مسند أحمد بن حنبل ٢/ ٢٢٠، برقم: ٧٠٥٤. وصححه الالباني في السلسلة الصحيحة ٤/ ١٣٨، برقم: ١٦٠٦).

ئەم فەرموودەیەش بە روونی دەریدەخات كە فەتوا بە پێی كەسەكان ئەگۆڕێت، و پێغەمبەریش بە روونی هۆی ئەو گۆڕینی فەتوایەی رۆشن كردووەتەوە..

ئەمانە وای كردووە لە زانایانی ئیسلامی كە دەست بەرن بۆ فەتوا بە پێی كەس و كات و شوێن قسەی تیدا بكەن و گونجاو لەگەڵ سەردەم رۆژگارەكەدا گۆڕانكاری لەو فەتوایانەدا بكەن، بۆنمونە:

یەك: صەحابەی بەرێزی پێغەمبەریش(د.خ) بە چاوكردنیان لە قورئان و لە پێغەمبەری خوا(د.خ) ئیجتیهادیان ئەكرد و رەچاوی كات و شوێن و كەسەكانیان ئەكرد، زۆرترین نمونە بە ئیمامی عومەری كوڕی خەتتاب ئەهێنرێتەوە، بۆنمونە: هەڵگرتنی پشكی (دڵڕاگیراوەكان) لە زەكاتدا، یان خستنی تەلاقی سێ بە سێ لەبەر ئەوەی بینی خەریكە تەلاقدان ئەبێتە یاری دەستی خەڵكی، یان قەدەغەكردنی فرۆشتنی دایك مناڵ، یان لابردنی دوورخستنەوە و سزا پێكەوە، هەڵپەساردنی بڕینی دەستی دز لە ساڵە گرانیەكەدا، و بەو شێوەیە.. كە هەمووی لەبەر گۆڕانی سەردەم و شوێن و كەسەكان بوو»، (تراپ الخلفاو الراشدين، المحمصاني، ص: ٥٨٩).

دوو: ئیمامی عوسمان رەزای خوای لێبێت كاتێك گۆڕانكاری لە رەوشتی خەڵكدا بینی و روانی ئەمەنانەت و دەستپاكی كەم بوەتەوە لە ناویاندا، ئیجتیهادی كرد كە وشتری ون بوو هەڵبگیرێتەوەو بفرۆشرێت و نرخەكەی بپارێزرێت بۆ خاوەنەكەی كەی هات بۆ سۆراغی، وەك ئیمامی مالیك لە موەتەئەكەیدا (الموطأ- روايه محمد بن الحسن ٣/ ٢٩٦، برقم: ٨٤٨) باسی كردووە، لەگەڵ ئەوەدا پێغەمبەر(د.خ) بە راشكاوی رێگری لە هەڵگرتنەوەی هوشتر كردووە و فەرموویەتی: لێی بگەڕێن! ئەو پێڵاو و كونە ئاوی خۆی پێیە، ئاو ئەدۆزێتەوەو ئەیخواتەوەو ئەگەڕێ لەوەڕ پەیدا ئەكات، تا خاوەنەكەی ئەیدۆزێتەوە..زەیدی كوڕی خالیدی جوهەنی ئەڵێ: (**سُئِلَ رَسُولُ اللهِ عَنْ لُقَطَةِ الذَّهَبِ , أَوْ الْوَرِقِ ؟ فَقَالَ : اعْرِفْ وِكَاوَهَا وَعِفَاصَهَا , ثُمَّ عَرِّفْهَا سَنَةً فَإِنْ لَمْ تُعْرَفْ فَاسْتَنْفِقْهَا وَلْتَكُنْ وَدِيعَةً عِنْدَكَ فَإِنْ جَاوَ طَالِبُهَا يَوْماً مِنْ الدَّهْرِ : فَأَدِّهَا إلَيْهِ , وَسَأَلَهُ عَنْ ضَالَّةِ الإِبِلِ ؟ فَقَالَ : مَا لَكَ وَلَهَا ؟ دَعْهَا فَإِنَّ مَعَهَا حِذَاوَهَا وَسِقَاوَهَا , تَرِدُ الْمَاوَ وَتَأْكُلُ الشَّجَرَ , حَتَّى يَجِدَهَا رَبُّهَا . وَسَأَلَهُ عَنْ الشَّاةِ ؟ فَقَالَ : خُذْهَا فَإِنَّمَا هِيَ لَكَ , أَوْ لأَخِيكَ , أَوْ لِلذِّئْبِ )، (ايقاظ الافهام بشرح عمدة الاحكام، سليمان بن محمد اللهيميد**، فەرموودەی **ذمارة ؛٢٩٤، باب اللقطة)** .

بە هەمان شێوە هەر ئیمامی عوسمان ئەوەی قەدەغە كرد خەڵكی لە كاتی مردندا ژنەكەی تەڵاق بدات، لە ترسی ئەوەی نەك مەبەستی بێبەشكردنی ئەو ژنە بێ لە میراتی! .(هەمان سەرچاوەی پێشوو)

سێ: شێخ موسەتەفا زەرقا كە زانایەكی گەورەی ئەم سەردەمەیە ئەڵێ: كاتێك كە عەدالەت و دوور لە گوناهی لەناو خەڵكدا كەمبوویەوە، زانایان ناچار بوون كە شایەتی فاسق و ناعادلیش وەربگرن بۆ بەرێكردنی كاروباری موسڵمانان! شەرعناسەكان ئەڵێن: شایەتی پیاوی صالح و خوار ئەو و بەو شێوەیە، یان ئەوەی كەمتر گوناهبارە و جا لەو كەمتر و بەو شێوەیە مادامێك خاوەن عەدالەت دەست نەكەوێت! تا بەرژەوەندی و مافی خەڵكی نەفەوتێت و شەریعەت لەناونەچێت و كوێر نەبێتەوە.. گومان نیە پیاوە چاكەكانی ئەم سەردەمە شەق و شرەكانی سەردەمە زێرینەكانی

# ئیجتیهاد ئەبێ ئەهلی خۆی بیکات، نەخوێندەوار یان نیوە خوێندەوار یان موقەللید نابێ فەتوا بدەن

ئیسلامن،هەر لەبەر ئەم حاڵەتەیە کە زانایان ئەوەیان بەدروست داناوە کە شایەت سوێ،د بدرێت کاتێک بەرانبەرەکەی داوای سوێندی لێ بکات، ئەگەر دادوەر لەبەر خراپی رۆژگار ئەوەی بە باش زانی، یان دانانی چەند یاسایەکی کتوپڕی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە کاتێک بێ سەروبەری و پشێوی رووئەدات.( شرح القواعد الفقهیە ١/ ٢٢٩).

تەوەری دووەم: نرخاندن و هەڵسەنگاندن

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو بنەمایە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە و پێوەرێکی گەورەیە بۆ فەتوادان و بەڵگەیە بۆ فراوانی بیر و بیرکردنەوەی زانایانی ئیسلام، بەڵام ئەگەر هەموو کەسێک و لە هەموو کاتێکدا پەنا بۆ ئەو بنەمایە ببات و رەچاوی مەرج و رێساکانی فەتوادان نەکات، ئەوە ئەو بنەمایە ئەبێتە بەڵا و فیتنەیەکی گەورە لەناو موسڵماناندا و دەر و بەردی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەسەر یەکەوە نامێنێت! هەرکەس هەر کەمترین فشاری بۆ هات دەستبەرداری نەگۆڕەکانی شەریعەتیش ئەبێ و بە بیانووی (الفتوی یتغیر زمانا و مکانا و شخصا) فەتوای سەیر و سەمەرەی وا ئەدات کە وەک پەندە کوردەواریەکەی لێ دێت کە ئەڵێ: بەردێک نەزان بیخاتە ئاوەوە بەسەد حەکیم دەرناهێنرێت!

لەبەر ئەوە پێویستە بۆ کارکردن بەو بنەما فیقهییە رەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێت:

١-بوار و بابەتەکانی فەتوا دیاری بکرێت، بۆ نمونە: فەتوا رووناکاتە( بابەتە عەقیدییەکان.. بابەتە عیبادەتیەکان.. بابەتی رەوشتە بنچینەییەکان.. سیستەمە نەگۆڕەکانی دین)، بەڵکو روو لەو بابەتانە ئەکات کە ئیجتیهاد تێیدا دروستە، یان بەڵگەکان تێیدا جیاواز و لاوازن، یان بەڵگەکانی یەکلاکەرەوە نین(قەتعی نین)، یان بەڵگەیان لەسەر نەهاتووە..)..

٢- ئیجتیهاد لەگەڵ بوونی دەقی یەکلاکەرەوەدا نادروست و ناشەرعیە، وەک زانایان ئەفەرموون: لا اجتهاد فی مورد النص)، ئیجتیهاد لەگەڵ بوونی دەقی یەکلاکەرەوەدا قسەکردنە لە قسەی خوا و پێغەمبەردا()، خوای گەورە لە دەیان ئایەتدا رێگری لەوەها حاڵەتێک ئەکات و هەڕەشە لە بکەرەکانی ئەکات، ئەو بڕیارە ئەدەن کە قسە تەنیا قسەی خوا و پێغەمبەرە(صلی اللەعلیەوالەوسلم).. بۆ نمونە ئەفەرموی:

★ **(وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا (٣٦) )**

★**( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ يَمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)**

★**( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ يَمَنُوا لَا تَقُولُوا رَاعِنَا وَقُولُوا انْظُرْنَا وَاسْمَعُوا وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ)**

★**( وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَكِنْ لَا تَشْعُرُونَ)( يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ (١٦٨) إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ)**

★( قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ)

★( وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ...).

★انَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ...

★يَا أَيُّهَا الَّذِينَ يءَمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ ..

★يَا أَيُّهَا الَّذِينَ يءَمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا★ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا..

★وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ..

★وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا ا..

★وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ...

٣- ئیجتیهاد ئەبێ ئەهلی خۆی بیکات، نەخوێندەوار، یان نیوەخوێندەوار، یان موقەللید نابێ فەتوا بدەن، نابێ هەموو کەس دەم بخاتە ناو فەتواوە، تەنانەت زانا و موجتەهیدەکانیش پێویستە بە دەستەجەمعی فەتوا بدەن و-تا بۆیان ئەکرێت- خۆیان لە فەتوای فەردی و تاکەکەسی بپارێزن، لە هەموو سەردەمێکی ئیسلامیدا (چەند کەسێکی تایبەتی) هەبوون کە سەرچاوەی (فەتودان) بوون، نەک هەموو موسوڵمانێک لە جێگەی خۆیەوە (موفتی) بوو بێت، بۆ نمونە:

*لە سەردەمی پێغەمبەر (صلی اللەعلیەوالەوسلم) پێغەمبەر خۆی سەرچاوەی هەموو فەتوایەک بووە، کەسێکیش ئەگەر لەبەر دووری یان لەبەر ناچاری ئیجتیهادێکی کردبێت بە گەیشتنی بە پێغەمبەر(صلی اللەعلیەوالەوسلم) ئیجتیهادەکەی لای ئەو باس کردووە، ئیتر یان پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) ڕازی بووە یان بۆی هەڵوەشاندوەتەوە.

بۆ باس ئەشێت: تەنانەت پێغەمبەریش(د.خ) باوی وابوو کە ئەصحابی کۆئەکردەوەو داوای بیرورایانی ئەکرد لەو شتانەدا کە نیگای بۆ نەهاتبوو لەسەری..

* کە پێشەوا عوسمان ڕێگەی دا بە هاوەڵان: ئازاد بن لە کۆچکردنو بارکردن بۆ هەر جێگەیەک دڵیان پێی خۆشە(واتە:مەبدەئی ئازادی نیشتەجێبوونی سەلماند)، ئەمە وایکرد کە سەرانو پیاوانی گەورەی یاران بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەوەو کۆبونەوەیان نارەحەت و دەگمەن بوو، ئیتر ئەو صەحابانە بوون بە سەرچاوەی ئیجتیهادی فقهی جیاواز بۆ وڵاتانی ئیسلامی بۆنمونە: (عبداللەی کوڕی عەبباس) بوو بە فەقیهی مەککەو قوتابیەکی زۆری لێکۆبویەوە،(عبدالله ی کوڕی مەسعود) بوو بە فەقیهی عێراقو قوتابییەکی زۆری لێ کۆبوویەوە، ئیبن ئەبی لەیلا قازی گەورەی سەردەمی خۆی ئەڵێ: (أدركت مائه وعشرين من الانصار من أصحاب رسول الله - صلى الله عليه وسلم- يسأل أحدهم عن المسأله، فيردها هؤا إلى هؤا حتى ترجع إلى الاول، وما منهم من أحد يحدپ بحديپ أو يسأل عن شيو إلا ود أخاه كفاه). (سنن الدارمي، الدارمي، ١/ ٦٥).

ئەم صەحابانە سەرچاوەی فەتواو ئیجتهادات بوون لە ژیانی خۆیاندا، پاش ئەمان قوتابیەکانیان بوونە سەرچاوەی فەتوادان کە زیاتر ئەمانەیان ناویان دەرکرد، لە قوتابیانی عەبدوڵای کوڕی عەبباس (سەعیدی کوڕی موسەییبو عەتا) لە مەدینەو(نەخەعی و شەعبی و حەسەنی بەصری) یش لە قوتابیانی (عبداللە ی کوڕی مسعود)لە عێراق ناویاندەرکرد، لەم سەردەمەدا دوو مەدرەسەی فیقهی گەورە درووستبوون: (مەدرەسەی ڕەئی) لە عێراقو (مەدرەسەی حەدیس) لە شام.

عێراق لەبەرئەوەی کە ڕووداو زۆر تێیدا

رووپێداو پایتەختی ئیسلامیش لە شام بوو زۆر پێویستیان بە ئیجتهادو عەقڵکاری هەبوو، ریبەری ئەم مەدرەسەیە(ئیبراهیمی نەخعی)بوو کە مامۆستای حەمادی کوڕی سەلەمە بوو کە ئەویش شێخی (ئەبو حەنیفە)یە، (سعیدی کوڕی جوبەیر) یش رێبەرایەتی مەدرەسەی حەدیسی شامی دەکرد..

**پاش ئەمان بە کەمێک سیازدە مەزهەبی فقهی ئیشپێکراو دروست بوو:**

١- قوتابخانەی حەسەنی بەصری لە (بەسرە) دا.. (٢١- ١٠٢) کۆچی.

٢- قوتابخانەی ئەبو حەنیفەی نوعمان لە (کوفە)دا.. (٨٤- ١٥٠) کۆچی.

٣- قوتابخانەی ئەبو عەمری ئەوزاعی لە (شام)دا.. (٨٨- ١٥٧) کۆچی.

٤- قوتابخانەی سوفیانی سەوری لە (کوفە) دا.. (٩٧- ١٦١) کۆچی.

٥- قوتابخانەی لەیسی کوڕی سەعد لە (میصر)دا.. (٩٤- ١٧٥) کۆچی.

٦- قوتابخانەی مالیکی کوڕی ئەنەس لە (مەدینە)دا.. (٩٣- ١٧٩) کۆچی.

٧- قوتابخانەی سوفیانی کوڕی عویەینە لە (مەککە)دا.. (١٠٧- ١٩٨) کۆچی.

٨- قوتابخانەی ئەبو ئیدریسی شافیعی لە (عێراق)دا.. (١٥٠٠- ٢٠٤) کۆچی.

٩- قوتابخانەی ئیسحاقی کوڕی راهەوەیهی لە (نەیسابور)دا.. (١٦١- ٢٣٨) کۆچی.

١٠- قوتابخانەی ئەبو سەوری بەغدادی لە (بغداد)دا.. (١٧٠- ٢٤٠) کۆچی.

١١- قوتابخانەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە (بغداد)دا.. ٠(١٦٤- ٢٤١) کۆچی.

١٢- قوتابخانەی داودی زاهیری لە (بغداد)دا (٢٠٠ – ٢٧٠) کۆچی.

١٣- قوتابخانەی ئیبن جەریری تەبەری لە (بغداد)دا (٢٢٤- ٣١٠) کۆچی.

ئەوەی وای کرد ئەم مەزهەبە زۆرانە دروست ببن چەند شتێک بوو کە بە کورتی ئەمانەن:

١-زۆری رووداوەکان.

٢-موناقەشاتو راگۆڕینەوەی زۆری ناو زانایان.

٣-هاندانی خەلیفەکانی عەبباسی کە خەڵاتی زۆریان ئەدا بەو زانایانە و خزمەتی چاکیان ئەکردن وەک: (هارونە رەشیدو ئەبوجەعفەری مەنصورو..هتد)

٤-کۆچو گەشتی زانایانی بۆ وەرگرتنی زانستو (ئیسنادی عالی) لە فەرموودەدا.

لەم سەردەمەدا بوو کە (مەزهەبە فقهییەکان) نووسرانەوە، هەندێکیان لەلایەن سەر مەزهەبەکان خۆیانەوە نووسرانەوەو هەندێکیشیان لەلایەن قوتابیەکانیانەوە نووسرانەوە.. مرۆڤایەتی و میللەتانی دنیا کە چاویان کردەوە ئەو سەرەوەتە فیقهی و یاساییەی بینی کە هەزارەها عەقڵی ئیسلامی بەرهەمیان هێناوە، ئەوەی کە رۆژهەڵاتناسێکی مەجەری بەناوی (فەمبەری) بڵێت: :(هەر چەندە سەیری کتێبە فیقهییەکانی ئیسلام ئەکەم زۆر سەرنجم رائەکێشنو سەیرم لەوەدێت چۆن مسوڵمانەکان سیستەمی حوکمو بەرنامەی هەموو بوارەکانی ژیانیان لەو فقهەوە وەرناگرن»، مدخل الی الفقه الاسلامی، نڤام الدین عبدالحمید، ص٨٦)، هەر ئەم سامانە فیقهیە گەورە و دەوڵەمەندە بوو کە سەرنجی یاسادانەرە گەورەکانی دنیای راکێشا لە لاهای و لە ساڵی ١٩٣٧زایندا کۆنگرەیەک ببەستن بۆ توێژینەوە لە سەرچاوەکانی یاسا لە هەموو ئایین و کەلتوورەکانی میللەتاندا، ئامادەبووان ئەوەیان راگەیاند کە شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەرهێنانی یاسا گشتییەکان، ئەوەشیان

راگەیاند کە شەریعەتی ئیسلامی شەریعەتێکی سەربەخۆیەو لە ئایینەکانی تر وەرنەگیراوە.

-جارێکی ترو هەر لە لاهای و لەساڵی ١٩٣٨زایندا کۆنگرەی»یاسای بەراوردکاری» گیراو تێیدا ئامادەبووان بڕیاری ئەوەیان دا کە شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی یاسادانان.

-لەو هەفتەی فیقهی ئیسلامیشدا کە لە پاریس بەڕێوەچوو لە ساڵی ١٩٥٢زایندا، نەقیبی پارێزەرانی فەرەنسا هەستایەوەو دانی بەوەداناو ووتی: « نازانم من چۆن هاوئاهەنگی دروست بکەم لە نێوان ئەو وێنایەی کە بۆیان دروست ئەکردین گوایە: شەریعەتی ئیسلامی و فیقهی ئیسلامی فیقهو شەریعەتێکی دۆگمان و بە کەڵکی ئەوە نایەن بکرێنە سەرچاوە بۆ یاسا پێشکەوتووەکان؟! لە بەرانبەر ئەوەدا کە من ئەم هەفتەیە بیستم دەربارەی شەریعەتی ئیسلامی کە بی دوودڵی ئەوە ئەسەلمێنێت شەریعەتی ئیسلامی شەریعەتێکی ڕەسەن و قووڵ و ووردەکار و پەلوپۆدارەو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا!.

-هەروەها کۆمەڵەی یاسا گشتییە نێودەوڵەتیەکان دانی بەوەدانا کە موحەممەدی کوڕی حەسەنی شەیبانی قوتابی ئەبوحەنیفە بەراستی بریتییە لە ڕێبەری یەکەمی یاسا نێودەوڵەتیە گشتییەکان، (بڕوانە «مجله البحوث الإسلامية» کە گۆڤارێکی دەوری زانستیەو لە لایەن: الرئاسة العامه لإدارات البحوپ العلميه والإفتاء والدعوة والإرشاد-ەوە دەردەچێت و تا ئیستا «٧٩» بەرگی لێدەرچووە، بۆ زانیاری زیاتر سەردانی سایتی»مکتبه صيد الفوائد»بکە. هەروەها سەیری: تربيه الاولاد فى الاسلام ، ناصح علوان بکە، هەروەها (الى الشباب أولا) هەر هەمان نووسەر).

٤-زیانەکانی (فەتوا بە هەوا) ئەوەندە زۆرە زەنگی ترسناکی لێ ئەدات: مەگەر لێرەو لەوێ نابیسین کە: بۆ خۆپیشاندان و ڕێپێوان فەتوا ئەدەن: قەیناکا ڕۆژوو بشکێنی لە ڕەمەزاندا!یان فەتوا ئەدەن: ئافرەت خۆی بتەقێنێتەوە چونکە گومانی بۆ ناچێت و نایپشکنن! کاندید تێر تەزکیەی خۆی بکات و بەڵێنی درۆ بدات قەیناکات لەبەر ئەوەی سەردەم داوای ئەکات!...ئەمە بەردەوام بێت، وای لێدێت ڕێگە ئەکرێتەوە بۆ نەخوێندەوار و ناحەزانی دینیش کە بە دروستی بزانن دین تەحریف بکەن و یاساکانی بگۆڕن و بیکەنە یاری دەستی سیاسی و کاربەدەست و دەوڵەمەندەکان..مەگەر ئاینەکانی تر بەو شێوەیە نەشێوێنران و دەستی پیاوی ئایینی ترسنۆک و کاربەدەستی ستەمکار و خواناسی نەزان وێرانی نەکردن؟ ڕەحمەتی خوا لە عەبدوڵای کوڕی موبارەک کە ئەڵێ:

**وهل أفسدَ الدينَ إلا الملوكُ ... وأحبارُ سوءٍ ورهبانُها**

٥-بەدیلی فەتوای سیاسی زۆرە و موفتیەکان، یان زانایان و ئەهلی علم هیچ ناچار نین خۆیان لەو بابەتانە بئاڵێنن:

أ-با سیاسیەکان خۆیان ئیجتیهاد بکەن و عەقڵیان تەمەڵ نەکەن..

ب-با دین لە چوارچێوە پیرۆزەکەیدا بهێڵنەوە..

ج- فەتوا بدە و مەسلەحەت دیاری بکە! بەڵام بەرگی دینی مەکەرە بەر..چونکە غەیری تۆش فەتوا ئەدات و ئەگەر ئەویش بەرگی دینی کردەبەر دین ئەبێتە فەوزا.. با وەک زانایانی پێشوو خۆیان لە ئەمە حەرامە، ئەمە ناشەرعیە.. بپارێزن، زانایانی پێشوو دەگمەن فەتواکانیان ئەپێچا بە زاراوەی حەڵاڵ و حەرامەوە، بەڵکو ئەیانووت: «لا يصلح».. «لا ينبغي»، «لا بأس»، «أرجو أن لا بأس»، «أخشي»، «أخاف أن يكون أو لا يكون»..هتد، یان ئەیانووت:» أحب كذا»، «أستحبه»، «أستحسنه»،

«هو أحسن أو حسن»، یان ئەیانووت»یعجبنی»، یان» هو أعجب الی»..بەو شێوەیە.. بەڵام بە داخەوە قوتابیانی ئەو زانایانە چونکە وەک ماۆستاکانیان موجتەهید نەبوون و خۆیان ناچاری فەتوادان ئەکرد، ئەهاتن ئەو دەربڕینە زاناییانەی زانایانی پێشوویان تەئویلی نارەوا ئەکرد و مانای حەڵاڵ و حەرام و سووننەت و مەکروهیان لێ دەرئەهێنا، هەر وەک ئەوەی زانایانی پێشوو نەیانزانیبێت بەو زمانەی ئەوان قسە بکەن! بۆ نمونە هەندێ لەو زانایانە کە شەرحی ئەو دەربڕینانەی سەرەوە ئەکەن بۆ نمونە ئەڵێن: (قوله لا يصلح أو لا ينبغي للتحريم و لا بأس وأرجو أن لا بأس للاباحة و أخشي أو أخاف أن يكون أو لا يكون ظاهر في المنع وقيل بالوقف وقوله أحب كذا أو أستحبه أو أستحسنه أو هو أحسن أو حسن أو يعجبني أو هو أعجب الي للندب وقيل للوجوب وقوله أكره كذا أو لا يعجبني أو لا أحبه و لا أستحسنه للتنزيه والكراهة وقيل للتحريم وان قال أستقبحه أو هو قبيح أو قال لا أراه فهو حرام وان قال هذا حرام ثم قال أكرهه أو لا يعجبني فحرام وقيل بل مكروه..)!!( المسودة في أصول الفقه، تحقيق : محمد محيي الدين عبد الحميد،ص٤٧٢).

د- ئیبن حەزم وەک ئەوەی بڵێ: فەتوا بە هەوا زۆر زیانبەخشە، ئەڵێ: (ونحن نقول لمن قال بالاستحسان ما الفرق بين ما استحسنت أنت واستقبحه غيرک؟ وبين ما استحسنه غيرک واستقبحته أنت؟ وما الذي جعل أحد السبيلين أولي بالحق من الاخر؟ وهذا ما لا انفكاک منه وبالله تعالي التوفيق)، بڕوانە کتێبی (الإحكام فی أصول الاحكام)ەکەی خۆی..

هـ-نابێ فەتوا ببێتە بەشێک لە کێشەکانی کۆمەڵگە کە لە بناغەدا مەبەست بە فەتوا چارەسەرە نەک نانەوەی کێشە، کە کۆمەڵگە پێویستی بەو فەتوا و کێشە تازانە نیە. لە راستیدا نابێ موفتی ببێتە دکتۆر و پارێزەر و ئەندازیار و سیاسەتمەدار و هەموو شتێک و لە هەموو شتیک و لە هەموو بابەتێکدا قسە بکات و بە زۆر شەرع بهێنێتە قسە، بەڵکو پێویستە رێز لە پسپۆڕییەکەی خۆی بگرێت و تەنیا و بە تەنیا لە بواری خۆیدا قسە بکات.. و ئەگەر قسەشی لە مەسەلەیەکدا کرد بابەتی ئیجتیهاد بوو ئەوە با بە دەربڕینی زانایان قسە بکات و نەیپێچێت بە دینەوە و ناوی حەڵاڵ و فەرز و ...ی لێ نەنێت، تا نەچێ بەگژی فەتوای یەکێکی تردا و کۆی ئیسلام و موسڵمانان بخاتە ژێر پرسیارەوە..



# بابەتی گشتی

بڵاوکراوەی نوێ
بڵاوکراوەی نوێ
بڵاوکراوەی نوێ

ڕیکلام

خاڵ

## لە بڵاوکراوە نوێیەکانی

# ناوەندی هزریی و ڕۆشنبیریی خاڵ






ڕیکلام

بڵاوکراوەی نوێ

بڵاوکراوەی نوێ

بڵاوکراوەی نوێ

## لە بڵاوکراوە نوێیەکانی

# سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی


















## بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسان و کاریگەریی لەسەر فیکری ئیسلامی

# لە تێڕوانینی (مالیکی کوڕی نەبی)یەوە



سەرەتا پێویستە چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوون بکەینەوە، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژهەڵاتناسی ئاراستەیەکی فیکریی ڕۆژئاواییە، کە لە بواری ڕۆشنبیریی و فیکریی و ئاینیی و ئابووریی و ڕامیاریی شارستانییەتی نەتەوەکان دەکۆڵێتەوە، بەمەبەستی دانانی کاریگەری لەسەریان. ئیدوارد سەعید لە پێناسەی ڕۆهەڵاتناسیدا دەڵێت: شێوازێکی ڕۆژئاواییە، بۆ دەسگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتدا و دووبارە داڕشتنەوە و فۆرمەڵەکردنی و زاڵبوون بەسەریدا(1). ئەحمەد عەبدول حەمید غوراب پێناسەکانی ڕۆژهەڵاتناسی دەکات بە دوو بەشەوە: گشتی و تایبەت

خالید محەممەد غەریب
پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی هەڵەبجە،

یەکەم: پێناسەی گشتی ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لە شێوازێکی ڕۆژئاوایی، واتە: میتۆدێکی ڕۆژئاواییە بۆ بینینی شتەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا (لەسەر ئەوە بنیاتنراوە کە جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە لە ڕووی بوون و مەعریفەوە لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، یەکەم بەوە جیادەکرێتەوە کە لە ڕووی ڕۆشنبیریی و ڕەگەزەوە لە دووەم بەرزترە.

دووەم: پێناسەی تایبەتی ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لەو توێژینەوە ئەکادیمییانەی کە وڵاتانی کۆلۆنیالیستی ڕۆژئاوا سەبارەت بە ڕۆژهەڵات ئەنجامیانداوە لە هەموو ڕوویەکەوە: ڕۆشنبیریی، مێژوویی، زمان، ئایین، سستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەروەت وسامان و تواناکانیان. بەمەبەستی زاڵبوون بەسەریدا و لەپێناو بەرژەوەندی ڕۆژئاوادا(٢).

ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە ڕۆژئاوا گرنگی پێداوە و شرۆڤە و توێژینەوەی لەسەر کلتوور و ڕۆشنبیرییەکەی ئەنجامداوە، جوگرافیای سروشتیی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکو شوناسی ڕۆژهەڵاتە، ئەمەش ئەو تەوەرەیە کە ئامانجەکانی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی بەدەوریدا دەخولێتەوە، ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسی، ناسینی شوناس و مێژووی ڕۆژهەڵاتە، کە لە ئیسلام و موسڵماناندا خۆی دەبینێتەوە(٣).

بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێ بەمشێوە پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسی بکەین: شێوازێکی بیرکردنەوەیە لەسەر جیاکاری ئەنتۆلۆجی و ئیبستمۆلۆجی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بنیاتنراوە.

چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی پێش دوو سەدە لە ڕۆژئاوادا دەرکەوتووە، وەک لە فەرهەنگە ئەورووپییەکاندا هاتووە، ئەڵبەتە بە جیاوازییەکی کەم، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە توێژینەوە و شرۆڤەکردنی زمانەکان و ئاینەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت ئیسلام، زۆر لەوە پێشتر هەبووە، ڕەنگە وشەی ڕۆژهەڵاتناس لە پێش وشەی ڕۆژهەڵاتناسیدا دەرکەوتبێت.

ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی (ئەربێری A. J. Arberry) لە توێژینەوەیەکیدا لەمبارەوە دەڵێت: واتای بنەڕەتی زاراوەی ڕۆژهەڵاتناس لە ساڵی (١٦٣٨) هەبووە، لە ساڵی (١٦٩١) (ئەنتونی وود Anthony Wood) لە وەسفی (سەمویل کلارک (Samuel Clarke)دا وتوویەتی: ڕۆژهەڵاتناسێکی وریایە. ئەمەش واتە هەندێک لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانیوە(٤).

ڕۆژهەڵاتناس ئەو ئەدیبە ڕۆژئاواییەیە کە گرنگی بە توێژینەوەی کلتوور و ژیار و زمانەکانی ڕۆژهەڵات دەدات(٥).

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی مەکسیم ڕۆدنسون (Maxime Rodinson) دەڵێت: وشەی ڕۆژهەڵاتناس لە زمانی ئینگلیزیدا لە نزیکی ساڵی ١٧٧٩ دەرکەوت و لە ساڵی ١٨٣٨ چووە ناو فەرهەنگی ئەکادیمیای فەرەنسیی و تێیدا بیرۆکەیەکی تایبەتی بەرجەستە کردووە بۆ توێژینەوەی ڕۆژهەڵات(٦). لە قاموسی ئیکسفۆردی نوێدا ڕۆژهەڵاتناس بەو کەسە دەوترێت کە زۆر شارەزایە لە زمان و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا(٧). لە ئینسکلۆپیدیای لارۆسدا لە ماددەی (Orientaliste) بەمشێوە پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسی کراوە: بریتییە لەو زانایەی کە بە توانایە لە ناسینی ڕۆژهەڵات و لە ناسینی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا(٨).

مالیک کوڕی نەبیش بەمشێوە پێناسەی چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی کردووە: مەبەستی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتناسان ئەو نووسەرە ڕۆژئاواییانەن کە سەبارەت بە فیکری ئیسلامیی و شارستانیەتی ئیسلامیی بابەت دەنووسن(٩).

پاش پێناسەکردنی چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی، ڕۆژهەڵاتناسەکان پۆلێن دەکات دەڵێت: پێویستە

لە سەرمان لە هاوشێوەی ئەوەدا کە پێی دەوترێت (تەبەقات) ناوەکانیان لە دوو بەشدا پۆلێن بکەین:

١) لە ڕووی کاتەوە: چینی کۆنەکان وەک: جەربر دورییاک و تۆماس ئەکوینی قەشە. چینی تازەکان وێنەی: کارە دوقۆ و گۆلتزهیر.

٢) لە ڕووی ئاراستەی گشتی نووسینەکانیانەوە سەبارەت بە ئیسلام و موسڵمانان: چینی پیاهەڵدەرانی شارستانییەتی ئیسلامیی و چینی ئەوانەی کە ڕەخنەی لێدەگرن و ناوبانگی دەشێوێنن»(١٠).

مالیک لە ڕۆژهەڵاتناسە کۆنەکان ناکۆڵێتەوە، چونکە ڕوون و ئاشکرایە کە ڕۆژهەڵاتناسە کۆنەکان کاریگەرییان هەبووە و هێشتاش کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەوتی ئایدیا لە جیهانی ڕۆژئاوادا، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئایدیاکانی، ئێمە ـ گرۆی موسڵمانان.

نووسینەکانیان ـ بێ گومان ئەو تەوەرەیە کە ئایدیاکان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، ئەو ئایدیایانەی کە بزوتنەوەی مۆدێردنەی لێکەوتەوە لە ئەوروپا، بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان لێ بەدی ناکەین لەو بزوتنەوەدا کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن: هەستانەوەی ئیسلامیی، کەواتە با دۆزەکەیان بخەینە کەنار و وازی لێ بهێنین بۆ ئەو کەسەی کە گرنگی بە توێژینەوەی مێژووی گشتی دەدات(١١).

هەروەها مالیک لەو ڕۆژهەڵاتناسانە ناکۆڵێتەوە کە ڕەخنە لە شارستانییەتی ئیسلامی دەگرن، مالیک، دەڵێت: با وازبهێنین لە دۆزی ڕەخنەگرە نوێکانی شارستانییەتی ئیسلامیی، گەرچی هەندێک کاریگەریشیان هەبێت لەسەر قەڵەمەکانمان، یان لە سەردەمی خۆیان و وڵاتانی خۆیاندا ناوبانگیان دەرکردبێت، بۆ نمونە پاپا لامانس. ئەوانە ناچنە ناو بابەتی توێژینەوەکەمان، چونکە بەرهەمەکانیان گریمان تا ئاستێکیش بەر ڕۆشنبیریمان کەوتبن، ئەوا بەشێوەیەکی گشتگیر کۆی ئایدیاکانمانیان نە جوڵاندووە و ئاراستەیان نەکردووە، ئەمەش بەهۆی ئەو ئامادەییەوە بوو کە بەشێوەیەکی خۆکاری، لە دەروونماندا، بوونی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جێکەوتەکەی. فاکتەرەکانی بەرگریکردنی خۆڕسکانە لە قەوارەی ڕۆشنبیری، لەو ڕووبەڕووبوونەوەدا دەستی هەیە، وەک ئەوەی لەو ساتەوەختەدا ڕوویدا کە (تەها حسین) کتێبەکەیی تێدا بڵاوکردەوە سەبارەت بە شیعری –جاهیلی پێش ئیسلام، لەسەر شێوەی ئەو کتێبەی کە (مەرگلیۆس)ی ڕۆژهەڵاتناس وەک بۆچوونێکی بەڵگەنەویست، ساڵێک پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی تەها حسین پێشکەشیکرد و ئەو ڕەهێڵە نارەزاییەی وروژاند، کە لە ناویدا ئەو هەورە تریشقانە هەبوون کە لە قەڵەمەکەی (مصطفی صادق الرافعی)یەوە سەرچاوەیان گرت(١٢).

واتە تەنها لەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەکۆڵێتەوە کە بە شان و باڵای شارستانییەتی ئیسلامییدا هەڵدەدەن. مالیک دەڵێت: بەڵام ئێمە ـ بە پێچەوانەوە.جێکەوتی دیاری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بەدی دەکەین کە بە باڵای شارستانیەتی ئیسلامییدا هەڵدەدەن، بە ئەندازەی دەرککردنمان بەوەی کە ئەو جێکەوتە لە دەروونماندا هیچ ئامادەییەکی بەدی نەکردووە بۆ کاردانەوە، دەتوانین جێکەوتەکە وێنا بکەین.

پاشان مالیک دەڵێت: گومانی تێدا نییە ڕۆژهەڵاتناسە ستایشکارەکانی وەک:

أ- (رینۆ) کە جوگرافیاکەی (ئەبولفیدای لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا وەرگێڕا.

ب- (دوزی) کە قەڵەمەکەی گیانی کردەوە بەبەر سەدە درەوشاوەکانی عەرەبەکاندا لە ئیسپانیا

ج- ( سید ییو) کە وەک قارەمان بەدرێژایی ژیانی تێکۆشا بۆئەوەی نازناوی دۆزەرەوەی

# ئەو ڕۆژهەڵاتەی كە ڕۆژئاوا گرنگی پێداوە و شرۆڤە و توێژینەوەی لەسەر كلتوور و ڕۆشنبیرییەكەی ئەنجامداوە، جوگرافیای سروشتیی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵكو شوناسی ڕۆژهەڵاتە

ئەوەی لە زانستی فەلەكناسیدا پێی دەوترێ: (یاسای دووەمی جووڵەی مانگ) بۆ فەلەكناس و ئەندازیاری عەرەبی(ئەبولوەفا) بەدیبهێنێت.

د (ئاسین بلاسیوس) كە سەرچاوە عەرەبییەكانی كۆمیدیای خوایی دۆزییەوە.

بێ گومان نووسینەكانی ئەو زانایانە بۆ مێژوو و بۆ سەرخستنی حەقیقەتی زانستی بوو، هەموو ئەوەش لە پێناو كۆمەڵگە ڕۆژئاواییەكاندا بوو، بەڵام ئێمە دەبینین ئایدیاكانیان گەورەترین جێكەوتی هەبووە لەناو چینی ڕۆشنبیرانی كۆمەڵگەی ئیسلامیدا(١٣).

مالیك تەنها لایەنە خراپەكان نابینێت و نكوڵی لە خاڵە باشەكان ناكات، بەڵكو خۆیی و هاوچەرخەكانیشی بە قەرزاری ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییەكان دادەنێت و دەڵێت: بۆ نموونە خۆم لە نێوان تەمەنی (١٥-٢٠) پازدە و بیست ساڵیدا لە وەرگێڕانەكەی (دۆسلان) بۆ پێشەكییەكەی ئیبن خەلدون و لە نووسینەكانی (ئەحمە ڕەزا)دا پاش جەنگی دووەمی جیهانی، شكۆ و گەورەیی شارستانیەتی ئیسلامیم بەدی كرد(١٤).

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی شارەزایی و ئەزموونی خۆی، كاریگەریی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتناسەكانمان بۆ ڕوون دەكاتەوە و دەڵێت: من تەواو دەرك بە قەرزاری خۆم دەكەم بۆ ئەو خوێندنەوانە و ئێستاش كە تەمەنم لە شەست ساڵی تێپەڕیوە لە پێشتر باشتر دەتوانم ڕێز لەم چارەسەركردنە بگرم بۆ فیكر و ویژدان، نەك تەنها لە بواری كەسیدا، بەڵكو لە بوارێكی گشتگیری كۆمەڵگەی ئیسلامیدا، بەدرێژای چل ساڵ ئەزمون، دان بەوەدا دەنێم كە خراپیەكانی ئەم جۆرە چارەسەرە، زیاترن لە باشییەكانی، ئەویش لەبەر هۆكارگەلێكی جۆراوجۆر(١٥).

مالیك بە نموونەیەكی سادە، ئەم بابەتەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە:

كاتێك قسە لەگەڵ هەژارێكدا بكەین كە بژێویی ڕۆژانە شك نابات و باسی سامانی زۆر و زەمەنەی باوباپیرانی بۆ بكەین، ئەوا ئێمە بە هۆكارێكی بێهوشكەر دڵنەوایی دەكەینەوە لەسەر دژوارییەكانی و بەشێوەیەكی كاتی فیكر و ویژدانی دائەبڕێت لەوەی هەستیان پێ بكات، بە دڵنیاییەوە ئێمە چارەسەی ناكەین.

بەهەمان شێوە، نەخۆشییەكانی كۆمەڵگەش بە باسكردنی سەروەرییەكانی چاك نابنەوە.. (١٦).

مالیك بەشێوەیەكی جیاواز بیر دەكاتەوە و كاریگەری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بە مەترسیدارتر دادەنێت كە بە شان و باڵای شارستانییەتی ئیسلامییدا هەڵ دەدەن، چونكە ئەم تاقمە وایان لە بیریارانی ئیسلامی كردووە سەرسام بن بە كلتوور و لە ڕابردودا چەق ببەستن و دوور بكەونەوە لە سەردەمی خۆیان و كارایی لەدەست بدەن، واتە: لە دوو ڕووەوە زەین و فیكری بیریارە ئیسلامییەكانیان مژوول كردووە:

- سەرسامبوون بەو ژیار و شارستانییەت

و کلتووره‌ ئیسلامییه‌ی كه‌ پێشینان دروستیان كرد، واته‌ به‌ ڕابردوو.

- سه‌رسامبوون به‌ ژیار و شارستانییه‌تی ڕۆژئاوا.

مالیك پێیوایه‌ به‌رهه‌می ئه‌م ڕۆژهه‌ڵاتناسانه‌ ده‌چێته‌ ناو چوارچێوه‌ی ململانێی فیكریی.

ململانێی فیكریی، شه‌ڕی فیكره‌ له‌گه‌ڵ فیكردا، جه‌نگی خامه‌ و زمانه‌، جه‌نگی به‌ڵگه‌ و بورهانه‌، نه‌ك جه‌نگی شمشێر و تیغی ده‌بان. واته‌ جه‌نگی نێوان ئایدیا و ئایدیۆلۆژیا و فه‌لسه‌فه‌ و فیكر و تێز و تیۆره‌كانه‌ له‌ بواره‌ جیاجیاكاندا.

ئامانجی ئه‌م جه‌نگه‌ خستنی فیكری به‌رانبه‌ر و تێكدانی ئه‌و ژینگه‌ عه‌قڵییه‌یه‌ كه‌ كارلێكی له‌گه‌ڵدا ده‌كات.

ململانێی فیكری به‌ تێڕوانینی مالیك بریتییه‌ له‌ ئیستراتیژییه‌تی زاڵبوون، به‌ هۆكارگه‌لێكی تر، جگه‌ له‌ چه‌ك، به‌مه‌به‌ستی لاوازكردنی خاوه‌ن ئایدیاكه‌، ئه‌ویش به‌ كه‌مكردنه‌وه‌ی كارایی ئایدیاكانی، خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌م نه‌یاره‌ له‌ داهێنه‌رانی ئایدیا بێت، ئه‌وا هه‌وڵ ده‌درێت ئابڵۆقه‌ بدرێت و له‌ ناوه‌نده‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كه‌ی داببڕێت(١٧).

مالیك به‌مشێوه‌ وه‌سفی ئایدیا ده‌كات: چه‌كێكی نه‌بینراوه‌، بگره‌ له‌ تیشكی نه‌بینراو نه‌بینراوتره‌، به‌ چاره‌سه‌ركردنێكی تایبه‌تی به‌شێكی دیاریكراو له‌ ئایدیاكان، ده‌كرێ ئامانجگه‌لێك به‌دیبهێنرێت كه‌ هێزه‌ مادییه‌كان له‌ چاره‌سه‌ركردنیدا بێ ده‌سه‌ڵاتن(١٨).

هه‌روه‌ها ده‌ڵێت: كۆلۆنیالیست ناتوانێت ئه‌م دۆخی دواكه‌وتنه‌ له‌ وڵاته‌كانماندا بهێڵێته‌وه‌، مه‌گه‌ر له‌ كه‌شێكی خاڵی له‌ ئایدیادا، زیندانمان بكات. به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه‌، ناتوانین خۆمان له‌م دواكه‌وتووییه‌ ڕزگار بكه‌ین، هه‌تا خۆمان له‌و ئایدیایانه‌ ڕزگار نه‌كه‌ین، كه‌ نمونه‌ی ئه‌و بواره‌ فیكرییه‌ن، كه‌ له‌ سه‌ده‌كانی شكست و هه‌ره‌سهێنانه‌وه‌ به‌ میراتی بۆمان ماونه‌ته‌وه‌(١٩).

## مالیك دیارده‌ی كۆلۆنیالیستی به‌ ده‌ره‌نجامی دوو فاكته‌ری سه‌ره‌كی له‌ قه‌ڵه‌م ده‌دات:

یه‌كه‌م/ په‌تایه‌كی كوشنده‌یه‌ تووشی ئه‌م ئوممه‌ته‌ بووه‌، ئه‌ویش په‌تای قبوڵكردنی كۆلۆنیالیسته‌، مه‌به‌ستی مالیك له‌م زاراوه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌م ئوممه‌ته‌ پێش ئه‌وه‌ی كۆلۆنیالیست بێت و خاك و نیشتمان و وڵات داگیر بكات، تاكه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ له‌ دڵ و ده‌روونیاندا ئاماده‌ن بۆ ئه‌و داگیركارییه‌، پێش ئه‌وه‌ی خاك و ئاویان داگیر بكرێت، فیكر و هه‌ست و نه‌ستیان داگیركراوه‌.

دووه‌م/ ئه‌و ململانێ فیكرییه‌یه‌ كه‌ وڵاتانی كۆلۆنیالیست به‌ چاكی پلانیان بۆ داڕێژاوه‌، كۆلۆنیالیسته‌كان هه‌میشه‌ له‌ گۆڕه‌پانی ڕووداوه‌ جیهانییه‌كاندا تیشك ده‌خه‌نه‌ سه‌ر گرفته‌ لاوه‌كی و په‌راوێزییه‌كان و هه‌موو دید و تێڕوانینێكی دروست و میتۆدییانه‌ دیزه‌به‌ده‌رخۆنه‌ ده‌كه‌ن و ڕێگه‌ ناده‌ن بڵاو ببێته‌وه‌ و له‌ نرخ و به‌های كه‌م ده‌كه‌نه‌وه‌ و له‌به‌ر چاوانی ده‌خه‌ن(٢٠). مالیك ده‌ڵێت: وڵاتانی كۆلۆنیالكراو به‌شێوه‌یه‌كی گشتی نازانن ململانێی فیكریی چییه‌، به‌ڵكو به‌شێوه‌یه‌كی خودكاریی ده‌ره‌نجامه‌ نێگه‌تیڤه‌كانی ئه‌و ململانێیه‌ له‌ ژیانی خۆیاندا تۆمار ده‌كه‌ن. كاتێك كۆمه‌ڵه‌ خوێندكارێك ده‌نێرن بۆ ئه‌وروپا بۆ خوێندنی باڵا، ئه‌وه‌ كارێكیان كردووه‌ كه‌ په‌یوه‌ندیداره‌ به‌ ململانێی فیكرییه‌وه‌، به‌ڵام به‌ دیاریكراوی، پێداویستی و شێواز و هۆكار و ئامانجه‌كانی ئه‌م ململانێیه‌ نازانن(٢١).

مالیك ئه‌م تاقمه‌ به‌ پسپۆڕانی ململانێی فیكری ناوزه‌د ده‌كات، كه‌ زۆر به‌ وریاییه‌وه‌، چاودێری كۆمه‌ڵگه‌ی ئیسلامیی ده‌كه‌ن، له‌هه‌ر شوێنێك و له‌لایه‌ن هه‌ر كه‌سێكه‌وه‌، هه‌وڵ و كۆششێك به‌دی بكه‌ن بۆ بێداركردنه‌وه‌ی تاكه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ و ئاشناكردنیان به‌ گرفته‌كانی ئێستا و ئاینده‌یان، ئه‌وا ده‌سبه‌جێ ئه‌و هه‌وڵ و كۆششه‌ ده‌خه‌نه‌ ژێر

نەشتەری توێژینەوە و شرۆڤەکردن، لە نرخ و بەهاکەی کەم دەکەنەوە و لەبەر چاوانی دەخەن، هەتا سوود و قازانجی نەبێت. هەرکاتێک باسی گرفتێک بکرێت و چارەسەرێک لە چارەسەرەکانی بۆ بخرێتە ڕوو، سەرکردەکانی ململانێی فیکری، دەسبەجێ شتێک دێنن بۆ بێ ئاگاکردنی خەڵکی لەو گرفتە، یان بۆ شێواندنی(٢٢).

## مالیك لەمبارەوە نموونەیەكمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

لەم دواییانەدا لە پاریس کۆنگرەی کرێکارە جەزائیرەییەکانی ئەوروپا بەسترا و بەو بۆنەیەوە لەلایەن سەرپەرشتیارانی کۆنگرەوە بڕیاردرا نامیلکەیەکی بەندە دابەش بکرێت، کە تێیدا باسی گرفتێک لە گرفتەکانی ئەمڕۆمان دەکات بەتایبەت لە جەزائیردا.

بەڵام خاوەن پسپۆڕانی ململانێی فیکری، ئەم بۆنەیان پشتگوێ نەخست بۆئەوەی ڕێگا لەو ئایدیایانە بگرن کە لەو نامیلکەکەدا خراونەتە ڕوو خاتوونێکی ئەڵمانی نزیک لە خۆیان بانگهێشتکرد کە ناوی لەسەر کتێبێک دانابوو، یان دانرابوو!

کتێبەکەش ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو ((خۆری خوا لەسەر ڕۆژئاوا هەڵدێ))، کتێبەکە ستایش و پیاهەڵدان و شکۆمەندی شارستانیەتی ئیسلامیی لەخۆگرتبوو.

خاتوونە ئەڵمانییەکە هات و کتێبەکەی پێشکەشکرد بە کۆنگرە، دەسبەجێ کتێبەکە ڕۆحی کۆنگرەکەی لە بواری گرفتە گەرمەکانی ڕۆژەوە، گواستنەوە بۆ شکۆ و مەزنی و سەروەرییە دڵگیرەکانی ڕابردوو!

لەکۆتاییشدا هەموو کەسەکانی ناو هۆڵەکە هەستانەوە، بۆئەوەی سڵاو لەو خاتوونە بکەن!

بێگومان ئەم چیرۆکە دوو لایەنمان بۆ دەردەخات:

لایەنی یەکەم: ئەو لایەنەی کە هەستیاری جەماوەری موسڵمان دەردەخات بۆ سەروەرییەکانی ڕابردووی.

لایەنی دووەم: ئەو لایەنەی کە پەی بە توانای قۆستنەوە و سوودوەرگرتنی ئەم هەستیارییە دەبات بۆ ڕوو وەرگێڕانی جەماوەر لە ئێستای(٢٣).

ویژدانی ئیسلامییش بەپێی هەوڵی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە گێژاوی ململانێیەکی ناوەکیدا دەمێنێتەوە، ئەم ململانێیەش هەندێکجار لەلایەن ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەوە هێوردەکرێتەوە کە بەشان و باڵای شارستانییەتی ئیسلامییدا هەڵدەدەن، هەندێکجاری دیکەش لەلایەن ئەوانەیانەوە کە ڕەخنەی لێ دەگرن، دەوروژێنرێت، بەمەش یەکێک لە وزە فیکرییەکانی جیهانی ئیسلامیی بەبێ هودە بەکاردەهێنرێت(٢٤).

مالیک دەڵێت: بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسی بە هەردوو جۆرەکەیەوە خراپ بوو بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامیی.... جیاوازی نییە، چ لە شێوەی ئەو ستایش و پیاهەڵدانەدا بێت، کە تێڕامانەکانمانی لە واقیع و ئێستامانەوە گۆڕیوە و لە ناز و نیعمەتێکی وەهمیدا نوقمی کردوین کە لە ڕابردوومانداد بەدی دەکەین، یان لە شێوەی بە درۆخستنەوە و کەمکردنەوە و سووککردنی پلە و پایەماندا بێت، بەشێوەیەک کردوینی بە پارێزەری کۆمەڵگەیەکی ڕوخاو»(٢٥).

پاشان هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەم جۆرە بەرهەمەی ڕۆژهەڵاتناسان ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: بەهەر شێوەیەک هەبێت ئەگەر بتوانین ڕاشکاوانە بڵێین: بە هەموو لێکدانەوەیەک لایەنێکی پۆزەتیڤ لەم ڕۆژهەڵاتناسییەدا بەدی بکەین، ئەوا ئەو لایەنە پۆزەتیڤە، لە شێوەی ستایشکردندا نییە، بەڵکو لە شێوەی بەرپەرجدانەوەدایە»(٢٦).

وێڕای ئەم تێڕوانینە ورد و قوڵانەی مالیک سەبارەت بە بەرهەمی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی

کە بە باڵای شارستانییەتی ئیسلامیدا هەڵدەدەن، مالیک نکۆڵی لە بەهای زانستی ئەو بەرهەمانە ناکات، بەڵکو هەندێکجار لە هەندێک بەرهەمدا ـ بۆ نمونە بەرهەمەکانی (سیدییو) یان (گوستاف لوبۆن) یان (ئاسیف بلاپیوس) ـ وێڕای سروشتە زانستییەکەی بە سروشتێکی ئاکاری بەرزیش جیادەکرێتەوە، جێگای هەموو رێزلێگرتنێکە و وەک شایەتییەکی بێگەردی کەسانێک، کە شارەزای بەهاو نرخیانین ناکرێت وەک زانا نکۆڵی لێ بکرێت(٢٧).

پاش دیاریکردنی گرفتەکە، مالیک چارەسەریشی بۆ دیاری دەکات و دەڵێت: پێویستە لەسەرمان شارەزایی بەدەستبهێنین، واتە دەبێ خۆمان بابەتەکانی تێرامانمان دیاری بکەین و رێگا نەدەین بۆمان دیاری بکرێن. بە وشەیەک پێویستە لەسەرمان رەسەنایەتی فیکریی و سەربەخۆییمان لە بواری ئایدیاکاندا، بەدەستبهێنینەوە، هەتا بەوەش سەربەخۆیی ئابووریی و سیاسیی بەدیبهێنین(٢٨).

مالیک پێیوایە هەتا لە رووی فیکرییەوە سەربەخۆیی بەدەست نەهێنین ناتوانین لە رووی ئابووریی و سیاسییەوە سەربەخۆ بین، بۆ ئەم مەبەستە نمونەیەکمان بۆ دێنێتەوە، ئەویش چیرۆکی عەلی کوڕی ئەبو تالب و ئەستێرەناسێکە لە شەڕی نەهرەواندا.

عەلی کوڕی ئەبو تالب لە رۆژی نەهرەواندا بۆچوونی ئەو ئەستێرەناسەی رەتکردەوە کە ئاماژەی پێدا لەکاتێکی دیاریکراودا دەرچێت و دەسبکات بە شەڕکردن، عەلیش لەکاتێکی تردا دەردەچێت و سەردەکەوێت، پاشان بە ئاشکرا، لە بەردەم خەڵکیدا دەڵێت: ئەگەر لەوکاتەدا دەربچووینایا کە ئەستێرەناسەکە ئاماژەی پێدا، ئەوا ئێستا پێی دەوتین: ئێمە بە ئاماژەی ئەستێرەکان سەرکەوتنمان بەدەستهێنا!(٢٩)

مالیک ئاگاداریشمان دەکاتەوە لەو نیمچە چارەسەرانەی کە لەلایەن ئەو کەسانەوە دەخرێنە روو کە لە ژێر کاریگەریی بەرهەمی رۆژهەڵاتناسەکاندان، چونکە ئەوانە گرفتەکە بەتەواوی نابینین، بەڵکو نیوەی گرفتەکە دەبینین، دیارە کە ناشتوانن چارەسەری تەواوی بۆ دیاری بکەن. مالیک دەڵێت: پوختەی مەبەست ئەوەیە ئەو کۆستەی کە لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا بەسەر ویژدانی ئیسلامییدا هات، لە ئاست شارستانیەتی رۆژئاوادا کۆستێکی هەستپێکراو بوو، بەتایبەت لە جیهانی ئایدیاکانماندا و لە بواری خودی ئایدیا زانستییەکاندا، جێکەوتی ئەم کۆستە بەشێوەیەک بوو تەنانەت گەیشتە ناو گۆڕەپانی راڤەکردنی قورئانی پیرۆز(٣٠).

مالیک دەڵێت: گومانی تێدا نییە کە کارێکی گەورەی وەک تەفسیری (تەنتاوی جەوهەری) ئەو تەفسیرەی کە سوودێکی زۆری لێوەرناگرین، بێگومان دەدرێتە پاڵ ئەم کاریگەرییە عەلمانییە لەسەر ئایدیاکانمان، لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەدا کە ئەو تەفسیرە لە هەمانکاتدا گوزارشت لە دیاردەی کۆکردنەوە دەکات: کۆکردنەوەی زانیاری، بەشێوەیەک ئەو کارە دژوارە لە ئینسکلۆپیدیایەکی مەعریفییەوە نزیکترە تا لە راڤەکردنی قورئان(٣١).

هەروەها مالیک سەبارەت بە قوتابی رۆژهەڵاتناسەکان دەڵێت: هەندێک لەو رۆژهەڵاتییانەی کە قوتابی رۆژهەڵاتناسەکانن کارە تێکدەرانەکانیان دژ بە ئیسلام دەشارنەوە، بە ئاماژەیەکی روونی ناوەندە کۆلۆنیالیستییەکان لەژێر پۆشاکی پێشکەوتنێکی ناوبۆشدا، هەوڵدەدەن هەموو بەهایەکی شارستانی لە ئیسلام داماڵن، بەڵکو ئەم دۆخی دواکەوتنەی ئێستای جیهانی ئیسلامیی دەدەنە پاڵ ئیسلام(٣٢).

مالیک باس لەوەش دەکات کە لەناو قوتابی رۆژهەڵاتناسەکاندا کەسانی پاکیش هەن کە بەبێ ئەوەی هەست بکەن قاچ دەخەنە ناو رۆشنبیریی

ڕۆژئاوا، بەڵکو قاچیش دەخەنە ناو سیاسەتی ڕۆژئاوا و بەو شێوە، نیوە چارەسەر پێشکەش دەکەن بۆ ئەو نیوە گرفتانەی کە لەو باوەڕەدان گرفتی سەرەکی جیهانی ئیسلامیین، هێندە هەیە بە نیازپاکیان لەوانی تر جیادەکرێنەوە، ئەوانەی بوون بە ئامێرگەلێکی گوێڕایەڵی بەردەستی پسپۆڕانی ململانێی فیکری، کە بە شوێن پێی مامۆستا ڕۆژئاواییەکانیاندا هەنگاو هەڵدەگرن، لەگەڵ مامۆستاکانیان تەنها لە کارامەیی شێواز و ڕازاندنەوەی فۆرمدا جیاوازن و لە بەکەم سەیرکردنی پێشینەکانی فیکری ئیسلامییدا لەگەڵیان یەکدەگرنەوە، بەڵام بەو هەڵەوەرییە پێشکەوتنخوازییە، جیادەکرێنەوە کە ـ بە گومان و ناڕوونی ـ ئایندەی فیکری ئیسلامیی ئابڵۆقە دەدەن، وەک خاوەنی کتێبی (الایدیولوجیات العربیة فی محضر الغرب).

بەمشێوە ویژدانی ئیسلامی لەناو بازنەی ململانێ ناوەکیەکەیدا دەمێنێتەوە، هەندێکجار ئەوەی ستایشکارەکان دەینووسن، هێوری دەکاتەوە و هەندێکجاری تر، نووسینی ئەوانە دەیورووژێنێت، کە ڕەدی دەکەنەوە، ئەم ململانێ لە بازنەیەکی داخراودا ماوەی سەدەیەک بەردەوام بوو، بە سوودترین وزە فیکرییەکانی جیهانی ئیسلامیی بەبێ هودە بەکارهێنا، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی هەبێت لەسەر پێشکەوتنی عەقڵی ئیسلامی(٣٣).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


[١] إدوارد سعيد: الاستشراق، ترجمة: د. محمد عنانى، دار بنجوين العالمية، رؤية للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦، ل ٤٥-٤٦.

[٢] فالح بن محمد بن فالح الصغير، الاستشراق وموقفه من السنة النبوية، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف بالمدينة المنورة، ل٦-٨

[٣] إبراهيم الطيب، الاستشراق الفرنسى و تعدد مهامه خاصة فى الجزائر، دار المنابع للنشر والتوزيع الجزائر، ٢٠٠٤م، ل٥

[٤] مازن بن صلاح مطبقاني، الاستشراق، موقع: https://islamhouse.com/ar/books/٣٤٣٨٤٩/

[٥] أنطوان نعمة وآخرون، المنجد فى اللغة العربية المعاصرة، دار المشرق، بيروت الطبعة الثالثة ٢٠٠٨م، ل٧٦٥

[٦] و [٧]و [٨] پەراوێزی ژمارە(٤)

[٩] هەتا [١٧] مالك بن نبى، انتاج المستشرقين و أثره فى الفكر الاسلامى المعاصر، دار الارشاد، عمان ـ بيروت، الطبعة الأولى ١٩٦٩م، لاپەڕەی پەراوێزەکان بەریز: (١٢،٥،٦،٧،٨،٨،١٤، ١٣)

[١٨] و [١٩] و[٢٠] سهيلة عظيمي، محورية فهم الواقع في الصراع الفكري عند مالك بن نبي، موقع فيلسوف الحضارة مالك بن نبي، الرئيسية / محاضرات / عن مالك بن نبي http://www.binnabi.net/detail/١٨٤٦/%D٩%٨٥%D٨%

[٢١] مالك بن نبى، الصراع الفكرى فى البلاد المستعمره، إصدار ندوة مالك بن نبى، دار الغكر للطباعة و النشر والتوزيع بدمشق، ١٩٨١م، ل٣٣

[٢٢] هەتا [٣٣] مالك بن نبى، انتاج المستشرقين و أثره فى الفكر الاسلامى المعاصر، لاپەڕەی پەراوێزەکان بەریز: (١٤، ١٦، ٢٤، ٢٥، ٢٥، ٤٢، ٤٨، ٤٠، ٢٢، ٢٢، ٢٣، ٢٤)


تێبینی: ئەم بەرهەمەی مالیکی کوڕی نەبی لە لایەن نووسەری ئەم بابەتەوە کراوە بە کوردیی و چاوەڕوانی چاپە.

ئامادەکردنی:
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری




# ڕانانێك بۆ
# ڕشتەبەندی بەها باڵاکان
## یەکخواناسی، تەزکییە، ئاوەدانکاری

ئەگەر ئامانجی سەرەکی لە سۆفیگەریی و تەسەوف بریتی بێت لە دەروونسازیی و خاوێنکردنەوەی لە خراپە و ڕازاندنەوەی بە باشە، پرسی بەها باڵاکان ڕاستەوخۆ دەبێتە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە. یەکێک لە پرسە گەرمەکانی ناوەندە ئەکادیمییەکانی دونیایی مۆدێرن و هاوچەرخ بریتییە لە کاراکردنەوەی بەهاکان لە سەرجەم لایەنەکانی ژیان، تایبەت لایەنی سیاسەت و ئابووری. بەشێک لە بیرمەندان بەهۆی باڵادەستی ماددەگەرایی و بەرژەوەندخوازی و بەرژەوەندپەرستی، کاراکردنەوەی بەها باڵاکان بە دەستپێکی ئاشتکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و ژینگە و دەوروبەری هەژماردەکەن. لەو سۆنگەیەوە لەم بابەتەدا ڕانانێک دەکەین بۆ شاکارێکی قەشەنگی پەیوەست بەم پرسە، کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە کرۆکی پرسی تەسەوف.

ئەم پەرتووکە یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی – ڤێرجینیا. هەروەها یەکێکە لە بەرهەمەکانی خامەی بیرمەندی ئەردەنی «دکتۆر فەتحی حەسەن مەلکاوی» کە لە بنەڕەتدا بەزمانی عەرەبی نووسراوە، چاپی یەکەمی لەژێر ناونیشانی: (منظومة القيم العليا: التوحيد والتزكية والع□مران) ساڵی ٢٠١٣ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چاپ گەیشتووە. ئەم پەرتووکە ١٨٣ لاپەڕەیە و جیا لە پێشەکی و پاشەکی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە. ناوەڕۆکی پەرتووکەکە بەشێوەیەکی گشتی لە دەوری چوار تەوەری سەرەکی دەخولێتەوە، ئەوانیش: ڕشتەبەندی بەها باڵاکان، یەکخواناسی، تەزکییە و ئاوەدانکاری (لەلایەن ڕێدار ڕەئوف ئەحمەدەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی و سەنتەری زەهاوی بەچاپی دەگەیەنێت و پشتیوان بەخوا بەزوویی دەگاتە کتێبخانەکان). نووسەر ئەم پەرتووکەی پێشکەش کردووە بە شێخ تەها جابر عەلوانی کە لە وەسفیدا نووسیویەتی: پێشکەشە بەو کەسەی لێیەوە فێربووم کە چۆن دەکرێت زانا فێرخوازبێت لە هەموو دەرفەتێکی ڕەخساو تا دوا چرکەساتەکانی تەمەن.

لە پێشەکییەکەدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە سەرەتایی ورووژاندنی پرسی سیستەمی مەعریفەی ئیسلامی، ئەو لەدیدی خۆیدا چەند خاڵێکی سەرەکی ڕێنووسکردووە کە لە دەوری وەڵامدانەوەی پرسیارە کۆتاییەکان دەسوڕێنەوە، ئەمانیش وەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بە خودا، گەردوون و مرۆڤ. ئەو کات –واتە سەرەتایی پرسی ورووژاندنی ئەم بابەتە- نووسەر قەناعەتی وابووە، کە سەرجەم توخمەکانی سیستەمی مەعریفەی ئیسلامی لەم خاڵانەی خوارەوە پوختکراونەتەوە:

– باوەڕ بەخودای تاقانە و، بەدیهێنەر و، هەڵسوڕێنەر کە بەدیهێنان و قەڵەمڕەویی ڕەها تەنیا مافی ئەوە.

– باوەڕبوون کە خودا بەدیهێنەری بونەوەرە، بنەما لەسەر کۆمەڵێک ڕێسا و یاسا کە شیاوی تێگەیشتن و ئاشکراکردنن. هەروەها ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بوژاندنەوەی بنەما لەسەر ئەم یاسا و ڕێسایانە بە مرۆڤ سپێردراوە.

– باوەڕبوون بەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی پاڵفتەی دەروون و ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵگە، هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی کە بریتییە لە جێنشینایەتی پەروەردێن.

دواتر نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای ڕێنووسکردنی ئەم خاڵانە بۆی دەرکەوتووە کە دکتۆر تەهاش هەمان بۆچوونی هەبووە لەهەمبەر ئەم پرسانە، ئەگەرچی ئەو هەر سێ پایە سەرەکییەکەی «یەکخواناسی، تەزکییە و ئاوەدانکاری» ی ناو ناوە بە «منظومة القيم الحاكمة = ڕشتەبەندی بەها سەروەرەکان» هەروەها پێی وابووە کە ئەم سێ بەها باڵایانە بەیەکەوە

بونەتە لێڤەگەڕی مەبەستیانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانجی بەدیهێنان و ڕشتەبەندی پێودانگی بەهاکان، کە لێیەوە سەرجەم بەها سەرەکی و لاوەکییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو کاتەی ئەم سێ توخمە بە ڕشتەبەند هەژمار دەکەین و بە تەواوکاری یەکتر دەیانناسێنین، ئەوە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە کە پەیوەندییەکی تۆکمە و توندوتۆڵ لەنێوانیاندا بوونی هەیە. لە هزری ئیسلامیدا یەکخواناسی و یەکتاپەرستی چڵەپۆپە و بەردی بناغەی هەموو کارێکە، هەروەک بریتییە لە یەکەم بەردی بناغەی ژیارستانی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و پێدانی نرخی تەواو بە مرۆڤ و ڕێز و تایبەتمەندییەکانی. هەرکات تەنیا باس لە یەکتاپەرستییەکی ڕووت کرا، دوور لە دەروونسازی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتار و ئاکارەکانی مرۆڤ لە بونیادنانی کۆمەڵگە و بوژانەوەی ژیاریی و بەجێهێنانی جێنشینایەتی سەر زەوی، تەنیا بریتی دەبێت لە پاڵفتەیەکی وشک و خۆپارێزییەکی نەرێنی و پاشەکشە لە ژیان و سستبوون لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی، کە هەرگیز پەروەرێن بە کارێکی لەم چەشنە ڕازی نییە.

کاتێک باس لە ڕشتەبەند دەکەین ئەوە جەخت لەسەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەکەینەوە کە لەکاتی هەماهەنگی و بەیەکبەستنەوە و یەکانگیری و تەواوکاری نێوانیان سیستەم و لێڤەگەڕێکی تۆکمە کامڵ دەبێت. ئەگەر یەکخواناسی توخمی سەرەکی ئەم سیستەمە گشتییە بێت، تایبەت لە بیروباوەڕ و لقەکانی مەعریفی تر، دەروونسازییش دەبێتە ڕەنگدانەوەی کرداری مرۆڤ و لێکەوتە دەروونی و عەقڵیەکانی. هەروەها ئاوەدانکاریش بریتییە لە وێنە گشتییەکەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و لێکەوتە ئابووری و سیاسییەکانی، بەمەش دەتوانین لەم ڕشتەبەندەدا سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆیی و چالاکیەکانی کۆبکەینەوە، سەرەڕایی هەموو ئەمانەش پێویستە یەکخواناسی وەک تاکە بنەمای سەرەکی هەژماربکەین، کە بریتییە لە دەستپێکی هەموو کار و هەنگاو و هزرێک، هەروەها سەرچاوەی سەرەکی هەموو چالاکیەکی کرداری و گوفتاری.

ئیسلام بیروباوەڕ و خواپەرستی و سیستەمە. یەکخواناسیش کۆڵەگەی سەرەکییە لە بیروباوەری ئیسلامی. بونیادی ئیسلام لەسەر پێنج پایە پێکهاتووە، یەکەمیان شایەتومانە، بۆیە بیروباوەر کە شایەتومان نوێنەرایەتی دەکات بەهای باڵایە کە پایەکانی تری لەسەر بونیادنراون و تەواوی پایەکانی تر بەو بەهێز و ڕاوەستاو دەبن. ئاشکرایە پایەکانی تر تەنیا ئامرازێکن بۆ دەروونسازیی و پاڵفتەکردنی دەروون و خۆخاوێنکردنەوە و باڵابوون کە مرۆڤایەتی لەسەر هەردوو ئاستی تاک و گشتی پێویستی پێیەتی. بۆ نموونە: نوێژ ئامرازی فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردنە لە خراپە، زەکاتدان ئامرازی خاوێنکردنەوەی کۆمەڵ و پاڵفتەکردنیەتی، ڕۆژوو ئامرازی بەرزبونەوەیە لە پێپیلەکەکانی خۆپارێزی، حەج بۆ دەستەبەری سوودی مەعنەوی و ماددییە، لە کۆتاییدا سوودمەندی یەکەم و کۆتا لە بەجێگەیاندنی ئەم درووشم و خواپەرستیانە خودی مرۆڤە، بەپێچەوانەوە پەروەرێن هیچ پێویستیەکی بەم شتانە نییە.

ئەم سێ بەها باڵایە جیا لەوەی مرۆڤ تا دوا پلەی کامڵ بوون باڵا دەکەن، ئامرازێکی زۆر کاراشن بۆ هێنانەکایەیی هێمنی دەروونی و کۆمەڵایەتی کە ڕەنگدانەوەی ئاشکرای لەسەر تاک و کۆمەڵ دەبێت، جیا لەوەی هێزێکی مەعنەوی لەبن نەهاتوون کە هەر گەل و ئومەتێک پێیانەوە پابەند بێت توانای بەرەنگاری هێرشی هزری و ماددی و مەعنەویان دەبێت و لەبەردەم شاڵاوەکان خۆگرتوو و خۆراگر دەبن.

لە کۆتایی پێشەکییەکەدا، نووسەر ئاوڕێکی تر

لە بەرهەمی هزری تەها جابر عەلوانی دەداتەوە و دەڵێت: ئەم ڕشتەبەندە سێ خاڵییە لای ئەو بریتیی بووە لە ڕشتەبەندێکی مەبەستیانە بەر لەوەی ڕشتەبەندێکی بەهایی بێت. عەلوانی بۆچوونی وابوو کە ئەم ڕشتەبەندە سەروەر بووە بۆ سەرجەم بابەتە پەیوەستەکانی فیقهی ئیسلامی و هزری ئیسلامی، چونکە بەبێ ئەم سێ خاڵە نە فیقهی ئیسلامی دەبێت و نە هزریش. هەروەها عەلوانی بە عەقڵە شەرعییە ڕەخنەییەکەیەوە ئەم ڕشتەبەندەی کردبووە دەروازەیەکی میتۆدی سەرەکی کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی پاڵفتەکردنی کەلەپوری ئیسلامی دەدا، تایبەت بۆ خاوێنکردنەوەی لە کەلەپوری تێخزێنراوی ئایین و گەلانی تر، هەروەک دەیویست بیانکاتە دەروازەیەکی مەبەستگەرایی بۆ پێداچونەوە بە زانستە نەقڵییەکان و بابەتە پەیوەندیدارەکانی وەک مێژوو و جوگرافیا، بەر لەوەی بیانکات بە دەروازەیەکی بەهاگەرایی ئیسلامی لە هەڵسەنگاندن و حوکمدان بەسەر زانستە هاوچەرخەکان و پێوەرەکانی.

دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم پەرتووکە زیاتر شیکاری هەر سێ پایە سەرەکیەکەی ڕشتەبەندەکە دەکات، ئەگەرچی لە هەقیقەتدا تەنیا چەند پەراوێزێکن لەسەر نووسینەکانی عەلوانی لەهەمبەر ئەم پرسەدا، ئەمیش بەهۆی ئەوەی عەلوانی لە زۆرێک لە پەرتووکەکانی باسی کردوون بەڵام کورتبڕی تێدا کردووە و بەشێوەیەک شیکاری تەواوی نەکردوون کە ببێتە وەڵامدەرەوەی گشت پرسیارەکان و تێرکردنی دەروونە تینووەکانی پرسەکە.

هەروەها نووسەر ئەم پەرتووکە وەک پێشەکییەکی درێژ هەژماردەکات بۆ پەرتووکێکی تری لێڤەگەر (مرجع) کە لەژێر ئامادەکردندا بووە بەناونیشانی: «ڕشتەبەندی بەهاکان لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە = منظومة القيم في الرؤية الإسلامية».

## باسی یەکەم: یەکخواناسی:

## بنچینەی یەکەم لە ڕشتەبەندی بەهاباڵاکان

لەم باسەدا تیشک خراوەتە سەر ڕشتەبەندی بەهاباڵاکان لە دیدی دکتۆر تەها جابر عەلوانی، کە ئەو ڕشتەبەندەکەی بەسەر سێ پایەیی سەرەکی دابەشکردووە، یەکخواناسی، دەروونسازی و ئاوەدانکاری. عەلوانی پێی وایە ئایینی پەروەرێن هیچ مانایەکی تیانامێنێت بەبێ یەکتاپەرستی پەروەرێنی بەدیهێنەر و پاڵفتەی دەروونی بەدیهێنراو و نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بونیاتنانی ژیارستانی. مرۆڤی بەدیهێنراو دوێندراوە بە سروشتی خودایی دابەزێنراو کە پێویست دەکات مرۆڤ باوەڕی پێبهێنێت و بیپەرستێت، دواتر سەرجەم توانا زانستی و کردەییەکانی بخاتەگەڕ لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی زەوی و پەرەدان بە ژیانی مرۆیی، بەمەش مەبەستی باڵای دەروونسازیی بەدیدێت کە بریتییە لە پاککردنەوە و پەرەدان بە دەروون و سەروەت و سەرجەم پەیوەندییەکانی مرۆڤ. دەکرێت پایەکانی ئەم ڕشتەبەندە کە بە یەکخواناسی و یەکتاپەرستی دەسپێدەکات و بە دەروونسازیی و پاڵفتەی دەروون گوزەردەکات و بە ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنان کامڵ دەبێت، بکرێ بە سەرچاوەی گشت بەهاکانی تر، چونکە ئەو مرۆڤەی بڕوای بە یەکتاپەرستی و خواپەرستی هەیە، پابەند دەبێت بە ڕێنماییەکانی قورئان لە خۆڕازاندنەوە بە پارێزکاری (التقوى)، بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە دادپەروەری، برایەتی و تەبایی لەسەر بنچینەی مرۆڤ بوون، بەجێهێنانی سپاردەی جێنشینایەتی پەروەرێن لەسەر زەوی، بەگەڕخستنی تواناکانی لە بوژاندنەوەی گەردوون و بونیاتنانی ژیارستانی.

یەکخواناسی سەری ڕمە لە ئیسلامدا، هەر بەویشەوە کۆششی مرۆڤ هەڵدەسەنگێندرێت

و پاداشتی دوارۆژی بۆ دیاریدەکرێت. هەر بۆیە بنچینەی ئایین و پەیامی گشت پەیامهێن و فروستادەکانی خودا بووە، لەپێناویشیدا شایەتومان کراوە بە دەروازەی سەرەکی چوونە ناو ئیسلام و سەرچاوەی هەڵقولانی پایەکانی تری ئیسلام و باوەڕ و چاکەکاری –إحسان-. لێکەوتەکانی یەکخواناسی سەرجەم پێدویستی و خواستەکانی ئیسلام و باوەڕ و چاکەکاری بەدیدێنێت، بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئاوەز (العقل)، دڵ و ئەندامانی تری جەستە، کە سەرەنجامەکەی لە داشۆرینی ئاوەز و دڵ و ئەندامانی جەستە دەبێت لە گومان و هاوبەشگەرایی و بیروباوەڕی چەوت، لە کۆتاییدا بە ئاکاری دروست و ڕاست دەگات. لە درێژەی باسەکەدا زیاتر پرسی یەکخواناسی وەک بالاترین بەها شیکراوەتەوە و شیکاری بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی صەحیح کراوە، دواتر ئاماژە بۆ ڕۆڵی بونیاتگەرانەی یەکخواناسی دەکات لە مێژووی مسوڵمانان و لێکەوتە و کاریگەرییەکانی لە دەروونی مرۆڤەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و زەمینەی کرداری مرۆیی بە هەردوو ڕەهەندی مادی و مەعنەوییەوە.

لە درێژەی ئەم بەشە ئاماژە بۆ پرسی ڕەسەنێتی ئایین دەکات، ئەگەرچی ئایینناسەکان بۆچوونیان وایە کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی مرۆڤ چەند شتێکیان وەک خودا ناساندووە و دواتر هەوڵی دەستبژێریان داوە لە پێناو گەیشتن بەخودای ڕاستەقینە، سەرەنجام یەکخواناسی و یەکتاپەرستی لە دایک بووە. بەڵام تێڕوانینێکی لەم چەشنە لە ڕوانگەی مەرجەعیەتی قورئانەوە نا دروستە، چونکە ڕەسەنێتی ئایین لە ژیانی مرۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی دروستبوونی یەکەم مرۆڤ کە باوکە ئادەمە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم هاوبەشپەرستی پەیدا بووە و دواتر پەیامهێنان لە پێناو ڕاستکردنەوە و پاڵفتەکردنی ئایینە دەستکاری کراوەکان ڕەوانە کراون، بۆ ئەوەی یەکخواناسی و یەکتاپەرستی وەک کرۆک و جەوهەر بە پاکی و بێ خلت بمێنێتەوە. هەر ئەمەش وادەخوازێت کە ڕەچەڵەکی هەموو ئایینەکان یەک بێت و یەکتاپەرستی کۆلکەی هاوبەشی گشت ئایینە ئاسمانییەکان بێت، بەم تێگەیشتنە ئایینی ڕاست تەنیا یەکە، کە بریتییە لەوەی سەرجەم پەیامهێنان بانگەشە و بانگەوازیان بۆ کردووە. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پرسی شیکاری هەقیقەت، کە سەرەنجامەکەی دەگات بەوەی چۆن ئایینی یەکخواناسی تەنیا یەکە، هەقیقەتیش تەنیا یەک دەبێت، چۆن ناکرێت دوو خودا بوونیان هەبێت، ناشکرێت هەقیقەت بکرێ بە دوو یان زیاتر، ئەم تاکییەتەی هەقیقەتیش لە هاوئاهەنگی نێوان پێدراوەکانی سروشی خودا و وجودی مادییانەی شتەکان بەدیدێت، بەشێوەیەک هیچ جیاوازییەک لەنێوان وەسف و شیکارییەکانی سروش بۆ تەنە مادییەکان نییە کە وجودی مادیانەیان هەیە، کە لە کۆتاییدا سەردەکێشێت بۆ نەبوونی تێکگیران لە نێوان سروش و واقیع، هەروەها نەبوونی تێکگیران لەنێوان عەقڵ و نەقڵ. چەند سەرنجێکیش لە سەر ڕۆڵ و کاریگەری یەکخواناسی لە ژیانی خێزانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کرداری و هونەری ڕێنووس دەکات، هەڵبەت لە سۆنگەیەکی قورئانییەوە.

ئینجا باس لە جیاوازی نێوان پرسی یەکخواناسی و زانستی یەکتاپەرستی دەکات، بەشێوەیەک یەکەمیان، واتە پرسی یەکخواناسی، بریتییە لە باوەڕ بەتاقانەی خودا و کارکردن بە ناوەڕۆکی یەکخواناسی کە بریتییە لە کرۆکی واتاکانی ئیسلام، ئیمان، ئیحسان، کە تەواو هەماهەنگە لە گەڵ سروشتی مرۆڤ –الفطرة

البشرية- کە تایبەتمەندییەکانی ئەم پرسەش بریتین لە ڕوونی و سادەیی، واتە زۆر ڕوون و بێ گرێوگاڵە، هەروەها زۆر سادەیە بۆ تێگەیشتن.

ئەگەرچی دووەم، واتە زانستی یەکتاپەرستیی، بریتییە لە زانستی ئیمان، یان زانستی کەلام، یان بنەماکانی ئایین، یان فیقهی گەورە، کە بریتییە لە زانستێکی دیاریکراو بابەتەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕ بەوردی تێدا دەخوێنرێن، کە خاوەنی میتۆد و ڕێگای تایبەت بە خۆییە و سانا نییە لە تێگەیشتن. هەر لە درێژەی ئەم پرسە کورتەیەک سەبارەت بە چەند پەرتوکێکی زانستی یەکتاپەرستی ڕێنووس دەکات، وەک» كتاب التوحيد»ی (ماتریدی)، «المطالب العالية»ی (فخر الدين الرازي)، «رسالة التوحيد»ی (محمد بن عبدالوهاب)، «رسالة التوحيد»ی (محمد عبده)، (رسالة العقائد)ی (حسن البنا)، (الإيمان بالله وأثره في الحياة»ی (عبد المجيد النجار)، «التوحيد وتضميناته في الفكر والحياة»ی (إسماعيل الفاروقي)، هەریەکێکیش لەم پەرتووکانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکات، بەڵام زۆرترین شیکاری و سەرنجی لەسەر دواهەمیان ڕێنووس کردووە، کە بریتییە لە پەرتووکەکەی دامەزرێنەر و یەکەم سەرۆکی پەیمانگای جیهانی فیکریی ئیسلامی شەهید ئیسماعیل ڕاجی فاروقی. لەسەر دووپرسی گرنگ دەوەستێت کە فاروقی لە پەرتووکەکەی باسیکردوون، یەکەم پرسی پەیوەندی نێوان عەقڵ و نەقڵ لە کەلەپووری ئیسلامی و پرسی ڕۆڵی یەکتاپەرستی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان.

سەبارەت بە پرسی پەیوەندی نێوان عەقڵ و نەقڵ، فاروقی پێی وایە سێ قوتابخانەی سەرەکی پێش ئەو هەبوون کە بەشێوەیەکی سەرەکی شەنوکەوی ئەو پرسەیان کردووە، ئەویش قوتابخانەی چوارەمی زیاد کردووە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

قوتابخانەی یەکەم: ڕازی و ئیبن ڕوشد، کە پێیان وابووە دەگونجێت عەقڵ و نەقڵ تێکبگیرێن، لە حاڵەتێکی لەم شێوەیە عەقڵ دەبێتە لیڤەگەر و حوکمی عەقڵ پێش نەقڵ دەخرێت.

قوتابخانەی دووەم: غەزالی، پێی وابووە دەکرێت عەقڵ و نەقڵ تێکبگیرێن، لە حاڵەتێکی لەم شێوەیە نەقڵ دەبێتە لیڤەگەڕ و پێش حوکمی عەقڵ دەخرێت.

قوتابخانەی سێیەم: ئیبن تەیمییە، پێی وابووە تێکگیران لە نێوان عەقڵ و نەقڵ ڕوونادات، بەڵکو ئەگەر لە ڕوکەش شتێکی لەم چەشنە ڕوویدا ئەوە پێویستە پێداچونەوە بۆ تێگەیشتن و حوکمی عەقڵ سەبارەت بە نەقڵ بکرێت.

قوتابخانەی چوارەم: فاروقی، پێی وابووە کە تێکگیران ڕوودەدات لەنێوان عەقڵ و نەقڵ بەڵام تێکگیرانی کۆتایی نییە بەڵکو ڕووکەشییە، لەپێناو نەهێشتنی تێکگیرانەکە، پێویستە پێداچونەوە بۆ تێگەیشتن لە نەقڵ بکرێت، یان پێداچونەوە بە ئەنجامە عەقڵییەکان، یان پێداچونەوە بە هەردووکیان، واتە تێگەیشتن لە دەق و دەرەنجامە عەقڵییەکان لە پێناو نەهێشتنی تێکگیرانەکە. هەروەک ئەو پێی وایە هیچ کام لە عەقڵ نەقڵ لە ئەوی تریان پیرۆزتر نیین، بەڵکو هەردووکیان تەواوکاری یەکترن و ناکرێت هیچ کامێکیان پەراوێزبخرێن.

پاشان تیشک دەخاتە سەر بابەتی یەکخواناسی و سەرچاوەبوونی بۆ سەرجەم بەهاکانی تر لە ڕشتەبەندی ژیانی مرۆڤ، ئەویش لە چەند خاڵێک ڕووندەکاتەوە، کە تەنیا ئاماژە بە خاڵە سەرەکییەکان دەدەین:

یەکەم: ڕەنگدانەوەی یەکخواناسی لەسەر

سیستەمی کۆمەڵایەتی: خێزان و ئوممەت. لەم برگەیە ئاماژە بۆ یەکبوونی لێڤەگەڕی هەقیقەت و بەهاکان دەکات کە سەردەکێشێت بەرهەمهێنانی ئاشتی، هەروەها یەکبوونی کۆمەڵگەی مرۆیی کە لە تاقە خێزانێکەوە دەستپێکردووە و فراوان و درێژبۆتەوە. ناوەڕۆکی یەکخواناسی هەوڵی هاتنەکایەیی کۆمەڵگەییەکی جیهانی دەدات، تیایدا سەرجەم بوارەکانی ژیان ڕێکخرابن و نێر و مێ ڕێزلێگیراوبن و ئەرک و مافیان دیاریکراو و پارێزراوبێت.

دووەم: ڕەنگدانەوەی یەکخواناسی لەسەر سیستەمی سیاسی: یەکبوونی سیستەمی سیاسی ڕەنگادنەوەی ڕوانگەیی هاوبەشە بۆ جیهان، کە سەردەکێشێت بۆ یەک ئوممەتی لە سیستەم و تێڕوانینی بۆ گەردوون و مامەڵەکردن لە گەڵ واقیع و ئاراستەکردنی مرۆڤ بۆ داهێنان و ژیار، کە تیایدا ڕێز، ئازادی، هەلی هاریکاری و تەواوکاری بەدیدێن.

سێیەم: ڕەنگدانەوەی یەکخواناسی لەسەر سیستەمی ئابووری: ڕەنگدانەوە لەسەر ئابووری، ئەخلاقیاتی کار و بەرهەم و بەکاربردن، پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان مادده و ڕۆح، چونکە نەبوونی ئەم هاوسەنگییە دەبێتە لاسەنگی سیستەمی ژیان بەگشتی، سیستەمێک کە دوربێت لە شەرعیەتدان بە قۆرخکاری و هەڵقۆستنەوە و گەماڕۆدان.

چوارەم: ڕەنگدانەوەی یەکخواناسی لە سەر بوارەکانی سیستەمی مەعریفی: سەرچاوەکانی مەعریفە، ئامرازەکانی دەستخستنی ئەم مەعریفەیە لەرێگەی میتۆدی تەواوکاری مەعریفی و زانستییەوە، هەقیقەتەکانی باوەڕ هەقیقەتی عەقڵانین کە لەسەر ڕۆشنبوون و بەڵگە و بەڵگەهێنانەوە و بورهان دامەزراون، سەرەنجام سەرجەم زانستەکان بریتین لە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی گەردوونی سروشتی و کۆمەڵایەتی.

پێنجەم: ڕەنگدانەوەی یەکخواناسی لەسەر سیستەمی جوانی و جواناسی: یەکخواناسی تیایدا لێکەوتە مرۆییەکان لە زاتی پەروەرێن بە دوور دەزانێت، بەمەش یەکخواناسی ڕەها بەرهەم دێت. بالاترین هۆشیاری جوان و جواناسی بریتییە لە ناسینی پەروەرێنێکی بێ هاوتا و بێ جەستە.

بەمشێوەیە ئەم باسە دەروازەیەکی سەرەکی بوو بۆ هەژمارکردنی یەکخواناسی بە بالاترین بەهای سەرەکی لە دیدگای ئیسلامییەوە، کە بەهۆی کاراکردنییەوە میتۆدێکی تۆکمەی هزری و توێژینەوە و ئاکاری بەرهەم دێت.

**باسی دووەم:**

**دەروونسازیی لە ڕشتەبەندی بەها بالاکان.**

لەم باسە تیشک دەخاتە سەر گرنگی پرسی دەروونسازیی (التزکیة). قسەکردن لەسەر پرسی دەروونسازیی بریتییە لە قسەکردن لە سەر یەکێک لە سەرەکیترین چەمکەکانی قورئان کە ئامانج لێی بریتییە لە هەوڵی پێشکەشکردنی دیدگایەکی مەعریفی بۆ ئەم چەمکە لە ژێر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز.

دەروونسازیی چەمکێکی قورئانی و زاراوەیەکی سەرەکییە، کە پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ڕشتەبەندی بەهاکانی قورئان. کرۆکی پرسەکە پەیوەستە بە مرۆڤی جێنشین، کە دواجار بریتییە لە پرسی چاکسازی لە واقیعی مرۆیی، چاکسازی لە تاک و کۆمەڵ و ئوممەت، بە هەردوو پێکهاتەی مادده و ڕۆح. هەروەک دەروونسازیی ئامانجی ئاوەدانکردنەوەی زەوی و ئامرازەکەیەتی، دەروونسازیی شتێک نیە تەنیا لە چوارچێوەی هزر و بیرۆکەی تایبەت بە چاکسازی تاک قەتیس بێت، بەڵکو بەشدارێکی کارایە لە بونیاتی

کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی مرۆیی. لەم چوارچێوەیەدا لەسەر ناوەڕۆکی چەمکی دەروونسازیی دەوەستێت لە ڕوانگەی قورئانەوە، بەو سیفەتەی کە دەروونسازیی یەکێکە لە باڵاترین ئەو توخمانەی سروشتی لە پێناو دابەزیووە، ئینجا تیشک دەخاتە سەر پێگەی تەزکییە لەڕوانگەی قوتابخانەکانی زوهد و تەصەوف و جیهاد، هاوڕێ لەگەڵ ئامرازەکانی دەروونسازیی و بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی دەروونسازی.

بەگشتی لە ڕوانگەی قورئان دەروونسازی بەسەر دوو بەش دابەش دەبێت، دەروونسازی خراپ و دەروونسازی باش. یەکەمیان وەک مەدح و سەنای خود یان کەسانی بەرامبەر، دووەمیان بەسەر چەند لقێک دابەش دەبێت، وەک: دەروونسازیی خودا بۆ مرۆڤەکان لە ڕێگەی گیراکردنی کار و کردەوەکانیان. هەروەها دەروونسازیی ئومەت لەلایەن پەیامهێن لە ڕێگەی گەیاندنی پەیامی خودایی و جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەت و ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئوممەت. دەروونسازیی دەروون لە ڕێگەی باوەڕ و کردەوەی چاکە، لە پاڵ دەروونسازیی سەروەت و سامان لە ڕێگەی دانی زەکات و سەرفترە و خێر و خێرات و بەخشین.

دواتر باس لەو بوارانە دەکات کە دەکرێت دەروونسازییان تێدا ئەنجامبدرێت، ئەمانیش بریتیین لە دەروونسازیی دەروونی مرۆڤ، تەزکییەی ماڵ و سەروەت، لەگەڵ تەزکییەی کۆمەڵ و ئومەت. هەر یەکێکیش لەم سێ بوارە لە ڕێگەی چەند توخم و ڕەگەزێکەوە بە پایان دەگەن. دەروونسازیی خودی مرۆڤ بە تەزکیەی جەستە و دڵ و عەقڵ، هەروەها تەزکییەی ماڵ و سەروەت لە ڕێگەی ئامرازەکانی بەدەستهێنانی وەک خۆ دورگرتن لە حەرام، هەروەها لە ڕێگەی بەخشیین و زەکاتەوە. هەروەک دەروونسازیی کۆمەڵ و ئومەتیش لە ڕێگەی زانست و دانایی، شەریعەت و سیستەم، باوەڕ و ڕەوشت ئەنجام دەدرێت. ئامرازەکانی دەروونسازییش زۆرن، بەڵام نووسەر تەنیا ئاماژەی بۆ سێ ئامرازی سەرەکی کردوون، ئەمانیش قورئانی پیرۆز، زیکر و یادی خوا و بیرکردنەوە، لەگەڵ هاوڕێیەتی پیاوچاکان.

سەرەنجامی بەرهەمی تاک و کۆمەڵ و ئومەتێک کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی یەکخواناسی و دەروونسازی بێت، توخمە سەرەکییەکانی بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی زەویان تێدا ڕواوە، بەپێچەوانەوە سەرجەم شێوەکانی پێشکەوتن و پەرەپێدانی زانستی و تەکنۆلۆژی و بونیاتنان و فراوانخوازی لە بەرهەم و بەکارهێنان لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ، هەروەها پێشکەوتن لە سیستەمی کارگێری و هونەری هیچ نرخ و بەهایەکی نابێت ئەگەر ڕەنگدانەوەی ئاکاری و کرداری دەروونسازی لەسەر نەبێت، چونکە مەبەستە باڵاکانی بەدیهێنانی گەردوون و بونیادی کۆمەڵگەی مرۆیی جێبەجێنابن، وەک ئاشنایەتی و هۆگربوون و تەواوکاری، هەروەک بەرقراربوونی ئارامی و دڵگیری و ئاشتی نێوان مرۆڤەکانیش بەدەست نایەن. ئەگەرچی لە حاڵەتی بە دیهاتنی دەروونسازی و سیستەمێکی تەواوکاری، تەواوکاری لە نێوان جەستە و عەقڵ و ڕۆح، هەروەها تەواوکاری لەنێوان تاک و کۆمەڵگە و تەواوکاری لەنێوان زانست و کردەوە بەرهەم دێت.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناتوانێت قەیرانە جۆراوجۆرەکانی بوارەکانی ئابووری، سیاسی، مرۆیی، کۆمەڵایەتی، دڵەڕاوکێ، بێهیوایی، گری عەقڵی و دەروونییەکان تێپەڕێنێت مەگەر بە کاراکردنی دەروونسازیی لەو بوارانە و بوارەکانی تری ژیان نەبێت، چونکە دەروونسازیی بریتییە

لە كۆبونەوەی گشت جوانی و ڕەوشت و ئاكارە جوانەكان كە مرۆڤ وەك بونەوەرێكی كارای گەردوون خۆی پێبرازێنێتەوە، بەم پێیەش دەروونسازیی دەبێتە یەكێك لە سەرچاوە سەرەكییەكان كە بەهاكانی تری لێوە هەڵدەقوڵێن كە كاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئاكاری سەرۆک و جەماوەر، هەژار و دەوڵەمەند، زانا و فێرخواز، لەنێوان تاك و كۆمەڵ و گەلان. كەواتە یەكەم هەنگاوی چاكسازی لە واقیعدا لە تاكەوە دەستپێدەكات، ئەمیش لە ڕێگەی دەروونسازی و تەزكیەی دڵ و ویژدان و كردار و ئاكار.

**بەشی سێیەم:**

**ئاوەدانكاری لە ڕشتەبەندی بەها باڵاكان**

لەم باسەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر بەهایەكی تر لە بەها باڵاكان، كە بریتییە لە بەهای (العمران). مەبەستیش لە ئاوەدانكاریی (العمران) بریتییە لە فیقهی كاركردن و پەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە، ئاشكرایە ڕووی دواندنی خودا لە قورئان و پەیامهێن (درودی خوای لەسەر بێ) لە فەرموودەكان لە ئادەمیزادە، لە پێناو ئاراستەكردن و ڕێكخستنی كاروبارەكانی، كە دواجار بنەما لەسەر ئەو ئاراستەیە داهاتووی بەرهەمی هەوڵەكان دیاریدەكرێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بە كورترین پێناسە بۆچوون لەم بەهایە بكەین ئەوە دەكرێت بڵێین: بریتییە لە فیقهی كاركردن لە ژیانی دونیادا. بەتایبەتتر ژیانی كۆمەڵایەتی كە كاروبارەكانی ڕێكخستن و كارگێری و پەرەدان بە كاروباری خەڵك لە خۆدەگرێت، هەموو ئەمانەش لە پێناو فەراهەم كردنی دونیایەكی ئاوەدان و ژیانێكی ئارام و دوور لە كێشە و خەپسە. لێكەوتەكانی ئەم بەهایەش لە لایەنە ماددیەكانی ژیان لە ڕێگەوبان، باڵەخانەكان، كشتوكاڵ و پیشەوەری دەردەكەون. هەروەها لایەنە مەعنەوییەكانی وەک سەقامگیری، چەسپاندنی دادگەری، دەستاودەستی دەسەڵات. بەمەش ئامانجی هەژار و دەوڵەمەند دەبێتە شەونخونی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خەڵک و فەراهەمكردنی ئارامی، تا ئاستێک دەوڵەمەندان ئاگاداری هەژاران دەبن و گوزەرانیان باشتر دەكەن، هەژارانیش بە نزاكانیان هەماهەنگی دەوڵەمەندان دەبن، بەمەش سەرەڕای یەكڕیزی هێز و بەرەكەتیش زیاد دەبێت.

ئەو ڕۆژگارەی بەم تێگەیشتنە مسوڵمانان لە فیقهی ئەم بەهایە گەیشتن، خێر و بێر و دامەزراوەیی لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامی بەرپابوو، تا ئاستێک بوون بە پێشەنگی گەلانی تر و ڕووگەی خەڵكی تر. لەو ڕۆژەی ئەم بەهایە فەرامۆشكرا، دواكەوتن، بێهێزی، پارچەپارچەبوون و تەكەتول ڕووی تێكردون.

لە درێژەی شیكارییەكانی ئەم پرسە، نووسەر تیشک دەخاتە سەر ڕوانگەی قورئان بۆ فیقهی ئاوەدانكاریی، كە لێوەرگیراوەكان لە هەر سێ پیتی (ع م ر) بیست و پێنج جار لە قورئان هاتووە، كە هەموویان لە دەوری یەكێک لەم مانایانە دەخولێنەوە: بارودۆخی ژیان، نیشتەجێبوون و بونیاتنانی شوێنی حەوانەوە، ئاوەدانكردنەوەی ماددی و ڕۆشنبیری و هزری، ئینجا چەند نموونەیەكیان لەسەر شیكار دەكات. لە بەرامبەر وشەی (العمران) قورئان خراپەكاری (الفساد)، كوشتن، خوێنرشتن، خاپوركردن، تەختكردن، ئارەزوبازی و وێرانكاری بەكارهێناون.

دواتر ئاماژەیەک دەكات بۆ ڕشتەبەندی بونیاتنانی ژیارستانییەت لە دیدگای بیرمەندی جەزائیری (مالیک بن نەبی) كە بریتییە لە (مرۆڤ، خاک، كات) بەم سێ توخمە (وزەی ڕۆحی) دروست دەبێت، دەرەنجامەكەشی بریتی دەبێت لە

بونیاتنانی شارستانییەت و ژیارستانییەت.

ئینجا باس لە پایەکانی ئاوەدانکاری لە دیدی ئیبن خەلدون دەکات، کە لەسەر سێ پایەیی سەرەکی دەوەستێت: میتۆدیبوون، مەرجەکانی بەرجەستەکردنی ئاوەدانکردنەوە و شیکاری رەخنەیی بۆ میتۆدی نووسین و بیرکردنەوە. هەریەکێکیش لەم پایانە چەند کۆڵەگەی تری هەیە.

لە برگەکانی کۆتایی پەرتووکەکە تیشک دەخاتە سەر چەند خاڵێکی تر وەک: ئاوەدانکاری و ژیارستانییەت، ئاوەدانکاری و سیاسەت و دەوڵەت.

کەواتە: ئاوەدانکاریی لە زمانی قورئان بریتییە لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە ژیانی مرۆڤ، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی ژیانی مرۆڤ بە خێر و کردەوەی چاک، باڵابوون و پەرەپێدان بە دەستکەوتە مادیی و مەعنەوییەکان، لە رێگەی روونکردنەوەی پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئاوەدانکاریی کە بریتییە لە تێکدان و خاپورکردن و ئاشووب و نانەوەی پشێوی و کوشتار زیاتر لە ناوەڕۆکی پرسەکە دەگەین.

لەکۆتاییدا لە هێڵکارییەک پوختەی پەرتووکەکە دەخاتە روو کە ناوەڕۆکەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

رشتەبەندی بەها باڵاکان و پەیوەندی بە هەریەکە لە ئایین و مرۆڤ و کەسایەتی. وتمان بەها باڵاکان بریتیین لە یەکخواناسی، دەروونسازی و ئاوەدانکاری. هەروەها ئایین بریتییە لە عەقیدە و شەریعەت و رەوشت، لەکاتێکدا مرۆڤ لە جەستە و عەقڵ و رۆح پێکهاتووە، کە هەرەمی کەسایەتییەکەشی لە هزر و ئاکار و هەست پێکدێت. هەر بۆیە یەکخواناسی لە هەریەکە لە بیروباوەڕ و عەقڵ و هزر پێکدێت. دەروونسازیش لە رەوشت و رۆح و هەست پێکهاتووە، لە هەمان کات پێکهاتەی ئاوەدانکاری لە شەریعەت و جەستە و ئاکار خۆی دەبینێتەوە. بەمەش بونیاتی کۆرشتە یاخود رشتەبەندی بەها باڵاکان و پەیوەندی بە ئایین و مرۆڤ و کەسایەتیی و پێکهاتەکانیان تەواو دەبێت.

سەرەرایی ئەوەی ئەم پەرتووکە پوختەیەکی نایابە لەسەر پرسی بەها باڵاکان، بەڵام هێشتا مەیدانەکە جێگەی مشتومڕ و لێکۆڵینەوەی زیاترە، تایبەت لە شیکارکردنی نموونەی زیاتری کرداری و واقیعی بۆ گەیشتنی پەیامەکە بە روون و راشکاوی. ئەگەر چی پرسی بەهاکان و کاراکردنەوەیان لە جیهان قسە و باسی زۆری لەسەردەکرێت تایبەت دوای هەوڵی داشۆرینی سەرجەم لایەنەکان لە ئایین و رۆحانییەت، بەڵام پەیامی پیرۆزی ئیسلام و دواهەمین ڤێرژنی سروشی خودایی – القران- زۆرترین جەختیان لەسەر پرسی بەهاکان کردۆتەوە، بۆیە ئەکادیمیستە مسوڵمانەکان لە خەڵکی تر لە پێشترن بۆ توێکاری بۆ ئەم پرسە و خستنە رووی چەند پێشنیازێکی کردەیی بۆ دوبارە گێرانەوەی مەعنەوییەت و رۆحانییەت بۆ جیهانی ماددەگەرا و دابراو لە ئایین و ئاسمان. پێشنیازیش دەکەین بۆ وەرگێران هەوڵی وەرگێرانی چەند پەرتووکێکی تایبەت بە پرسی بەها باڵاکان لە گۆشەنیگای قورئان و ئیسلامەوە بدەن بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی بۆ ئەوەی خوێنەری کورد لە هەمبەر پرسێکی گرنگی وەک پرسی بەهاکان بێبەش نەبێت. شیاوی ئاماژە پێکردنە کە ئەم پەرتووکەی تەوەری ئەم رانانەیە ئێستا لەچاپخانەیە و ئومێدەوارین لە داهاتوویەکی نزیک بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران.

# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویستی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: لە ژمارە(١٣)ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری(خاڵ)ەوە، گۆڤارەکەمان دەبێتە گۆڤارێکی زانستی بۆیە داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١- ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.

٢ - ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.

٣ - نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.

٤- بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.

٥- ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.

٦- بابەتەکانیان بە فۆنتی کوردی(یونیکورد/Unikurd goran) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی(Ali K sahifa bold)بنوسن.

٧- نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.

٨- لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.

دواخاڵ

## فەتواى سیاسی

د. عرفان ڕەشید

دەسەڵاتی سیاسی چ وەک پێکهاتەیەکی حوکمڕانی خودان سیادە، یان گروپ و قەوارەیەکی چەکدار، لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە تا ئێستا لە دیوێکدا کە پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی باڵاترین مۆرکێتی، یەک ماهیەت و ناسنامەی بەخشیوەتە خۆی، هێزێک کە لە سەردەمی ئێرانی کۆندا یان میسرییە فیرعەونیەکاندا بووبێ، شەریعەت و یاسایەکی ناسراوی لە تەکدا بووبێ وەک ئاموورییەکانی حامورابی، یان شێوەی هەمەجییەتی لەخۆ گرتبێ وەک مەغۆلەکان.

ئایینی بە خودا دابێ، یان بانگەشەی ئیلحادی کردبێ، هەر هەمووی لە پاراستنی پایەکانی حوکم و هەژموون و دەسەڵاتی بازنە حوکمڕانییەکەی خۆیدا لە مەڕ بێدەنگکردن و کپکردنی دژەکانی و بۆ بەردەوامبوون بە ویلایەتی ڕەعیەت، یەکجۆر تیژ و بیرکردنەوە و زمان و ئامانجی هەبووە و هەیە.

یەکێک لەو شێوازە دیارانەی لە ڕابردوودا هێز و دەسەڵاتی سیاسی پەیڕەوی کردووە، ئێستاش بە هەمانشێوە پەیڕەوی لێ دەکات، پەنا بردنە بۆ تەقدیسکردن و ڕەواپێدانی بەشێک لەو تاکتیک و ستراتیژییانەی لەو پێناوەدا کاری لەسەر دەکات.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا، هەر بەکارهێنانی هێز و خۆ سەپاندنە بەسەر خەڵک و ڕەعیەتدا، بەڵام بە شێوەیەکی جودا لە نوواندنی بازوو.

ئەم شێوازە هێرش و داگیرکردنی ئەقڵ و سۆزی خەڵکە، بەوەی چوارچێوەی پیرۆزییە شەخسیەکانیان تێدەپەڕێنێ و لەو نیشتمانە تایبەت و بچووکەشدا هەژموونی خۆی دەنوێنێ، ئەم لایەنە لە پەیڕەوکردنی جووڵاندنی ئەقڵ و سۆزی خەڵک بەدەرکردنی فتواى سیاسی ئەنجام دەدرێ.

فتواى سیاسی لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە بەکارهێنانی حوکمی دین و شەریعەتی باوی خەڵک بە دیوێکدا کە لایەنی بەکارهێنەر بۆ پتەوکردنی پایەکانی حوکم و دەسەڵاتی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێ.

لە مێژووی کۆنی میسرییەکاندا دەسەڵات و پەرستگای بتپەرستی هەمیشە لە کۆنتاکدا بوون تا لە ڕێگەی بڕوای خەڵکەوە ڕەعیەت کڕنووش بۆ دەسەڵاتی عەرشی فیرعەونی ببات.

ڕۆم و فارسەکان کاهین و پیاوانی ئاتەشگا و مەعبەدیان بۆ ڕیسوا کردن و ناشرینکردنی نەیارانی خۆیان بەکارهێناوە، دواتریش قەشەو پیاوانی کەنیسە لە بەرامبەر تێرکردنی سک و ڕازاندنەوەی ڕووکەشیاندا، وەک دەرباری هەمیشە ئامادەی بەردەم کۆشکی ئیمپراتۆرییەکان فتواى لە ڕێ لادانیان بۆ نەیارانی دەسەڵات دەرکردووە.

له مێژووی ئوممەتی ئیسلامدا، تا ئەو کات و شوێنەی سیاسەت و حوکمڕانی به دووکەوتنی ئیمان و شەریعەت داڕێژرابوو، هیچ کات ئەو جۆرە فەتوایە بوونی نەبووە، سی ساڵی خیلافەتی شەرعی ئیسلامی کە بە خیلافەتی ڕاشیدین ناسراوە، هەرگیز بڕگەیەک، ڕووداوێکی تێدا شک نابرێ، دین بۆ سیاسەت بەکار هاتبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، سیاسەت و مومارەسەی حوکمڕانی لەپێناو دین و کامەرانی دونیایی و ئاخیرەتی ڕەعیەت بەکار هاتووە.

بەڵام لەدوای ئەو مێژووەوە کە وەخت نا وەخت، لێرە و لەوێ و لە بڕگە و سەردەمی جیاجیادا، دین کراوەتە هۆکاری بەردەوامبوون و بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵاتداری کۆمەڵ و تاقمێک، فتوای سیاسی سەری هەڵداوەتەوە و گەلێکجار حوکم و دەقێکی شەرعی بە دیوێکا تەرجەمە کراوە بۆ واقیع کە دوور بووە لە مانا و مەبەستی ئەسڵی لایەنە شەرعیەکە.

لە ئێستادا کە چەندین دەوڵەت و گروپ و تاقمی سیاسی بانگەشەی دینداری ئەکەن و دینی ئیسلام بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەمانەتی پەیڕەوکردن و دادپەروەری قیامەتی بۆ بەرژەوەندی کاتی بەکاردەهێنن، مێژوویەک دەنووسنەوە تەژیو لێوان لێو لە فتوای سیاسی ڕۆژانە، کە لەگەڵ ئاوازی بلوێری تاکتیک و پرۆژەی سیاسیاندا هاو ئاهەنگ بێ.

فتوای سیاسی جگە لەوەی یاریکردنە بە ئەقڵ و هۆشی تاک، دیسان تێکدانی قیەمە سەربەخۆکانی ڕای گشتییە کە ڕۆژێک بە ئەم ئەڵێ سپی و بەوی دیکە ڕەش، لێرەدا حەرام و لەوێدا حەڵاڵ، ئەمڕۆ جائیز و سبەی قەدەغەکراو، ئەم دەستوەردانە لە قیەمی گشتی و عورفی دامەزراوی ناو فەرهەنگ و کلتووری کۆمەڵایەتی خەڵک بە شێوەی باری سیاسی فەوزای ئەخلاقی لێ دەکەوێتەوە، کە خەڵک فێری گومان لە ڕێنموونیکارانی ڕەوشت و قیەمی پاک و پیرۆز بکا.

فتوای سیاسی هەرچەندە لە کۆمەڵگا و ڕەعیەتی تا ڕادەیەک پەرگرتوو لە بنەما ڕووحیەکانی دین گەشە دەکات و زیاتر لە کۆمەڵگای ڕووکار دینی و ڕووکەش ئیسلامیدا جێگەی خۆی دەگرێ، بەڵام واش دەکرێ بە دوورکەوتنەوەی زانایانی دین و مامۆستایان، ڕەوشتی گشتی کۆمەڵگە کە زانایانی ئیسلامین لە ڕووکەشی بەرژەوەندی بە باق و بریقە هەڵخەڵەتێنەکانی دنیا و گەڕانەوە بۆ ئەرکی سەرەکی دنیایی و ئامانجی پیرۆزی خۆیان پێش لەو هەڵکشانەی فتوای سیاسی بگرن.

لە ڕووی بەرپرسیاری گشتیشەوە جێی خۆیەتی بە یاساو چارەسەرێکی دەستووری مەودای فراوانبوونی ئەو جۆرە لە فتوا بەرتەسک بکرێتەوە و ڕێگە نەدرێ بەرژەوەندی سیاسی و حیزبی تێکەڵ بە پیرۆزییەکان ببێ.

دواخاڵ